




# بەشێک لە وتار، لێدوان و نووسراوەکانی

## هاوڕێ تەیموور مستەفایی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


**بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢٠ ..................... لاپەڕەی.................. ٧**

١- لەیادی ٢٠ ساڵەی کۆچی برا و هاوڕێم کاک سەلام عەزیزیدا.....

٢- پوشپەڕ و یادێک لەد.قاسملووی مەزن.....

٣- "بەرەو یەڵدا".....

٤- بۆ سەربازە ونەکانی نیشتمان.....

٥- با ئێمەش کراسێ لەم دونیایە دادڕین.....

٦- ڕاسانمان چۆن دەست پێ کرد؟.....

٧- لەیادی دوو کۆچ کردووی کوردپەروەردا.....

٨- شەڕی ئازەربایجان و ئەرمەنستان، نیگەرانییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پەیوەندییەدا.....

٩- لەیادی هاوڕێم شەهید" سدیق فەڕوخیان" دا.....

١٠- یادی میوانێک کەخوێنی تێکەڵ بەخوێنی سەرکردە شەهیدەکانمان بوو.....

١١- لە یادی بەرنگاربوونەوەی فەرمانێکی نامرۆڤانەدا.....

١٢- کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی مرۆڤێک بە مانای وشە.....

١٣- چارەنوسی ڕێژیم لەبازنەی قەیرانەکاندا.....

١٤- پوشپەڕ و یادێک لەد.قاسملووی مەزن.....

١٥- شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندان و وانەکانی.....

١٦- کۆماری ئیسلام لە هەوڵە تێروریستییەکانی بەردەوامە.....

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢١ .................. لاپەڕەی .................. ٤٥


١٦- پێشمەرگە، ناوێکی پڕ بە باڵا.....

١٧- دوو هەڵویستی ئازایانەی شەهیدی نەمر د.قاسملوو .....

١٨- کیمیابارانی هەڵەبجە و هەڵویستی د.قاسملوو.....

١٩- ٢٥ی گەلاوێژ ئەستێرەیەکی ڕووناکیدەر.....

٢٠- دەستی تێرۆر گەیشتە تێکۆشەرێکی دیکەی دیموکرات.....

٢١- لەیادی ٢٠ساڵەی کۆچی برا و هاوڕێم کاک سەلام عەزیزیدا.....

٢٢- ٢٤ کاتژمێری پاش بیستنی هەواڵی تێرۆری د.قاسملوو.....

٢٣- پەیڤێک لە یادی هاوڕێی شەهیدم کاک چەکۆ ڕەحیمی.....

٢٤- جینایەتێکی سامناکی ڕێژیم ٣٨ ساڵ پێش لە ئێستا.....

٢٥- خوێندنەوەیەک بۆ شانۆگەریی ئەمجارەی ڕێژیم لە ژێر ناوی هەڵبژاردن دا.....

٢٦- لەودیوی نیگەرانی و خەمێکی گەورەوە.....

٢٧- ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب (١٣٥٧).....

٢٨- پیلانەکانی ڕێژیم لە چوارچێوەی شەڕی ڕەوانیدا.....


## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢٢ .................... لاپەڕەی .................... ٧٧


٢٩- سەنگی پێشمەرگە لە شۆڕشی هاوچەرخی نەتەوەکەماندا.....

٣٠- یادێک لە شەهیدانی ١٧ی سەرماوەز.....

٣١- یادێک لە ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی کەم ئەندامانی حیزبی دیموکرات.....

٣٢- چەند قسەیەک لەسەر هەڵوەشانەوەی"گەشتی بەد ڕەوشتی".....

٣٣- بەسیەتی هەڵبەزینەوە لە یەکتر! .....

٣٤- شانازی بە کورد بوونمانەوە بکەین! .....

٣٥- ڕێژیم دەست ناپارێزێ!! .....

٣٦- ئاگاداری پیلانەکانی ڕێژیم بین.....




سەرچاوە Serchawe

٣٧- "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە".....

٣٨- ڕازی مانەوەمان.....

٣٩- کورد لە دیاسپورا.....

٤٠- هاوڕێیانی بەڕێزم! .....

٤١- ئەوان خەریکی چین و ئێمە خەریکی چی؟.....

٤٢- لوتکەی پەیامێک! لە سیهەمین ساڵیادی تێرۆری د.شەرەفکەندیدا.....

٤٣- تکایەکی هاوڕێیانە! .....

٤٤- وتووێژ سەبارەت بە یەکگرتنەوە .......... ڕەحمان سەلیمی.....

٤٥- یەکگرتنەوەمان پیرۆزبێ.....

٤٦- لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکراتدا دواقۆناغەکانی پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان تاوتوێ کران.....

٤٧- د. قاسملوو و بنەڕەتی سەربەخۆیی سیاسیی بڕیاردان.....

٤٨- خەڵکی ئێران و دروشمی ڕەزا شا.....

٤٩- سنەی قارەمان ناوێکی پڕ بە پێست.....

٥٠- بیرت ئەکەم.....

٥١- وەرزش هۆی بەهێزی لەش و خۆراکی ڕۆح.....

٥٢- شەڕێکی گەورە لە بێدەنگی ڕاگەیاندندا.....

٥٣- هێرشی موشەکی سپای پاسداران بۆ سەر ناوچەیەک لە هەولێر.....

٥٤- ٨ی مارس و ژنی کورد.....

٥٥- د.قاسملوو دژی زمانی زبر و بێ ڕێزی بوو.....

٥٦- بەرەو پیری ٢ی ڕێبەندان سەرلوتکەی ڕۆژەکان.....

٥٧- شێعرێکی فارسی هەیە دەڵێ: تامرد سخن نگفتە باشد عیب و هنرش نهفتە باشد.....

٥٨- بۆ خۆش خزمەتی بە ڕێژیمی کۆنەپەرەست و دڕندەی کۆماری ئیسلامی ئێران.....

**بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢٣ ................... لاپەڕەی ................... ١٣٧**

٥٩- نەمری بۆ کاک تاهیر خەلیلی.....



سەرچاوە Serchawe

٦٠- خەو خۆش.....
٦١- بیرەوەرێکی جێگای لێ فێر بوون لە دوکتور شەرەفکەندی.....
٦٢- کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە.....
٦٣- چەند دیمەنێکی لێوانلێو لە جوانی لە شۆڕشی ژینادا.....
٦٤- ٣٠ی گەلاوێژیش هاتە ناو ڕۆژە مێژوویيەکانی حیزبەوە.....
٦٥- بیرەوەرییەک(وتووێژێکی کاک جەلیل لەسەر شاعیری نابینا کاک مەلا غەفوور دەباغی) .....
٦٦- لە پەراوێزی دژ کردەوەکان بە پەیامێک.....
٦٧- کۆچی دوایی کادرێکی دێرین.....
٦٨- حیزبی دیموکرات و ڕۆژە سەختەکان.....
٦٩- بیرەوریەک وتووێژێکی کاک عومەر بەقایی ئێسکۆرت و جێی موتمانەی د.قاسملووم دیت.....
٧٠- یادێک لە شەهیدێکی قارەمان(شەهید خەلیل محەمەدی ناسراو بە خەلیلە سوور) .....
٧١- ئەم پەروەردە سەقەتە و لێکدانەوە؟.....
٧٢- حیزبی دیموکرات، کوردستانی یا ئێرانی؟.....
٧٣- بڕیارەکانی دادگای بەرزی فیدراڵی لە عێراق! .....
٧٤- حەوزەی گشتی و حەوزەی تایبەت.....
٧٥- بەزەییم بەو گوڵانەدا دێتەوە! .....
٧٦- یادەوەری وەرزێک لە خەبات.....
٧٧- درۆ نامەیەکی دیکەی ڕێژیم! .....
٧٨- شەڕێکی گەورە لە بێدەنگی ڕاگەیاندندا.....
٧٩- ئەگەر خەبات لە کوردستاندا نەبا.....
٨٠- چۆن لەبیرم دەچن.....
٨١- لە ئاکامدا خەڵک ڕێگە دروستەکە هەڵدەبژێرێ.....
٨٢- سەرمان بێ کڵاو دەمێنێتەوە؟!.....
٨٣- ڕێژیم لە پیلانگێڕی دژی خەڵک ڕاناوەستێ! .....
٨٤- چەند تایبەتمەندییەکی فاشیستەکان.....
٨٥- مێژوویێکی پڕ لە شانازی.....
٨٦- ئاڵا پەڕۆ نییە! .....



سەرچاوە
Serchawe

٨٧- گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات.....
٨٨- نەورۆزی ژینا مەیدانێکی دیکەی خەبات! .....
٨٩- یادێک لە کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهید.....
٩٠- چەند سەرنجێک! .....
٩١- پاراستنی تەواویتی ئەرزی؟.....
٩٢- ڕۆژێکی تایبەت لە مێژوودا! .....
٩٣- بابەتی ئاڵا.....
٩٤- ئەو شارە جوانە و ئەو ناوە؟! موشکی کرۆزی دوور مەودای پاوە! .....
٩٥- زۆر بەکورتی! حیزبی دیموکرات و پرسی نەتەوە ستەم لێکراوەکان لە ئێراندا! .....
٩٦- ڕەمز وڕازی مانەوەی حیزبی دیموکرات.....
٩٧- ڕێگا دروستەکە کامەیە؟.....
٩٨- دەر کرانێک لە بەندیخانە! .....
٩٩- نوێنەر و نوێنەرایەتی.....
١٠٠- دەستپێک و کۆتاییەک! .....
١٠١- با دونیا لە دەلاقەی تەنگ وتاریکی خۆمانەوە نەبینین! .....
١٠٢- سیاسەتی سەد و سفر.....
١٠٣- ڕوخانی ڕیژیم دێر و زووی هەیە بەڵام سوخت و سوزی نییە! .....
١٠٤- چەند ڕا و سەرنجێکم ڕووله هاوڕێیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.....
١٠٥- لە یادی ٢ی ڕێبەنداندا.....
١٠٦- ژن. ژیان. ئازادی.....
١٠٧- توتالیتاریزم و ترسیان لە ڕێکخراوەکان! .....

## ٢٠٢٠ بابەتەکانی ساڵی ........ ٢٠٢٠

### لەیادی ٢٠ ساڵەی کۆچی برا و هاوڕێم کاک سەلام عەزیزیدا:

٣٨ ساڵ پێش بوو لە کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا لە دۆڵی دیموکرات لە ناوچەی سۆسنایەتی ڕەبەت یەکترمان ناسی،لەو ساڵە بە دواوە چ وەک هاوڕێ و چ وەک هاوکار زۆر کار و ئەرکی حیزبیمان پێکەوە ڕاپەڕاند.

لەو ماوەیەدا لە گەڵ ئەوەی خاوەن ژن و منداڵ بووی و بەرپرسیارەتی ژیانی ئەوانیشت لەسەر شان بوو بەڵام بۆ تاوێکیش لە ئەرکە حیزبی و خەباتکارانەکانت غافڵ نەبووی.

هەمیشە بە ورە بویت و ورەت بەهاوڕێکانت دەدا، هانت دەدان دڵسۆزانە ئەرکە خەباتگێڕانەکانیان ڕاپەڕێنن.

بەرپرسایەتی جوراوجۆرت لە ئەندامەتی هەیئەتی ئیجرایی کومیتە شارستانەوە تا ئەندامەتی لە کومیسیونەکان و ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی، بەرپرسی کومیتەی شارستان ،بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لە بەغدا، ئەندامەتی دەفتەری سیاسی و بەرپرسایەتی لە کومیسیونەکانی کۆمەڵایەتی، ماڵی و سیاسی نیزامی گرتە ئەستۆ ،شاهیدیت بۆ دەدەم لە هەمو ئەو بەرپرسیاریەتیانەدا سەرکەوتوو بوی.

خاڵی بەهێزت لەو بەرپرسایەتیانەدا کە لانیکەم لە سێ لەو بەرپرسایەتیانەتدا لە کومیسیونەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نیزامیدا هاوکارت بووم ئەمانە بوون: دیموکرات بوون،سەمیمی بوون لەگەڵ هاوڕێکانت، مەشورەت کردن لەکارەکاندا و کەسایەتیدان بە هاوڕێ و هاوکارەکانت بوو.

بیرەوەریەکانم لە گەڵت یەکجار زۆرن با یەک لەو بیرە وەرییانە بەیادی ڕابردوو بۆ گەڕانەوە بۆیادی ئەو ڕابردووە پڕ لە شانازییەبگێڕمەوە:

بنکەی دەفتەری سیاسی ژمارە یەک کە بەرپرسەکەی کاک جەلیل گادانی بوو لە خاڵ ئابادی ناوچەی ڕەبەت بوو، من و تۆش هەر دووکمان ئەندامی کومیسیونی کۆمەڵایەتی و هاوکاری کاک جەلیل گادانی بوین. لە بەرە بەرەی گرتنی کونگرەی شەشەمدا بووین باسەکانی بەرەو کونگرە زۆر گەرم بوو وباس لە سەر کورتە باسیک لە سەر سوسیالیزمیش گەرمترینیان بوو،کادرەکانی ئەو بەشە لە دەفتەری سیاسی لە کۆبونەوەیەکی چەند کەسێدا کەمن وتۆش بەشداری کۆبوونەوەکە بووین بڕیارمان دا حەوتووانە کۆبونەوەیەک بۆ باس لە سەر مەسەلەیەکی سیاسی، ئەدەبی و.... هتد، بگرین .لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارمان دا هەرکەس لە جەریانی باسەکاندا نوکتەیەکی خۆشی هەبێ و پەیوەندی بە باسەکەوە بێ بیگێڕێتەوەتا کۆبوونەوەکان ویشک نەبن، بۆ ئەوەش کەس قەڵس نەبێ یەکەم کۆبوونەوەمان تەرخان کرد بۆ ئامانجی کۆبوونەوەکان و بە هاوڕێیانیشمان گووت بۆ ئەوەی کۆبونەوەکانمان ویشک نەبن نابێ کەس لەو نوکتانەنارەحەتی بەدڵ بگرێ و هاوڕێیان پەسەندیان کرد.

پاش ئەم کۆبوونەوەیەلە زۆربەی کۆبوونەوەکاندا تۆ نوکتەیەکت دە گێڕایەوە و ئەگەر نوکتەکە بڕێک لە چوار چێوەدانەبا دەتگووت "پەرژینی بەگوڵ بێت، هەزار جار پەرژینی بەگوڵ بێت" وقسەکەت زۆر بەحەماسەتەوە دەگێڕایەوە و پێکەنینی بەشدارانیشی بە دودا دەهات.

دوای ئەم کۆبوونەوانە من لە گەڵ"پەرژینی بە گوڵ" ڕا هاتبووم و هەرکاتێک قسەیەک یا نوکتەیەکم هەبا پێم دەگووتی تو سەری خۆت ئەگەر پەرژینی بە گوڵی تێدەخەی با باسی نەکەم و چەندە جوان پێدەکەنیت و دەتگووت نە بە سەرت باسی ناکەم و ئەوسا منیش بێ ترس بابەتەکەی خۆمم باس دەکرد.

هاوڕێ خۆشەویستەکەم!

تۆچەندە گەرم و گوڕ و خەباتگێڕ بوویت، چەندە ڕاشکاوودڵسۆزبوویت، چەندە ڕەفیق دۆست وبەوەفابویت. ئێستا کە ئاوڕ لەو دەورانی پێکەوە بونمانەدەدەمەوە، چەندە بیر لە شۆخییە جوانەکانت دەکەمەوە و خەمی لەدەست چونت دەخۆم.

هاوڕێکەم ئیستا ئیتر تۆ شەهێدێکی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری گەلەکەمانی، هەرگیز لەیادت ناکەم.

براو هاوڕێت تەیموورمستەفایی

١٤ی جوولای ٢٠١٩

## پوشپەڕ و یادێک لەد.قاسملووی مەزن

قاسملوو دیاردەیەکی تایبەت و ڕێبەرێکی بێ وێنەبوو، بۆیە هەتا دێت خەڵکی زیاتر لەدەوری هزر و ئەندێشەی ئەم ڕێبەرە مەزنە کۆدەبنەوە. ئەو کەسانەش ڕۆژگارێک نەیاری قاسملوو بوون، ئێستا دان بە زانایی و تواناکانیدا دەنێن. قاسملوو ئێستا ئیتر بۆ گەلی ئێمە بووەتە ناسنامە.

**با لە یادی قاسملووی نەمردا، چەند خاڵێک لە بۆچوونەکانی لە سەر مودیرییەت بێنمە بەر باس. بەهیوای دەرس لێ وەرگرتنی:**

د.قاسملوو بۆ دانانی هەر بەرنامەیەک کات، شوێن، ئیمکانات و پێداویستیەکانی لەبەرچاو دەگرت. گرینگترین خاڵی بەرچاوی مودیریەتی دکتۆر قاسملوو شەفافییەت لە کاردا بوو. تەرحەکانی روون و ئاشکرابوون و لە بەرنامەی کاریدا ئەرکەکانی تاکو کۆ بەروونی دیاریکراوبوون.

دیموکراسی دەروون تەشکیلاتی لای دکتۆر قاسملوو ئەسڵێکی نەگۆڕ بوو. ئەو بایخێکی زۆری بە دیموکراسی بەگشتی و دیموکراسی لە نێوخۆی حیزب بە تایبەتی دەدا. ئەگەر لەو پەیوەندییەدا کەسێک رەخنەی لێدەگرت کە دیموکراسییەکە زۆر بەربڵاو بۆتەوە، دەیگوت "دیموکراسی باجی هەیە و دەبێت ئامادەبین راهێنانی بۆ بکەین و باجی بۆبدەین، ئەگەرنا دێموکرات نین."

قاسملووی نەمر دیموکراسی بەمانای بڕیاردانی بە کۆمەڵ قەبووڵ بوو و پێی وابوو لە بڕیاردانەدا دەبێ ڕاوێژ بکرێت و ئەوەشی بە ئەسڵ دەزانی. دەیگووت "لە بڕیاری تاکە کەسیدا، تاک ئەگەر نابیغەش بێت لەوانەیە هەڵەبکات، بەڵام لە بڕیاردانی بەکۆمەڵدا ئەگەری هەڵەکردن زۆر کەم دەبێتەوە."

لە هاوسەنگی لە نێوان" مەسئولیەت و سەلاحییەت" دا بە گوێرەی بەرپرسایەتی هەر کەسێک سەڵاحییەتی دیاری دەکردو هەوڵی دەدا هەرکەس لە چوارچێوەی ئەرکی دیاریکراوی خۆیدا بتوانێ سەڵاحییەتی هەبێت و نوێگەرایی و داهێنان بکات.

**دکتۆر قاسملوو لە باسی مودیریەتدا دەڵێت:** "شێوەی مودیرییەت بەگشتی لەحیزبی ئێمەدا لە سەر بناغەی پەیوەندی

زیندوو، ڕێنوێنی و لە ئاکامدا ئیقناع دانراوە". بەرپرسی حیزبی هەر لەوکاتەدا ڕێنوێنی و بڕیارەکان لە بەخشنامەکاندا ڕادەگەیەنێت، پێویستە و دەبێ‌ت پەیوەندی زیندووی لەگەڵ کادر و پێشمەرگە وئەندامانەدا هەبێت، شرۆڤەی بڕیارەکان بکات و ماندوو نەبێت تا ئەو کاتە بەرامبەرەکەی‌قانێع دەکات.

پێڕاگەشتن بە وەزعی کادر و پێشمەرگە و ئاگادار بوون لە سەر چۆنیەتی وەزعی‌ژیانیان خاڵێکی‌گرینگی مودیریەتی بوو، کە لەلای دکتۆر قاسملووداجێگایەکی تایبەتی هەبوو. ئەو بەردەوام لە چۆنیەتی وەزعی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگەکانی دەکۆڵییەوە و لە کۆبوونەوەی ڕەخنە و پێشنیاری پێشمەرگەکاندا بەشداریی دەکرد و دەیگووت:

"پێویستە بە بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە رابگەین، تا بتوانن بە خەیاڵی ئاسوودە درێژە بە خەبات بدەن."

٢٢ی جوونی ٢٠٢٠

# "بەرەو یەڵدا"

**لەگەڵ ڕاستی و خەیاڵمان تێکەڵاوی**
**هەتاکوردێ هەبێ،زیندووی وماوی**
**گەلێ ڕازاوەیە یەڵدا،بەناوت**
**بەپۆل ئەستێرەدەڕژێن بۆسڵاوت**

پێنج مانگ پاش تێرۆری سمکۆ هەر لەو ساڵەدا لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩هەتاوی د.قاسملوو لە دایک بوو. ئەوئەرکی بەڕێوە بەری بزوتنەوەی کوردی لە ئاستەم ترین بڕگەی مێژووی کوردستاندا کەوتە سەرشان و شارەزایانە ئەوئەرکەی تا ڕۆژی شەهید بوونی بەجێ گەیاند. مخابن ئەویش لە پیلانێکی تێروریستی دیکەدا لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوەلە سەر مێزی بەناو وتوو وێژدا تێرۆر کرا.

لە بیرمە و بەشداری کۆنگرەی حەوتەم بوم، کۆنگر لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی کۆتایی پێهات، کەشەوی لە دایک بوونی د. قاسملووش بوو. ڕێبەریی حیزب لە لایەن کۆنگرەوە بۆ ڕێز گرتن لە یادی لە دایک بوونی د.قاسملوولەو شەوەدا دەمانچەیەکی چوارده خۆری بە نیشانەی ڕێز لێنان لە د.قاسملوو و گرینگی دان بە خەباتی چەکداری کە شێوەی سەرەکی خەبات لە بەرامبەر هێرشی جەنایەتکارانەی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان بووپێشکەش بە د. قاسملوو کرد.

لە ٩٠ ساڵەی یادی لە دایک بوونی د. قاسملووی ڕێبەر دا پەیمان لە گەڵ گیانی نەمری ئەو و هەموو شەهیدانی کوردستان نوێ دەکەینەوە تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە سەر ڕێبازەکەیان بەردەوام بین و دروشمی؛

**"نەسرەوتن تا سەرکەوتن" تا گەیشتن بە ئامانج دروشمی سەرەکیمان بێت.**

**١٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٠**


سەرچاوە Serchawe

## بۆ سەربازە ونەکانی نیشتمان

سێ ساڵ پێش بوو کە بومەلەرزەیەکی بەهێز لەناوچەکانی سەرپێڵ و زەهاوی دا، و بەداخەوە کارەساتێکی گەورەی مرۆڤی و ژینگەیی لێکەوتەوە، بە بیستنی ئەم هەواڵە دڵتەزێنە کورستانی ڕۆژهەڵات هەژا و تەکانێکی گەورەی خوارد، هەر زوو ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی نەتەوەکەمان خۆیان گەیاندە سەرپێڵ و بە هاوکارییە بێدریغەکانی کوردستانیان، هەرچەند کەمیش توانیان قورسایی ئەو بارە گرانە لە سەرئەو کەسانە کە لە بومەلەرزەکەدا گیانیان بەدەر بردبووکەم بکەنەوە.

لەو نێوەدا ڕۆڵی سەربازە ونەکانی نیشتمان"ئەندامە تێکۆشەرەکانی حیزب لە ناوخۆی وەڵات"بەرچاو و حاشا هەڵنەگر بوو، چەندە شانازیم بەوانەوە دەکرد کاتێک ئەو هاوڕێ ئازیزانەم پەیوەندییان پێوە دەکردم و دەیانگووت لەوێن و تا کۆتایی و چییان لە دەست بێ دەیکەن بۆ ئەوەی بتوانن کەمێک لە قورسایی ئەوکارەساتە کەم بکەنەوە. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هاوڕێکانی دیکەیان لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە بە گەرمی سەرقاڵی کۆکردنەوە و بردنی یارمەتییەکانی خەڵک بۆ ناچەی سەرپێڵ و زەهاو و سپاردنی بەوان بۆ دابەش کردنی بەسەر خەڵکەکەدابون.

نامەوێ بڵێم ئەوە تەنیا ئەندامانی حیزب بوون کە کاری یارمەتی گەیاندن بە بومەلەرزە لێدراوەکانیان ئەنجام داوە بەڵکوو یارمەتی گەیاندنەکە هەمە گیر بوو،هەموو ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان وتەنانەت خەڵکی ئاسایش لەم هەڵمەتی یاریگەیاندنە نەتەوەییەدا بەشداربون.

شەهید بوونی ئەبوبکر مەعروفی خەڵکی شاری بۆکان و گواستنەوەی کەژاوەی ئەم شەهیدە هەر لە جوانڕۆ، ڕوانسەر، کامیاران، سنە، دیواندەرە وسەقزتاگەیاندیانەوەی بۆ بۆکان و پێشوازی کردنی خەڵک لەو کەژاوەیە و هەوڵە بێ ئاکامەکانی ڕێژیم بۆ پێشگیریکردن لەو پێشوازییە و شکەست خواردنی لەو پەیوەندییەدا،نمایشێکی بەهێزی نەتەوەیی بوو کە تا کوردهەیە دەبێ شانازی بەو وشیارییە نەتەوەییەوەبکات.

کەمتەرخەمی ڕێژیم کۆماری ئیسلامی لە گەیاندنی یارمەتی بەو خەڵکە وەک هەموو سیاسەت و کردەوەکانی لەچاوی کەس و تەنانەت ڕاگەیاندنە نێوخۆیی و بیانییەکانیش شاراوە نەبوو، تەنانەت ڕێگای نەدا دونیای دەرەوەش یارمەتییەکانیان بۆ زیان لێکەوتووانی ئەم کارەساتە بنێرن. و مسداقی ئەم شێعرە فارسییە کە دەڵێ:

"کس نخوارد پشت من جزناخن انگشت من" و لەجەریانی ئەم کارەساتەشدا دەرکەوت تەنیا دەبێ لەسەر هێزی خۆمان حیساب بکەین.

لە جەریانی کارەساتی بومەلەرزەکەی سەرپێڵ دیمەنی جوان و جێگای دەرس لێ وەرگرتن یەکجار زۆرن، با نامەی کوردێکی ئەوناوچەیە کە کاتی خۆی پێم جوان بوو و ڕامگرت بکەمە کۆتایی هێنەری بابەتەکەم، ئەو نامەیە دەکرێ دەرسێکیش بێ بۆ ئەوانەی خۆیان لێ ونبووە، بەڵکوو ئەم نامەیە بتوانێ هەرچەند کەمیش بیانخاتە بیرکردنەوە و بەخۆداچوون بۆ دۆزینەوەی واقیعی خۆیان و وازهێنان لە هوویەتی کەزایی و درۆینە کە تێی کەوتوون.ئەمەش دەقی نامەکە وەک خۆی.

**لە کوردێکی کرماشانی لە خۆ تۆراوەوە:**

نامەکە بە فارسی نووسراوە ویستم هەربەو شێوەیە نووسراوە بە بێ دەستێوەردان تەنانەت لە ووشەیەکیشی بیخەمە بەر چاوی ئێوەی ئازیزەوە.

**نامه تکان دهنده یک کورد کرمانشاهی**

ساعت تقریبا نه و نیم شب است زمین لرزه آرامی را احساس میکنم فورا دست بچه ها را میگیرم از خانه خارج می شوم. تمام همسایه ها بیرون آمده اند سراسیمه و ترسیده. همگی مرگ را به چشم دیده اند. ساعت های بعدی را بیرون از منزل می گذرانم و تقریبا نزدیک صبح مطمئن از اینکه دیگر اتفاقی نمی افتد به خانه می روم و آرام میخوابم. صبح خسته و بی حوصله آماده میشوم که سر کار بروم با سوار شدن بر اولین تاکسی و خبر زلزله هولناک سر پل از راننده می خواهم من را به ترمینال برساند. بعد از پیاده شدن از تاکسی رانندەتویوتای باری با لهجه زمخت کردی از من آدرس سرپل را می پرسد من با اشاره دست بدون اینکه جواب سلام و احوالپرسی گرمش را بدهم مسیر اشتباهی را به او نشان میدهم . تشکر می کند و گاز ماشین را تا آخر می چسبد و دور می شود برای چندمین بار نفرت از این قاچاقچی ها که اقتصاد مملکت را به گند کشیده اند سر تا پای وجودم را فرا می گیرد. اصلا همین ها باعث عقب ماندگی این منطقه شده اند.در دل به خودم افتخار می کنم که سالهاست دیگر با بچه هایم کردی حرف نمی زنم و دیگر انگ کرد بودن را با خودم ندارم. سالهاست از هرچی تجزیه طلب و قاچقچی کرد بود بیزار بودم. سوار ماشین شدم و به سرعت با چند مسافر دیگر راهی سر پل شدم در طول مسیر خبر کشته های زلزله هوش و حواسم را برده بود. خانواده پدرم سر پلی بودند و برادرم بعد از سالها توانسته بود در یکی از آپارتمان های مسکن مهر صاحب واحدی آپارتمانی شده بودند اتفاقا تمام خبرها حاکی از

آن بود که بیشترین خسارات و تلفات به این ساختمان ها رسیده بودند به سر پل رسیدم انگار قیامت بود همه جا فقط صدای شیون بود و مرگ. بچه ها، زنان، مردان، پیر، جوان همه فقط ناله و شیون می کردند. چشم می گرداندم وبرادر و برادر زاده ام را جستجو می کردم که ناگهان بر جایم خشکم زد همان جوانی که صبح بی محلش کرده بودم در حالی که برادر زاده‌ی زخمی ام را در آغوش داشت با چشمان اشک بار از من خواست کمکش کنم و به بچه روحیه بدهم که نترسد. برادر زاده ام را گرفتم و به گوشه ای بردم و با آن جوان به دیگران کمک کردم در اثنای این همکاری متوجه شدم اهل بانه است و درساعات اولیه که خبر زلزله را شنیده همراه چند دوستش انبار های پوشاک ومواد غذایی شان را بار زده و به سر پل آمده است. از خودم متنفر شده بودم از تمام سال هایی که با بی هویتی گذرانده بودم از تمام کلماتی که فرزندانم یاد داده بودم. لعنت کردم به روزهایی که دعا می کردم رفراندوم کردستان عراق شکست بخورد و نفرت کردم از تمام نیشخندهای که بعد از شکست رفراندوم به غصه های بارزانی زدم. امکان نداشت باور کنم یک ملت چقدر می تواند شریف باشد که این گونه در کسری از ثانیه از مال و زندگیش بگذرد و برای کمک به هم نژادش تمام توانش رابه کار گیرد. اکنون همه چیز برایم عوض شده خجالتی به درازای تمام عمر وجودم را فراگرفته پشیمان از اینکه آن نیستم که باید باشم پشیمان از اینکه به زبانی که باید نمی توانم بنویسم. تصمیم بزرگی گرفته ام که کرد باشم کرد بمانم و کرد بمیرم.

**یک کرد داغ دیده کرمانشاهی**

**١١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠**

## با ئێمەش کراسێ لەم دونیایە دادڕین

دوژمنایەتی عەرەب و ئیسرائیل دەیان ساڵ بەردەوام بوو، دروشمی عەرەبەکان سڕینەوەی وڵاتی ئیسرائیل لە سەر گۆی زەوی بوو و لە چوارچێوەی ئەم بیر و بۆچوونەدا چەندشەڕێک لەنێوانیاندا ڕوویدا لەوانە شەڕی ساڵەکانی ١٩٥٧، ١٩٦٧، ١٩٧٣ کە لە ئاکامی ئەو شەڕانەدا زەرەر و زیانێکی زۆری گیانی و مادی وەبەر هەردوولای شەڕەکە کەوت و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ عەرەبەکان نەک نەیانتوانی ئیسرائیل بسڕنەوە بەڵکو ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر ئیسرائیل بەهێزتربوو و بووە خاوەن چەکی ناوەکی.

پاش دامەزرانی وڵاتی ئیسرائیل، هەر کام لە وڵاتانی عەرەبی و سەرکردەکانیان هەر وڵات و سەرکردەیەک بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی سەرە ڕۆیانەی خۆیان مەسەلەی فەلەستینیان لە نێو کۆمەڵگای خۆیاندا بەکار دەهێنا.

کاتێک ئەنوەر سادات لە ساڵی ١٩٧٩ ڕێکەوتننامەی کەمپ دەیویدی لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کرد، زۆربەی نێزیک بەتەواوی وڵاتانی عەرەبی ئەویان بە خائین بە بەرژەوەندی نەتەوەیی تۆمەتبارکرد و ئەنوەر سادات دواتریش لەو پەیوەندییەدا لە لایەن گروپی جیهادی ئیسلامییەوە تێرۆر کرا.

کۆماری ئیسلامی لەڕۆژی دامەزرانییەوە تا ئێستا لە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل چەواشەکارانە بۆ بردنە پێشی ئامانجەکانی کەڵکی وەرگرتووە. لەکاتێکدا لە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق لە ئیسرائیل بۆ درێژەدانی شەڕ چەکی وەردەگرت، هاوکات و عەوام فەریبانە دروشمی لە نێو بردنی ئیسرائیلی بەرز کردبووە. کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا نەک هیچ خزمەتێکی بە ئارمانجی فەلەستینییەکان نەکردووە بەڵکو بە دووبەرەکی خستنە نێو ڕیزی ڕێکخراوە فەلەستینییەکانەوە و گەورەترین زەبری لێداون.

کۆماری ئیسلامی بۆ پەرەدان بە سیستمی ولایەت فەقیهییەکەیان لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی لە ڕێگای دروستکردنی میلیشیای شیعی لەو وڵاتە عەرەبیانەدا کە پێکهاتەی شیعەی تێدایە، دەستی داوەتە ئاژاوەنانەوە و لە ڕاستیدا داگیر کردنی وڵاتانی عەرەبی کە تا ئێستا لە ژمارەیەک لەو وڵاتانە وەک، لوبنان، عێراق، سوریە، یەمەن سەرکەوتوو بووە و شیرازەی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتانەی لێک هەڵوەشاندووەتەوە. ئەگەرچی بە زاهیر لەم وڵاتانەدا حکومەتێک بەناو بوونی هەیە بەڵام

لە ڕاستیدا باڵا دەست و دەسەڵات بەدەست هەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین،

لە چوارچێوەی ئەم هەلوو مەرجە نوێیەدا کە ئێران لە وەڵاتانی عەرەبیدا خولقاندوویەتی وئەو هەڕەشانەی کەناوە بەناوە لە لایەن مۆرەنیزامی و مەزهەبییەکانی ئێرانەوە لە مەنبەرەجۆراوجۆرەکاندا دەکرێتە سەر باقی وەڵاتانی عەرەبی، ئەو ترسە لای وەڵاتانی عەرەبیٚ دروست بووە کەلە داهاتووی نە زۆر دووردا بەهۆی هێرشی ڕاستەوخۆ یا لە ڕێگای میلیشیا تێروریستەکانییەوە ئێران وەڵاتانی دیکەی عەرەبی بەئامانج بگرێ.

زۆر لۆژیکییە کە وەڵاتانی عەرەبی بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە داهاتوودا بکەنەو و بۆ بەرپەرچدانەوەی خەتەری دەستێوەردانی ئێران لەوەڵاتەکانیان کە بە ئامانج گرتنی هەموویانە زۆر بەجیدی بیر لە ئاشتی لەگەڵ دوژمنی دێرینەیان ئیسرائیل بکەنەوە، لە بەر ئەوەی خەتەری ئیسرائیل زۆر کەمترە لە ئێران واتە کێشەی ئیسرائیل تەنیا پەیوەندی بە فەلەستینە وە هەیە، بەڵام ئێران وەک ئاماژەی پێدرا مەبەستی بەئامانج گرتنی هەموویانە، هەربۆیە لەچەند مانگی ڕابردوودا دوو وەڵاتی ئەمارات و بەحرەین بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان کۆمەڵێ ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆ کردووە. پێشبینی دەکری ئەم ڕەوتی ئاشتی عەرەب و ئیسرائیلە لە گەڵ باقی وەڵاتانی دیکەی عەرەبیدا درێژەبکێشێ و تەنانەت بگاتە هاوپەیمانی نێوانیان دژ بە فراونخوازییەکانی ئێران.

لەچوارچێوەی ئەم بیر و بووچوونەدا دەمەوێ وەڵامی پرسیارێکیش کە لەم ڕۆژانەدا لەئەگەری سەرکەوتنی جۆبایدن لەهەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا بدەمەوە، ئەویش ئەوەیە داخۆا بەسەرکەوتنی بایدن سیاسەتی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی سەرۆک کۆماری ئۆباما؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای من ڕوونە و ئەویش ئەوەیە ڕاستە بایدن جێگری ئۆباما و لەهەمان حیزبە، بەڵام نە بایدن ئۆبامایە و نە هەلوومەرجەکەش هەلوومەرجی دەورانی سەرۆکایەتی ئۆبامایە. لەو چوارساڵەدا زۆرلە هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، کە نوێترینیان قۆڵتربوونەوەی کێشەی عەرەبەکان لەگەڵ ئێران و ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئیسرائیل و.... هتد بۆیە زۆر ڕوونە کە لای بایدن و ئەمریکایەکان بەرژەوەندی ئەمریکا گرینگە و هەر وەک بۆ ترامپیش گرینگ بوو.

دەمەوێ وەک کۆتا ڕستە ئەوە بڵێم بەداخەوە ئەوە تەنیا کوردە کە بە ڕق و ڤین و هەست و سۆزسیاسەت دەکات، دەنا سیاسەت بریتییە لە هونەری مومکین و لێک گرێدانی بەرژەوەندییەکان. هیوادارم ئێمەی کوردیش لەدیاریکردنی سیاسەتی داهاتوومانیدا کراسی لەو دونیایە دادڕین و بە هەوڵدان بۆ یەکریزی نەتەوەکەمان و لێک گرێدانی بەرژەوندییەکانمان لەگەڵ دەور گێڕانی سیاسەتی نێونەتەوەیی هەنگاوێک بەرەوپێش هەڵێنین.

٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## ڕاسانمان چۆن دەست پێ کرد؟

### بۆ مێژوو بەڵام زۆر بەکورتی

پاش دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا تا ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی بەرگریی چەکدارانە لە بەرانبەر هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان بەردەوام بوو و لەو ساڵانەدا هێزی پێشمەرگە بە هەزاران داستانی قارەمانانەی تۆمار کردوون کە مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان شانازییان پێوە دەکات.

لە پاش ئەو ساڵانەوە بەهۆی هەلومەرجێک کە لە کوردستانی باشوور هاتبووە پێشەوە و کورد لەم بەشەی نیشتماندا خەریک بوو بەشێک لە مافەکانی دەچەسپاند، لەو پەیوەندییەدا، ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و بۆ یارمەتیدان بە چەسپاندنی ئەو مافانەی کوردی باشوور بە دەستیان هێنابوون، ناردنەوەی هێزی پێشمەرگەیان بۆ ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگرت، بەڵام شێوەکانی دیکەی خەباتی دیپلۆماسی، ڕاگەیاندن و تەشکیلاتی هەروا بەردەوام بوو، مانگرتنی ٤٠ ڕۆژەی ساڵی ١٣٨٤ و مانگرتنەکانی ساڵڕۆژەکانی شەهیدبوونی د.قاسملووی مەزن و سەدان ڕێپێوان، مانگرتن و هتد و تەنانەت ماوە بە ماوە بۆ کاری تایبەت ناردنەوەی تیمەکان بۆ ئامانجێکی تایبەت هەروا درێژەی هەبووە.

لە پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندی لە بەهاری ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی چوونەوەی پێشمەرگە بە مەبەستی حوزوور لە ناوخۆ کە ماوەیەک بوو لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا بە گەرمی کەوتبووە بەر باس هاتە گۆڕێ و بڕیاری ناردنەوەی پێشمەرگەمان لە تیمی تا ٧ کەسی لە سەرانسەری کوردستاندا خستە بەرباس و پەسەند کرد.

بەهۆی دابڕانی هێزی پێشمەرگە بۆ ماوەیەکی زۆر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و شارەزا نەبوونیان لە هەلومەرجی نوێی ناوخۆی وڵات، کومیسیونی تەشکیلات ئەرکدار کرا لە بردن و هێنانەوە، دابینکردنی پێداویستیەکانی پێشمەرگەکان کە ئەوکات من بەرپرسی بووم.

دوابەدوای ئەو بڕیارە ئۆرگانە پەیوەندیدارەکان "کومیسیونی تەشکیلات و کۆمیسیونی سیاسی نیزامی" کەوتینە کار بۆ

جێبەجێکردنی بڕیارەکە و بە کورتی لە سەرەتای مانگی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی تیمەکانمان یەک لە دوای یەک بە هاوکاریی تەشکیلاتی ناوخۆ گەڕانەوە نێوخۆی وڵات کە لە بەشی ناوچەی شنۆ بە داخەوە تیمێک لە پێشمەرگەکانمان لە کێلەشین کەوتنە بەرهێرشی pkk و قادر کەریمی لەو شەڕفرۆشتنەی pkk دا شەهید بوو کە ئێستا وەک یەکەم شەهیدی وەرزی ڕاسان دەناسرێت.

لە جەرگەی شەڕفرۆشییەکەی pkk دا د کۆماری ئیسلامی هەموو پیلانێکی دەگێڕا تا ئەو شەڕە درێژە بکێشێ بۆ ئەوەی تیمەکانمان نەتوانن بگەڕێنەوە ناوخۆی وڵات و سەرگەرمی شەڕێکی بێ مانا بکرێن، دەفتەری سیاسیی ئەوکات هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ ئەوەی ناردنەوەی تیمەکانمان بۆ ناوخۆ لە و کاتەدا ڕانەگیرێ و لە هەمان کاتیشدا نەکەوینە داوی شەڕێ براکوژییەوە.

دەفتەری سیاسی وێڕای دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک لەو پەیوەندییەدا و سەرکۆنەکردنی شەڕفرۆشیی پ ک ک داوای لە بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و دۆستانی هەر دوو لامان کرد کە بە گوشارهێنان بۆ پ ک ک پێش بەو شەڕە بگیردرێ .بەخۆشییەوە لە ئاکامی گوشاری هەموو لایەک و مودیرییەتێکی بەهێز و سەرکەوتووانە، خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگە و ئەندامە تێکۆشەرەکانمان و، دەوری ڕاگەیەنە گشتییەکان، پ ک ک ملی بە دانوستان بۆ چارەسەری کێشەکە لە ڕێگای وتووێژەوە دا. لەبەر درێژ نەبوونەوەی بابەتەکە ناپەرژێمە سەر هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکان و تەنیا ئەوەندە دەڵێم لە ئاکامی ئەم سیاسەت و دانوستانانەدا توانیمان هێزەکانمان لە چەند خاڵی شاخەکانی کوردستاندا جێگیر بکەین کەتا ئێستاش پێشمەرگەکانمان دوای ٥ ساڵ لە تێپەڕینی ئەو کاتە هەر لەو جێگایانەدا جێگیرن.

لەو ساڵەدا دەیان تیمی پێشمەرگەمان گەڕانەوە ناوخۆی وڵات و بێجگە لە شەهید قادر کە لەو شەڕە نەخوازراوەدا شەهید بوو، بە خۆشییەوە هیچ پێشمەرگەیەکی دیکەمان لە جەریانی هەڵسووڕانی ئەو ساڵەدا شەهید و تەنانەت برینداریش نەبوون، تیمەکان بە وریاییەوە پەیوەندییان بە خەڵکەوە گرت و سەرکەوتووانە حەرەکەتی ئەو ساڵەمان ڕێبەری کرد. ساڵانی دواتریش تا کۆنگرەی شانزدەهەم ڕۆیشتنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوخۆی وڵات هەروا درێژەی هەبوو و هەر چەند لە دوو شەڕی قەرەسەقەل و کۆساڵان ١٩ کادر و پێشمەرگەی قارەمانمان لە بەرانبەر هێزی بێ ئەژماری دوژمندا شەهید بوون، بەڵام ئازایەتی و بوێریی کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانمان بە فیداکاریی بێ وێنە و لێدانی زەبری زۆر کاریگەر لە دوژمن، شەڕەکانی کۆساڵان و قەرەسەقەلیان کردە ئەو داستانە کە نەوە لە دوای نەوە دەیگێڕنەوە و شانازیی پێوە دەکەن. بێگومان حوزووری بەربڵاوی پێشمەرگە لە نێوخۆ و پێشوازیی خەڵک لە پێشمەرگە و ئەم دوو شەڕە قارەمانانەیە، خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بردە قوناغێکی نوێ و ئەو هەموو پڕوپاگەندانەی دوژمن ساڵیانێک بوو دڵی پێ خۆش کردبوو و

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی پێ تەحقیر دەکرد کە گوایە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کۆتاییان هاتووە بە درۆ خستەوە و دوژمنی پێ سەرشۆڕ و مروڤی کوردی پێ سەربەرز بوو.

بەڵێ دەستپێکی ئەم قۆناغە کە پاش یەک ساڵ ناوی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی لەسەر دانرا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی و کۆنگرەش لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٩٦ گیرا کە دەکاتە ٣ ساڵ، لەو ساڵانەدا بەشە جیاجیاکانی حیزب لەو خەباتەدا زۆر بە جیدی و شوێندانەر بەشدار بوون، ئەگەر کادر و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان ئامادەی گەڕانەوە بوون و لەو ماوەیەدا ژمارەیەکیان شەهید و بریندار بوون، ئەوە ئەندامانی ناوخۆ بوون کە ڕێنوێنی پێشمەرگەکان بوون و لەو پەیوەندییەشدا تێچوویەکی زۆریان دا لە ئیعدام تا بەندکران و قاچاخبوون، هاوکات لە گەڵ ئەم دوو دەستەیە تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات بە یارمەتیی مادی و دابینکردنی پێداویستیی پێشمەرگەکان و بەشداری لە چوونەوەی تیمەکان بۆ نێوخۆی وڵات و پێشکەشکردنی دوو شەهێد (شەهید عومەر حوسەینی و شەهید ڕۆحە) زۆر چالاکانە بەشدار بوون.

بێجگە لەمانەش ئیعترازاتی مەدەنی لە نێوخۆ لەو ساڵانەدا وەک لایەنێکی دیکەی خەبات بەردەوام بوو کە تەشکیلاتی حیزب دەورێکی شوێندانەری لە وەڕێخستنیاندا هەبوو.

شانازی دەکەم کە لە دەستپێکی ئەم خەباتە نوێیەدا لە ئاست بەرپرسیارێتیم لەم قوناغەدا دڵسۆزانە و لێبڕاوانە بەشدار بووم و هەر ئەرکێکم کەوتبێتە سەرشان بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە ئەنجامم داوە.

بەو هۆیەوە کە لە دوای کۆنگرەی شانزدەوە لە کاری ئیجراییدا بەرپرسایەتیم نەبووە، ئاگاداریی وردم لە پەیوەندی لەگەڵ چوونەوەی کادر و پێشمەرگە و هەروەها درێژەدان بە ڕەهەندەکانی ڕاسان نییە، بۆیە لەو بارەوە شتێک نانووسم و دەیهێڵمەوە بۆ ئەو کەسانەی ئاگاداری و زانیاریی زیاتریان لەو پەیوەندییەدا هەیە.

**سڵاو لە شەهیدانی کوردستان**

**سڵاو لە زیندانیانی سیاسیی خۆڕاگر**

**٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**



سەرچاوە
Serchawe

## لەیادی دوو کۆچ کردووی کوردپەروەردا

ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی بوو، ئەوکات من بەرپرسی کومیتەی ئامووزش بوم، دیوی مام قاڵەی دەباغی بۆ حەوانەوە لە نهومی سەرەوەی کۆمیتەی ئامووزش بوو، چەند ڕۆژێک بوو مامەقالەی پێشمەرگە وخەباتگێڕی دێرین دیار نەمابوو، ئاخر هەموو ڕۆژێک چاک وچۆنییەکمان پێکەوە دەکرد. زۆر جار بۆ زانیاری وەرگرتن لە مامە قالە سەبارەت بە کۆمەڵەی ژک کە مامەقالە ئەندامی بوو و هەروەها هەلومەرجی دامەزرانی کۆماری کوردستان و بیرەوەرییەکانی سەبارەت بەکۆمار پرسیارم لێ دەکرد. ئەوکات من وانەی مێژووی حیزبم بۆ دەورە سیاسییەکان دەگووتەوە، ئەم زانیارییانەی مامە قالە بۆ من گەلێک بە کەڵک بوون.

پاش چەند ڕۆژ لە نادیار بوونی مامە قالە بەیانییەک لە دیوی کارەکەم دانیشتبوم کە لە دەرکەی دیوەکەم درا و بەفەرمووگوتن دەرکەکە کرایەوە، مامە قالە بوو و زۆرم پێخۆش بوو، لە بەرپێی هەڵسامەوە و فەرمووم لێکرد، کە هاتە ژورەوە و دوای دانیشتن ووتم وەرەزیمان کردبووی چەند ڕۆژێک بودیارنەبووی؟ لەوەڵامدا ووتی لە سلێمانی بوم و دەفتەرێکی بەدەستەوە بوو، باسی لە سەفەرەکەی کرد کە کۆمەڵێ خەڵکی دیتووە و یەک لەوان عوسمان موحەمەدهەورامی ڕوناکبیر، نووسەر و شاعیر بوو کە دەفتەرێک شێعری دەستنووسی خۆی بە مامە قالە دەباغی دا بۆمندالانی کەمپەکانی حیزب ناردبوو تاکەڵکی لێ وەربگرن.

مامە قالە دەفتەرە شیعرەکەی بەمن دا، عوسمان موحەمەد هەورامی وێرای ئەو دەفتەرەشێعرە شیعرێکیشی بۆ پێشەوا قازی موحەمەددا دانابوو کە ئەو شێعرەشی بە مامەقالەدابۆ ئێمە ناردبوو، دیاری کوڕم کە ئەو دەم لە تەمەنی ٨ ساڵێدابوولە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی ئەو شێعرە کە لە ژێر سەردێڕی "ئاڵای پێشەوا" دا نوسرابووخوێندەوە، دەفتەری شێعرەکەشم دایە دەستی هاوڕێیانی گۆڤاری منداڵان کە ئەوکات پێم وایە مانگێ جارێک دەردەچوو پاشان نەمزانی ئەو دەفتەرە شێعرە چی لێهات.

دوێنێ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هەواڵی کۆچی دوایی عوسمان موحەمەدهەورامیم دیت، وەک ئەمەگ و وەفایەک پێم باش بوو هەم ناردنی ئەودەفتەرە شێعرە کە دەستنووسی خۆی بوون و بۆ منداڵانی کەمپەکانی حیزبی ناردبوون وەبیر بێنمەوە، هەم لەوپەیوەندییەدا یادێک لە مام قالەی دەباغی تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژ - ک و سەردەمانی

کۆمار کەتا دواچرکەی ژیانی بە ئامانجەکانی کۆماروەفادار مایەوە بکەمەوە.

## ڕۆحیان شاد و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکانیان دەکەم

١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی ئازەربایجان و ئەرمەنستان، نیگەرانییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پەیوەندییەدا.

لە ساڵی" ١٩٢٠" وە ناوچەی ناگورن وقەرەباغ کەلە سێ پێکهاتەی ئەرمەنی، کورد و ئازەری پێک هاتووە و زۆرترین دانیشتووانی ئەرمەنین، بەبڕیارێکی یەکیەتی سۆڤیەتی کۆن و بە بێ ویستی خۆیان خرا بوونە سەر خاکی ئازەربایجان ولەو وەڵاتەدا ناوچەیەکی خودموختار بون ،ئەرمەنییەکان لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی دەوڵەتی سۆڤیەتی بە بەردەوامی خوازیاری پەیوەست بونیان بە وڵاتی ئەرمەنیاوە بوون. دەسەڵاتدارانی یەکیەتی سۆڤییەتی دژی ئەم داوا کارییە بوون تا لەدەورانی گورباچوف و لە سەردەمی گلاسنۆست و پرۆستریکادا گەلانی سۆڤییەت لەم دەرفەتە کەڵکیان وەرگرتوو و کۆمارە یەکگرتووەکانی سۆڤییەت کە لە نەتەوە جیاوازەکان پێکهاتبوون لێک هەڵوشایەوە هەرکام لە گەلانی ئەو وەڵاتە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند.

ئەرمەنییەکانی ناگورن و قەرەباغیش کە ساڵیانێک بوو خوازیاری پەیوەست بون بە ئەرمەنیاوە بوون لەم دەرفەتە کەڵکیان وەرگرت و لە کۆبوونەوەیەکی پارلمانەکەیاندا بڕیاری پەیوەست بوونیان بە ئەرمەنیاوەدا و بەم چەشنە کەوتنە سەر خاکی ئەرمەنیاوە.

دەوڵەتی ئازەربایجان کە ناوچەی ناگورن و قەرەباغیان بە بەشێک لە خاکی خۆیان دەزانی ئەم بڕیارەیان قەبووڵ نەدەکرد . لە ئاکامی کێشمەکێشی دوو لایەندا لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩٤ی زایینی شەڕێک لە نێوانیاندا ڕویدا کە لەوشەڕەدا زیاتر لە ٣٠٠٠٠ کەس لە دوولایەن کوژران و ٨٠٠٠٠٠ کەس ئاوارەبوون، تا بەناوبژیوانی ئەمریکا و ڕوسیە و فرانسە لە ساڵی ١٣٩٤ ئاگربەستێک ڕاگەیەندرا بە بێ ئەوەی بە ڕێککەوتنێک بگەن.

دەوری ڕێژیمی ئێران لەو شەڕەدا ( ١٩٨٨ - ١٩٩٤) بە ناردنی نزیک بە ٨٠٠٠ نەفەر هێزی دەورە دیتوو لەئازەربیەکانی ئێران بۆ پشتیوانیکردن لە حکومەتی ئازەربایجان کە لەباری مەزهەبییەوەشیعە مەزهەب بون و هەروەها فرۆشتنی بایی ٣٠ میلیون دولار چەکی بەدەوڵەتی ئازەربایجان بوو. هاوکات دوو بەرابەری ئەوەش چەکی بە دەوڵەتی ئەرمەنستان فرۆشت، مەبەستی ئێران لەم یارمەتی گەیاندنە بە دەوڵەتی ئازەربایجان و لە هەمانکاتدا فرۆشتنی چەک و چۆڵ بە هەر دوو لایەنی شەڕەکەتەنیا مامەڵەیەکی تجاری نەبوو، ئامانجی ڕێژیم لەم کارە، هەوڵدان بوو بۆ درێژە کێشانی ئەو شەڕە تا بە بیانووی پشتگریکردن لە دەوڵەتی ئازەربایجان جێ پێی سپای پاسداران لەو وەڵاتەدابۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی

بکاتەوە.

لە دەورێکی دیکەی ئەم شەڕەدا کەلە ٢٧ی سپتامبری ساڵی ٢٠٢٠ زایینی لە نێوان ئەم دوو وەڵاتە "ئازەربایجان و ئەرمەنستان" هەر لەسەر هەمان کێشە ڕووی داوەتەوە وژمارەیەک لە دوولایەن کوژران و ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵکی ناوچەی شەڕلێدراو ئاوارە بوون.

بەهۆی بەشداری دەوڵەتی تورکیە وچەند لایەنێکی دیکە لە شەڕەکەدا ئەگەر بە زویی ئەم شەڕ کونترۆڵ نەکرێ لەوانەیەبەرینتر بێتەوە کە لەوحاڵەدا ئەگەری هەیە پریشکی وە بەر ئێرانیش بکەوێ. هەربۆیەبەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە تووشی لێدوانی دژ بەیەک بوون، لەلایەک داوای چارەسەری کێشەکە لەڕێگای وتووێژەوە دەکەن، لەلایەکی دیکەوە پاڵپشتی خۆیان لە دەوڵەتی ئازەربایجان ڕادەگەیەنن.

لە هەر دوو دەوری ئەو شەڕە دا شەڕی ساڵەکانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٤و هەروەها شەڕی ئیستادا ئێران ئامانجی بووەبۆ دەور گێڕان لەوشەڕەدا، بە نێزیک بون لێیەوە خۆی لە ئاکامی زیانباری ئەوشەڕە دوور ڕابگرێ و لە هەمان کاتدا دەوری ئاژاوەگێڕانە و مەبەستداری خۆیشی تێیدا بگێڕێ.

**ئامانجی ئێران لەم دەور گێڕانە بریتییە لە:**

١- ڕێژیم ویستویە ودیهەوێ لە ڕێگای جوڵاندنی هەستی مەزهەبی ئازەرییەکانەوە، بەخۆ بە دڵسۆز نیشاندانیان خۆیان لێ نێزیک بکاتەوە تا بتوانی شوێنیان لە سەر دابنێت وگروپی جۆراوجۆریان لێ پێک بێنی، هەروەک لەپێشدا لەلوبنان و لە دویشدا لە یەمەن وعێراق و سوریە ئەوکارەی کرد و بەکردەوە هیچ سەروەرییەکی بۆ ئەو وەڵاتانە نەهێشتەوە و ئەو وڵاتانەی کردنە مەیدانی ڕمبازێنی خۆی. لە ئاکمدا ئەم گروپە میلیشیایانەی کردووەتە عامیلی گوشار بە مەبەستی بەرفراوان کردنی نفوزی لە ناوچەکەدا.

**لە ڕاپۆرتێکدا کە لە لایەن گروپی مەشرقەوە لەم بارەوە بڵاو کراوەتەو هاتووە:**

"بە گزارش گروە دفاع و امنیت مشرق بە نقل از جهان، یک مقام عالی رتبە پیشین ایرانی فاش کرد: «فرماندهان سپاە پاسداران انقلاب اسلامی ایران در زمان جنگ قرەباغ بە جمهوری آذربایجان اعزام شدند و بە تعلیم مبارزان و نظامیان این

جمهوری پرداختند. اما زمانی که حیدرعلی‌اف رئیس‌جمهور پیشین جمهوری آذربایجان دید که فرماندهان سپاه محاسن دارند و نماز به پا می‌دارند، آن‌ها را از جمهوری آذربایجان بازگرداند"

هەر وەک لەم ڕاپۆرتە دا بە دروستی ئاماژەی پێدراوە بەرپرسانی ئازەربایجان هەر زۆر زوو لە نییەتی ئێران کە سازماندانی هێزی میلیشیایی و پەروەردە کردن بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لەو وەلاتەن تێگەیشتون، هەر بۆیە بەووتەی ئەو فەرماندە پلە بالاییەی سوپای پاسداران، "چەکدارانی ئێرانیان لەو وەلاتە وەدەرناوە."

٢- ئێران لە گەڵ ئەو دوو وەلاتەی لە حاڵی شەڕدا ١٣٠کیلومیتر سنووری هاوبەشی هەیە، بۆیە لە وێکەوتنی پریشکی ئەوشەڕە دەترسێ، ئەگەر ئەوەشی لێ زیادبکەین کە ئازربایجان لە گەڵ ئیسرائیل هاوپەیمانەتی هەیەولەو کێشەیەدا بێ گومان حزوری ئیسراییل لە ئازەربایجان پڕ ڕەنگتر دەبێ، ئەمەش هەر ئەوشتەیە کەئێران لێی دەترسێ و دیهەوی لە نزیکەوە چاوەدێری وەزعەکە بکات.

٣- درێژە کێشانی ئەم شەڕە هەستی ناسیونالیستی ئازەرییەکان دەبزوێنێ هەروەک لە ماوەی ڕابردوودالە تەورێز دروشمی دژی فارس وکورد گوترانەوە.کە ئەم دەنگە پشتی کۆماری ئیسلامی دەلەرزێنێ. بەخۆ بە دۆست نیشاندانی ئازەربایجان دیهەوێ لەڕادەێ ئەو هەستیارییە دژ بە نەتەوەی بالادەست و حاکمیەتەکەی کەم بکاتەوە.

٤- لەم هەلوومەرجەدا کە ئێران لە گەڵ کۆمەڵی قەیرانی جۆراوجۆری ئابووری، سیاسی کۆمەلایەتی و هتد... بەرەوڕوویە و تواناى چارەسەرکردنی قەیرانەکانی نییە. ڕۆژ بەڕۆژ گەمارۆی زیاتری دەخرێتە سەر و لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیشدا زیاتر تەریک دەکەوێتەوە، لەهاتنە کایەی داخوازی مافی نەتەوەیی ئازەرییەکان کە تا ئەم کاتە لەوبارەوە هەڵویستێکی جیدییان نەبووە و بەتایبەت کە پشتیوانی دەرەکیشیان هەیە زۆر دەترسی، هەر بۆیە کەوتووەتەدەست وپێ لێدانێکی کوێرانە وهەست بە مەترسییێکی زۆردەکات.

هەلومەرجی ئێستای کۆماری ئیسلامی وەبیری داستانی ڕاوچییەکی خستمەوەکە لە ڕۆژێکی بەفریدابۆ ڕاو کردن لە ماڵ وەدەردەکەوێ ولە ڕێگادا تووشی ڕێگوزەرێک دەبێت، کابرای ڕێگوزەرکە ڕاوچییەکە دەبینێ لێی دەپرسێ ئەوە بۆ کوێ دەچی؟ ڕاوچی وڵام دەداتەوە بۆ ڕاو کردن

ڕێگوزەر دەڵێ دەی باشە چۆن ڕاوەکە دەکەێ؟

ڕاوچی دەڵێ: ئەو تەڵەیە بۆ دادەنێمەوە ئەگەر پێوە بوو ئەوە باش ئەگەر نەبوو تاژییەکانی تێ بەردەدەم، ئەگەریش تاژییەکان پێی نەگەیشتن ئەوە بەوتفەنگە کە لە شانمە لێی دەدەم.

کابرای ڕێگوزەر دەڵێ تێگەیشتم، ئەگەر خواش لە پشتی ئەو ڕاوە بێت دەرچوونی نابێ.

**کوماری ئیسلامیش وەک ئەو ڕاوە دێتەبەرچاو و دەپرسم داخۆ بەو هەموو داو و کێشانەوە بڵێی دەرچوونی هەبێت؟**

**"الله هوالاعلم"**

**٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**

---

## لەیادی هاوڕێم شەهید" سدیق فەڕوخیان" دا

یەکەم جار کە شەهید سدیق فرۆخیانم لە گوندی بست کۆتا گوندی سەقز بەرەو ناوچەی دیواندەرە کە لە داوێنی شاخی بەرز و بەناو بانگی چل چەمە هەڵکەوتووە بینی، ئەوکات من و کاک سەدیق بابایی بە مەئموریەتی کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی پێڕاگەیشتنی بنەماڵەی شەهیدان، داخوا ئەو یارمەتییە لە لایەن حیزبەوە بۆ بنەماڵە شەهیدەکان دەنێردرێ دەگات؟ داخوا کومیتەی شارستان و بە تایبەتی بەشە پەیوەندیدارەکان واتە بەشی کۆمەڵایەتی و بەشی شەهیدان سەردانی بنەماڵەکانیان دەکەن؟ بەشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە چۆن کارەکانیان بەڕێوە دەچێ، کەم وکوڕی و گیروگرفتەکان چن؟ و..... هتد

ئەوڕۆژە وابزانم ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بوو و کۆمیتەی ناوچەی خوڕخوڕەلە گوندی بست ڕێو ڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژیان بەڕێوە دەبرد، پەیامی کۆمیتەی ناوچە شەهید سەدیق فەڕوخیان پێشکەشی کرد، پەیامێکی جوان و پڕ ناوەرۆک بوو، پرسیارم لە یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوچەی خوڕخوڕە کرد ئەو هاوڕێیە بەرپرسیارەتی لەو کۆمیتەیەدا چییە؟ لە وەڵامدا ووتی ئەو هاوڕێیە ناوی کاک سەدیق فەڕوخیانە و پێشتر فەرماندەهێز بووە و ئەندامی کومیتەی شارستان بەڵام ماوەیەکە زوێر بووە و کاری حیزبی ناکات، ئەو پەیامەشی لە سەرداوای ئێمە پێشکەش کردووە.

پاش کۆتایی ڕێوڕەسمەکە من و هەردووکاک سەدیق پێکەوە کەوتینە باس کردن، ئەو گازەندی لە مودیریەتی کۆمیتەی شارستانی سەقز هەبوو، ئێمەش پێمان ووت کە کاری حیزبی تەنیا نەبەستراوەتەوە بەناوچەی لە دایک بوونتەوە و خۆمانمان بە نمونە بۆی هێناویەوە کە خەڵکی پاوەین ولە ناوچەکانی دیکە ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبەین، پاش باسێکی زۆر، من و کاک سەدیق بابایی داوامان لێکرد لە گەڵمان بێتە دەفتەر و گیرو گرفتەکەی خۆی باس بکات و پاشان هەر لە سەقز یا لە گۆشەیەکی دیکەی ئەو کوردستانە ئەرکی حیزبی وەئەستۆ بگرێ، قەبووڵی کرد و گووتی وەڵا منیش پێم خۆشە کار بکەم و بەم چەشنە ئامادە بوو لە گەڵمان بێت بۆ دەفتەری سیاسی.

قەرارمان دانا تا ئێمە سەرێکی کۆمیتەکانی دیواندەرە، مەریوان، سنە و کرماشان دەدەین ئەویش خۆی ئامادە بکا و لە گەڕانەوەماندا لە خوڕخوڕە یەک بگرینەوە و پێکەوە بگەڕێینەوە بۆ دەفتەری سیاسی، پاش سەردان لەو کومیتانە بە پێی قەرار یەکمان گرتەوە وگەڕاینەوە بۆ دەفتەر.



سەرچاوە
Serchawe

شەهید سەدیق لەلایەن بەرپرسانی حیزبییەوە کەسێکی نەناسراو نەبوو، بەرپرسانی حیزبی ئاگاداری زوێر بوونەکەشی بون بۆیەبە گەڕانەوەمان مەسەلەکەمان لە گەڵ کاک جەلیلی گادانی ڕەحمەتی باس کرد، ئەویش پێ خۆشبوونی خۆی بە ئامادە بوونی شەهید سەدیق بۆ دەستپێکردنەوەی کار لە ئۆرگانەکانی حیزبیدا ڕاگەیاند، پێم وایە ئەوکات کاک د.سەعید بەرپرسی کومیسیونی تەشکیلات بوو کە پاش باسکردنی جەریانەکە لە گەڵی کاک سەدیقی بانگهێشت کرد و هەرلەوێ وەک کادر نەقلی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی کردەوە.

لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی پاش گەڕانەوەمان لە مەئمووریەتی جنوبی کوردستان ڕاپۆرتی سەفەرەکەمان پێشکەش کۆبوونەوەکە کرد. و وێڕای باسەکانی دیکەی دیاریکراو لە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی کومیسیون دا، کاک سەدیق فەرۆخیان وەک هاوکاری بەشی شوراکان کە بەرپرسەکەی کاک سەدیق بابایی بوو دیاریکرا.

شەهید سەدیق بڕوای بەم مەرزە دەسکردانەی نێوان وەڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا نەبوو، کاتی بنکەمان لە کانی زەرد لە ناوچەی سۆێسنایەتی سەردەشت بوو و ئەو شوێنە زۆر لە مێرگی زەڵێ کە مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی تێدا جێگیر بوو نێزیک بوو، شەهید سەدیق دۆستێکی سەقزی بە ناوی سیامەند هەبوو کە لە ڕاگەیاندنی یەکیەتیدا کاری دەکرد، پێشنیاری پێکردم پێکەوە سەرێکی سیامەند بدەین ولەگەڵی ئاشنابم و لەوێیش بەرپرسانی یەکیەتی لە نێزیکەوە ببینین، منیش پێشنیارەکەیم پێ خۆش بوو و قەبووڵم کرد، بەڵام دەبا لە کاک جەلیل ئیجازەمان وەرگرتبا کە من ووتم ئەوەیان بێڵە بۆ من جێبەجێی دەکەم و هەرواشمان کرد، خواهەڵناگرێ کاک جەلیل بێجگە لە هیوای سەفەرێکی خۆش بۆمان هیچی دیکەی نەگووت.

بەیانییەک لە کانی زەردەوە بەرەو مێرگی زەڵێ کەوتینە ڕێ و لە مەرز کە تێدەپەڕین ژمارەیەک مێڵەی مەرزی داکوترابون کە کاک سەدیق بەردی پێدا دەکێشان و شەپی تێ هەڵدەدان و منیش بە پێکەنینەوە دمگووت بەشەپ وتێ هەڵدان مەرز لاناچێ. بە کورتی دوای دوو تا سێ کاتژمێر گەیشتینە مێرگی زەڵی و چوینە لای کاک سیامەند و دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە، لەو دوو ڕۆژەدا گەڵ ژمارەیەک لەکادرەکانی یەکیەتی کە ئیستا تەنیا شەماڵ ناوێکیانم لە بیرە دەکەوتینە گفتوگۆ و سیاسەت کردن، ئەو کات یەکیەتی بنگوستێک کەمتر لە سەر بەخۆییان قەبووڵ نەبوو و ئێمەش دروشممان خودموختاری بوو باسێکی زۆرمان لەو پەیوەندییەدا پێکەوە هەبوو، بێجگە باسی سیاسی باسی هەولێری و سلێمانەیی لە نێو کادرەکانی ڕاگەیاندنی یەکیەتیدا زۆر گەرم بووو ئیتر لە کاتی گاڵتەو گەپدا دەپڕژانەوە سەر ئەو باسانە، لەو دووشەوە دا کە لەوێ ماینەوە جارێک فەریدون عەبدولقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی هات بۆ لامان و وێڕای چاک وچۆنی، پێکەوە کورتە باسێکمان هەبوو، کە بە جێی هێشتین بە کادرەکانی خۆیانی ووت ئاگاتان لەو دوو میوانە بێت.

لەبەفرانبـاری ١٣٦١ کومیسـیونی کـۆمەڵایەتی مەئمـوریەتی سـەردان لە کومیتەکـانی سەردەشـت، بـانە، سـەقز، هەوشـار، دیوانـدەرە، مەریـوان، سنە و کرماشـانیان بە مـن و هەر دوو کـاک سـەدیق بابـایی و کـاک سـەدیق فەڕوخیـان ئەسپارد کە بەرپرسی هەیئەتەکەمان کاک سەدیق بابایی بوو، مەئموریەتەکەمان زیاتر لە سێ مـانگی کێشا لە هەمـوو نـاچەیەک سەری چەند بنەماڵە شەهید و چەند قوتـابخانەیەکمان دەدا و لە گەڵ شورای ژمارەیەک لە گوندەکان کۆبوونەوەمـان پێـک دەهێنـا، ئەو سـاڵە بەفرێکـی زۆر بـاریبوو و ڕۆیشـتن لە گونـدێکەوە بـۆ گونـدێکی دیکە زۆر دژوار بـوو بە تـایبەت کەبەهـۆی بـوونی پێگەی زۆری ڕێـژیم ئـێمە نەمانـدەتوانی بە ڕێگاکانـدا بـڕۆین وناچـار ڕێگـا کوێسـتانییەکانمان دەگرتە بەر، لە دوو شـوێن بەحـاڵ لە مەرگ ڕزگـار بـوین، یەکەم لە نێـوان بـۆیەنی بـانە و حەوتـاشی سـەقزکەدەبا کوێسـتانی قەرەچ دامـان ببـڕین، دووهەم لە نێوان میک و دەرەزیارەتی سەرو بوو، ئەوساڵەبەفر بارینەکە بەڕادەیەک زۆر بوو بۆ وێنە ئـێمە مـاوەی حەوت ڕۆژ لە حاجی مەمان کە یەکێک لە گوندەکانی سەقزە ماینەوە و تەنانەت لە نێو گوندەکەش دا بە سەختی هاتووچۆ دەکرا.

کاک سەدیق کادرەکـانی سـەقزی بە وردی دەناسین وچاومـان بە هەرکەسێکیان دەکەوت بە وردی پێـی دەناسـاندین، وسـاڵانی دوایی کەزیاتر لەو ناوچانە مامەوە و کادرەکانم ناسین تێگەیشتم ناسیارییەکەی کاک سەدیق چەندە دروست و بە ویجدانانە بووە،

کاک سەدیق فەڕوخیان ئێشتای لە چای خەس بوو و دەڕۆیشتینە هەر ماڵێـک بە کابـانی مـاڵ یـا هەرکەسێکی دیکە کە چـای تێکردبا دەیگووت چایەکەم با پڕڕەنگ بێت، ڕۆژێک لە یەکێک لە گوندەکان ڕێگامان کەوتە ماڵی مەلای ئـاوایی کە مامۆسـتا هەم لەبـاری تەمەن و هەم لە بـاری ڕوخسـارەوە جـوان بـوو، بەڵام خێـزانەکەی لەخـۆی بە تەمەنتـر و تـا حەزکەی ناشیرین بوو، کە چای بۆ تێ دەکردین کـاک سـەدیق هەمـان داواکـاری کە ئەو چـای خەس دەخـواتەوە لێکرد بەڵام ئەو هەر چـای کەم ڕەنگی بۆ تێدەکرد و کاک سـەدیقیش بەردەوام پێی دەگـۆڕی تـا مـن پێـم گـووت مەلاژن یەک ڕەنگـی بـۆ تـێ بکە کەوای کـرد و کاک سەدیقیش پاش خواردنی چایەکە دەستخۆشی لێکرد و مەلا ژن ووتـی ئەی ڕۆ! ئێـوە دیمـوکراتن بەڵام وەک کـۆمەڵە قسـە دەکەن. لە چای دووهەمدا کاک سەدیق ووتی خوا بەزیادی کا و دەست بشکێ، مەلاژن لە وڵامـدا ووتـی نۆشی گیانـت بـێ وەڵا ئەمەیـانم پـێ خـۆش بـوو، لەکـاتی چوونە دەری مەلاژنـدا لە مامۆسـتامان پرسـی تـۆ بەم تەمەن و بەم جـوانییەوەژن نەبـوو بیهێنی کە ئەمەت هێناوە؟ لەوڵام دا گووتی:

"عیللەتی بێ بەرگییە هەتیو مەیلی هەتاو دەکا"ئێتر ئێمە تێگەیشتین و زۆری لە سەر نەڕۆیشتین.

کومیسیونی کۆمەڵایەتی دیوێکی کارمان لە کانی زەرد هەبوو کە هەر ئەو دیوی کارە شوێنی ژیانیشمان بوو، ئێتر بۆ ماوەی

نیزیک بەساڵێک لە گەڵ کاک سەدیق پێکەوە بوین پاش ئەو یەک ساڵە ئەو وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی هەوشار دیاریکرا ومنیش چەندمانگێک دواتر بە بەرپرسی کومیتەی شارستانی دیواندەرە دیاریکرام، هاوڕێیەتیمان زۆر گەرم بوو.

لەو ماوەیەدا کە ئەو لەکومیتەشارستانی هەوشار کە لە گوندی جافرخان لەناوچەی خورخوڕەی سەقز هەڵکەوتووە و من لە دیواندەرە کە بنکەی کومیتەشارستانمان لە شاقەڵا و بست هەر لە همان ناوچە هەڵکەوتبوو و بەرپرسایەتیمان هەبوو ئەو پەیوەندییە گەرم و گوڕەمان پاراستبوو، هەرئەمەش هۆکاربوو کە بەردەوام سەردانی یەکترمان دەکرد و لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکاندا هاوکاری یەکتریمان دەکرد.

شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات لە ٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣ لە ئاکامی کۆمەڵی تیئوری بێ بنەما و چەوتی ڕێبەری ئەوکاتی کۆمەڵە دەستی پێکردبوو.

کاک سەدیق لە کۆتایی مانگی ڕەشەمە لە کۆمیتەی شارستانی هەوشارەوە گوازرایەوە و، وەک بەرپرسی کومیتەشارستانی سەقزدیاری کرا. لە ڕۆژی ١ی خاکەلێوەی ١٣٦٤ی هەتاوی لە جەریانی هێرشێکی کۆمەڵە بۆ سەر بنکەی کومیتەشارستانی سەقز لە سپی کانی لە چەمی شلێر بە داخەوە کاک سەدیق و ٥ پێشمەرگەی قارەمانی دیکە بە ناوەکانی؛

١- ئەحمەدکەریم نیا.
٢- ئەحمەدحوسەین پور.
٣- ڕەحمان حەسەنزادە.
٤- موحەمەد ڕەزایی.
٥- ناسرعەبدی.

شەهیدبوون کە بە شەهید بوونیان زۆردڵگران وناڕەحەت بوم.

یادی شەهید سەدیق و هاوڕێ شەهیدەکانی دیکەی بەرز و بەڕێز بێت.

٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

## یادی میوانێک کەخوێنی تێکەڵ بەخوێنی سەرکردە شەهیدەکانمان بوو

پاش شەڕی مانگەکانی دیفاع و هێرش لە سەر جادەی پیرانشار سەردەشت، دۆڵی دیموکرات کەوتبووە خەتەرەوە، هەربۆیە دەفتەری سیاسی ئۆرگانەکانی بۆ ئالانی سەردەشت ڕاگواستن، تەنیا ئورگانێک کە نەچووبووە ئالان کومیسیونی کۆمەڵایەتی بوو کە لە کانی زەردی ناوچەی سۆیسنایەتی سەردەشت جێگیر کرابووین. پاش ماوەیەک مانەوە لە کانی زەرد چوینە بێتوش لە ناوچەی ئالانی سەردەشت ولە بەرزترین نوقتەی گوندی بێتووش لە سەر تەپۆڵکەیەک هەڵکەوتبوو وزاڵ بوو بەسەر گوندەکەدا ماڵێکمان بۆ کومیسیونی کۆمەڵایەتی گرتبووکە دوو دیوی هەبوو، من و شەهید سەدیق فەڕوخیان لە دیوێک و باقی کادرەکانی کومیسیون لە دیوەکەی دیکە دابون.

ڕۆژێک کاک جەلیل گادانی ڕەحمەتی کە بەرپرسی کومیسیونی کۆمەڵایەتی بوو هاتە سەردانمان و پێی وتین برادەرێکی میوانمان هەیە لە دەفتەرجێگایان نییە و داویانتە لای ئێمە تا شوێنێکی بۆ پەیدا دەکەن با لە لاتان بێ، پرسیارمان کرد ئەو کەسە کێیە؟ ووتی ناوی حوسەین ئەحمەدییە و بەرپرسی یەکێک لە حیزبە چەپە ئێرانییەکان" اتحاد چپ" ە لە ئاڵمان دادەنیشن و زۆر دۆستی حیزبن.

پاش ئەم پرس و جۆیە گۆتمان ئەگەر کاتی بێ کێشە نییە و بەم چەشنە بوو ئێوارەیەک هاوڕێیەکی پێشمەرگەی سکرتاریا ئەوبرادەرەی هێنا و گووتی ئەمە "حوسەین ئەحمەدی "یە کاک جەلیل ناردوویەتی، ئەوکات من و کاک سەدیق ۲۸ ساڵمان تەمەن بوو و ئەویش نێزیکەی ٤٠ ساڵێک دەبوو. شەوی یەکەم پەزیرایەکی باشمان لێکرد، بۆ شەوەکانی دیکە کارمان دابەش کرد و خوراکەکانمان هەمان ئەوشتانە بوون کە حیزب پێی دەداین ئیتر پوڵی کرینی شتی زیاترمان نەبوو بەڵام کاک حوسەین (نوری دهکوردی هەر ئەو کەسەیە کە لە جەریانی تێرۆری میکۆنووسدا هاوڕێیەتی وەفدی حیزبی دەکرد و تێرۆرکرا) وەزعی ماڵی باش بووو ئیتر هەموو ئێوارەیەک بەدەستی پڕەوە دەگەڕاویەوە، دەزانن مرۆڤ کە تێربوو تاقەتی قسەو باسیشی زۆر دەبێ.

باسەکانمان لە گەڵ ئەم میوانە بەڕێزە زۆرتر لە سەر بیروباوەڕی چەپ و بەتایبەت حیزبی دیموکرات بوو، میوانەکەمان لە سەر ئەو بڕوایەبوو کە هەموو کادرەکانی حیزب تودەیی زەدەین و شێوەی بیرکردنەوەمان وە ک توودەییەکانە، کە ئێمە ئەمەمان زۆر پێ ناخۆش بوو و بەرهەڵستی دەبووینەوە تا کار کێشایە جێگایەک مەسەلەکەمان لە گەڵ کاک جەلیل باس

کرد ئەویش زۆری پێ ناخۆش بوو و لە بەر خۆیەوە گازەندی لە بۆچوونەکانی میوانەکەمان هەبوو بەڵام بە ئاشکرا هیچ نەزەرێکی دەرنەبڕی و پێی ووتین مولاقاتتان لای کاک د.قاسملوو بۆ وەر دەگرم وەرەن لە گەڵ ئەو باسی بکەن.

ڕۆژی دوایی کاک جەلیل مولاقاتی لە د.قاسملوو بۆ وەر گرتبووین و بە خزمەتی گەیشتین و مەسەلەکەمان بۆ باس کرد لە پێشدا برێ پێکەنی و گووتی دەی باشە ئێوەش مەگەر کادر نین باسی لە گەڵ بکەن و لایەکتان لایەکەی دیکە بە قەناعەت بگەیەنێ و..... ئێمەش گووتمان بێ فایدەیە هێچکاممان بە لاکەی دیکە قانع نابین، دیسان پێکەنی وزۆر بە هێوری ولە سەرەخۆ پێی گووتین ئەو برادەرە ڕاست دەکا، ئیستاش زۆربەی هەرەزۆری ئەدەبیاتی ئێمە سەرچاوە گرتوو لە بیر و باوەڕی حیزبی تودەیە، هەر ئەوەشە کە ئێمە ماوەیەکە سوسیالیزمی دیموکراتیکمان هێناوە و دەیبەینە کونگرە بۆ ئەوەی پەسەند بکرێ و تەوزیحاتێکی زۆری لەو بارەوە بۆ داین و ئیتر بە دەستی خاڵی گەڕاینەوەبە قەولی کوردی کالەمان دڕا و چیمان پێ نەبڕا.

پاش ئەم یەکەم چاوپێکەوتنە کە کەمیشی نەکێشا و بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژێک پێکەوە بوین، جاری دووهەم کاک حوسەین"نوری دهکوردی"م لە گەورەدێ ناوەندی دەفتەری سیاسی دیتەوە کە لە بەرانبەر کومیسیونی تەشکیلات چادرێکیان بۆ هەڵدابوو ، منیش ئەوکات بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی دیواندەرە بوم و بۆ کاری حیزبی هاتبوومەوە بۆ دەفتەر، جارێکی دیکە چاومان بە یەک کەوتەوە، ئەو لە کاتی هاتنەوەی بۆ کوردستان لەمن و شەهید سەدیق ی پرسیبوو کە پێیان وتبوو کاک سەدیق شەهید بووە، بۆیە لەکاتی چاوپێکەوتنماندا ئەو پەڕی دڵگرانی خۆی بە شەهید بوونی کاک سەدیق فەڕوخیان دەربڕی و سەرەخۆشی لێکردم، منیش سپاسم کرد و ووتم شۆڕەشە و لە گەڵ دوژمنێکی دڕندە پێوە بووین کێ دەزانی منیش ماوەیەکی دیکە شەهید نەبم.

دوای بیرهێنانەوەی بیرەوەریەکانی ئەو چەند ڕۆژەی پێکەوە بوونمان گووتی "تیمورجان بە یاد اون روزها دوستدارم شب مهمان من باشی" و منیش قەبووڵم کرد وشەوێک وەک ئەوشەوانە وهەرجارە وەبیرهێنانەوەی باسێک لەوباسانە و هەڵچوونمان لە بەرانبەری یەکدا دەگێڕایەوە. کێ دەیزانی لە درێژەی ئەو خەباتە دا و لە ئورووپای لانکی دیموکراسی ئەویش وێڕای ڕێبەری هەڵکەوتوومان د.سەعید و کاک فەتاح و کاک هومایون خوێنیان تێکەڵ دەبێ و ئەویش دەبێتە شەهیدێکی ڕێگای ئازادی.

بەڵێ حوسەین ئەحمەدی" نوری دهکوردی" لە کۆنگرەی ١٩ی ئەنترناسیونالڵ سوسیالیست وەک دیلمانج لە گەڵ وەڤدی حیزبی دیموکراتدا بەشداربوو و پاش تەواو بوونی کۆنگرەکە لە گەڵ وەڤدی حیزب لە کۆبوونەوەیەکی ئۆپۆزیسیونی

ئێرانیدا بۆ باس لەسەر داهاتووی ئێران کەوتنە بەر گۆلەی تێروریستە دڵ ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کران.

لە ٢٨ ساڵەی ئەو تێرۆرە دا هەرچەند برێک بە درەنگەوە زۆرم بەلاوە مەبەست بوو ئەم تێکۆشەرەی ڕێگای ئازادی هەرچەند زۆر بەکورتیش بێ لە چوارچێوەی بیرەوەری خۆم لە گەڵیدا بە خوێنەرانی ئەم بابەتەی بناسێنم و بەم چەشنە ئەرکێکی هەرچەند بچووکم لەوبارەیەوە بەجێ بگەیەنم.

ڕۆحی نوری دهکوردی شاد

یادی شەهیدانی میکۆنووس بەرز وبەڕێز بێ

٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## لە یادی بەرنگاربوونەوەی فەرمانێکی نامرۆڤانەدا

لەهاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی تا فەرمانی جیهادی خومەینی لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی زیاترلە شەش مانگی مەودایە،لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات زۆری هەوڵدا تالە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی گەلەکەماندا بە بێ ئەوە پێویست بە شەڕ بکات لەگەڵ دەوڵەتی تازە بکەوێتە وتوووێژەوە بەوهیوایە بتوانێ لە ڕێگای ئاشتییەوە بگەنە ڕێککەوتن، بۆ ئەم مەبەستە دوو وەڤد لە حیزبی دێموکرات سەردانی تارانیان کرد کە سەر پەرەستی یەکێک لە وەڤدەکان بە ڕێبەری مەزن د. قاسملوو بوو. لەو سەردانانەی تاران دا هیچ نییەت پاکیەکیان لە خومەینی ودارودەستەکەی بە دی نەکرد.بە پێچەوانەوە هەر ڕۆژە و لە گۆشەیێکی کوردستان پیلانێکیان گێڕا کە شەڕی پاوە ئاخرینیان بوو.

لەم شەڕەدا لە کێشەیێکی تایفەیی کەڵکیان وەر گرت و بە ناوی خەڵکی پاوەوە بەڵام بە هۆی ژمارەیەک بە کرێگیراوی خۆیانەوە مانگرتنێکیان لە بەر دەرکی فەرمانداری شاری پاوە ڕێکخست و زۆر بە پەلە و پێش لەوەی مانگرتوانی بەر دەرکی فەرمانداری کە بەشێکی بەرچاویان بەکرێگیراوی ڕێژیم بون هیچ بڕیارنامەیەک دەر بکەن، هێزێکی سەد کەسی دەورە دیتوو لە لوبنانیان بە سەرپەرەستی ئەبوشەریف و مستەفا چەمران بە هێلیکوپتر لەشاری پاوە دابەزاندبوو.

پاش دابەزینی ئەم هێزە لە پاوە بوو کە بە کرێگیراوانی ڕێژیم بڕیارنامەیەکیان دەرکرد و لەو بڕیارنامەیەدا داوایان کردبوو ڕێژیم بۆ پاراستنی ئاسایش هێز بنێرێتە پاوە، لە کاتێکدا ئەم هێزە پێشتر دابەزیبوو و ڕێگاکانی چونەدەرو هاتنە ژورەوەی شاریان کونترۆڵ کردبوو.

باسکردنی وردی ڕووداوەکان لە وتارێک دا ناگونجێ، هەر چۆنێک بێ خومەینی بە فەرمانە جیهادە بەدناوەکەی فەرمانی بە هێزەکانی ڕێژیم و شوێنکەوتوانی کرد بۆ قەلاچۆکردنی خەڵک خۆیان بگەیێننە پاوە ودواترشەپۆلی ئەم هێرشانە ڕووی لەشارەکانی دیکەی کوردستان کرد،کە ئەمە شەڕی سەرەتاسەری لە کوردستاندا لێکەوتەوە.

خومەینی لە فەرمانەکەیدا داوای خۆبەدەستەوەدانی لە تێکۆشەرانی ڕێبازی کوردایەتی و لە یەک ڕەستەدا گشت گەلی کورد دەکرد، جیا لەوە فەرمان بە لە نێو بردنیان دەکا.

٢٧ی گەلاوێژی ١٣٥٨ خۆمەینی لە چاو پێکەوتنی پۆلێک لە مامۆستا و ٧٠ نوێنەری تازە هەڵبژێردراوبۆ "مجلس خوبرەگان"

لە شاری قۆم کە لەڕادیۆتلویزیون و هەر وەها ڕوژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعات لە ڕۆژەکانی ٢٧ و ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بڵاو کرایەوەدەڵێ:

"سنوورەکانیان ئازادکرد، وتاریان ئازادکرد، حیزبەکانیان ئازاد کرد، بەوهیوایە کە ئەوانە خەڵکین... ئەوانە خراپکارن. کۆمەڵەیەکی فاسیدن، ئێمەناتوانین لێیانگەڕێین کەهەرکارێک پێیان خۆشە بیکەن.بە ئێمەش دەڵێن بۆ خۆتان ئەو کارانە دەکەن. وەک ئەوانەی کە پێریَ و چەندرۆژ لەمەو پێش ئەو خراپکاریانەیان کرد...خۆیان هەڵا ساز دەکەن و دەیخەنە ئەستۆی ئێمە،ئێستاش لە ڕۆژنامەکاندا دەبینین کە عزالدینی فاسد و ئەو قاسملووە فاسیدە کە لەوانەیەبۆ خۆی لێرە نەبێ، دەڵێن پاسدارەکان هاتوون و بارو دوخی خەڵکیان تێکداوە، لە کاتێکداسەری پاسدارەکانیان بڕی چییان بە سەر منداڵەکاندا نەهێنا، ئەوانە خەڵکێکی ئاوان.ئێستا کە دەبینن خەریکەمەجلیسی خوبرەگان پێکدێ وەخۆ کەوتوون، دەبێ زۆر بەتوندی هەلسوکەوتیان لە گەڵ بکرێ و ئێمە بە توندی بەرەنگاریان دەبینەوە"

پاش دەر کردنی فەرمانی جیهاد لەدژی خەڵکی کوردستان هێزەکانی ڕێژیم وشوێنکەوتووانی خومەینی هێرشیان بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد و شان بە شانی ئەم هێرشانە لەدادگاییە چەند چرکەیەکانی خەڵخاڵی جینایەتکار کە ئەم دادگایە بەفەرمانی خومەینی پێک هاتبوو، سەدان شۆڕە لاوی کوردستان تەنیا بە هۆی کورد بونیانەوە تیرباران کران و لە سێدارەدەران، کە بەشێکی هەرەزۆریشیان پەیوەندییان بە حیزبەکانەوە نەبوو.

بەکرێگیراوانی ڕێژیم دەیانهەویست بەم جینایەتانە گەلەکەمان چاو ترسێن بکەن و چۆکی پێ دابدەن. بەڵام ئەم جینایەتانە نەتەنیا گەلەکەمانیان چاو ترسێن نەکرد بەڵکو ئیرادەیانی بۆ بەرنگار بوونەوەی داگیر کەر بە هێزتریش کرد. پاش دەرکردنی ئەم فەرمانانە گەلی کورد لە دوو ڕێیانەی تەسلیم بوون بە داگیر کەری جینایەتکار و بەرنگارێکی ڕەواو ئازایانە دەبا یەکی هەڵبژاردبا، هەروەک لەگەلەکەمان و حیزبە خەباتگێڕەکەی چاوەڕوان دەکرا ڕێگای دووهەم واتە ڕێگای بەرنگاری لە بەرانبەر داگیرکەری هەڵبژارد.

لە دەستپێکی شەڕەوە تا ماوەی سێ مانگ بەرنگاربوونەوە لە بەرانبەر هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە شەڕی سێ مانگە بە ناو بانگە، هێزە کوردیەکان بە وەشاندنی زەبری گورچوبڕ لە هێزەکانی ڕێژیم و شپرزە کردنیان، خۆمەینیان ناچار کرد دان بە شکەستی هێزەکانیدا بنێت و درۆزنانە داوای وتووێژی کرد.

لەپەیامی خومەینیدا کە لە ٢٦ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بڵاو کرایەوە هاتبووکە" ناحەزان ئەویان خراپ

تێگەیاندووە و داوای دانیشتنی بۆ چارەسەری مافەکانی کوردی لە ڕێگای وتووێژەوە کردبوو."

لەو جێگایەکە حیزبەکەمان زۆری مەبەست بوو کە مافەکانی گەلەکەمان تا بکرێ و بگونجێ لە ڕێگای دیالۆگەوە چارەسەر بکرێ، زۆر بە خەیرایی وڵامی ئەرێنی بە پەیامی خومەینی درایەوە و لەچوارچێوەی هەلومەرجی تازەدا وەفدی نوێنەرایەتی گەلی کورد پێک هات. دوای چەند مانگ بە ناو وتووێژ دەرکەوت پەیامی خومەینی لە درۆ و فریوێک زیاتر نەبووە و ئەو مەبەستی خافڵاندنی هێزەخەباتکارەکانی کوردستان بووە و لە ڕاستێدا مەبەستی کات بە دەستهێنان بووە بۆ ڕێکخستنەوەی هێزە بێ ورە و شپرزەکراوەکانی لە کوردستاندا.

پاش چەند مانک لە بەناو وتووێژ لە نێوان ڕێژیم و وەفدی نوێنەرایەتی کوردستاندا خومەینی پەیامێکی نوێی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند کە ئەو مەبەستی بووە کوردستان گەمارۆ پدەن و ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی لە نێوبەرن و بەم چەشنە نیازی ڕاستەقینەی خۆی کە درێژە دان بە شەڕ و درێژەی جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستانە دەرخست.

٤١ ساڵ لەو فەرمانە جینایەتکارانەیە تێدەپەڕی لە تەواوی ئەو ساڵانە دا میراتگرانی خومەینی لە کوردستاندا دەستیان لە هیچ جینایەتێک لە دژی گەورە و بچوک، کوڵبەر و بازاری، قوتابی و خوێندکار، ژن و پیاوی ئەم گەلە نەپاراستووە و ئەو فەرمانی جیهادە ئێستاش هەروەک ڕۆژی دەرچوونی کاری پێدەکرێ.

بە خۆشییەوە خۆڕاگری گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی حێزبە خەباتگێڕەکانی هەروا بەردەوامە و ئێستا ڕێژیم بە هۆی سیاسەتە هەڵەو دواکەوتووانەکانی گیرودەی کۆمەڵی قەیرانی جۆراوجۆر هاتووەو ڕۆژەکانی کۆتایی دەسەڵاتدارەتی خۆی تێدەپەڕێنێ، ئەگەر یەکگرتوویی لە نێوان هێزە خەباتکارەکاندا هەبێ ئەوا ئەو کۆتاییە خەیراتر دەبێ، بۆیە لەم هەلومەرجە نوێیەدا کورد گوتەنی "نابێ دارێک پێشی دیتنی شاخێکمان لێبگرێ."

**لەم هەلومەرجە نوێیەدا دەبێ ئازایانە بەسەر بەربەستە ڕەوانییەکاندا باز بدەین و بە هەموو هێزمانەوە بەرەو ئەو یەکگرتوویە هەنگاوهەڵبگرین کە نێزیکبوونەوەی کۆتایی ڕێژیمی پەت و سێدارەی لێدەکەوێتەوە.**

**بەو هیوایە**

**١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**



سەرچاوە Serchawe

## کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی مرۆڤێک بە مانای وشە

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە کاک جەلیل گادانی ڕێبەر و تێکۆشەری لە مێژینەی حیزبی دیموکرات پاش چەند ڕۆژلە نەخۆشی ئەمڕۆ پێنج شەممو ١٦ی گەلاوێژ کۆچی دوایی کرد.

یەکەم دیداری من وکاک جەلیل لە کۆشکی لاوانی مەهاباد لە ڕۆژی ١٠ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بوو، ئێمە تیمێک لە پاوەوە بۆ بەشداری لەڕۆژی ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەداخۆمان گەیاندبووە مەهاباد.

دووهەمین دیدارمان پێکەوە لە کونفرانسەکانی پێش کۆنگرەی چوارەم لە نەوسوود بوو کە کاک جەلیل بەرپرسی بە ڕێوە بردنی بوو، پاش ئەم یەکەم ودووهەم دیدارە ئیتر بەردەوام کاک جەلیلم دەبینی بە تایبەت لە ساڵەکانی ١٣٦٠ تا کۆتایی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە کومیسیونەکانی تەشکیلات وکۆمەڵایەتی وەک کادر و ئەندامی کومیسیونی کۆمەڵایەتی هاوکاری بووم.

لەو ماوەیەدا کاک جەلیلم وەک مرۆڤێکی ماندوونەناس و زۆر میهرەبان و کۆمەڵایەتی هاتە بەرچاو، ئەو پەیوەندییێکی بەرینی لە گەڵ خەڵک دا هەبوو و خەڵک خۆشیان دەویست.

**وێڕای سەرەخۆشی لەبنەماڵە بەڕێزەکەی و هاوسەنگەرانی خۆم بە شەریکی غەمیان دەزانم**

**ڕۆحی شاد بێت**

**٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

---

## چارەنوسی ڕێژیم لەبازنەی قەیرانەکاندا

کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە بەهۆی سیاسەتە هەڵەکانیەوە گیرۆدەی قەیرانی جۆراوجۆر بووە، ئەم قەیرانانە کاریگەریان لە سەر یەکتر هەبووە. ڕێژیم هەر قەیرانێکی بە خوڵقاندنی قەیرانێکی نوێ و مودیرییەت کردنی قەیرانەکان بە شێوەیەکی کاتی دەرباز کردووە، بەڵام ئێستا ڕادەی قەیرانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوویان لە هەڵکشانە و ئیتر وا پێناچێت ڕێژیم لەم هەلومەرجە نوێیەدا کە قەیرانەکان گشتگیرتر و قوڵتر بوونەتەوە بتوانێت لەو قەیرانانە دەرباز بێت. هەر وەک ئاماژەیەک بە کورتی ئاماژە بە دوو لەو قەیرانانە و ئەرکی لە پێشی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەم.

قەیرانی ئابووری: بارودۆخی ئابووری ئێران پێش لە گشتگیری ڤایرۆسی کۆرۆنا، بە تەواوی لە ژێر کاریگەری گەمارۆ نێودەوڵەتیەکان بوو. گەشەی ئابووری مەنفی، هەڵاوسانی لە ڕادەبەدەر، نەبوونی بودجەی پێویست بۆ ژێرخانەکان و دابین کردنی کاڵا گشتیەکان، زیادبوونی لە ڕادەبەدەری بێکاری، زیادبوونی لە ڕادەبەدەری هەژاری و نەمانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، قەیرانی بانکەکان، گەمارۆی سیستماتیک، کەم بوونەوەی بەرچاوی بازرگانیە نێودەوڵەتیەکانی ئێران، گەندەڵی سیستماتیک و پەرەسەندنی فەرهەنگی گەندەڵی. ئەمانە بەشێک لە قەیرانی ئابووری ئێرانن کە پێش لە گشتگیری ڤایرۆسی کۆرونا ڕوو لە هەڵکشان بوون و بارودۆخی کۆمەڵگایان بەرەو خراپی دەبرد، بەڵام قەیرانی ڤایرۆسی کرۆنا بە ڕێژەیەکی بەرچاو قەیرانەکانی چەند قات کردووەتەوە و بە تەواو مانا کۆمەڵگا بەرەو کارەسات دەبات.

**بێجگە لەو قەیرانانە کە ئاماژەیان پێدرا لەئێستادا سێ کێشەی گەورەی ئابووری لە ئێراندا بوونیان هەیە:**

**یەکەم**: عێراق و ئەفغانستان کە دوو وڵاتی سەرەکین بۆ هەناردە و هاوردە کردنی شتوومەکی ئێرانی تووشی قەیرانی گەورەی ئابووری هاتوون و ناتوانن بازارەکەیان وەک ساڵانی ڕابردوو بخەنە ئیختیاری بازاری شتوومەکی ئێرانی کە سەفەری ئەمجارەی جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران هەوڵێک بوو لەو پێناوەدا.

**دووەم**: ئێران لە ڕووی سیاسییەوە هەم لە عێراق و هەم لە ئەفغانستان تووشی قەیران هاتووە و ئێستا بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو دوو وڵاتە، ڕێژیمی ئێران وەک داگیرکەر سەیر دەکەن وکاڵا ئێرانیەکانیان بایکۆت کردووە، ئەوەش وای کردووە کە بازاری ئابووری وەک ڕابردوو کراوە نەبێت بۆ ئێرانییەکان.

**سێهەم**: دابەزینی نرخی نەوت وای کردووە کە ڕێژیم نەتوانێ قاچاغی نەوت وەک ڕێگایەک بۆ دابین کردنی بوودجەی گشتی بەکار بێنێ.

**قەیرانی سیاسی: بێجگە لە وەزعی ئابووری کە ئاماژەی پێدرا دۆخی سیاسیش لە ئێراندا دوو ڕەهەندی هەیەکە کار دەکاتە سەر داهاتووی ڕێژیم:**

**یەکەم**: "سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم" ڕێژیم ستراتیژی چەکداری و سیاسەتی دەرەوەی پێکەوە گرێداوە و بەتەیار کردنی گروپە چەکدارە شیعە مەزهەبەکان کە تا ئێستا تێچوویەکی ئابووری زۆری لە سەر حیسابی خەڵکی ئێران بەدواوە بووە، دەیهەوێ بۆ بەهێز بوونی هەژموونی ناوچەیی و ڕقابەتی ستراتژیک لەگەڵ نەیارەکانی لە ناوچەدا کەڵکیان لێ وەربگرێ.

**دووەم**: سیاسەتی ناوخۆیی، کە گەورەترین ئەرکی حکوومەت ڕاگرتنی باڵانس و مانەوەی ئایدیۆلۆژی ویلایەتی فەقیهییە. ڕێژیم بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ولایەتی فەقی هیچ پرەنسیپ و یاسایەک، لەوانە یاساکانی مافی مرۆڤ بە پێوەر نازانێت و سیاسەتی سەرکووت لە بەرامبەر هەر جوڵانەوەیەکی ئیعترازی دەگرێتە بەر، کە کارنامەی چل ساڵەی ڕێژیم لەم بارەوە بۆ هەمووان روون و ئاشکرایە.

ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە رژیم ڤایرۆسی کۆرونای وەک ئامرازێک بۆ موهەندسی کردنی کۆمەڵگا و لە باربردنی نارەزایەتیەکان و کرینی کات بۆ مودیریەتی کێشە و قەیرانەکان بە کار دەگرێت، بەڵام ئەم کات کرینە بەرەو کۆتاییە و ئەگەری سەرهەڵدانی ناڕەزاییەتیەکان لە پانتاییەکی بەرینتر لە ڕابردوو دا چاوەڕوان دەکرێ.
کورد وەک نەتەوەیەک کە هەمووکات بە دوای بەدەست هێنانی مافی چارەنووسی خۆیدا بووەوە و بۆ بە دەست هێنانی مافەکانی ساڵانێکە تێدەکۆشێت، لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر ئاڵۆزی یا ئاڵۆگۆڕێک کە ڕووبدات لەداهاتووی ئێراندا شوێندانەری کاریگەری دەبێت.

لە چوارچێوەی ئەم شوێندانەریەدایە کە ڕێکخراوە سیاسیەکان دەکەونە بازنەی مەترسییەکان بۆ سیستمی کۆماری ئیسلامی و دەکەونە بەر پیلانە بەرفراوانەکانی ڕێژیم. بۆ بەرپەرچ دانەوەی پیلانەکان و هەروەها شوێندانەری کاریگەر لە ئەگەری قووڵتر بوونەوەی قەیرانەکان، پێویستە هێز و ڕێکخراوە کوردییەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و یەکگرتوو خۆیان ئامادە وتەیار بکەن تا بتوانن بۆ داهاتوو لە سەر دیاریکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک شوێندانەری کاریگەریان هەبێت.

٢١ی جووڵای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## پوشپەڕ و یادێک لەد.قاسملووی مەزن

قاسملوو دیاردەیەکی تایبەت و ڕێبەرێکی بێ وێنەبوو، بۆیە هەتا دێت خەڵکی زیاتر لەدەوری هزر و ئەندێشەی ئەم ڕێبەرە مەزنە کۆدەبنەوە. ئەو کەسانەش ڕۆژگارێک نەیاری قاسملوو بوون، ئێستا دان بە زانایی و تواناکانیدا دەنێن. قاسملوو ئێستا ئیتر بۆ گەلی ئێمە بووەتە ناسنامە.

با لە یادی قاسملووی نەمردا، چەند خاڵێک لە بۆچوونەکانی لە سەر مودیرییەت بێنمە بەر باس. بەهیوای دەرس لێ وەرگرتنی:

د.قاسملوو بۆ دانانی هەر بەرنامەیەک کات، شوێن، ئیمکانات و پێداویستیەکانی لەبەرچاو دەگرت. گرینگترین خاڵی بەرچاوی مودیریەتی دکتۆر قاسملوو شەفافییەت لە کاردا بوو. تەرحەکانی روون و ئاشکرابوون و لە بەرنامەی کاریدا ئەرکەکانی تاکو کۆ بەروونی دیاریکراوبوون.

دیموکراسی دەروون تەشکیلاتی لای دکتۆر قاسملوو ئەسڵێکی نەگۆڕ بوو. ئەو بایخێکی زۆری بە دیموکراسی بەگشتی و دیموکراسی لە نێوخۆی حیزب بە تایبەتی دەدا. ئەگەر لەو پەیوەندییەدا کەسێک رەخنەی‌لێدەگرت کە دیموکراسییەکە زۆر بەربڵاو بۆتەوە، دەیگوت "دیموکراسی باجی هەیە و دەبێت ئامادەبین راهێنانی بۆ بکەین و باجی بۆبدەین، ئەگەرنا دێموکرات نین."

قاسملووی نەمر دیموکراسی بەمانای بڕیاردانی بە کۆمەڵ قەبووڵ بوو و پێی وابوو لە بڕیارداندا دەبێ ڕاوێژ بکرێت و ئەوەشی بە ئەسڵ دەزانی. دەیگووت "لە بڕیاری تاکە کەسیدا، تاک ئەگەر نابیغەش بێت لەوانەیە هەڵەبکات، بەڵام لە بڕیاردانی بەکۆمەڵدا ئەگەری هەڵەکردن زۆر کەم دەبێتەوە."

لە هاوسەنگی لە نێوان" مەسئولیەت و سەلاحییەت" دا بە گوێرەی بەرپرسایەتی هەر کەسێک سەڵاحییەتی دیاری دەکردو هەوڵی دەدا هەرکەس لە چوارچێوەی ئەرکی دیاریکراوی خۆیدا بتوانێ سەڵاحییەتی هەبێت و نوێگەرایی و داهێنان بکات.
دکتۆر قاسملوو لە باسی مودیریەتدا دەڵێت: "شێوەی مودیرییەت بەگشتی لەحیزبی ئێمەدا لە سەر بناغەی پەیوەندی زیندوو، رێنوێنی و لە ئاکامدا ئیقناع دانراوە". بەرپرسی حیزبی هەر لەوکاتەدا رێنوێنی و بڕیارەکان لە بەخشنامەکاندا

ڕادەگەیەنێت، پێویستە و دەبێت پەیوەندی زیندووی لەگەڵ کادر و پێشمەرگە وئەندامانندا هەبێت، شرۆڤەی بڕیارەکان بکات و ماندوو نەبێت تا ئەو کاتە بەرامبەرەکەیقانیع دەکات.

پێڕاگەشتن بە وەزعی کادر و پێشمەرگە و ئاگادار بوون لە سەر چۆنیەتی وەزعیژیانیان خاڵێکیگرینگی مودیریەتی بوو، کە لەلای دکتۆر قاسملووداجێگایەکی تایبەتی هەبوو. ئەو بەردەوام لە چۆنیەتی وەزعی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگەکانی دەکۆڵییەوە و لە کۆبوونەوەی ڕەخنە و پێشنیاری پێشمەرگەکاندا بەشداریی دەکرد و دەیگووت:" پێویستە بە بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە رابگەین، تا بتوانن بە خەیاڵی ئاسوودە درێژە بە خەبات بدەن."

٢٢ی جوونی ٢٠٢٠

---

## شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندان و وانەکانی

شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندان لە ئاکامی کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک لە ویست و داخوازییە بەدی نەهاتووەکانی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆری پاشایەتی ڕویدا ئامانج لە هەڵگیرساندنی ئەم شۆڕشە ئەوەبوو کە خەڵک بەمافە نەتەوەیی، دیموکراتی و کۆمەڵایەتەکانیان بگەن.

ئەم شۆڕشە بزاوتێکی لەناکاو و کتوپڕ نەبوو، بەستێنی پێکهاتنی ئەم شۆڕشە دەگەڕایەوە بۆ دەیان ساڵ پێش لە پێکهاتنی، کە دەتوانم بڵێم درێژەی چەند ڕووداوی پێش خۆیەتی کە هەرکامەیان تا ڕادەیەک شوێندانەریان لە سەر هۆشیار کردنەوەی خەڵک هەبووە. ئەگەر تەنها تیتروار ئاماژە بەو ڕووداوانە بکەم، بریتین لە:

شەڕی دووهەمی جیهانی، ڕوخانی ڕێژیمی ڕەزا شا، پێکهاتن و ڕوخانی دوو حکومەتی نەتەوەیی کوردستان و ئازەربایجان، میللی کردنی سەنعەتی نەوت، کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی، جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ی کوردستان، جوڵانەوەی سیاکەل وگەلێک ڕووداوی گرینگی دیکە.

لە سەر هۆکاری دەستپێکردنی شۆڕشی ٥٧ بۆ چوونی جیاواز هەیە، بەڵام هەموو لایەک لە سەر ساڵی ١٣٥٦ وەک ساڵی دەستپێکی شۆڕش کۆکن. لەو ساڵەوە گەلانی ئێران سەرەتا بە دروشمی ناوچەیی و داوای گۆڕینی چەند کاربەدەستێکی شارەکان ڕێپێوانەکانیان دەستپێکرد. ژمارەی خۆ پیشاندەران ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو و خۆپیشاندانەکان بەرفراوانتر، بەو پێیە دروشمەکانیش ڕادیکاڵتر و سیاسیتر دەبوون تا گەیشتە دروشمی ڕوخانی ڕێژیم.

حەمە ڕەزاشا کە توانای کونترۆڵی خۆ پیشاندانەکانی نەما چەند جارێک ئاڵوگۆڕی لە کابینەکان پێکهێنا کە تازە هیچکام لەوانە دادیان نەدا. لە ئاکامدا لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی ڕێژیمی پاشایەتی ڕوخا و دەسەڵات ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ کەوتە دەست خەڵک. لە جەریانی خەباتی گەلانی ئێراندا، هێزە خەباتگێڕەکانی ئێران بە هۆی نەبوونی بەرنامەیەکی ڕوون و بەرەیەکی هاوبەش بەرنامەیەکیان بۆ داهاتووی ئێران لە بەردەستدا نەبوو. لە ڕێپێوانەکاندا تەنیا بە مەبەستی ڕوخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی و تۆڵە کردنەوە لەم ڕێژیمە لەگەڵ شەپۆلەکەدا هاوڕێ بوون واتە دەیانزانی چییان ناوێت، بەڵام هیچ بەرنامەیەکیان نەبوو بۆ ئەوەی کە چییان دەوێت. تەنها هێز و ڕێکخراو کە بە ڕواڵەت

حیزب و ڕێکخراویشیان نەبوو، ئاخوندەکان بوون. ئەوان توانیان خومەینی وەک ڕێبەرێکی کاریزماتیک بکەنە ڕێبەری شۆڕشی ئێران و بەم چەشنە ڕێبەری شۆڕشەکە لە دەست حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان دەربێنن و زۆر زیرەکانە بە دروشمی "وحدت کلمە" و ڕاگەیاندنی هەموو کەس لە ئێرانی داهاتوودا خاوەن ماف دەبێت، هێزە دیموکرات و پێشکەووتووەکانیان بە شوێن خۆیاندا پەلکێش کرد و دەستیان بە سەر شۆڕشدا گرت.

ئاخوندەکان پاش ماوەیەکی کورت ڕایانگەیاند کە ئایینیەکان شۆڕشی ئێرانیان هەڵگیرساندووە و بەئاکامیان گەیاندووە، هەر بۆیە ناوی شۆڕشی ئێرانیان گۆڕی بە شۆڕشی ئیسلامی ئێران و بەرە بەرە بەرەو پاوانکردنی شۆڕش هەنگاویان هەڵگرت. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە ساڵانی دەسەڵاتداری شادا کەمتر لە ١٠٪ی ئاخوند و مەزهەبییەکان لە زیندانی ڕێژمدا بوون و ٩٠٪ زیاتریش لەهێزە دیموکرات و چەپ و شۆڕشگێڕەکان لە ژێر ئەشکەنجەی جەلادانی ساواکدا دەرسی خۆ ڕاگرییان بە تێکۆشەرانی دەرەوەی زیندانەکان دەدا.

لەبەر پاوانخوازی ڕێژیمی ئیسلامی بە داخەوە شۆڕشی ئێران لە مەبەستەکانی خۆی دوورکەوتەوە و دیکتاتۆری ڕێژیمی ئیسلامی بە سەد قات خراپتر جێگای دیکتاتۆری ڕێژیمی پاشایەتی گرتەوە. ئێستا لە سێبەری ڕێژیمی کۆنە پەرەست و دژی گەلی کۆماری ئیسلامیدا، ئێران لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ڕێژیمێکی یاخی، پشتیوانی تیرۆریزم و پێشێلکاری مافی مرۆڤ دەناسرێت. لە نێوخۆی وڵاتیشدا ڕێژیم زۆر درندانە و بێڕەحمانە "شەلم کوێرم کەس نابوێرم"، کەوتوەتە گیانی ڕووناکبیران، کرێکاران، مامۆستایان، ژنان، خوێندکاران و لاوانی گەلانی ستەملێکراوی ئێران و بە کورتی هەموو چین توێژەکان و ڕۆژ نییە دەیان کەس ڕاپێچی زیندانەکان نەکرێن و لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری جەلادەکانی کۆنەپەرەستیدا گیانیان لە دەست نەدەن یا بە زیندانی درێژ ماوە مەحکوم نەکرێن.

**بە پێی هەموو لێکدانەوەکان و بە هەموو پێوەرەکان وڵاتی ئێران بە هەلومەرجێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت و ڕەوشی لە باربەم هۆکارانەی خوارەوە بۆ ڕۆخانی ڕێژیم ئامادەیە:**

١- ڕێژیم لە گەڵ قەیرانگەلێکی قوڵ بەرەو ڕوو بووەتەوە کە توانای چارەسەر کردنی ئەو قەیرانانەی نییە.

٢- ڕووبەڕوو بوونەوەی خەڵک لە دژی ڕێژیم سەبارەت بە باری خراپی ئابووری و هەروەها نەبوونی ئازادی و ئەمنییەت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە.

٣- رێژیم بە هۆی درێژەدان بەسازکردنی موشەکی بالیستیک و پاڵپشتیکردن لە رێکخراوە تێروریستییەکان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێنزوایێکی نێونەتەوەییدایە.

٤- ئەوەی کە وەک شانسێک بۆ رێژیم ماوەتەوە نەبوونی هاوبەندییێکی بەهێزە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمدا، کە پێویستە بۆ خێراتر کردنی روخانی رێژیم پێکبێت. لەو هاوبەندییەدا دەبێ مافی چین و توێژ و گەلانی بن دەست دابین و گرەنتیکراو بێت.

٥- بەرفراوانتر کردنەوەی یەکگرتوویی و هاوکاری حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان بۆ شوێندانەری زیاتر لەم هەلومەرجەدا ئەرکێکی نیشتمانی و پێویستە.

لە کۆتاییدا، دەرسێک کە دەبێ لە شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاکامەکەی وەرمان گرتبێت ئەوەیە کە تەنها روخاندنی رێژیم گەل بە ئامانج نا گەیەنێت، بەڵکو بەهێزی و شوێندانەری حیزب و رێکخراوەکانی گەلانی ئێرانە کە دەتوانی گەرەنتی دووپات نەبوونەوەی بەلارێدانە بردنی ٢٢ی رێبەندانێکی دیکە دەستەبەر بکات.

٩ی فێبریوێری ٢٠٢٠

## کۆماری ئیسلام لە هەوڵە تێروریستییەکانی بەردەوامە

کاتژمێر٤ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٣٠ی جۆزەردان بوو، هاوڕێیەکی ئازیز هەواڵی بەرهێرش کەوتنی کاک سادق زەرزای لە لایەن کەسێکی خەڵکی ناوچەی شنۆوە پێدام، ئەم هەواڵە زۆر نیگەرانی کردم و دەست بەجێ زەنگێکم بۆ کاک ساڵەح زەرزا برا گەورەی کاک سادق لێدا و لە هەواڵیم پرسی، بەخۆشییەوە ووتی لە مردن ڕزگاری بووە.

ئەمڕۆ بۆ دووهەمین جار لە کاک سالحی خۆشەویست لە هەواڵی کاک سادقم پرسی، فەرمووی وەزعی بەرەو باشتر بوون چووە کە جێگای خۆشحاڵیم بوو.

ئەم هەوڵە تێرۆریستییە شێوازێکی تایبەت و نوێیە کە پێویستە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەرسی لێ وەرگرن و بۆ پاراستنی خۆیان لە هەڕەشەی ماشینی تێرۆری کۆماری ئیسلامی بەوریاییەوە پەیوەندییەکانیان لە گەڵ کەسانی نەناسراو یا کەمتر ناسراو ڕێک بخەن تا تووشی ڕووداوی لەم چەشنە نەبن.

من و کاک سادق لە ساڵی ١٣٦١ەوە ئەوکاتەی فەرماندە هێزی دیواندەرە بوو یەکترمان ناسیوە و هاوڕێی یەکتر بووین، لە زۆر مەجلیس و موناسبەت و کۆبوونەوەدا پێکەوە بووین و زۆر جار بەدەنگە زۆر خۆشەکەی و قسە خۆشەکانی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی گەرم کردوین، خۆشەویستی زۆربەی هاوڕێیانی حیزبی بووە، بۆیە نیگەرانییەکەم لە جێگای خۆیدا بوو.

یادی بەخەیر بە شانس لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی ڕێگامان کەوتە ئوروپا و بە چەند ڕۆژ میوانی کاک سادق و کاک سالحی بەڕێز بووین، چەندەیان خزمەت کردین و چەندەیان گەورەیی نواند، کاک سادق بە ماشینەکەی خۆی بردینیە لاهە، ئامستردام و چەند شارێکی دیکەی هولەند و پاش چەند ڕۆژ مانەوەمان لە هولەند بردینیە بلژیک و فەرانسە، زۆررکەسی دیکە کەلە کوردستانەوە ڕێیان کەوتوەتە هولەند لە لایەن ئەم برا ئازیزانەوە موحیبەتی پێکراوە، کەئەمە نیشانەی گەورەیی و ڕەفیق دۆستییانە، لە کۆتا ڕەستەدا هیوای چاکبوونەوە تەمەن درێژی بۆ هاوڕێی زێدە ئازیزم کاک سادق دەخوازم.

٩ی فێبریوێری ٢٠٢٠

## بابەتەکانی ساڵی .............. ٢٠٢١

# پێشمەرگە، ناوێکی پڕ بە باڵا

ساڵی ١٣٢٤ کاتێک ناوی پێشمەرگە بۆ چەکداری خەباتگێڕی کورد دیاری کرا، ڕەنگە بیر لەوە نەکرابێتەوە کە ئەم ناوە ڕۆژێک دەبێتە ڕەمزی خەبات لە دژی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و لق و پۆپ و هاوپەیمانەکانی، وەک داعش و حیزبولا و....هتد.
ئێستا پاش ٧٦ ساڵ لە دیاریکردنی ناوی پێشمەرگە بۆ چەکداری کورد بەهۆی پێشەنگایەتی و فیداکاری لە خەبات لە ڕێی ئازادی و ڕزگاری گەلدا و تێکشکاندنی ئەفسانەی هێزە کۆنەپەرەستەکانی وەک داعش و بەربەرەکانی لەگەڵ سەرکردەی تیرۆریزمی جیهانی(کۆماری ئیسلامی ئێران) و لق و پۆپە تیرۆریستەکانی، پێشمەرگە بووەتە ڕەمز و سونبولی خەبات لە پێناو ئازادی و خۆشەویستی کۆمەڵگای جیهانی. ئێستا ئیتر پێشمەرگە ناوێکی ناسراو و ڕێز لێگیراوە نەک تەنیا لە کوردستاندا، بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگای پێشکەوتووی جیهانیدا.

هەرچەند لە درێژەی ئەو ساڵانەدا پێشمەرگە فیداکاریەکی زۆری لە پێناو ڕزگاری و ئازادی نەتەوەکەماندا کردووە و بەدەیان هەزار لە ڕۆڵە بە وەجەکانمان لە پێناوی ئەو ئارمانە مەزنەدا شەهید و بریندار و کەمئەندام بوون بەڵام بەداخەوە نیشتمانەکەمان تا ئێستاش هەر وا لەژێر پۆستاڵی داگیرکەراندایە و گەلەکەشمان خراپتر لە ڕابردوو هەوڵی تواندنەوەی و چەوساندنەوەی دەدرێت و ڕۆڵەکانی لەئاکامی سەرکوتی ڕێژیمە داگیرکەرەکاندا شەهید دەکرێن، زیندان و ئازار و ئەشکەنجە دەکرێن، بۆیە ئەو ڕەسالەتەی کە پێشمەرگەی بۆ ڕێکخرا هەروا لە جێی خۆیدایە و تادێت گرینگی بوونی پێشمەرگە و خەباتەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەردەکەوێت.

**بژی پێشمەرگە خەباتگێڕی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری گەل**

**بەرز و پیرۆز بێ ٢٦ ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان**

**١٥ی دێسەمبەری ٢٠٢١**



سەرچاوە
Serchawe

## دوو هەڵوێستی ئازایانەی شەهیدی نەمر د.قاسملوو:

### بۆ مێژوو، بەڵام زۆر بەکورتی

١- دوای کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە بوو، بەرپرسانی عێراقی لە ڕێگەی نوێنەرایەتی حیزبەوە لە بەغدا داوایان لە د.قاسملوو کرد بوو چاوی بە سەدام حوسەین بکەوێ. مەبەست لەو داواکارییە لەو کاتەدا پیشاندانی ئەو دیمەنە بە بیروڕای گشتی دونیابوو کە حکومەتی بەعس ئەگەرچی هەڵەبجەی کیمیا باران کردبوو وابنوێنێ کە دژی کورد نییە.

د.قاسملوو لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، کە ئەوکات منیش یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوم داواکارییەکەی حکومەتی بەعسی خستە بەر باس، لەوباسەدا لەسەر چوون و نەچوونی د.قاسملوو بۆ ئەو چاوپێکەوتنە باسێکی گەرم هاتە ئاراوە، دوا کەس کە لەوبارەوە قسەی کرد د.قاسملوو بوو، ئەو چاو پێکەوتنێکی ئەوتۆی لەو کاتەدا بە زیانبار و تەحقیر ئامێز دەزانی، هەر بۆیە ڕایگەیاند ئەگەر قەراربێ چاوپێکەوتنێکی ئەوتۆ بکرێ دەبێ کۆمیتەی ناوەندی کەسێکی دیکە بە سکرتێری حیزب هەڵبژێرێ، چون ئەو ئامادەی ئەو چاوپێکەوتنە نییە و بەم چەشنە باسەکە کۆتایی پێ هات و ئەو چاوپێکەوتنە نەکرا.

٢- لەیەکێک لە چاو پێکەوتنەکانی د.قاسملوو لە گەڵ بەرپرسانی ئەوکاتی عێراقدا ،یەکێک لە ئەندامانی شاندی عێراقی، ڕوو لە د.قاسملوو دەپرسێ وەزعی موخەڕەبین "دژەبەرانی بەعس" چۆنە؟ د.قاسملوو لە وەڵامدا دەڵێ: "ئێمە دۆستی هەر دوولاتانین پێمان خۆش نییە نە ئێوە بەوان بڵێن موخەڕب و نە ئەوانیش بە ئێوە بڵێن فاشیست"، بۆیە ئیتر لەو ڕێکەوتە بەدواوە ئەو ڕەستەیە لە لایەن هیچکام لە بەرپرسانی عێراقیەوە لە کۆبوونەوەکانیان لە گەڵ وەفدەکانی حیزبی ئێمەدا پاتە نەبوویەوە.

ئەمە بووە ئەو سیاسەتەی کە لە پەیوەندییەکانمان لە گەڵ دەوڵەتان ڕەچاومان دەکرد، پەیوەندی لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی نەتەوەیی کە میعماری ئەم سیاسەتەش د.قاسلووی نەمربوو.

ئەم دووخاڵەم لە پەیوەندییەکانمان بۆیە نووسی تا هەموو کەس لەوە تێبگات کە چەندە پەیوەنییەکانمان سەربەرزانە و

جێگای شانازین.

تکایە هەرکەس کۆمینت لە ژێر ئەم بابەتە دەنووسێ با بێ ڕیزی تێدا نەبێت، چوون هەر نەوعە بێڕێزییەک دەسڕمەوە.

٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## کیمیابارانی هەڵەبجە و هەڵویستی د.قاسملوو

لە یەک و دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چاوم بە نووسینە توندەکانی بەشێک لە ئەندامانی حیزب بەرامبەر ووتەیەکی کاک مەلا بەختیار کە گۆیا لەکلوپ هاوس بە نیسبەت هەڵویستی شەهیدی مەزن د.قاسملوله پەیوەندی بە کیمیابارانی هەڵەبجەوە کردویەتی، من خۆم قسەکانی کاک مەلا بەختیارم نەبیستووە بەڵام دمهەوی لەو پەیوەندییەدا بڵێم:

١- کاک مەلا بەختیار یاهەر کەسێکی دیکە کە دیهەوێ لە سەر هەڵویستی کەسێک یا ڕێکخراوێک قسە بکات باشترەزانیاری دروست و بڕوا پێکراوی لە بەر دەستدا بێ بۆ ئەوەی هەڵویستەکەی بە سەرا نەشکێتەوە.

٢- بەخۆشیەوە بەڵگەکانی بەردەست سەبارەت بە هەڵویستی د.قاسملوو بەڕادەیەک ڕوونن کە ئەگەر هاوڕێیان یەک کلیمەشیان لە سەر نەنووسیبا بۆ خۆیان وڵامێکی باش بوون بۆ ووتەکانی هەر کەس و لایەنێک لەو پەیوەندییەدا،کە منیش هەمان وێنەی هاوڕێیان لەخوارەوەی ئەم نووسراوەیە دادەنێم. لەوەش زیاتر پێم خۆشە بە ئاگاداری هەموولایەک بگەیەنم کە ئەو پرسیارە لە لایەن هەژیر تەیمووریان ڕۆژنامە نووسی کوردی کرماشانی بەرەو ڕووی د.قاسملوو کە ئەکات لە ئورووپا دەبێ کرابووە و لە کاتی گەڕانەوەشیدا لە ئوروپا بۆ عێراق د. قاسملووله بەغدا سەبارەت بەم هەڵویستەی دەکەوێتە بەر گلەیی و گازەندەی بەرپرسانی عیراقی و پێی دەڵێن، ئێوە کە دۆستی ئێمەن نەدەبا بەو شێوەیە لێدوانت دابا، د.قاسملوو لە وەڵامی ئەم گازەندەیە، بەبەرپرسە عێراقیەکان دەڵێ تارق عەزیز کە وەزیری دەرەوەی ئێوەیە دانی بە کیمیا بارانی هەڵەبجەداناوە ، پاش ئەمە ئیتر ئەوە داوایەکی لە جێی خۆیدا نییە کە ئێوە لە ڕێبەرێکی بزووتنەوەی کورد هەتابێ ولە کۆتا ڕەستەشدا دەڵێ خۆ من لە پاپ کاتولیکتر نیم و بەم چەشنە کۆتایی بە باسەکە دێت.

٣- لە پەیوەندی بەو هێرەشانەوەکە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کراوەتە سەر مەلا بەختیار، داوام لە هاوڕێیانی حیزبی ئەوەیە ئەو بەشە لەپۆست و کۆمێنتە کانیان کە بێ ڕێزی تێدایە بسڕنەوە، لە بەر ئەوەی د.قاسملوو دژی بێڕێزیکردن بوو بەهەر کەس ولایەنێک لە نووسین ولێدوانەکاندا و لە نەزەری منیشەوە بە تایبەت ئەگەر ئەو کەسەمەلا بەختیاربێت، کە خەباتگێڕێکی ناسراو و دەروەستە و لانیکەم لە دوو لەو هەڵویست گیریانەی لە پەیوەندی بە گوشار خستنە سەر حیزب شاهیدیان بووم، کە چەندە مەسئولانە بووە. دڵنیاتان دەکەمەوە کە مەلا بەختیار یەک لەو کەسانەیە کە ڕێزێکی زۆری بۆ

شەهیدی نەمر د.قاسملوو هەبووەو هەیە. هەر ماوەیەک پێش بوو لە وتووێژێکی لە گەڵ تلویزیونی ڕووداودا زۆر بەجوانی ئاماژەی بە ڕۆڵ ودەور و لێهاتوویەکانی د.قاسملوولە بزوتنەوەی کورد دا کرد.

۲٤ی ئاگۆستی ۲۰۲۱

## ٢٥ی گەلاوێژ ئەستێرەیەکی ڕووناکیدەر

٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک پێویستییەکی مێژوویی لەسەر بناغەی کۆمەڵەی "ژ ک" بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا. ئەم حیزبە لەو کاتەوە خەباتی خۆی لە پێناو ئازادی و مافە نەتەوەییەکان و دێموکراسی چڕ کردووەتەوە.

حیزبی دێموکرات پاش ١٦٠ ڕۆژ لە تێکۆشان گەورەترین سەرکەوتنی کە دامەزرانی کۆماری کوردستانە لە ژیانی خۆیدا تۆمارکرد. ئەم کۆمارە وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار، لە ئاسمانی پڕ هەوراز و نشێوی مێژووی نەتەوەکەماندا دەدرەوشێتەوە. کۆمار هەرچەند تەمەنی کورت و ١١ مانگ بوو بەڵام لەو ماوە کورتەدا زۆر لە ئاواتە لە مێژینەکانی گەلەکەمانی هێنایە دی کە گرینگترینیان ئەوە بوو کە گەلەکەمان چارەنووسی خۆی بەدەستەوە گرت.

پاش ٢٢ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان جووڵانەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ قۆناخێکی دیکەی پڕ لە فیداکاری و لەخۆبردووییە کە ڕۆڵە بەوەج و خەباتگێڕەکانی حیزبەکەمان لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجی ئازادی و ڕزگاری بۆ نەتەوەکەمان گرتیانە پێش، ئەوان تا ئاخیر نەفەس بەرگرییان کرد و نیشانیان دا کە ڕێژیمی کۆنەپەرست و بەستراوە بە بیانیی حەمە ڕەزا شا ئەو ڕێژیمە بەهێزە نییە کە خۆیان پێ ڕادەنا، لەگەڵ ئەوەی جووڵانەوە لەو پەڕی بێ ئیمکاناتی و گونجاو نەبوونی هەلومەرجدا دەستی پێکرد، بەڵام دیسان بەهۆی فیداکاریی پێشمەرگەکان و بە پشتیوانیی خەڵکەکەمان توانی ١٨ مانگ دەوام بێنێ.

ڕێژیمی پاشایەتی لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ڕووخا و لە ١٢ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی کۆماری ئیسلامی دامەزرا، لە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی حیزبەکەمان هەموو توانایەکی خۆی خستە گەڕ تا بەڵکوو پرسی کورد لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام مەخابن ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی کە لە ئاکامی خەباتی گەلانی ئێراندا هاتبووە سەر کار، نەک گرینگی بە چارەسەریی پرسی کورد و گەلانی دیکەی ئێران نەدا بەڵکوو هەر زۆر زوو کەوتە پیلانگێڕی و لە ناوچە جیاوازەکاندا شەڕی ساز کرد تا لە ئاکامی ئەو پیلانگێڕییەدا خومەینی ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد ڕاگەیاند، لەم فەرمانەدا هاتبوو کە هەموو هێزەکانی ڕێژیم هێرش بکەنە سەر خەڵکی کوردستان و بە توندترین شێوە ئەم خەڵکە مافخوازە سەرکوت بکەن و

ماڵ و حاڵیانی لە هێزەکانی حەلاڵ کرد. پاش ئەم فەرمانە چیها جینایەت لە ئێعدامی بەکۆمەڵی لاوان، قەلاچۆکردنی گوندەکان کە لەودا تەنانەت ڕەحم بە منداڵانی ناو بێشکە و پیرەپیاوانی ٩٠ ساڵەش نەکرا و دەیان و دەیان جینایەت و پیلانی دیکە کە زمان لە بەیان و قەڵەم لە نووسینیاندا عاجزە.

پاش ئەم فەرمانە جینایەتکارانەیە دوو ڕێگا بۆ خەڵکی کوردستان و هێزە خەباتگێڕەکانی زیاتر نەمایەوە، تەسلیمبوون بە هەڕەشەی خۆمەینیی جینایەتکار و وازهێنان لە هەموو داوا ڕەواکانمان و بەکۆیلە بوونی ڕێژیمەکەی، یان بەرگرییەکی ڕەوا و سەربەرزانە کە بە خۆشییەوە خەڵکی ئازا و بوێری کوردستان و هێزە خەباتگێڕەکانی ڕێگای دووهەم واتە بەرگریی ڕەوایان هەڵبژارد.

٤٢ ساڵە ڕێژیم بۆ بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان لە هیچ تاوان و پیلانێک کۆتایی نەکردووە و هەموو ئیمکاناتی ناوخۆ و دەرەوەی خۆی بۆ تێکشکاندنی جووڵانەوە خستووەتە گەڕ، بەڵام بە خۆشییەوە نەک تێیدا سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو جووڵانەوەی کوردستان لەو ساڵانەدا بەئەزموونتر، گشتگیرتر و قووڵتریش بووەتەوە و زیاتر لە ڕابردوو لەلایەن گەلەکەمانەوە پشتگریی لێ دەکرێ.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات وەک درێژەی ئەو خەباتە کە لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی و لە هەلومەرجێکدا کە خەڵک بەتەواوی لە جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمە بەزاڵە هاتبون، بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی ڕاگەیەندرا کە ئۆمێدێکی زۆری بە خەڵک بەخشی و پڕوپاگەندەکانی ڕێژیم و نەیارانی کە وایان دەنواند گوایە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی پێکهێنەری ڕێبەری ئەو بزووتنەوەیە، ڕۆژەکانی کۆتاییان تێدەپەڕێنن پووچەڵ کردەوە.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، خومەینی لە گەڕانەوەیدا بەڵێنیی دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی هەژاری و بە مەعنەوییەت گەیاندنی بە خەڵکی ئێران دا، خومەینی و ڕێژیمەکەی نەک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و... هتدیان بۆ خەڵک بەدی نەهێنا بەڵکوو بەهۆی جینایەتە بێ ئەژمارەکانیان و گەندەڵیی لەڕادەبەدەر، سیاسەتی دەستێوەردانە ناوچەییەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی، ڕێژیمەکەی لەگەڵ تەریککەوتنەوەی نێودەوڵەتی بەرەوڕووبوویەوە گەمارۆیەکی ئابووریی تاقەتپڕووکێنی نێودەوڵەتی خرایە سەر کە لەژێر کاریگەریی ئەم گەمارۆوە ئابوورییە نێودەوڵەتییانەدا، گەشەی ئابووریی مەنفی، هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر، نەبوونی بودجەی پێویست بۆ ژێرخانەکان و دابینکردنی کاڵا گشتییەکان، زیادبوونی لەڕادەبەدەری بێکاری و هەژاری و نەمانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، قەیرانی بانکەکان، گەمارۆی سیستماتیک، کەمبوونەوەی بەرچاوی بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران، گەندەڵیی سیستماتیک و پەرەسەندنی فەرهەنگی گەندەڵی و لەم دواییانەشدا گشتگیریی ویروسی کۆرونا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵکشانی ئەم ویروسە و نابەرپرسایەتی و دەستەوەستانی بەرپرسانی ڕێژیم لەو پەیوەندییەدا، بارودۆخی کۆمەڵگایان بەرەو کارەسات بردووە.

ئاکامی ئەو وەزعە نالەبارە کە ڕێژیم و سیاسەتەکانی خولقاندوویانە، بووەتە هۆی بێبڕوایی و وەزالەهاتنی خەڵک لەو هەموو قەیران و هەژارییە، هەر بۆیە شانۆگەری و باڵباڵێنی نێو دەسەڵات کە ماوەیەکی زۆر ڕێژیمەکەیانیان پێ ڕاگرتبوو شوێندانەریی خۆی لەدەست داوە کە لە هەڵبژاردنی دەورەی سێزدەهەمی سەرۆککۆماری و بایکۆتی ئەو بەناو هەڵبژاردنەدا بە ڕوونی خۆی دەرخست.

ناڕەزایییەتیەکانی خەڵک لە ڕێژیم لەم ڕۆژانەدا لە ئەهواز سەبارەت بە نەبوونی ئاوی خواردن و پشتگریی ئەم ناڕەزایەتییانە لە چەند شارێکی ئێرانەوە ڕووی لە پەرەگرتنە و دروشمی خۆپیشاندەرانیش لە داخوازییەکی خزمەتگوزاری یان سنفی بەولاوەتر چووە و ئێستا ئیتر خەڵک بێ ترس دروشمی "مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی، مەرگ بۆ وەلایەتی فەقی" دەڵێنەوە کە ئەم هەلومەرجە ڕێژیم بەرەو لێواری ڕووخان دەبات. ئەوەی تا ئێستا ڕێژیمی ڕاگرتووە بە دەرجەی یەکەم هێزی سەرکوتکەری ڕێژیمە کە تا ئێستاش چالاکە، بە دەرجەی دووهەمیش نایەکگرتوویی ئۆپۆزیسیونی ڕێژیم کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو عەقڵییەتە چەقبەستووە پاوانخوازانەیە کە مل بە ڕاستییەکانی فرە پێکهاتەیی ئێران نادات و تێگەیشتنی لە فەرهەنگی پێکەوە کارکردن نییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزی شوێندانەری کوردستانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت سەرانسەری ئێرانیش لە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە بە دروستی دەرکی بەوە کردووە کە ئەم ڕێژیمە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئازادی و دێموکراسی یەک ناگرێتەوە، بۆیە لە تێکۆشانی خۆیدا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتی لە پێناو ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتیکی خستبووە بەرنامەی کارییەوە کە بەداخەوە تا ئێستاش ئەو ئامانجە نەهاتووەتە دی.

لەم هەلومەرجەدا کە لە ئێران دەگوزەرێ، پێکهێنانی بەرە یان هاوبەندییەکی سیاسی بۆ ڕووخانی ڕێژیم لە هەموو کات زیاترهەستی پێ دەکرێت و بووەتە پێویستی، حیزبی ئێمە ئامادە بووە و تێکۆشاوە تا لەگەڵ تەواوی ئەو هێز و ڕێکخراوانە کە ئامانجیان ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتیکە کە لەودا پرەنسیپەکانی دێموکراسی، ئازادی و مافی نەتەوەکانی ئێران لە بەرچاو گیرابێ بەشداریی چالاکانە بکات. ڕوونە یەکگرتوویی حیزبە خەباتگێڕەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە پێشەوەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەدایە، لەبەر ئەوەی یەکگرتوویی هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات گەرەنتی مافەکانمان لە هەر ئەگەرێک لە داهاتوودا دەستەبەر دەکات.

**سڵاو لە ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢١**

## دەستی تێرۆر گەیشتە تێکۆشەرێکی دیکەی دیموکرات

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئەم ئێوارەیە هەواڵی تیرۆری کاک موسی باباخانیم بیست، بەدڵ خەمبار بووم، ساڵیانێک لە کۆمیسیونی تەشکیلات پێکەوە هاوکار بووین،ئەو کادرێکی چالاک بوو و هەر بەهۆی چالاک بونیەوە تاپلەی جێگری کومیتەی ناوەندی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چووە پێش، لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو سێ جار داوای لێکردم لە سەر بابەتە سیاسیەکانی ڕۆژ و بۆنە حیزبییەکان لە کورد کاناڵ پێکەوە وتووێژ بکەین، تا لە کۆتاییدا توانیمان لە پەیوەندی بە تێرۆری د.قاسملوو و نەقشی لە حیزبی دیموکرات و جوڵانەوەی کوردستاندا لە ماڵی خۆمان وتووێژەکە بکەین. دواتر ئەو وتووێژە بە شێوەی دیکۆمینتاری لە دوو بەرنامەدا لە کورد کاناڵ بڵاو کرایەوە.

پاش زەبتی بەرنامەکە کە خۆشکە سوهەیلاشی لە گەڵ بوو گەلێک باسی جۆراوجۆرمان پێکەوە کرد، کە لەو باسانە دابوو پێی وتم ڕێژیم هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە، منیش وتم تۆ کاری تەشکیلاتی دەکەی، دەبێ ئحتیاتی زۆربکەی، بۆ سەر هەموو قەرارێک مەچۆ، شوینی قەرارەکان خۆت دیاری بکە و گەلێک شتی دیکە، پاشان لە حەوشەی ماڵی خۆمان پێکەوە چەند وێنەیەکمان گرت.

موسی باباخانی خاوەن ڕابردوویەکی ٢٢ ساڵەی پێشمەرگایەتی وکادرایەتی لەڕیزەکانی حێزبی دێموکراتدا بوو، بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆرەوە لە پلە جور بەجورەکانی حیزبیدا توانیبووی زانیارێکی زۆر و ئەزموونێکی زۆری وەسەر یەک بخات و ئەو زانیاری و ئەزموونانەی بخاتە خزمەتی ئامانجی ڕزگاری گەلەکەیەوە.

**ڕۆحی شاد و سەرەخۆشی لە هەموو هاوسەنگەران و دۆستان و بنەماڵە بەڕێزەکەیان دەکەم و خۆم لە خەمی لە دەستدانیدا بە هاو بەشیان دەزانم.**

**٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١**

## ٣٤ کاتژمێری پاش بیستنی هەواڵی تێرۆری د.قاسملوو،

بەهاری ١٣٦٨ کاتێک د .قاسملوو سەردانی مەڵبەندی شومالی کرد بە بیرمدا دەهات لەوانەیە خۆم ڕۆژێک شەهید بم بەڵام قەت بە بیرمدا نەدەهات د. قاسملوو شەهید بێت .

لە نیوەی دووهەمی مانگی پووشپەڕ بە قاچاخە ڕێدا بە هێزێکی نێزیک بە سەد کەسی لە بێشێ مقەڕی زستانەی مەڵبەندی شومال وکۆمیتەشارستانی شنۆش بە هێزێکی ٥٠ کەسییەوە لە مام خەتیب لەگەڵ ئەوەی ڕێگاکە دژوار و دەبا بە چەند مەیدانی مین دا تێپەڕین و و دوو لایەنی شەڕی ئێران و عێراقیش لە سنوورەکاندا هێزێکی زۆریان لە بەرانبەریەکتر داهەبوو لەو کاتەش دا عێراق ڕێگای بە چوونەوەی هێزەکانی ئێمە نەدەدا لە هەڵگوردەوە بەرەو سپی ڕێز و.... بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین.

مەڵبەندی شومال مانگێک پێشتر ٥٠ کادر وپێشمەرگەمان ناردبوونەوە، کومیتەی شارستانی شنۆش دەستەیەکی ٣٠ کەسیان لە ناوچەدابوون، هەرچی بێ هەر دوو هێز بە پێ و هەر یەکەمان بەهەڵگرتنی کۆڵە پشتێکی پڕ لە خواردن بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ لە گەڵ ڕەخت و خەشابی پڕ لە فیشەک و ٢٠٠ فیشەکی زیادیش لە کۆڵەپشتییەکانمانداکەکۆڵەکەی بە تەواوی قورس کردبووین. بەدڵێکی خۆشەوە ملی ڕێگامان گرتبوو تا پاش ٥ ڕۆژ لە ڕۆژی ٢٢ی پوشپەڕ گەیشتینە کویستانەکانی مەرگەوەڕ "شابتان".

بەیانی ئەو ڕۆژە دوو تیمی هاوبەشی هێزی ئاگری و هێزی کێلەشین لە شەڕێکی ئازایانەدا گرووپێکی زەربەتی ڕێژیم کە بۆ ڕاوڕوت و ئەزیەت وئازاری کوێستانچییەکان هاتبونە ئەو کویستانانە وەبەر پەلاماردا و لە ئاکامدا فەرماندەی گروپەکە کوژراو ١٥ کەسەکەی دیکەیان بە دیل گیران.

کاتژمێر ١٠ی بەیانی بوو، بێسیمچییەکانمان چوونە سەرخەت و لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە ئاگادار کراین کە د.قاسملوو کەوتوتە بەر پەلاماری تێروریستی و برینداره، لەو پەیامەدا هاتبوو خۆڕاگربین و چاوەڕوانی هەواڵی دواتر بکەین. ئێمەش چەند بەرپرسێکی شومال و شنۆ بڕیارمان دا هەواڵەکەجارێ بە پێشمەرگەکان ڕانەگەیەنین و هەر لەوێ بڕیارمان دا ١٥ ئەسیرەکە کە ١٢ کەسیان کورد و ٣ کەسیان تورک بوون و هەموویان سەرباز بوون ئازاد بکەین، ترسی ئەوەمان هەبوو

لە ئەگەری بیستنی هەواڵەکە لە دژکردەوەی پێشمەرگەکاندا ئەو سەربازانە کە هەموویان بە زۆرەملی چەکدار کرا بون و کوڕی خەڵکی هەژاری ناوچەکە بون بکوژرێن. کاتژمێر نێزیک ١٢ی نیوەڕۆ بوو کە هەمویانمان ئازاد کردن.

کاتژمێر یەک و نیوی دوانیوەڕۆ ڕادیۆ ئاڵمانمان گرتبوو کە باسی تیرۆرەکەی کرد و ئیتر دڵنیا بوینەوە کە دەفتەر ویستوویەتی زەمینە سازی لە نێو هێزەکانیدا بکات و دواتر ئەسڵی هەواڵەکە ڕابگەیەنێت.

کەم کەم هەواڵەکە لە نێو پێشمەرگەکاندا بڵاو بویەوە و هەموو چاوەڕێی هەواڵی کۆتایی دەفتەر یا ڕادیۆدەنگی کوردستان بوین، خەم و پەژارە هەمومانی داگرتبوو کە دیدبانەکانمان هەواڵی هێرشی ڕێژیمیان پێ ڕاگەیاندین، دەس بەجێ دەستەکان بۆ خاڵە دیاریکراوەکان بەرێکران و کاتژمێر ٣ی ئێوارە شەڕ دەستی پێکرد و لە ئاکامداچەند کەسێک لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و ٢ سەربازی دیکەش بەدیل گیران، بەهۆی هەڵەی دوو دەستە لە پێشمەرگەکانمان و لێکدانیان بە داخەوە پێشمەرگەی ئازا و بەورە "جەمشید بەدەلی" لەو شەڕەداشەهید بوو.ڕۆحی شاد بێت.

پێش لەوەی هێزەکەمان کۆ بکەینەوە و بەرەو بناری دالانپەڕ کە مەقسەدی دواییمان بوو وەڕێ کەوین جەنازەکەی شەهید جەمشیدمان بەشەهیدلوقمان مهفەڕ و نایب مشایخی و چەند کادر و پێشمەرگەیەکدا بەرە و بنلیسان بناری دالانپەڕ بەرێکرد.

ئێوارە کە هێزەکەمان کۆ کردەوە و تا ئەوکات ورەمان بە پێشمەرگەکان دەدا، ملی ڕێگامان بەرەو بن لیسان گرتبووە بەر،کە ڕادیۆ دەنگی کوردستان بەمارشێکی خەم هێنەر کرایەوە و هەواڵەکەی ڕاگەیاند و ئیتر گریانی هەمووان ولەوانە خۆم کە زۆر هەوڵمدا بۆ ڕاگرتنی ورەی پێشمەرگەکان خۆڕاگرم ونەگریم، ئاخر ئەوە کام دڵە ڕێبەرێکی وەک قاسملووی لێ شەهید کرابێ و بتوانێ خۆ ڕاگرێت، مرۆڤ خۆ بەرد نییە، هەست و سۆزی هەیە و.... لەم جۆرە کارەساتانەدا تەنیاگریانە برێک هێورت دەکاتەوە، منیش مرۆڤم و هەستم هەیە بەڕاستی خۆم پێ ڕانەگیرا و گریام و بە دڵ گریام بۆ لە دەستچوونی ڕێبەرێکی بێ هاوتا و زانا.

هەر چۆنێک بوو ملی ڕێگامان گرتە بەر و بەرەو ئامانجی دیاریکراو وەڕێکەوتین و ڕۆژی دواتر جارێکی دیکە ڕێژیم هێرشی کردە سەرمان و پێی وابوو بە تێرۆر کرانی د.قاسملوو پێشمەرگەکان ورەیان بەرداوە و ئەو دەتوانێ زەربەیەکی کاریمان لێبدات، هەرچەند کەوتبوینە گەمارۆی دوژمن و لەو ڕۆژەشدا من و چەند کەسێکی دیکە بریندار بوین، چەند ڕۆژ ڕێگامان بڕیبوو ماندو و برسی بوین بەڵام بەو حاڵەشەوە جارێکی دیکە بە کوشتنی ژمارەیەکی دیکە لەجاش و بەکرێگیراوەکان

ڕێژیممان تێک شکاندوسەری شۆڕی بەردایەوە پاشەکشەمان پێکرد..

هەر ئەو ئێوارەیە کۆبوونەوەیەکم بۆ پێشمەرگەکان گرت و لەسەرئەو کارەساتە قسەم بۆ کردن وێڕای سەرەخۆشیم لێیان و دڵدانەوەیان داوام لێکردن خۆ ڕاگربن و ئەگەر د. قاسملومان خۆش ئەوێ ئەبێ ڕێگاکەی بگرین و تۆڵەی لە دوژمن بکەینەوە. لە ڕاستیدا ئەم کۆبوونەوەیە پەیمان نوێکردنەوەش بولە گەڵ گیانی پاکی شەهیدی ڕێبەر د.قاسملووی نەمر کە لەو دا ڕامگەیاند دەبێ بێ ترس و دوو دڵی درێژە بە ڕێبازەکەی بدەین و دوژمنی پیلانگێڕ لە ئاست پیلانەکانیدا نا ئومید و داماو بکەین.

زۆربەی قسەکانی خۆم لەو کۆبونەوەیە لە بیرە، بۆ ئەوەی بابەتەکە درێژ نەبێتەوە لە نوسینیان خۆم دەبوێرم.

لەو ساڵەدا بە حزوری بەردەوام لە قولایی ناوچەکانی ورمێ و سەڵماس و هەروەها بەڕێوە بردنی چەندین چالاکی بەهێز دەرسێکمان بە دوژمن دا کەتا هەتایە لە بیری نەچێتەو سڵاو لەهێزی دوژمن بەزێنی ئاگری کە لەو هەلومەرجەدا، خۆڕاگرانە نیشانی دا ئەگەرچی دوژمن توانیویەتی بەجەستە قاسملوومان لێ بستێنێ بەڵام قەت نەیتوانیوە و ناتوانێ بیرو ڕێبازی قاسملوو و ئامۆژگارییەکانی لە دڵ و دەرونی کادر و پێشمەرگە و خەڵکی خەباتگێڕی کوردستاندا بسڕێتەوە.

**سڵاو لە ڕۆحی، گەورە ڕێبەری مێژووی کورد قاسملووی نەمر**

**یادی هەرمان**

**٢٧ی جوونی ٢٠٢١**



سەرچاوە
Serchawe

## پەیڤێک لە یادی هاوڕێی شەهیدم کاک چەکۆ ڕەحیمی

یەکەم جار کاک چەکۆم لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لەگوندی گەوەنتووی ناوچەی ساراڵی دیواندەرە کە ئەو کات من بەرپرسی ئەو کۆمیتە ناوچەیە بوم لە نێو تریلی تراکتۆرێک دا کە چەند پەتوویەکیان لە ژێریدا ڕاخستبوو و پەتویەکیشی پێدا درا بووبە بریندار دیت.

ناویم بیستبوو کە فەرماندە هێزی شەریفزادەیە و جەوانێکی زۆر خۆش تیپ و خۆش ڕووە، کە چاوم پێی کەوت تاریفەکان پڕ بە پێست بوون، ئەو جەوانێکی خۆش تیپ و لەو حاڵەشدا دەم بەبزە بوو،کە بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک بە ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەریفرادەدا لە سنە کە کاک چەکۆی فەرماندە هێزیش یک لەوان بوو زۆر بە سەختی بریندارببوو، بائەوەش لە بیر نەکەم کە لەوکاتەدا کە بومبەکە دەتەقێتەوە فەرهاد وەکیلی کادر ئازا و بەوەج، فیداکار و لەخۆ بردوی هێزی شەریفزادە خۆی بەسەر کەرەسەی تەقیتەوەکەدا دەدات بۆ ئەوەی زیانی زۆر وەبەر هاوڕێکانی نەکەوێ و شەهید دەبێت. ئەم فیداکارییە دەبێتە هۆی ئەوە تەلەفاتەکە زۆر کەمتر بێ لەوەی کە بەهۆی ئەم تەقینەوەیە لە پێشمەرگەکان دەکەوت. ڕۆحی شاد بێت.

پاش پشویەکی کورت لە لای ئێمە بەرەو نەخۆشخانەی ناوەندی حیزب کە ئەوکات ژمارەیەک دوکتوری چاک و دەواو دەرمانێکی باشی هەبوولە ناوچەی مەهاباد بووماڵئاوایی لێکردین. پاش ئەم یەکەم چاوپێکەوتنە کە یەکترمان ناسی هەرکاتی و لە هەر شوێنێکی کوردستان چاومان بەیەک دەکەوت چاک و چۆنییەکی گەرم وگوڕمان لە نێواندابوو.

ساڵی ١٣٦٢ لە مانگەکانی دیفاع وهێرشداکاک جەلیل گادانی ڕەحمەتی بەرپرسی تەداروکی بەرەیی شەڕ بوو لە جادەی سەردەشت پیرانشار، لەو سەردانانەی بەرەکانی شەڕدا کە منیش هاوڕێی کاک جەلیل بوم لە ئاڵواتان کاک چەکۆ فەرماندەهی تۆپخانەی ئەو بەرەیە لە ئەستۆ بوو و هاوکات ئەندامی فەرماندهی بوو لەو شەڕانەدا کە لەدانانی گەلاڵە عەمەلیاتەکاندا بەشداری چالاکانەی هەبوو و لە گوندی "ئاڵواتان" نیشتە جێبوو، کە چوینە لای شەهید قادر ئیفتخاری فەرماندەی ئەوکاتی هێزی ئاوارە ی لەلا بوو، لەو سەردانەدا کاک چەکۆ وەزعی بەرەکانی شەڕی بۆ باس کردین و چاییەکیشمان لە لای خواردەوە، چەندە بەورە دیتم.

ساڵی ١٣٦٥ کە مەڵبەندەکان پێک هاتن و مەڵبەندی ٢ لە گراڵەی بەرامبەر ئالانی سەردەشت جێگیر کرابووین. لە بەهاری ئەو ساڵەدا ئێمە ئەندامانی مەڵبەندی ٢ و فەرماندەکانی پێشمەرگە بۆکەڵک وەرگرتنی باشتر لەو کەرەسانە لە ئیختیارماندا بوون دەورەی چەکەکان وچۆنیەتی کەڵک لێوەرگرتن و پاراستنیانمان لە فیرگە دەدیت، ماموٚستای هەموو چەکەکانمان کاک چەکۆ بوو، ڕۆژێک نارنجۆکێکی چینی هێنا بوو شکڵی گۆشت کۆی داری هەبوو، پاش ناساندنی ئەو نارنجۆکە لە باری تیئورییەوە ووتی: ئەو نارنجۆکە دێر دەتەقێتەوە هەرکە زامنەکەت کێشا نابێ فەوری بیهاوێی و دەبێ پاش کێشانەوەی زامنەکەی چەند چرکەیەک ڕاوەستی و ئەوجار بیهاوێی، چون ئەگەر زووتر لەوکاتە بیهاوێی بەرامبەرەکە دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ و پێتدا بداتەوە. بۆعەمەلی کردنی هاوێشتنی ئەو نارنجۆکە بردینیە دەرەوە ومنی بانگ هێشت کرد و نارنجەکە دەستیەکەی دایە دەستمەوە وگووتی بیهاوێ منیش هەر بەپێی ئەو ڕێنوێنییانە ئەو پێی دا بوین چەند چرکەیەکی کەمتر لەوە کە ئەو پێی گوتبوین بەو ئیحتیاتە مەبادا زووتر لەو ماوە بتەقێتەوە هاوێشتم و پاش ماوەیەک تەقییەوە. کاک چەکۆ لێرە دا پێی گوتم زوو هاوێشتت ئێستا ئەگەر کەسێک لە مەسیری ئەو نارنجۆکە با دەیتوانی هەڵیگرێ و بۆتی بهاوێتەوە. پاش باسکردنی تێئۆری هەرچەکێک بە ڕویەکی خۆش و بەحەوسلە و تێکەڵ لە گەڵ گاڵتەو گەپ عەمەلیەکەشی فێر دەکردین.

هەر ئەو ساڵە دەورەیەکی بێسیمیشمان بینی کە ماموٚستای بێسیمەکەمان هاوڕێم کاک عومەر غولامعەلی بوو کە خوا هەڵناگرێ ئەو دەورانە لە بردنە سەری کەیفیەتی کاری ئێمە لەساڵی ١٣٦٥ دا زۆر شوێندانەر بون.

ساڵی ١٣٦٦کە وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی شنۆیە دیاریکرام ئیتر پەیوەندییەکانی من و کاک چەکۆ گەرمتر و نیزیکتر ببووە، لەو ساڵەشدا بەوهۆیەوە هەم من وهەم کاک چەکۆ ئۆگرییەکی زۆرمان بە وەرزش هەبوو و خۆشمان یاری والیباڵمان دەکرد چەند جارێک بۆ کێبەرکێ والیباڵ لە نێوان تیمی کومیتەی شنۆ و فێرگە سەردانی یەکترمان دەکرد و دوو ڕۆژێک هەم خۆمان و هەم ئەندامانی تیمەکەش سەرگەرم دەبوین، دیارە من بەهاری ساڵی ١٣٦٧ تاکۆتایی ساڵی ١٣٧٠ بەرپرسایەتی مەڵبەندی شومالم پێ ئەسپێردەرا وئەوکێبەرکێ وەرزشیە لەو ساڵانەشدا لە نێوانماندا هەر هەبوو.

پاش ئەم ساڵانەش بەحوکمی ئەندامبوونمان لە کومیتەی ناوەندی و بەرپرسیاریەتیەکانمان بە تایبەت لەو دەورانە کە من بەرپرسی تەشکیلاتی ناوخۆ بوم و ئەو بەرپرسی ئەمنییەت، لە زۆر بارەوە هاوکاری یەکترمان دەکرد. لەساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی تا ڕۆژی کۆچی دوایی ئەو بەرپرسی میحوەری موکریان بوو بۆ کاری تەشکیلاتی، کارەکەی زۆر مونەزەم بوو لە ڕاپۆرتدانەوە دوا نەدەکەوت، شتەکانی وەک خۆیان باس دەکرد تەبیعەتی گەورە و بچووک کردنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی نەبوو وەک لە ژمارەیک کەسدا ئەم گەورە و بچووک کردنەوەیە بەزەقی و بەرچاو هەیە. حەقی ئەندامەتی لە ئەندامانی

حیزب وەر دەگرت ئەگەر زۆریش کەم بـا و دەیگووت وەرگرتنـی حەقـی ئەنـدامەتی لە ئەندامی حیـزب هەم شەریکی دەکـا و هەم بەرپرسیار باری دێنێ، هەمیشە ڕەسیدی لە بەشی ماڵی کۆمیسیونی تەشکیلات وەر دەگرت و بۆ دڵنیا بـوون بەشێوەیەک دەیگەیاندەوە بەو ئەندامەی کەحەقی ئەندامییەکەی لێ وەرگرتبوو.

لەم دە ساڵەی دواییدا ببوینەجیران و زۆر لە بەیانیان پێکەوە وەرزشمان دەکرد، ئەو گرینگی بە شینایی و پـاک وخـاوێنی دەدا ڕیزە دارێکمان بە هاندانی ئەو لەبەر ماڵەکانماندا چاند کە دیمەنـی ئەو دەور و بەرەی جوانتر کردووە، ئەو گیاکـانی زۆر باش دەناسین.
لەوکاتەدا کە مرۆڤێکی مەتین و لە سەرە خۆ بوو لە دەربڕینی بیرو ڕادا ئازا وبوێر بوو.کەسێکی خاکەڕا و شۆخ تەبع بـوو. نمونەی یەکێک لە شۆخیەکانی:

ڕۆژێک ئۆستا عەبدولا یەکێک لە پێشمەرگە دڵسۆزەکانی حیزب دیهەوێ بچێتە هەولێر و دێتە لای کـاک چەکـۆ و پێـی دەڵـێ بۆ هەولێر دەچم ئەگەر شتێکت دەوێ بۆت بێنم، کاک چەکۆ لە وەڵامدا دەڵی نەوەڵا هیچم پێویست نییە و هیـوای سەفەرێکی خۆشت بۆ دەخوازم، بەڵام ئۆستا عەبدولاکە کاک چەکۆی زۆرخۆش ئەوێ پێی ئەڵـێ وەڵا کاکەگیـان هەر حەز دەکەم شـتێکت بـۆ بێـنم، پـێم خۆشـە داوای شـتێک بکەیـت و زۆر پێـداگری دەکـا و کـاک چەکـۆش هەم بـۆ ئەوەی دڵـی نەیەشـێنێ و هەم خەرجێکی نەدا بە دەستەوە وەک هەمیشە بـۆ شۆخی دەڵـێ: "باشە ئێستا کەتۆ لەکۆڵ نـابیەوە ئەگەر ڕۆیشتی بـڕێ تـۆزی دهۆڵم بۆ بێنە"
ئۆستا عەولا بـۆ پەیـدا کردنـی تـۆزی دهـۆڵ هەولێـر سەرو خوار دەکـا و بـۆی پەیـدا نـابێ، تـا پیـاوێکی ژیـری دوکانـداری هەولێـری تێـدەگات کە ئەمە لە شـۆخی دەچـێ. لێـی دەپرسـێ تـۆزی دهۆڵـت بـۆ چییـە؟ ئەویـش دەڵـێ وەڵا هـاوڕێیەکی خۆشەویستم داوای لێکردوم بۆی بکڕم، بۆیە دوکاندارەکە لێی یەقین دەبێ شۆخییە و پێی دەڵێ:

برا گیان خۆت ماندوومەکە پەیدا نابێت زیاتر مەگەڕێ وتەنیا لە لای ئەو کەسە پەیدا دەبێ کە داوای تـۆزەکەی لێکردووی" ئۆستا عەولاش کە دەگەڕێتەوە دەڕواتە لای کاک چەکۆ و بەسەرهاتەکەی بۆ بـاس دەکـا. کـاک چەکۆ بە پێکەنینەوە دەڵێ کێشە نییە، سپاس و بە خەیربێیتەوە تا تۆ گەڕایتەوە پەیدام کرد.

**ڕۆحت شاد فەرماندە و ڕێبەری بەوەج، قەت لە بیرت ناکەین.**

**١٥ی جوونی ٢٠٢١**

# جینایەتێکی سامناکی ڕێژیم ٣٨ ساڵ پێش لە ئێستا

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی١٣٦٢ی هەتاوی ڕیژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی کە لەڕووبەڕوو بونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە توشی شکەست هاتبوو بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکەستەکانی دەستی دایە جینایەتێکی سامناک و ٥٩ لاوی مەهابادی لە یەک شەودا ئێعدام کرد.

خرۆشانی تۆڵە لە دوژمن لە سەرانسەری کوردستان کەوتە ڕێ و لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان پێشمەرگەکان بۆتۆڵەی ئەو جینایەتە چەندین چالاکیان بەڕێوە برد، لوتکەی ئەو چالاکیانە لە لایەن هێزی بێستونەوە بوو کە بەڵێنیان دابە تۆڵەی ئەو ٥٩ لاوە شەهیدە ٥٩ چالاکی لە دژی هێزەکانی ڕێژیم بەڕێوە بەرن، ئەگەرچی سەرەتا ئەم بەڵێنە دژوار دەهاتە بەرچاو بەلام تەنیا لە ماوەی چەند مانگدا توانیان لەوپەڕی ئازایەتی و بوێریدا هەر ٥٩ چالاکییەکە بەڕێوە بەرن..
لە بڕیاردان تا بەڕێوەبردنی ئەو چالاکیانە شەهید سالار ئیبراهیمی فەرماندەی بەوەج و پارتیزانی کەم وێنە دەوری یەک لاکەرەوەی لە بە ئاکام گەیاندنی ئەو چالاکیانەدا هەبوو. ئەڵبەت لەو چالاکیانەدا پێشمەرگە و فەرماندەکانی دیکەش ڕۆڵی خۆیان هەبوو.

وەک تاکێکی ئاگادار لەو ڕووداوە و لەساڵڕۆژی ئەو ڕووداوە دا بە ئەرکم زانی یادێک لەو ڕوداوە بکەمەوە و بەتایبەت یادێک لە فەرماندەی هەرە بەرچاو و بەتوانا لە بەڕێوە بردنی ئەو ٥٩ چالاکییە کاک سالار ئیبراهیمی فەرماندەی ئازا و بەوەجی حیزب و گەلەکەمان بکەمەوە سڵاو بنێرم بۆ گیانی نەمری ئەو ٥٩ لاوە شەهیدە و هەروەها کاک سالاری نەمر، ڕۆحیان شادبێ.

**لەو ٥٩ چالاکیەدا ١٧ پێشمەرگەی ئازا و فیداکار شەهید بوون کە سڵاو دەنێرم بۆ گیانی هەرگیز نەمریان.**

٢ی جوونی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## خوێندنەوەیەک بۆ شانۆگەریی ئەمجارەی ڕێژیم لە ژێر ناوی هەڵبژاردن دا

**ئەمە دەقی وتارێکمە کە لە توێی نامیلکەیەک کە لە لایەن دەزگای هەڵبژاردنەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە هاتووە.**

پێشبینی دەکرێت ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە سێزدەهەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا تەنانەت لە دەورەکانی پێشوو لەخوارتر بێ و هۆکاری ئەم بەشدارییە کەمەش لە لایەک دەگەڕێتەوە بۆ ناهومێد بوونی خەڵک لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان لە ڕابردوودا کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەڵێنیان پێ درابوو جێبەجێ بکرێن، بەڵام جێبەجێ نەکران، لە لای دیکەوە بەهۆی بوونی گەندەڵییەکی بەربڵاوی ئیداری وئابووری، ناڕەزایەتیەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی بەکارهێنانی هێزی سەرکوتکەر و سەرکوتی خۆپیشاندەران و شەهید و زیندانیکردنی ژمارەیەکی بەرچاویان لە باتی وەڵامدانەوە بە داخوازییە ڕەواکانیان، گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا کە بڕستی لە ڕێژیم بڕیوە و بووەتە هۆی بێکاریی ژمارەیەکی زیاتر لەخەڵک و هەژارییەکی زۆرتر لە نێو کۆمەڵگادا، قەیرانە جۆراوجۆرەکانی داوێنگیری وڵات، بێ هیوا بوونی خەڵک لە هەر دوو باڵی ڕێژیم و لە یەک کەلامدا نەمانی مەشروعییەتی نیزام لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا.

ناڕەزایەتی لە کردەوەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی و باڵەکانی، تا ئەو ڕادەیە بەربڵاوە کە تەنانەت کۆمەڵێک لە بەرپرسان وەک مەحموود سادقی، حەسەن غەفوری لە فەرماندەکانی سپای پاسداران، بەشداریی ڕێژەی ٢٠٪ی خەڵکیش لەم دەورەیەی هەڵبژاردندا بە سەرکەوتن دەزانن .

سەید محەممەد خاتەمی، سەرکۆماری ئیسلاحتەڵەبی پێشووتریش لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە شانۆسازییەکانی ئەوانیش بۆ ڕاگرتنی ڕێژیم بە تەواوی بۆ خەڵک ڕوون بووەتەوە، هەر بۆیە لە دەربڕینێکی تایبەتدا ڕایگەیاندووە ئیتر خەڵک بە هیچ تەرفەندێک ئامادە نابن بچنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان و لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن، ئەمەش نیشانەی ئەوپەڕی بێ هیوایییە لە بەشداری خەڵک لە لایەن بەرپرسانی ورد و درشتی ڕێژیمەوە، کە ئێستا ئیتر وەک ڕابردوو بە تەیف بەندی ئیسلاحتەڵەب و ئوسووڵگەراییەوە کە گۆیا یەکیان لەویتریان باشترە ناتوانن خەڵک بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، لە جەریانی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویدا خۆپیشاندەران وەک یەک و بە دروستی دروشمیان لە دژی هەر دوو باڵی ڕێژیم دا و بە دروشمی" اصلاح‌طلب اصولگرا، دیگه تمومه ماجرا"هەر دوو باڵی

دەسەڵاتیان بە یەک ئەندازە بە نارەوا لە قەڵەم دا و ئەمە تیری خەلاس بوو لە پەیکەری تەواوەتی ڕێژیم بە ئیسلاحتەڵەب و ئووسوولگەرایەوە.

لە بارەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم ڕوو لە لایەنگرانی دەڵێ کە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان بە گرینگترین بنەما لە هەر جۆرە هەڵبژاردنێک لە کۆماری ئیسلامیدا دەزانێ."

ڕوحانی سەرۆک کۆمار لە وتاری ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان ٤٢ هەمین ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە بارەی هەڵبژاردنەکانی سێزدەهمین دەورەی سەرۆک کۆماری ڕایگەیاند:

جەند ڕۆژ پێش لە خزمەتی ڕێبەری شۆڕشدا بووم جارێکی دیکە پێداگریی کردەوە کە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا گرینگترە لە هەلبژاردنێکی دروست.

"چند روز پیش که در محضر رهبر انقلاب بودم یک بار دیگر تاکید کردند که مشارکت مردم در انتخابات مهم‌تر از انتخاب درست است، مشارکت اهم است و انتخاب درست مهم".

تا ئەو ڕادەیە ڕێژەی بەشداریی خەڵک لەم هەڵبژاردنەدا گرینگە کە دەوڵەتی دوازدەهەمیش بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی زیاترین خەڵک بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان لەم هەڵبژاردنەی سێزدەهەمین دەورەی سەرۆک کۆماریدا.

وەک لە وتەکانی بەرپرسانی ڕێژیمدا دەردەکەوێ لەم هەلومەرجە قەیراناوییە و لەوپەڕی تەریککەوتوویی جیهانی و ناوچەییدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێیدا تێدەپەڕێ، بەشداریی خەڵک لە شانۆی بەناو هەڵبژاردندا گرینگییەکی تایبەتی بۆیان هەیە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆشیان لەو ڕاستییە تێگەیشتوون کە خەڵک بەو هۆیانە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکەن. هەر بۆیە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارییان تێکەڵ بە هەڵبژاردنی شوراکانی شار و دێ کردووە چونکە دەزانن هەڵبژاردنەکانی شورای گوند و شارەکان بەو هۆیەوە کە هێندێک کاری سەرەتایی خەڵک ڕادەپەڕێنن و بۆ شوراکانیش هێندێک ئیمتیازی ماددیی تێدا هەیە بەشداری دەکەن. بۆ ئەوەی بتوانن لەو ڕێگایەوە خەڵکێکی زیاتر بکێشنە سەر سەندوقەکانی دەنگدان و ژستی ڕەوایی ڕێژیمەکەیانی لە بیروڕای گشتی جیهانیدا پێ نمایش بکەن.

بێجگە لەو ڕاستییانەش بۆ هەر هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتیک سالم بوونی هەڵبژاردن گرینگییەکی تایبەتی هەیە، بە بێ گەرەنتی کردنی هەڵبژاردنێکی سلامەت ئەگەر تەنانەت مەرجەکانی دیکەی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیکیش جێبەجێ بکرێ هەڵبژاردن لە نمایشێک زیاتر نابێ و ئاکامەکەی لە پێشدا دیاریکراو دەبێ، لەم بارەوە زۆر بەجێیە ئاماژە بە وتەیەکی ئیستالین دیکتاتۆری پێشووی یەکیەتی سۆڤییەت بکەم کە دەڵێ:

"ئەو کەسانە دەنگ دەدەن خاوەن بڕیار نین، بەڵکوو ئەوانەی دەنگەکان دەژمێرن یەکلاکەرەوەی کۆتایین".

لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا بێجگە لە یەکەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری کە بەهۆی جێگیر نەبوونی ڕێژیمەوە هەڵبژاردنێکی نیوە ئازاد بە ڕێوە چوو، لە ١٢ خولی دیکەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و هەموو بەناو هەڵبژاردنەکانی دیکە لە کۆماری ئیسلامیدا چاوەدێرانی هەڵبژاردنەکان لە ژێر ئەمری ڕێبەردا کێیان پێ خۆش بووە لە سندووقەکانی دەنگدان دەریانچوواندووە و ئیتر هیچ گرنگییەکیشیان بە ناڕەزایەتیی خەڵک سەبارەت بە ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن نەداوە و تەنانەت نارازیانیان بە عامیلی دەرەکی لە قەڵەم داوە و وە بەر گوللەیان داون و زیندانی و سەرکوتیان کردوون کە تا ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاویان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ماونەتەوە کە نموونەی هەرە بەرچاویان میرحوسەینی موسەوی و مەهدی کەڕووبین.

لە کاتێکدا کە لەو وڵاتانەدا کە هەڵبژاردن ئازادە، گرینگییەکی زۆر بە ناڕەزایەتیی خەڵک لە ئەگەری ساختەکاری دەدرێ کە نموونەی کۆتایی لەم بارەوە هەڵبژاردنی ئەم دواییانەی سەرۆک کۆماری بوو لە ئەمریکادا کە بەهۆی تانەی دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکە و سکاڵا لەلای چەند ئۆرگانی پەیوەندیدارەوە، لە چەند ویلایەتدا بۆ جاری دووهەم دەنگەکان ئەژمار کرانەوە. پاش ئەژمار کردنی دەنگەکان دادگای ویلایەتەکان و لە سەرەوەی ئەوانیش دادگای بەرزی وڵات گرینگییەکی زۆریان بەو بابەتە دا و پاش بەدواداچوونی ئەو سکاڵایە نەزەری خۆیان دەربڕی، لە دوایین قۆناغی ئەو کەیسەشدا کۆنگریس لەو سکاڵایە کۆڵییەوە و بەپێی بەڵگەکانی بەردەست تەنانەت مایک پێنس، جێگری سەرۆک ترامپ کە بۆ جێگری سەرۆک کۆمار لەو هەڵبژاردنەشدا دیاری کرابوو دەنگی بە سلامەتی هەڵبژاردنەکە دا و مافیان بۆ خاوەن ماف گەڕاندەوە.

هەڵبژاردن لە سیتسمی کۆماری ئیسلامیدا بێجگە لە نمایشێکی دراماتیک هیچ مانایەکی نەبووە، نە ئەو ڕێژە بەشدارییە کە ڕایانگەیاندوە ڕاست بووە و نە ئەو کەسانەش کە سەریان لە سندووقەکانی دەنگدان دەرهێناوە لە جێی خۆیدا بووە، لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنانەدا بە هۆی ساختەکاریی بەڕێوەبەران و چاودێرەکانەوە بە قازانجی بەربژێرێک، هەرچەند باقی کاندیداتۆرەکانیش لە مۆرە تواوەکانی نێو سیستم بوون یەکێکیان سکاڵای بۆ لای خوا بردووە و ئەوی دیکەشیان

ڕاگەیاندووە دەنگەکانیان دزیوە و ئەگەریش بە تەسادوف لە دەورەیەکدا لە نێوان دوو مۆرە ساختەکاری نەکرابێ و بە ڕواڵەت کێبەڕکێییەک هەبووبێ، تەنیا کێبەرکێ بووە لە نێوان دوو مۆرەی ڕێژیمدا.

بێجگە لەوانەش بە پێی مادەی (٨)ی یاسای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ڕێژیم، چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەکان لە هەموو قۆناغەکانیدا لە ئەستۆی شورای نیگابانە، ئەم شورایە بە پێی مادەی (٥)ی هەمان یاسا دەتوانێ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری هەڵوەشێنێتەوە، دوای هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردن لە لایەن شورای نیگابانەوە وەزارەتی ناوخۆ ئەرکیەتی هەلومەرجی هەڵبژاردنێکی دیکە ئامادە بکات،

ئەم شورایە لە هەموو ئەو ساڵانەدا کە ئەرکی چاوەدێری و تەنانەت پاڵاوتنی بەربژێرەکانی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی ئۆرگانەکانی کۆماری ئیسلامیی لە ئەستۆ بووە بۆ خۆی بەشێک بووە لەو کێشە و ساختەکارییانە کە لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنانەدا هاتوونەتە ئاراوە.

بە سەرنجدان بەو ڕاستییانە کە ئاماژەم پێدا، ڕێژیم لە هەموو تەرفەند و پیلانێک وەک بە ئەرکی ئایینیی لەقەڵەمدانی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا، پێکهێنانی کێبەرکێی تایفەیی، تەماع وەبەرنان، هەڕەشەکردن، و... هتد کەڵک وەردەگرێ تا بتوانێ خەڵکێکی زۆرتر بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بەم چەشنە بە بیروڕای گشتی بڵێ کە ڕێژیمەکەیان هێشتا جێگای پشتیوانیی خەڵکە بەم هۆکارانەوە کە باسمان لێوە کردن ئەم هەڵبژاردنە بۆ ڕێژیم و هەروەها ئۆپۆزیسیونی ڕاستەقینەی ڕێژیم گرینگە.

هەڵبژاردنەکانی ئەم خولەی سەرۆک کۆماری و شوراکانی شار و گوند بەو پێیە کە باسی ڕۆیشت زۆر گرینگە، بۆیە پێویستیی هاوکاریی جیدیی هەموو هێزەکانی ئوپۆزیسیونی ڕێژیم لە هەموو کاتێک زیاتر خۆ دەنوێنێ، دەبێ شانۆی هەڵبژاردنی ڕێژیم لێبڕاوانە و بە بێ دوودڵی بایکۆت بکرێ و بە شێوەیەکی بەربڵاو بە پلانێکی ورد و توکمە لە ڕێگای تەشکیلاتی ناوخۆ، ڕاگەیاندنەکان، چالاکانی مەدەنی، خەڵکی بەنفووز و نیشتمانپەروەرەوە کار لە سەر تێگەیاندنی خەڵک سەبارەت بەم خولە لە هەڵبژاردنی ڕێژیم بکرێ و هەوڵ بدرێ کەمترین خەڵک بچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بۆیە دەبێ گرینگیی ئەم بەشداری نەکردنەیان بە تەواوی بۆ ڕوون بکرێتەوە.

هێزە سیاسییەکان نابێ وەک هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو بەناوی چارەنووسساز بوونی هەڵبژاردن لەو ناوچانە کە پێکهاتەی دیکە بێجگە لە کوردی تێدایە، سەبارەت بە هەڵبژێران یا هەڵنەبژێرانی یەکێک لە بەربژێرەکان خەڵک لە شک و گوماندا



سەرچاوە Serchawe

بهێڵینەوە. ئێستا ئیتر پاش چەند دەورە لە هەڵبژاردنەکان و پاش بەڵێن دانی بەربژێرەکان کە لە ئەگەری دەرچوونیان لە هەڵبژاردن هەوڵی چاکسازی و لەبەرچاو گرتنی داخوازییەکانی خەڵک دەدەن و بە درۆ دەرچوونی بەڵێنەکانیان دوای هەڵبژاردن، بەتەواوی بۆ خەڵک ڕوون بوویێتەوە کە لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا دەرەتان نادرێ کەمترین چاکسازی جێبەجێ بکرێ و ئەساسەن ئەم سیستەمە بەپێی ناوەرۆکەکەی ئیمکانی چاکسازی تێدا نییە. ئێستا ئیسلاحتەڵەبانی حکوومەتیش بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنن کە چاکسازی لەم سیستەمەدا ناکرێ و دڵبەستن بە چاکسازی لەم ڕێژیمەدا تراویلکەیەک زیاتر نییە.

دەمەوێ لە سەر بۆچوونێکی هەڵەی دیکەش کە گۆیا جیاوازی هەیە لە نێوان هەڵبژاردنی شوراکان و سەرۆک کۆماریدا بەو پاساوە کە گۆیا کاری شوراکان خزمەتگوزارییە بە خەڵک و نابێ ئەو دەرەتانە هەرچەندیش کەم بێ لە خەڵکی وەربگرینەوە، ئەوە بڵێم کە کاندیداتوری بۆ ئەندامەتیی شوراکانیش دەبێ بە بێژنگی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم و نوێنەرانی شورای نیگابان لە شارستانەکاندا تێپەڕێ و هەر بەربژێرێکی ئەندامەتیی شورای شار و گوندەکان کە کەمترین گومانی لە سەر بێ لەو بێژنگە تێ ناپەڕێندرێت. ئەگەر لە ڕابردوودا چەند کەسێکیش لەو بێژنگە تێپەڕیوە بێگومان ئامانجی تایبەتی ڕێژیمی لە پشت بووە. لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە بێجگە لەوەی کە ئەو ئەندام شورایانە دەرەتانی ئەنجامدانی هیچ کارێکیان بە قازانجی خەڵک پێ نەدراوە، بەڵکوو تێکەڵبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەئەندامانی شورا بە سیستەمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی دەرکەوتووە. لە لای دیکەوە، هاندانی خەڵکی دڵسۆز بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی شار و گوندەکان دەبێتە هۆی گەرمترکردنی تەنووری هەڵبژاردنی ڕێژیم و ڕۆیشتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، ئەمەش هەر ئەو ئامانجەیە کە ڕێژیم بۆی تێدەکۆشێ و سەرمایەگوزارییەکی زۆری لەسەر کردووە و هیوای لەسەر هەڵچنیوە.

دەبێ بە بێ دوودڵی و ڕاشکاوانە، تەواوەتیی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و شوراکانی شار و گوندەکان بایکوت بکرێ و هەوڵ بدەین کەمترین خەڵک لەم شانۆگەرییەدا بەشداری بکەن. تەنیا لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدایە کە دەتوانین ئەو سیگناڵە بە دنیای دەرەوە بدەین کە خەڵکی ئێران دژی ئەم ڕێژیمەن و چارەیان ناوێت.

۹ی مای ۲۰۲۱



سەرچاوە
Serchawe

## لەودیوی نیگەرانی و خەمێکی گەورەوە

پاش کۆنگرەی هەشتەم بە بەرپرسی مەڵبەندی شومال دیاری کرابووم، چەند رۆژێک بوو لە هاتوو چۆ دابوم بۆ ئەوەی لە مەڵبەند دەست بەکار بکەم کە هەواڵی هێرشی هاوبەشی کۆماری ئیسلامی و هێزەکانی پێشمەرگەی باشوری کوردستان لە کۆتاییەکانی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بۆ سەر شاری هەڵەبجە بڵاو کرایەوە ،لەو هێرشەدا هێزەکانی شاهۆ و زاگرۆس کە لە دەرەتفێ نیشتەجێ بوون لە شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی مانگی ڕەشەمەکەوتبوونە بەر پەلاماری سپای پاسداران و سێ جار هەر جارە بە بەجێ هێشتنی دەیان کەلاک تێک شکابوون، لەو سێ جار هێرش کردنەدا بە داخەوە کاک "عیزەت ئەحمەدی" ناسراو بە عیزەتە کوێر فەرماندەی هێزی بەرگری شەهید و ژمارەیەک پێشمەرگەش بریندار بوون کەبە خۆشییەوە برینەکانیان سووک بوو.لە بەرەکانی دیکەی ئەوشەڕەداکە هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئەرتەشی عێراق بوو، هێزە هاوبەشەکە سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو وبەم چەشنە هێزەکانی حیزب و کۆمەڵە کە لەو ناچەیە ژمارەیان چەند سەد کەسێک دەبوو بە کردەوە کوتبوونە گەمارۆی هێزەکانی ئێرانەوە.

ئەم هەواڵانە زۆر دڵگرانیان کرد بووم و خەمێکی گەورە ڕووی تێکردبووم چون سەدان پێشمەرگەی بە بیر وباوەڕ ،دڵسۆز و فیداکاری حیزبەکەمان لە سنووری پارێزگاکانی سنە و کرماشان و بۆکان ژیان و مانیان کەوتبووە خەتەرەوە. بەهۆی پەیامێکەوە بۆ شەهیدی نەمر د.قاسملوو وێڕای دەر بڕینی نیگەرانیم لەوبارودووخە، ئامادەیی خۆم بۆ هەرئەرکێک بکەوێتە سەرشانم بۆ ڕزگار کردنی ئەو هاوڕێیانە دەر بڕی، کاک دوکتور لەوەڵامدا نوسیبووی جارێ پێویست ناکا وبە هەموو ئیمکانات و توانایەکەوە بۆ ڕزگار کردنی ئەو هاوڕێیانە لە سەر خەتن، هەرچەند نیگەرانییەکەم نەڕەوییەوە بەڵام دیسان ئەو پەیامەی ورە بەخش بوو.

### لێرەدا بە پێویستی دەزانم چوار لایەنی پشت پەردەی ئەو شەڕە باس بکەم:

١- ئەو ورە و باوەڕەیە کە هێزەکانی پێشمەرگە و بەرپرسەکانی" کومیتەکانی هەورامان، مەڵبەندەکانی ١ و ٢، کومیتەی بۆکان هێزەکانی شاهۆ، زاگرۆس، ٢ی ڕێبەندان، بەیان "لەو خۆ دەربازکردنەدا لە خۆیان نیشاندا کە وێڕای کوشتنی سەدان پاسدار، لەو بێ ئیمکاناتیەشدا سێ ڕۆژ بە خواردنی نانیکی کەم و گیای شاخەکان تا دەرباز بوون بە تەلەفاتێکی کەم توانییان خۆڕاگرانە لەو شەڕە دا سەربەرزانە دەرباز بن.



سەرچاوە
Serchawe

٢- خاڵی هەرە گرینگ لەو شەڕەدا نەقشی ژمارەیەک بەرپرس و پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی سوسیالیستی کوردستان بوو کەلەو هەلوومەرجەدا بە بیرێکی کوردانە و هەست کردن بە بەرپرسایەتی نەتەوەیی ئامادەی هەموو تێچوویەک بوون و هاوکاری ئەو هێزانەی ئێمەیان کرد تا لەو گەمارۆیە دەبازیان کردن.

٣- لە جەریانی ئەو شەڕە دا گوردانی شوانی کۆمەڵە دەکەونە گەمارۆی هێزەکانی سوپای پاسداران و پاش شەڕێکی قورس ونا بەرامبەر بەداخەوە هەموویان شەهید دەبن.

**سڵاو دەنێرم بۆ گیانی هەرگیز نەمریان و خۆم بەهاوبەشی خەمی هاوڕێیانی کۆمەڵە و بنەماڵە ئازیزەکانیان دەزانم.**

٤- ژمارەیەک بنەماڵە لە ئاکامی ئەو شەڕەدا لەناوچەی شەڕەکە بەجێ مان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیران و پاشان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ژمارەیەکیان چەند مانگ و ژمارەیەکیشیان بە ساڵان کەوتنە زیندان، چەند کەسێکیش ئیعدام کران کە سڵاو دەنێرم بۆ گیانی هەرگیز نەمرییان.

**ڕۆژی یەکەمی نەورۆزی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە کاتێکدا**

پاش نیزیکەی پێنج ڕۆژخۆ ڕاگری هێزەکانی حیزب لەو گەمارۆیە دەرباز بوون وگەیشتنە زەرئایەن کە شەهیدی نەمر د.قاسملوولە پێشوازییاندا بوو و پەیامێکی بۆ ناردم کە لە پەیامەکەدا هاتبوو:" بە خۆشییەوە هێزەکانمان دەرباز بوون و گەیشتوونەتە لای ئێمە ."

هەرچەندلەخەمێکی قورس ڕزگار ببوین ،بەڵام لە لایەک کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژی ١٦ - ٣ - ١٩٨٨ کە بەو هۆیەوە ٥٠٠٠٠ نەفەر لە خەڵکی بێ تاوانی ئەوشارەبە هۆی گازبارانی فڕۆکەکانی حکۆمەتی بەعسەوە شەهید کران و لەلای دیکەوە ئەو شەهید بوونە بە کۆمەڵەی پێشمەرگەکانی هێزی شوانی کۆمەڵەش خەمێکی گەورە وگرانیان لە سەر دڵمان دانا.وەک ئاماژەشی پێدرا لەو شەڕە دا ژمارەیەکی بەچاو لە کەم ئەندام و پیر و ژن و منداڵی حیزبی لە پشتی جبهەی شەڕەکە گیریان خواردبوو کە دواتر لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیران و زیندان کران و چەند کەسێک لەوانەش لە زینداندا حوکمی لە سێدارە دانیان بە سەردا سەپاندن و شەهید بوون. ڕۆحیان شاد و یادیان لە ودڵماندایە.

لە ساڵڕۆژی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی هەر گیز نەمری شەهیدەکان و نفرەت دەکەم لەو کۆمەڵکوژی

و جینـایەتە سـامناکانە، دڵنیـام لە گەڵ ئەو هەمـوو کارەسـاتە کە بەسـەر ڕۆڵەکـانی گەلەکەمانـدا هـاتووە گەلـی ئێمەتـا گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری، لێبڕاوانە ڕێگای خەبات دەبڕێ و درێژە بە ڕێبازی ڕزگاری گەل تاسەرکەوتن دەدات.

**١٥ی مارچی ٢٠٢١**

---

## ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب (١٣٥٧)

حیزبی دێموکرات کە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ تێکۆشانی نهێنیی هەبوو، سەرئەنجام لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ٥٧ لە میتینگێکی دەیان هەزار کەسیدا لە شاری مەهاباد، تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند. خەڵکی سەرتاسەری کوردستان بە هۆگرییەکی زۆرەوە بۆ ڕۆژی دیاریکراو خۆیان گەیاندە شاری مەهاباد و لە میتینگی ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبدا بەشدارییان کرد.

ڕۆژانی پێش لە دەستپێکردنی میتینگەکە، خەڵک دەستە دەستە دەگەیشتنە شاری مەهاباد و پاش پێشوازی لێکردنیان لە لایەن دەستەی دابەشکردنی میوانەکانەوە کە لە کۆشکی لاوانی ئەم شارەدا نیشتەجێ بوون، بە سەر ماڵەکانی شاردا دابەش دەکران. لەم پێوەندییەدا خەڵکی دڵسۆز و تێکۆشەری مەهاباد میوانداریی‌یەکی باشی میوانەکانیان کرد.

بەیانیی ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە کۆبوونەوەیەکی دەیان هەزار کەسی لە ئیستادیۆمی ئەم شارەدا کە زۆر ڕۆژنامەوانی نێوخۆیی و بیانییش بەشدار بوون، دەستی پێ کرد. پاش خوێندنەوەی سروودی «ئەی ڕەقیب»و ڕژەی هێزی پێشمەرگە، شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چووە پشت تریبۆن و بەرنامە و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی ڕاگەیاند:

پاش سڵاو و ڕێزلێنان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کورد و کوردستان و سەرجەم ئێران، پاش سڵاو ناردن بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی شۆڕشگێڕان، ڕووناکبیران، ژنان، خوێندکاران، لاوان، کرێکاران، زەحمەتکێشان و هەموو گەلانی ئێرانی ڕایگەیاند"

"حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش ٣٢ ساڵ خەباتی نهێنی، خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێدەکا.

ئەندام و لایەنگرانی حیزب شەهیدی زۆریان داوە، بەندیخانە و ئازار و ئەشکەنجەی زۆریان چەشتوە. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی ئێمە خاوەن پشتیوانیی بێدرێغی گەل بووە و هەرگیز سەنگەری خەبات ڕەها ناکا و بە پشتیوانی خەڵک و هێزی لەبڕاننەهاتووی جەماوەری گەل و بە سەربەرزییەوە بەرگری دەکەین".

**لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، دوکتور قاسملوو ئاماژە بە پێشینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا و دەڵێ:**

"حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، یەکەمین دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد لە مێژووی هاوچەرخدایە کە هێشتا یادی ئەم کۆمارە پیرۆزە و دەسکەوتەکانی لە بیری هەموو دانیشتوانیدا ماوەتەوە."

دوکتور قاسملوو پاشان ئاماژە بە سەرکەوتنی شۆڕشی بەشکۆی گەلانی ئێران وەک سەرکەوتنێکی گەورەی مێژووی ئێران دەکا: "هەنووکە ئیدی ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی رووخاوە و شۆڕشی بەربڵاوی خەڵکی لە سەرانسەری ئێران سەرکەوتووە و لە نێو گەلانی ئێراندا بە هێزێکی یەکگرتوو و کەموێنە، شۆڕشێکی ئەفسانەیی بەرپا بوو" .

**پاشان لە وتەکانیدا هێما بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش دەکا و شێوە دێموکراتیکەکان دەکاتە گەرەنتیی ئەو دەسکەوتانە:**

«پاراستنی ئازادییە دێموکراتیکەکان و پتەوکردنی کۆڵەکەکانی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی راستەقینە لە سەرانسەری ئێراندا گەرەنتیی سەرەکی پێشکەوتنی شۆڕش و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان بۆ هەموو گەلانی ئێرانە. بێگومان بە نەبوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی راستەقینە، مافە نەتەوەییەکانی کورد دابین ناکرێ و بێ دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، ڕێژیم بە مانای راستەقینەکەی دێموکراتیک نابێ.»

**دوکتور قاسملوو لە وتەکانیدا پێداگریی زۆرتر لە سەر مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکا و رادەگەیەنێ کە:**

«مافی نەتەوەیی، وەک ئازادی لە بنەڕەتیترین مافەکانە کە شۆڕشی ئێران بۆ بەدەستهێنانی بەرپا بووە. لۆژیک و پێویستی ئەوە دێنێ کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ئێران بە فەرمی بناسرێ. بەم هۆیەوە پێویستە کە دەوڵەتی ئینقلابیی «مێهدی بازرگان»، رای خۆی لەمەڕ مەسەلەی نەتەوەیی و مافەکانی گەلی کورد کە لە کێشە بنەڕەتییەکانی شۆڕشی ئێرانە، بە ڕوونی رابگەیەنێ. نەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە مافی هەیە دڵنیا بێ کە ستەمی نەتەوایەتی، میراتی چەپەڵی ڕێژیمی سەرەڕۆی شا لە نێو دەچێ و ئاسەوارێکی لێ نەماوە. دەبێ نوێنەرانی گەلی کورد لە مەجلیسی دامەزرێنەران و لە ڕێکخستنی یاسای بنەڕەتیی نوێی ئێراندا بەشداری بکەن تا بتوانن مافی سەلمێنراوی گەلانی ئێران و گەلی کورد لە یاسادا بگونجێنن »

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، ئاماژە بە را و بۆچوونەکانی حیزب و بەرنامەکانی دەکا:

"حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدایە کە لە کۆمەڵگای ئەورۆکەی کوردستان دەرەتانی ئەوە هەیە کە یەکیەتیی پتەوی نێوان تەواوی چین و توێژەکانی گەل لە کرێکاران، زەحمەتکێشان، رۆشنبیران، بازارییەکان و عەشایرە نیشتمانپەروەرەکان سەقامگیر بکا،

.. سیاسەتی ئێمە ئەمە نیە کە هەر کەس دۆستمان نەبێ دوژمنمانە، بەڵکوو هەر کەس دوژمنمان نەبێ دۆستمانە".

"حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕێکی قوڵی بە دێموکراسی هەیە و ئامادەی هاوکاری لەگەڵ تەواوی حیزب و گرووپە سیاسییەکان لە سەرانسەری ئێران و نێوخۆی کوردستانی ئێرانە.

**ئێمە لە ناخی دڵەوە دەڵێین کە زۆر خاڵی هاوبەش وەک ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ هاوکاریی نێوان ئێمە و هەموو هێزە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتووەکان هەیە:**

١- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی رێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا.
٢- دابینکردنی مافی خودموختاریی تەواوی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا.
٣- دابینکردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان بۆ تەواوی حیزب و رێکخراوە سیاسی نەتەوەییەکان بە بێ جیاوازی.
٤- گەڵاڵە دارشتنی سیاسەتێکی ئابووری لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکدا و پۆشتەکردنی ئاستی ژیانی زەحمەتکێشان.
٥- چارەسەری مەسەلەی زەوی بە قازانجی جووتیارانی هەژار و نێونجەکان. زەوی هی کەسێکە کە لە سەری کار دەکا.
٦- سنوردارکردنی کاتەکانی کاری حەوتووانەی کرێکاران و دابینکردنی بیمەی گشتی بۆ تەواوی کرێکاران و زەحمەتکێشان.
٧- ریشەکێش کردنی نەخوێندەواری و بردنەسەری پێگەی فەرهەنگی و زانستیی خەڵک لەسەر بنەمای پەرەپێدانی زمانی زگماکی تەواوی گەلانی ئێران.
٨- کۆتایی هێنان بە نفووزی ئیمپریالیزم بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و وەدەرنانی پەیمانە نیزامییەکان و دەرکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆی دەرەکی..
٩- پشتیوانی لە بزاڤی ئازادیخوازی تەواوی نەتەوەکانی جیهان و بەرگری لە ئەسڵی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا.
١٠- پێکهێنانی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ تەواوی وڵاتاندا لە سەر بنەمای رێزلێنانی بەرانبەر و ناسینی مافی دەسەڵاتی

نەتەوەیی و دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی یەکدی و پتەوکردنی پێوەندییەکی دۆستانە و... "

**دوکتور قاسملوو لە بڕگەی کۆتایی وتەکانیدا بە پێداگری لەسەر بەرنامەو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەڵێ:**

"دەبێ دێموکراسی فێر بین و رایبهێنن. کوردستانیش وەک تەواوی ئێران موڵکی تایبەتی هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نیە. هەموو دەبێ راوبۆچوونی خۆمان بە خەڵکی بگەیەنین و ئەوە خەڵکن کە دەبێ بتوانن ئازادانە رێگەو رەوشی خۆیان هەڵبژێرن. هەر چەشنە تیرۆرێکی فیکری دەبێ لە نێو بچێ و هیچ کەس نابێ بە هۆی بیروباوەڕ و فیکرەکانی بکەوێتە ژێر گوشارەوە.

ئەرکی دۆستان و لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە ئامانج و بەرنامەکان و داواکانی حیزب لە نێو گرووپە جۆرەبەجۆرەکانی خەڵکی کوردستان لە رێگەیەکی دێموکراتیکەوە تەبلیغ بکەن..."

**"ئاکامی خەباتی یەکپارچەی ئێمە، کۆمارێکی دێموکراتیکی راستەقینە بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە"**

**لە ٧٠ ویستگەی مێژوویی هەڵگیراوە.**

**٢٨ی فێبریوێری ٢٠٢١**



سەرچاوە
Serchawe

## پیلانەکانی ڕێژیم لە چوارچێوەی شەڕی ڕەوانیدا

لە سەردەمی ئێستادا یەکێک لە کاریگەرترین لایەنەکانی شەڕ کە دەسەڵاتداران و دەوڵەتەکان بۆ تێکشکاندنی دژەبەرەکانیان بە بێ ئەوەی گیانی مرۆڤەکان بکەنە ئامانج و زۆرتر بە مەبەستی گۆڕینی ڕا و بۆچوونیان بەکاری دەبەن شەڕی ڕەوانییە.

دوژمن لە شەڕی ڕەوانیدا لەڕێگای فریودان و بەلاڕێدا بردنی بیرو ڕای گشتیی دەتوانێ بە ئامانجەکانی تەنانەت ئەگەر زۆریش دژوار بێت بگات، چونکە ئەم شەڕە لەکۆتاییدا ڕۆحیەی دژەبەرەکانی تێک دەشکێنێ، ورەیان سست و باوەڕیان لەرزۆک دەکات.

**مارشاڵ ڕۆمل فەرماندەی بەناوبانگی ئاڵمانی دەڵێ:**

"فەرماندەی سەرکەوتوو ئەوکەسەیە پێش لەوەی جەستەی دوژمن بکاتە ئامانج توانیبێتی ڕۆح وڕەوانی داگیر بکات و بەسەریدا زاڵ بێت"

شەڕی ڕەوانی ئیستا ئیتر بەشێکی کاریگەرە لە بە ئاکام گەیاندنی شەڕ و کێشەکان لە نێوان دژە بەرەکاندا و هەرکەس باشی بەکار ببات بەوڕادەیە لەگەیشتن بە ئامانج نزیکتر دەبێتەوە.

کۆماری ئیسلامی لەماوەی ٤٢ ساڵ لە دەسەڵاتدارەتیدا لە تەنیشت سەپاندنی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستاندا وسیاسەتی سەرکووت و زەبر و زەنگ لەم شێوە شەڕەش بە باشی کەڵکی وەرگرتووە و بەداخەوە تاڕادەیەکیش تێیدا سەرکەوتوو بووە.

نەخوێندنەوەی پیلانەکانی ڕێژیم ، دووبەرەکایەتی نێوان هێزە سیاسییەکان وهەڵچنینی ڕق وکین لە دژی یەکتر زەمینە خۆشکەر بوون بۆ ئەوەی ڕێژیم بتوانی شەڕێکی ڕەوانی

ستراتژیک کەلەودا، فەرهەنگ، شارستانییەت و سونبولەکانمان بە ئامانج بگرێ و لە نێو ڕیزی گەلەکەماندا بە هۆی

سازکردنی درۆ و چەواشەکاری لە سەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای دەست و پەیوەندەکانییەوە، هەوڵی داوە مرۆڤی کورد لە هووییەتی خۆی بەتاڵ بکات.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەلایەت فەقیهی کە پەیرەوی مەکتەبی "تەقییەن" و درۆ کردن بەلایانەوە نەک تاوان نییە بەڵکوو ئەرکە و بۆ بردنە پێشی پیلانەکانیان بە هەزاران درۆی شاخداریان لە لێهاتوویی خۆیان و دەستەوەستانی نەیارەکانیان سازکردووە، بە دردۆنگی خۆشکردن لە زەینی مرۆڤی کورد دا توانیویانە تەفرەقە بخەنەڕیزی ئەندامانی گەلەکەمان و لە لای یەکتر سووکمان بکەن و ئەو ئینرژی وهێزە کە دەبێ بەرەو ڕووی داگیرکاری و سەرکوتکردنەکانی بیتە ئاراوە بە دووبەرەکایەتی سازکردن لە نێوان خەباتگێڕانی نەتەوەکەمان بەرو ڕووی یەکتریان بکاتەوە و ئەمەیە گەورە ترین خەسار. یەکێک لە کەرەسەکانی شەڕی ڕەوانی تاکتیکی درۆی گەورەیە کە لەم بارەوە گوبلز دەڵێ"کاتێک درۆ دەکەن دەبێ بەڕادەیەک گەورە بێت کە هیچ کەس نەتوانێ درۆکە بە درۆ بخاتەوە"کە ئەم تاکتیکە پێش لە گۆبلزیش باوەڕی ئیسلامی لە نەوعی وەلایەتی فەقییە.

پاراگرافی پێش ئەم ڕستەیەم بۆیە نووسی کە تێ بگەن دوژمنی ئێمە چەندە لەپێشە لەو بوارەدا، بۆیە داوا و ڕجای برایانەم ئەوەیە با تا لە مەسەلەیەک دڵنیا نین نەکەوینە داوی شەڕی ڕەوانی ڕێژیمەوە ، لە ئەساسدا ئێمە ڕۆحی پێکەوە حەوانەوەمان لاوازە لانی کەم با بیر لە پیلانەکانی دوژمن و ئەوشەڕە ڕەوانییە لە دژمان بەڕێوەی دبات بکەینەوە و لە باتی هەڵپرژان بە یەکتردا ڕۆحی هاوچارەنووسی ویەکگرتوویی بکەینە بنەمای پەیوەندییەکانی داهاتوومان وەک دەڵێن زەرەر لە هەرشوێنێک بگەڕێتەوە هەر قازانجە.

٢٤ی جانێوێری ٢٠٢١

---

## هەڵوێستەیەک
## شانازی بەکورد بونمانەوە دەکەین

بێژەرێکی کاناڵێکی ڕێژیم لە ڕۆژانی ڕابردوودا نەزانانە و بە دور لەئەدەب هەڵیکوتایە سەر مێوانی بەرنامەکەی کە جل و بەرگی کوردی لە بەردا بوو ، ئەم بێڕێزییە زۆر بەخەیرایی هەڵویستی کوردستانیانی بەدوادا هات وبوو بە باس و خواسێکی گەرم لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەمە یەکەمجار و کۆتا جاریش نابێ کە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بەرنامە داڕێژراو بێڕێزی بە زمان، جلوبەرگ و ....هتد نەتەوەکانی ئێران دەکات.

ئامانجی ڕێژیم لەم بێڕێزیکردنە بە بچوک و بێ بایخ نیشاندنی فەرهەنگ و کلتووری نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری ئێرانە کە بە بڕوای من دانانی وێنەی کوردستانیان بە شێوەیەکی بەربلاو ونووسینی بابەت لە بەرگری لە جلوبەرگی کوردی و بەها نەتەوەیەکانمان وڵامێکی شیاو بوو بەشکر شکاندنی ئەو بێژەرە بەکرێگیراوە و شوێندانەری باشی هەبوو . دەست خۆشی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بەدانانی وێنەیەک ، نووسینی بابەتێک ودانی وتارێک ئەم بێڕێزییە سازماندراوەیان مەحکوم کرد.

ئەم هەڵویستە بەربڵاوەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان تەنانەت بەناو نوێنەرانی مەجلیسی ڕێژیمی ئاخۆندیشی ناچارکرد هەرچەند ڕەنگە لەچوارچێوەی ڕەزایەتی ڕێژیمدا بێنە قسە و لەو پەیوەندییەدا وتاربدەن.

### هاوڕێیانی بەڕێز!

ئەوەی بۆ من جێگای سەر سوڕمانە لەهەر بابەتێکی لەو چەشنەدا دەبینم خەباتگێرانی کورد و بەتایبەتی ئەندامانی حیزبەکەمان دەکەونە دوو بەرەی دژی بەیەک و دەست دەکەن بەوتار نووسین و تەنانەت بێڕێزیکردن بە یەکتر ، لە کاتێکدا لەم جۆرە مەسەلانەدا دەبێ بەتەواوی یەکگرتووبین تا بتوانین زۆر بەهێز لە بەرامبەر دوژمنەکانمان ڕاوەستین.

لەم جورە پێشهاتانە دا ئێمە ناچارنین بکەوینە گیانی یەکتر بەڵکوو زۆرجار دەرنەبڕینی هەڵویستێک بۆ خۆی گەورەترین هەڵویستە، لە دونیای سیاسەتدا لە نێوان " ئەریٚ و نە"و " ڕەش و سپی" دەیان ولام و ڕەنگی دیکە هەیە، بۆیە تکاتان لێدەکەم ئەو بێرێزیکردنە بەیەکتر ڕابگرن و ئەو بابەتانە لەو پەیوەندییەدا لەسەر فەیسبووکەکەتان نووسیوتانە پاک کەنەوە.

با نووکی قەڵەمەکانمان و دەنگی دڵێرمان بەرەوڕووی دوژمنی دڵڕەش و قین لەدڵ بکەینەوە کە ٤٢ ساڵە بە هەموو شێویەک هەوڵی لەنێو بردن، قڕکردن و ژنوسایدی گەلەکەمانی لەبەرنامەدایە کە ئەم بێرێزییەی چەند ڕۆژی ڕابردوو یەکێک لەوهەوڵانەیەو بێگومان ئاخیر هەوڵیشی نابێ.

١٩ی جانێوێری ٢٠٢١

## ٢٠٢٢ بابەتەکانی ساڵی .................... ٢٠٢٢

---

### سەنگی پێشمەرگە لە شۆڕشی هاوچەرخی نەتەوەکەماندا

مێـژووی شۆڕشـەکانی نەتەوەکەمـان لەپێنـاو ئازادیـدا پڕیەتـی لە فیـداکاری و لەخۆبـوردوویی، بەڵام بەشـێکی زۆری ئەو شۆڕشـانە لە لـوتکەی هێـز و بەرەوپێشچوونیانـدا، بەداخەوە بەهـۆی لاوازیـی سیاسـی و نەبـوونی ڕێکخسـتنێکی تـۆکمەی تەشکیلاتی و سەربازی یا تێکشکاون، یـا ئەوەنـدەیان هێـز بەدەستەوە نەمـاوە و لاواز بـوون تـا دواتـر بەناچـار وازیـان لە بەرخودان هێنـاوە.

بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەبات لە شێوەی نەریتییەوە گوازرایەوە بۆ خەباتێکی مودێرن و پێشکەوتووانە و قۆناغێکی نوێ لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد دەستی پێ کرد کە زیاتر گرینگیی بە ڕێکخستن و بەڕێوەبەریی بەکۆمەڵ دەدا. هەر ئەوەش بوو کە کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دیموکرات دامەزرا.

کۆمار بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان پێویستی بە هێزی چەکدار هەبوو، هەروەها پێویست بـوو نـاوێکیش بـۆ چەکدارانی ئەو سـوپایە دیـاری بکرێـت، ئەوە بـوو کە ئەو هێـزە نەتەوەییە دامەزرا و نـاوی پـڕ نێـوەرۆکی پێشـمەرگەش بـۆ چەکـداری خاکپارێزی کورد دیاری کرا.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان -سوپای میللی- کە هێزێکی تازەدامەزراو بوو، لە مـاوەی ١١ مانـگ تەمەنـی کۆمـاری کوردستـاندا هەم ئەمنییەتـی نـاوچەی کۆمـاری پاراست و هەم لە بەرەکـانی شەڕفرۆشیی ڕێژیمـی پاشایەتیدا لە چەنـد بەرەنگـارییەکی قارەمانانەدا تامی تاڵی شکەستیان بە هێزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی چاشت، نموونەیان شەڕی قادراوا و مامەشا لە نـاوچەی سەقز و..... هتد.

پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان جارێکی دیکە و لە ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ تێکۆشەرانی دێموکرات لەژێر ناوی مێژوویی و

شانازی خوڵقێنی پێشمەرگەدا و لە پێناو خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادیی نەتەوەکەمان لە هەلومەرجێکی دژواردا و بە کەمترین ئیمکانات خەباتی چەکدارییان لەدژی بەهێزترین ئەرتەشی ئەوکاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەڕێ خست کە بۆ ماوەی ١٨ مانگ درێژەی کێشا .لە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییشدا کە خومەینی فەرمانی جیهادی لەدژی گەلی کورد دەرکرد، هێزی پێشمەرگە بۆ جارێکی دیکەش ئەرکی بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان کەوتە ئەستۆ و بە گیانفیدایییەکی بێوێنە و بەخشینی گیانی هەزاران پێشمەرگە، ئازایانە و لێبڕاوانە توانییان چۆک بە هێزە داگیرکەرەکان دابدەن و ببنە هۆکار بۆوەی کوردستان نازناوی سەنگەری ئازادیی بدرێتێ. ئەوە بوو کە پلینۆمی دووهەمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم کە گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ بەڕێوە چوو، بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی هێزی پێشمەرگە، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کرد. دیاریکردنی ئەم ڕۆژە لە بەر ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا بەرگریی لە خاک و خەڵکی کوردستان و بەها مرۆییەکان کردبوو. لە ڕەوتی ئەم مێژووەدا پێشمەرگە ئیتر بووەتە ناوێکی ناسراو و وەک هێزێکی بە بیروباوەڕ و دژەتێرۆر لە کۆمەڵگەی جیهانیدا ڕێزی لێ دەگیرێ و لە شەقامی بەهێزترین وڵاتی دونیادا پەیکەرەکەی بە نیشانە و هێمای ئازادی وسونبوڵی دژی تێرۆریزم دادەنرێت.

لە هەلومەرجی ئێستادا ئەرکی پێشمەرگە تەنیا لە بەرگریی چەکدارانەدا کورت ناکرێتەوە و پێشمەرگەش تەنیا ئەوکەسانە نین کە چەکیان لە شانە. ئیستا بە پێی گۆڕانی هەلومەرجی خەبات، ئەرکی پێشمەرگەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە هەموو بەستێنە میدیایی، مەیدانی و دیپلۆماسی و ڕێکخستنەکاندا ئەرکیان لەسەر شانە و لەوەش بەولاوەتر هەموو ئەوانەی لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەکەمان و لەدژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن پێشمەرگەن.

لەمێژ ساڵە حیزبی دێموکرات باس لە پێشمەرگەی شار و شاخ و گرینگیی هاوکاریی ئەو دوو بەشە دەکا وبەتەواوکەری یەکتریان دادەنێ. لە یەک ڕستەدا هەموو ئەو لاوە بوێر و لەخۆبوردووانە کە لە درێژەی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامیدا دەکەونە زیندان، یا لە شەقامەکاندا شەهید دەبن و هەموو ئەوانەش لە شەقامەکانی کوردستان و هەندەراندا دەنگی زایەڵەیان دوژمن دەتۆقێنێ، پێشمەرگەن.

لە پێش دەستپێکردنەوەی خەباتی پێشمەرگانە و ڕاسان لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕێژیم ڕێژیم وای دەنواند حیزبەکان و هێزێ پێشمەرگە کاریگەرییان نەماوە و لە بنکەکانیاندا چەقیون، بەڵام حزوور و شریخەی چەکی پێشمەرگە لە قووڵایی خاکی کوردستان هیوایەکی نوێی بە بەری ڕۆژهەڵاتدا کردەوە. هەروەها شکۆ و هەیمەنەی درۆیینی ڕێژیمی دارماند و دەرکەوت کە کوردستان بە پشتقایمیی هێزی پێشمەرگەوە دەتوانێ ڕێژیم لە لێوارەکانی رووخان و نەمان نیزیک بکاتەوە. ئەوە بوو کە ڕێژیم شانبەشانی گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان، کەوتە موشەکبارانی شوێنی ژیانی بنەماڵەی



سەرچاوە
Serchawe

پێشمەرگەکان، تەنانەت قوتابخانەی منداڵان و بنکە و بارەگاکانی دیکەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان. پرسیار ئەوەیە دوای چل وسێ ساڵ سیاسی سەرکوت و میلیتاریزەکردنی کوردستان چۆنە تا ئێستاش نەک حیزبی دێموکرات لەسەرپێیە و خەبات بۆ ڕوخاندنی ئەم ڕێژیمە ڕانەوەستاوە، بەڵکوو ئەوە ڕێژیمە بەهۆی خەباتی خەڵک و پێشمەرگەوە کەوتووەتە لێواری ڕوخانەوە؟ وەڵامەکەی بۆ سێ فاکتەری سیاسەتی دروست و ئوسولیی حیزب، فیداکاریی هێزی پێشمەرگە و بەشداریی هەراو و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیدا دەگەڕێتەوە.

ئیستراتژی حیزبی دێموکرات هەوڵدانە بۆ هێنانەسەر کاری ڕێژیمێکی فیدراڵ کە ئەمە بۆ ئەم قۆناغە دروشمێکی گونجاو و کردەنییە. لە باری سیاسەتی تاکتیکییشەوە، ئەگەر بۆ وێنە دوایین هەڵوێستمان لەم قۆناغەی خەباتدا لە بەرچاو بگرین، بینیمان لە ڕەوتی ئەم ڕاپەڕینەدا سەرەڕای ئەوە خەڵکانێکی زۆر داوای گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەیان بۆ نێوخۆی وڵات دەکرد، بەڵام ڕێبەریی حیزبەکان لە خوێندەنەوەیەکی دروست و واقیعیدا پێیان وابوو گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە لەو هەلومەرجەدا نەتەنیا یارمەتی بە ڕەوتی بەرەوپێشبردنی ئەم خەباتە ناکا، بگرە زیانهێنەرە و دەکەوینە ئەو مەیدانەوە کە ڕێژیم پێی خۆشە و تێیدا سەرکەوتوو دەبێ؛ وەک چۆن بینیمان دەزگای سایبەریی ڕێژیم هەموو هەوڵێکیان دەدا هێزی پێشمەرگە پەلکێشی ئەو گۆڕەپانە بکەن .موشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانیش یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوە بوو حیزبەکان دنە بدرێن و بکەونە کردەوەی بەرانبەر؛ بەڵام ڕێبەریی حیزبەکان بەدروستی دەستی ڕێژیمیان خوێندبۆوە و نەکەوتنە ئەو داوەوە.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بەناردنی ڕۆڵەکانیان بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتی، گەیاندنی نانوپێخۆر لەکاتی شەڕەکانی هێزی پێشمەرگە، یارمەتیە مادییەکانیان و لە کۆتاییدا پشتیوانی بێدریغیان لە هەموو هەلومەرجێکدا و لە هەموو بەستێنەکاندا کە ئێستا دەبینین لە وەڵامدانەوە بە بانگەوازی مانگرتن و خۆپێشاندانەکاندا بەردەوام ڕەنگی داوەتەوە، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی مانەوەی حیزبی دێموکراتە. فیداکاریی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستانیش فاکتەرەکەی دیکەیە کە هەر ژمارەی زندانییانی سیاسی و ئاماری شەهیدەکانی هێزی پێشمەرگە و خەڵکەکەمان لە درێژەی ئەوخەباتەدا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

### شوێندانەری خەباتی پێشمەرگانە

شوێندانەری ئەم خەباتە لە کۆمەڵگەی کوردستان بە بەراوردکاریی قوناغی نوێ لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران لە چۆنیەتی و چەندایەتی بەشدارییەکەدا ئەو شوێندانەرییە دەسەلمێنێ کە بریتییە لە:

- لە کوردستان شۆڕش بەرینتر و جەماوەریتر بووە لەچاو بەشەکانی دیکەی ئێران، جیا لە "بەلوچستان" کە لەوێ دۆخەکە جیاوازە.

- لە کوردستان دروشمەکان سیاسیترن. دروشمی"ژن ، ژیان ،ئازادی" لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران گوازرایەوە و بەجیهانییش کرا. "مەرگ بۆ دیکتاتۆر،" و پێداگری لەسەر مافە ڕەواکانمان، دێموکراسی و مافی نەتەوەیی و "فاسملو ڕێگات درێژەی هەیە" نێوەرۆکی دروشمێکە کورد بە دەیان ساڵە خەباتی بۆ دەکات.

- وتەی بنەماڵەی شەهیدانی ڕاپەڕین وەک باوکی کۆمار، باوکی ژینا، باوکی میلاد، کوڕی شەهید ئەبووبکر و باقی شەهیدەکانی دیکە کە پڕ بوون لە ڕۆحی شۆڕشگێڕی و بەرخودان.

- هەڵویستی مامۆستایانی ئایینی بۆ بەرگری لە خەڵک و مافی نەتەوەکەیان و دانی بەیاننامە و ئیدانەکردنی سەرکوتەکانی ڕێژیم بوێرانە و ئازایانە بوو.

- مانگرتنی کاسبکاران و بازاڕییانی کوردستان لەسەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاری لە هەموو ئەو جارانە کە ئەو ناوەندە داوای کردبێت لە پانتایی هەموو کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

- هاتنی ڕئیسی بۆ سنە و هەڵویستی ژیرانە و بوێرانەی خەڵکی سنە لە بایکوت و بێبایەخ کردنی سەردانی ئەو جینایەتکارە کە دواتر کاردانەوەی زەبوونانە و گاڵتەجاڕانەی ناوبراوی لێ کەوتەوە.

- سەرکوتی خوێناوی لە جوانڕۆ، بۆکان، مەهاباد، سنە و هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان و بلوچستان جیاواز بوو لە چاو شوێنەکانی دیکەی ئێران کە ئەمە لە ڕق و ترسی ڕێژیم لە کوردستان و بلوچستانەوە سەرچاوەی دەگرت.

- حکوومەت نیزامی لایەنێکی دیکەی گوشار خستنە سەر کوردستان بوو.

- ڕێپێوانەکانی دەرەوەی وەڵاتیش فاکتەرێکی گرینگ بوون بۆ پاڵپشتی لە ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆی وەڵات.

- بەردەوامیی شۆڕشی ژینا کە شوێندانەر بووە لەسەر گوشارەکانی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگای جیهانی بۆسەر کۆماری ئیسلامی کە ئەو گوشارانە لە گەمارۆ ئابوورییەکانی نوێیەکانی ئەمریکا و ئورووپا و وڵاتانی دیکە بۆ سەر دامەزراوە و کاربەدەستانی ڕێژیم، بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ دانانی "کومیتەی گەڕان بە دوای ڕاستییەکان"ی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و هەروەها دەرکرانی ئێران لە کۆمیسیونی پێگەی ژن لە نەتەوە یەکگرتوەکان و...دا خۆ دەردەخەن.

**ئەم چەند خاڵە و زۆر خاڵی دیکە لەم شۆڕشەدا وایکردووە کە بە داننانی چالاکانی فارس‌زمان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، کوردستان ڕچەشکێن و پێشەنگی ڕاپەڕینەکە بێ و ئەمەش بۆ بوونی حیزبەکان و شوێندانەرییان لە کوردستان دەگەڕێننەوە.**

**٢٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٢**

## یادێک لە شەهیدانی ١٧ی سەڕماوەز

کۆتا پلینۆمی کومیتەی ناوەندی پێش کونگرەی یازدەهەم بوو، سکرتاریا نامەیەکی لە ڕێگای ئازادی عەلی بالەوە کە کادرێکی جێگای بڕوایان بوو، بۆهاوڕێیان: مەنسورفەتاحی، مەنسورناسری، ساماڵ ئیسماعیلزادە بەرپرسانی حیزبی نیشتەجێی ناوچەی سلێمانی دەنێرێ تا لەو پلینۆمەدا بەشداری بکەن.

ئەم هاوڕێیانە لە ڕۆژی ١٧ی سەرماوەز بەو مەبەستە بەرەو کۆیە وەرێ دەکەون، کاتژمێر نزیک ٩ی سەر لە بەیانی لە پێچەکانی شارۆچکەی دووکان دەکەونە بۆسەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییەوەو تەقە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات، لە ماوەیەکی کورتدا بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی تێک دەشکێن وسەر شۆڕانە هەڵدێن و پێشمەرگەکان وەدوایان دەکەون، بەڵام هەر لە دەستپێکی تەقەکەدا کاک مەنسوور فەتاحی بەرپرسی کومیتە شارستانی پاوە و کاک شوانە عەتایی پێشمەرگە بریندار دەبن کە برینی کاک مەنسوور فەتاحی زۆر سەخت دەبێ ،هەر دوو بریندار. بە ماشینێکی بە دەسکەوت گیراوی تێرۆریستەکان لەو بەرنگارییە قارەمانانەیەدا بەهۆی یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی ئەو کاروانەوە بە زوترین کات و هەر لە گەرمەی تێکشکاندنی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیدا دەگەیەندرێنە نەخۆشخانەی حیزب لە کۆیە ،کە بەداخەوە کاک مەنسوور فەتاحی ڕێبەر و فەرماندە بە هۆی سەختی برینەکەیەوەشەهید دەبێت. کاک شوانەش بەخۆشییەوە برینەکەی چارەسەر دەکرێ و ئێستا لە دەرەوەی وەڵاتە و، هەروا یەکێک لەئەندامە دڵسۆزەکانی حیزبە و لە کاری حیزبیدا زۆر چالاکە کە هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.

لە کاتی پشکنینی ماشینە بە دەسکەوتگیراوەکەدا نەوارێکی سەوتی دەبینرێتەوە کە لەودا دەر دەکەوێ کە ئازادی عەلی بالە سیخوڕی ڕێژیم بووە و، ئەو ڕێژیمی لە کات و مەسیری هاتنی هاوڕییان ئاگادار کردووەتەوە. باقی تیمەکە پاش تێکشکاندن و ڕاودونانی بەکرێگیراوانی ڕێژیم بەرەو کۆیەدرێژە بە ڕێگاکەیان دەدەن. لە بازگەی ئاسایشی دەروازەی کۆیە بە بێ هۆ و زۆر دڕندانە دەکەونە بەر دەستڕێژی گولەی چەکدارانی ئەو بازگەیە و،

**بە داخەوە هەموویان کە چوار کەس بوون، شەهید دەکرێن کە بریتی دەبن لە:**

١- مەنسوور ناسری، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی.

٢- ساماڵ ئیسماعیلزادە بەرپرسی کومیتەی بانە.

٣- ڕەفعەت حوسەینی پێشمەرگە

٤- یەدوڵڵا شیرین سوخەن پێشمەرگە

ئازادی عەلی بالەش بە ئاگادار بونی لەو بەڵگەیە کە کەوتبووە دەست حیزب هەڵدێت و دەگەڕێتەوە بۆ مەهاباد.

پاش ماوەیەکی کورت ئازادی عەلی بالە لە نێوخۆی وڵات لە لایەن دوو کوڕی شۆڕشگێڕی مەهابادییەوە بە پێی پلانێکی ورد و هەڵسەنگێندراو بە سزای خەیانەتەکەی دەگات و دەکوژرێت. ئەو دوو لاوە شۆڕشگێڕە بە کوشتنی ئەو خائینە، بنەماڵەی ئەو شەهیدانە وهەموو خەباتگێڕانی حیزبی دیموکراتیان دڵخۆش کرد. بـا ئەوە دەرسێک بێ بۆ خائینـان و بە کرێگیراوانی ڕێژیمی کۆنەپەرەست و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، کە گەل لە تاوانەکانیان خۆش نابێ.

**لە کۆتاییدا دەڵێم، ئەو ڕۆژە دور نییە کەهەمووئەوانەی لە درێژەی شۆڕشی کوردستاندا تاوانیان دژی خەڵک و خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی ئەنجامداوەبە سزای تاوانەکانیان بگەن.**

**سڵاو لە گیانی هەرگیزنەمری شەهیدانی ١٧ی سەرماوەز**

**٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢**

## یادێک لە ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی کەم ئەندامانی حیزبی دیموکرات

کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی ٣ی دیسامبەری ساڵی ١٩٩٢ بەرامبەر بە (١٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی) بۆ ڕێز گرتن لە کەمئەندامان، ئەو ۆژەی وەک ڕۆژی کەم ئەندامان دیاریکرد.

لە ڕەوتی خەباتی بۆ ئازادی گەلەکەمان، ژمارەیەک لە هاوڕێ ئازیزەکانمان ئەندامێک یا چەند ئەندامێکی جەستەیان لە بەربەرکانی لە گەڵ دوژمنی داگیرکەردا لە دەست داوە. حیزبەکەمان بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆڵە فیدا کارانەی ڕۆژێکی تایبەتی نەبوو،هەر بۆیە ناوەندی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هەست کردن بە بۆشایی نەبوونی ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی ئەو هاوڕێ ئازیزانە لە بڕیارێکی بەرپرسانەدا ڕۆژی 16ی سەرماوەز کە ڕۆژی تێرۆری هاوڕێی بەڕێز کاک مەلاحەسەن شێوەسەڵی بوو، وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب دیاری کرد.

کەم ئەندامانی ڕیزەکانی حیزب هەرچەند لەگەڵ ژیانی کەم ئەندامی بەرەورو ببوون، بەڵام کەمئەندامبوون نەیتوانیبو بەربەست بێ بۆ درێژەدان بە تێکۆشان و بیروباوەڕی ئازادیخوازانەیان .ئەوان پتەوتر و بە ئیرادەتر لە جاران ئەرکە کانی خۆیان بەڕێوە بردووە و دەبەن، بۆیە دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن لە کەم ئەندامان ئەرکێک بوو لەسەر شانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەبڕیاری لەسەردا.

ئەرکی کۆمەڵگای کوردستانە بە چاوی ڕێزەوە چاو لەو مرۆڤە خۆ بەخش و ئازایانە بکات . نابێ قەت بەچاوی بەزەیی و ڕەحمەوە سەیریان بکەین . ئەوان ئەگەرچی یەک یاچەند ئەندامێکی جەستەیان لەدەست داوە بەڵام ئێستاش خاوەن توانا و بەهرەن و دەتوانن زۆر کاری گەورە و گرینگ بکەن کە لە توانای بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکانیتردانەبێ

**سڵاو لە کەمئەندامانی سەنگەر**

**بەهیوای بەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانیان**

**٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٢**

## چەند قسەیەک لەسەر هەڵوەشانەوەی" گەشتی بەد ڕەوشتی "

بالەپێشدا لەوەوە دەست پێ بکەم ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناوی "گەشتی ڕەوشت"ی لەسەر اناوە بۆخۆی سەرچاوەی هەموو بێ ڕەوشتیکە،و لەڕاستیدا چەواشە کردنی ڕەوشتە لە هەموو ڕویکەوە .

ڕەوشت تەنیا بە داپۆشینی جەستەو لەشی مرۆڤەکان نییە .لە نێو ئەوانەی کە بەچارشێو و مەقنەعە خۆیان داپۆشیوە هەن کە بەڕەسمی بەد ڕەوشتن و پەرە بەبەد ڕەوشتی دەدەن.

لە لای دیکەوە، بنکەکانی سیغە کردنی ڕێژیم وەک بۆچونی ئایینی لەسەرتاسەری وەڵات و بەتایبەت لە ئیمامزادەکاندا چالاکە، ئیتر باپرەستووەکانی ئیتلاعاتی سیاسی و ئیتلاعاتی سپای پاسدارانیش بمێنێ کە نەتەنیا لە نێو خۆ ، تەنانەت لە دەرەوەش بەپێی پلانی ئەو دوو دەزگایە زۆر چالاکن.

لەهەموو ئەوانەش زیاتر، ڕەوشت تەنیا لە خۆ داپۆشین و کردەوەی سکسیدا کورت ناکرێتەوە. ڕەوشت مانایەکی بەربڵاوی هەیە لە کردەوە و ئاکاری ڕۆژانەدا. کە بەد ڕەوشتی بریتییە لە، ناڕاست بوون لە گەڵ خەڵک،شکەنجە و ئازار و ئەزیەتی خەڵک، دزی و درۆ کردن لە گەڵ خەڵک و....، کە ڕێژیم لە هەموو ئەو بوارانەدا دەستی باڵای هەیەو لە ڕاستیدا مەزهەری بێ ئیخلاقییە. تەنانەت ئەو بێ ڕەوشتیانە وەک یاسا و باوەڕ لەم ڕێژیمەدا نەهادینە کراون.

لە سەروو هەموو ئەوانەشەوە دامنا پولیسی بێ ڕەوشتییان هەڵوەشاندەوە و کونترۆڵیان دایە دەستی ئۆرگانێکی دیکەی ئەم حکومەتە وە، باشە پرسیارەکە ئەوەیە مەگەر لەنێوان ئۆرگانەکانی ئەم ڕێژیمەدا هیچ جیاوازێک هەیە تا خەڵک پێی دڵخۆش بن.

لەکۆتاییشدا با ئەوە بڵێم لە ئیستارتی ئەم نارەزایەتیانەوە و تا گەیشتنە قۆناغی شۆڕەش بێجگە لەژمارەیەکی کەم، ئەویش لە ڕۆژەکانی سەرەتادا ،کەستان پێ شک دێت داوای ئیسلاحی هیچ ئۆرگان و ڕەفتارێکی لەم ڕێژیمە کردبێ و گەدایی لابردنی ئورگان یاجێبەجیکردنی داوا کارێکیان لەم ڕێژیمە کردبێ؟

درۆشمی شۆڕەشگێڕان بە ڕاشکاوی ڕووی لە ڕوخاندنی ڕێـژیم لەتەواوەتیـدابووە. دروشـمەکانی"مەرگ بـۆ دیکتـاتۆر"مەرگ بۆخامنەیی" "مرگ بر ستمگر چە شاە باشد چەرهبر" و دەیان دروشمی ڕادیکال و لێبڕاوانەی دیکە، کە ئیتر نابێ ئەو ڕێژیمە ئەوەندەش کەودەن بێت لەو دروشمانە تێنەگەیشتبێ.

بۆیە لە ئاکامدا دەڵێم با نە ئەم ڕێژیمە و نە بەناو ئیسلاح تەڵەبەکانیش دڵـی خۆیـان بەوە خۆش نەکەن کە خەڵـک وەک ڕابردوو بە دروشمە بێ ناوەرۆکەکانیان هەڵدەخەڵەتێن، دروشمانێک کە گەلانی ئێرانیـان بەم ڕۆژ ڕەشییە گەیانـد و بـوونە سـوپاپی ئیتمینـانی ڕێـژیم و بە دەیـان سـاڵ ڕوخـانی ڕێژیمیـان و دواخسـت. دروشـمی خەڵـک" مەرگ بـۆ دیکتـاتۆرە "و هەنگاوێکیش لەو دروشمە ناکشێنەوە.

٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

## بەسیەتی هەڵبەزینەوە لە یەکتر!

لەم ڕۆژنەدا دوو بابەت بونەتە جێگای مشتومڕ و بێ ڕێزیکردنی کۆمەڵێک لە هاوڕێیان لە سەر تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەیەکتر ،کەهەمووی لەبەرژەوەندی ڕێژیم و لە دژی یەکڕیزی جوڵانەوەی کوردستانە.داوا لە هاوڕێیان دەکەم، نەکەونە ناو ئەو تەڵەیەوە کە دوژمن بۆ لێک بڵاو کردنمان دایناوەتەوە. پێویستە و دەبێ هەموو هەوڵەکانمان لە پێناو پاراستنی یەکڕیزی جوڵانەوەکەمان خزمەت بە بەرەوپێش بردنی خەباتە ڕەواکەمان بێت.

**ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئەو کەسانە بەدیالۆگی ڕاستەوخۆ و دور لە نووسینی سەر تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان کێشەکانمان چارەسەر بکەین. لەو پەیوەندییەدا پێم باشە ئاماژە بە دوو خاڵ بدەم:**

١- ئەو نوسراوەیە بەناوی کاک عەبدوڵا موهتەدییەوە بڵاو بووەتەوە پێم وانییە نوسراوەی بەرێزیان بێت. هەمومان با چاوەڕێ بکەین کاک عەبدوڵا بۆ خۆی یا کۆمەڵە ڕاست وناڕاستی ئەو بابەتە پشت ڕاست بکەنەوە.

٢- لەسەر وتەکانی ئەم دواییەی کاک بەهمەن قوبادیش ئەو هەموو حەساسیەتە پێویست ناکات. کاک بەهمەن لە بواری خۆیدا خزمەتێکی بەرچاوی کردووە و من ڕێزم بۆ خزمەتەکانی هەیە، بۆیە شایستەی ئەو هەموو بێ ڕیزییەنابینم کەلە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێی دەکرێ. دەتوانین لەگەڵ کاک بەهمەنیش قسەبکەین و پێی بڵێین لە گەڵ ئەوەی بەشێک لە وتەکانی دروستن بەڵام لە هەمان کاتدا داخوا ئەو هەموو بێ ڕیزییە بە حیزبەکان و تاکەکانی کورد لە پێناو چیدا و بۆ چ مەبەستێکە و لەبەرژەوەندی کیدایە؟

**داخوا بە بێ ڕێزیکردن ئەو پەیامەی کەهەتە باشتر دەگەیەنێ یا بە زمانی ڕێزەوە؟**

ئەوجارداخوا بێ ڕیزیکردن بەوکەس ولایەنانە کە لە بزوتنەوەی کوردستان و لە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە لەدژی ئەو ڕێژیمە خەبات دەکەن، و لە ڕۆژی یەکەمەوە ئەو ڕێژیمەیان بەوچەشنە کەهەیە ناسی و نایان پێگووت و بەهایەکی زۆریان لەپێناو ئازادی و بەگژداچوونەوەی ڕێژیمدا دا تا ڕۆحی بەرگریمان لە نێو نەتەوەکەمان بەزیندویی ڕاگرت شایانی ڕێز لێگرتنین، یا ئەو هەموو بێ ڕێزییە کە پێت کردوین ئەو بێ ڕێزیکردنەبەو حیزبانە کە ئەو هەلەیان بۆ جەنابت ڕخساندووە کە بتوانی لەو تریبوونانەوە وتار بدەیت لە بەرژەوەندی کێدایە؟

## دوا وتەم ڕو لە هاوڕێیانی حیزبی و لایەنگرانی بزووتنەوەی کوردستانە!

**تکا وڕجای برایانەم لێتانە با ڕۆحی لێبووردەیتان بەهێزبێ و واز لەو بێ ڕێزییانە بەیەکتر بێنن. ئەو بێ ڕێزیکردنانە بەیەکتر تەنیا لە بەرژەوەندی کۆماری پەت و سێدارەی ئیسلامیدایە و هیچیتر.**

**٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢**

## شانازی بە کورد بوونمانەوە بکەین!

دیرۆکی خەباتی ئێمە لە پێناو ئازادی و ڕزگاری نەتەوەکەمان پڕیەتی لەجوانی، جوامێری، ئازایەتی، لەخۆبردوویی و فیداکاری.

پێشەواقازی موحەمەد ئامادە نابێ مەهاباد بەجێ بێڵێ و لە بێدادگای ڕێژیم دا هەموو ئەو شتانە کە لەنەزەر دوژمنەوە تاوان بوون و سزای لەسێدارەدانیان لەسەر بوو و لە ڕوانگەی ئێمەی کوردەوە جێگای شانازی و سەرفیرازین خستە ئەستۆی خۆی ومیژوویەکی لە ئازایەتی و فیداکاری بۆ نەتەوەکەی تۆمار کرد.

د. قاسملوو ژیانی خۆش و ئاسوودەی ئوروپای بەجێ هێشتوو و بۆ خەبات لە پێناو ڕزگاری نەتەوەکەی شاخە بەرز و سەرفیرازەکانی کوردستانی هەڵبژارد و تیروریان کرد . ئەو لە وەسیەتنامەی بۆ منداڵەکانی نووسیبووی: "هەرچی سەروەت و سامان بە ناوی ئەوەوە هەیە هی حیزبی دیموکراتە و بۆ خۆی هیچ سەروەت و سامانێکی نییە "و.....هتد.

زیندانیە سیاسیەکانمان لە چاڵە ڕەشەکانی دوژمندا قەت کۆڵیان نەداو و سەریان بۆ دوژمن نەوی نەکرد.لە کاتی ئەشکەنجە کراندا بە دوژمنی زەبوون پێ دەکەنین و لە کاتی چوون بۆ پای سێدارەش بە ڕدێنی تاشراو، لیباسی خاوێن، دروشمی شۆڕشگێڕانە و خوێندنی سرودی ئەی ڕەقیب دەچوونە پای سێدارە وهەر ئەمەش دوژمنی تۆقاندبوو،

پێشمەرگەکانمان لە بەرامبەری دڕندەترین و پڕچەکترین دوژمن ڕاوەستان و بەفیداکردنی گیانیان و گوزەران لە تەنیشتی بنەماڵە وخۆشیەکانی ژیان، شۆڕەشی کوردستان لە پێناو ئازادییان لەسەرپێ و بەشکۆ ڕاگرت. ئەوان لەنێوان تەسلیم بوون بە دوژمن و خۆ شەهید کردن بێ دوودڵی خۆشەهید کردنیان هەڵدەبژارد کە نمونە یەکجار زۆرن.

بنەماڵەی شەهیدەکانمان ورە و هێزی خەباتگێڕانەیان پێ بەخشین و ڕێگای درێژەدان بە شۆڕشیان بۆ هەموار کردین. نموونەکانی ئەم ڕۆژانەی لە ووتەی بنەماڵە شەهیدەکان ،کەرۆڵەکانیان ڕۆڵەی نیشتمانن و شانازییان پێوە دەکەن. گرتنی سەرچۆپی لە پێش کەژاوەی شەهیدەکاندا و بەڵێن تازەکردنەوە بۆ درێژە دان بەرێبازیان و دەیان و دەیان ووتەی جوانی دیکە کە هەرکامەیان دەرسێکن. بە نموونە تەنیا وتەی یوسف مولودی کوڕی شەهید غفور مولودی دەخەمە بەرچاو،

ئەو لەکاتی ناشتنی تەرمی باوکیدا لە شاری بۆکان بۆ ئاپۆرای خەڵک ئاوا دوا:

**جەماوەری بەشەرەفی کوردستان!**

ئێمە شانازی بە شەهید بوونی باوکمانەوە دەکەین. با کۆماری ئیسلامی باش بزانی خۆم و خۆشکەکەم و براکەم و دایکم زیاتر لە پێشوو لە پێناو مافی نەتەوەکەماندا تێدەکۆشین و موکڕتر وسوورتر دەبین لە خەبات.

**جەماوەری بەشەرەف!**

کۆماری ئیسلامی لەتاران بە باتۆم لە خەڵک دەدا و لە کوردستان بە گولە. دەزانن بۆ چی؟ بامن پێتان بڵێم چونکە جمهوری ئیسلامی لەتاران فاشیستە و لەکوردستان داگیرکەر".

کچان و ژنانی نیشتمانی ئێمە لە هەموو کچان و ژنانی دیکەی دونیا جیاوازترن، ئەوان لە شۆڕشی کوردستان لەپێناو ڕزگاری و ئازادیدا هەمیشە پشتی جبهەیەکی قورس و قایم و لەهەمانکاتدا بەشداری ئەو خەباتە بوون.

ژنان وکچانی ئێمە بە پێی کلتووری جوانی نەتەوەکەمان هەمیشە ئازا و ئازاد بوون و لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاشدا دەورێکی کاریگەریان گێڕاوە.

دواین ئازایەتی کچانی ئێمە بەرگری ژینا لە خۆی بوو لە ژێر چنگی کۆمەڵێ دڕندەی بێ ویژدان کە ئاکامی ئەو دڕندەییەدا شەهید بوو و نارەزایەتی یان و بەرینی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێرانی لێ کەوتەوە. دوایاش بە هەڵگرتنی دروشمی جوان و پڕناوەرۆکی "ژن ، ژیان ، ئازادی" و فڕێدانی مقنەعە و رووسەری کە بەزۆری کۆماری ئیسلامی بەسەر ژنانی وڵات داسەپێندرا بوو شکۆی درۆینی کۆماری پەت و سێدارەیان شکاند . کچانی ئێمە شۆڕشێکیان لە شکاندنی ترسی ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا دەست پێکرد کە کاردانەوەکانی سنوورەکانی بڕی و ئێستاش ئەو کاردانەوانە هەروا بەردەوامن.

دیاردەیەکی جوانی دیکە ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی زۆر ئازایانە و لێبڕاوانە لە دژی قڕ کردنی خەڵک لە لایەن ڕیژیمەوە وەستانەوە و ڕایانگەیاند: "ئەو جینایەتانە ئیدانە دەکەن و لە پشتی خەڵکەکەیانن".

داستانی بەگژداچوونەوەی لاوە بەهەیبەت و شۆڕەشگێڕەکانمان لە کچ و کوڕ بەدەستی بەتاڵ بەگژی هێزی داگیرکەر دا خۆی داستانێکە نە بەمن ونە بەکەسی دیکەش وەسف ناکرێ .تەنیا ئەوندە دەتوانم بڵێم ئافەرینتان لێ بێ ڕۆڵەکانی گەل ،من بە بوونی ئێوە ئاسۆ ڕوون دەبینم.

**زۆر دیاردەی جوانیتر کە پێم خۆشە ئێوە خۆتان لە کۆمینتەکانتاندا بیاننوسن**

**٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢**

---



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێژیم دەست ناپارێزێ!!

لە پاش شەهید کرانی ژینا ماشینی جینایەتی ڕێژیم چالاکتر بووەتەوە تەنیا لە ماوەی ئەم چوار ڕۆژەی دواییدا نێزیکەی ٥٠ کەسیان لە ژن و منداڵ و پیر وگەنجی کوردستان شەهید کردووە. لەو پەیوەندییەدا زۆر جار ڕەستەیەک وە بەرگوێم دەکەوێ کە ڕیژیم ڕاستەوخۆ تەقە لە خەڵک دەکاو دەست ناپارێزێ کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و هانی دام ئەم چەند ڕەستەیەی خوارەوە لەو پەیوەندییەدا بنووسم.

پرسیارم لەو بەڕێزانە ئەوەیە داخوا ئیعدامی سەدان شۆڕە لاوی کوردستانتان بە دەستی خەڵخاڵی لە بیر چووەتەوە؟ شەڕی یەکەم و دووهەمی سنە کە لەو شەڕانەدا زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس شەهید و بەهەزاران کەس بریندار بوون لەبیر چووەتەوە؟ قەڵا چۆکردنی دەیان گوندی کوردستان (قارنێ،قەڵاتان، کانی مام سەیدە، گیچێ، هەڵەقوش، سەوزی و قەرەگۆل) و ..... دەیان گوندی دیکە، کۆمەڵکوژی ٥٩ لاوی مەهابادی، تێرۆری ڕێبەرانی شەهید، دەرمانداو کردنی دەیان کادر و پێشمەرگەی بەوەج، بومباران، موشەکباران، دروون باران و.....هتد تان لەبیر نەماوە.

### هاوڕێ لاوە ئازا و بوێرەکان!

با دڵتان بە خۆتان نەسووتێ، ڕێژیم لەو43ساڵە و بەتایبەتی لە هاتنە سەرکاریەوە دەستی لەئێمەی کوردنە پاراستووە، ئەوەی جینایەتە و مرۆڤ بیری بۆ ناچێ لەسەرئێمەی تاقی کردووەتەوە. تەنانەت خومەینی جەلاد دەستوری جیهادی لە سەر دەرکردین و کوشتنی مرۆڤی کورد و ڕشتنی خوێنمانی لە لەشکەرە بەکرێگیراو و دڕندە و ناحالیەکەی حەڵاڵ کردو بەئەرکی شەرعی و وەزیفەی دینی دانا و، ڕەستەی بەناو بانگەکەی لە پەیوەندی بەکوردستاندا کە ڕایگەیاند:

"شەڕ کردن لە کوردستاندا عیبادەتە" مان قەت لەبیر ناچێتەوە.

٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

## ئاگاداری پیلانەکانی ڕێژیم بین

**ڕێژیم بۆ درز خستنە ناو یەکڕیزی خەڵک دەستی داوەتە داڕشتنی کۆمەڵێک پیلان کە بۆ ئاگاداریتان لێرە ئاماژە بە چەندپیلانێکیان دەکەم:**

١- دروست کردنی گرووپی چەکدار بەناوی ساختەوە بۆ بەلاڕێدا بردنی خەباتی خەڵک.

٢- بڵاو کردنەوەی لیستەی ساختە و خەڵک بەجاسوس ناساندن لە لایەن حیزبەکانەوە. لەم کارەش مەبەستیان دلسارد کردنەوەی خەڵک لە حیزبەکان و خەباتە لە کاتێکدا حیزبەکان ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆیان هەیە و هەر شتێک بە پێویست بزانن لە ڕاگەیاندنی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە.

٣- لە خۆپیشاندانەکاندا نواندنی کۆمەڵێ کردەوە بۆ ترساندنی خەڵک کە لەم بارەوە خۆپیشاندەران دەبێ ئەو پەڕی وریایی بپارێزن.

٤- تەوهین کردن بەموقەدەساتی خەڵک لە لایەن بەرەی خەڵکەوە بەهۆی ژمارەیەک بەکرێگیراوی خۆیانەوە و بەم چەشنە سازکردنی دووبەرەکایەتی لەنێو خەڵکدا.

٥- ڕێژیم هەوڵ دەدات تێرۆر و جینایەتەکانی خۆی کە بەهۆی هێزە بەکرێگیراوەکانیانەوە ڕوو دەدات بخاتە ئەستۆی هێزە خەباتگێڕەکانەوە .بەخۆشیەوە تا ئێستا بێجگە لە ڕووڕەشی نەبێ هیچی بۆ نەماوەتەوە.

ئەم پیلانەی ڕێژیم لە لایەن بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکانەوە لە قاو دراوە و ئێستا ئیتر کەس باوەڕ بەم پیلانەی ڕێژیم ناکا وتەنیا ڕیسوایی بۆ ماوەتەوە.

**بێگومان ڕێژیم لە داهاتووشدا دەست لە پیلانگێڕی هەڵناگرێ، تەنیا بەردەوامی لە شەقامەکانە کە وڵامی ئەم پیلانگێڕییانە دەداتەوە و ڕێژیمی جینایەتکار و منداڵکوژی کۆماری ئیسلامی بەرەو ڕووخان دەبات.**

**١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢**

(٢)

لە ڕوونکردنەیەکی پێشوودا ژمارەیەک لەپیلانەکانی کۆماری سێدارەم خستە بەر چاوو، لەم ڕوونکردنەوەشدا ئاماژە بە پیلانێکی دیکەی ڕێژیم دەدەم کە هیوادارم زۆرترین کەسی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

ڕێژیم کە دەزانێ جاشەکان لە ناوچەی خۆیاندا لە ترسی داهاتوو ناوێرن لە سەرکوتی خەڵک دا بەشداری بکەن، لە پیلانێکی جینایەتکارانە و داڕێژراو دا جاشەکانی ناوچەیەک بۆ سەرکووت دەباتە ناوچەیەکی دیکە و لە سەرکووتی خەڵک دا کەڵکیان لێ وەر دەگرێ.

ئەو جاشە بەکرێگیراوانە ئەگەر وادەزانن بەم چەشنە ناناسرێنەوە زۆر لە هەڵەدان، ئەوان دەبێ بزانن لە هەرجێگایەک بن و لە سەرکووتی خەڵکدا بەشداری بکەن دەناسرێنەوە و لە داهاتوو دا بەسزای گەل دەگەن.

بۆیە ئاگاداریان بکەنەوە کە بیر لە داهاتووی خۆیان وژن و منداڵە کانیان بکەنەوە و نبنە بەرێوە بەری پیلانێکی جینایەتکارانەی ڕێژیم، ئەوان لە هەرجێگایەکی خیانەتدا بگەڕێنەوە لە بەرژەوەندی خویان و بنەماڵەکانیانە و گەلەکەمان باوەشی بۆ گەڕانەوەیان ئاوەڵایە.

١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

(٣)

"

**تەوبەی گورگ مەرگە.**

خەڵکی مەهاباد و باقی شارەکانی کوردستان سەرکوتی ئەم دوو مانگەی بەکرێگیراوانی ڕێژیمیان نە لەبیر دەچێتەوە و نە سەرکووتکەرەکانیش دەبەخشن.

نمایشی دەست هەڵهێنانی ئەمڕۆی گاردی ویژەی ڕێژیم لەشاری مەهابادی قارەمان زیاتر لەوەی نیشانەی پەیوەست بوونیان



سەرچاوە
Serchawe

بەخەڵکەوە بێت. بەڕێوەبردنی سناریویەک و پیلانێکی داڕێژراوی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دژی ڕاپەڕینی خەڵک بوو.

ئێستا کە نارەزایەتیەکان ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەگرتنـدان و ڕێژیم بەتەواوی ترسی لێ نیشتووە و هێزەکانی ماندوو و داماو کەوتوونەتە ڕیزشێکی ئاشکراو بەرچاو، بۆیە دیهەوی بەم سەناریۆسازییانە خەڵکی شۆڕەشگێڕ و نـاڕازی لەو خەبـاتە پیرۆز و شوێندانەرە سارد بکاتەوە.

لەم هەلوومەرجەدا کەهاوپەیوەندی و هاوخەباتێکی جێگای هیوا لە سەرانسەری ئێراندا هـاتووەتە ئـاراوە و ئەم هاوسۆزییە ڕێژیمی بەتەواوی هەراسان کردووە و ترسی ڕوخان هەموو جمگەکانی ئەم ڕژیمەی داگرتووە ،

بە زاهیر کەتووەتە نەرمی نواندن و پێی وایە کەس نییە لێی بپرسی ئەو سەرکوتە بێ بەزەیـانەی سێ ڕۆژی ڕابردوویـان کە ٣٠ لاوی دڵ پڕلەهیوای کوردستانیان شەهید کرد کە ١٠ لاویان خەڵکی شاری مەهابـا د بـوون لەچی و ئەم نەرمی نواندنە درۆزنانەیەیان لە چی؟!!

ئێستا کە ڕێژیم کەوتووەتە پەلەقاژەی لەنێو چوون نـابێ و نەشیاوە خەڵکی ئـازا و چـاو نەترسی مەهابـاد و بـاقی شارو گونـدەکانی دیـکەی کوردسـتان و سەرانسـەری ئێـران فریـوی ئەم سـەناریو فریوکـارانەیەی ڕیـژیم بخـۆن. خەڵکـی هەمـوو ناوچەکانی کوردستان و ئێران پێویستە خەباتگێڕانە و بەتـاکتیکی گونجـاو تـا ڕوخـانی ئەم ڕێژیمە داگیـرکەر و داپڵۆسینەر بە تێچوو کەمەوە درێژە بەو ڕاپەڕینە ئازایانەیە بدەن.

**حەرەکەتێکی فریوکارانەی ڕێژیم نابێ خوێنی شەهیدەکان و دروشمی "ژن ، ژیان ئازادی" یمان لە بیر بەرێتەوە و دەبێ بزانین "تەوبەی گورگ مەرگە."**

**٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢**

## قاسملوو ، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"

لە ڕێپێوانەکانی ئەم دوایانەی خەڵکی کوردستاندا، لە دروشم نوسینی سەر دیوارەکاندا، لە وتاری خوێندکارە خەباتگێڕ و ئازاکاندا، لە شەقام و کۆڵان و ماڵەکاندا بە بێ سڵەمینەوە لە هێزی زۆری داگیر کەر و مردن لەو ڕێگایەدا لاوەکانمان ئازایانە و نەترسانە دروشمی" قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" دەڵێنەوە و ئەمە لەزۆربەی خۆپیشاندانەکانی ئەم دوو مانگە لەشارە کانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیار و بەرچاوە.

قاسملووە کێیە و بۆتا ئەو ڕادەیە لە دڵی خەڵکەکەیدا دەژی کە تەنانەت پاش سێ دەیە لە تیرۆر کرانی هەنگاوەکانی خەبات لەپێناو ڕزگاری نەتەوەکەمان و بۆ گەیشتن بە دیموکراسی و لە دژی کۆنەپەرەستی و سەرەڕۆیی هەر بەناوی ئەوەوە مانا دەکرێنەوە؟

ئەم دروشمە دروشمێکی بە خۆڕایی و لە گۆترە نییە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش زیاتر لە سێ دەیە کەگوێ لەووتە بەنرخەکانی د. قاسملوو دەگرن، هەست بە جیایی لەو ناکەن و وادەزانن لەگەڵیانە و ئاگای لە هەلومەرجی وەڵاتە و شانبەشانی هەنگاوەکانیانە ،هەر بۆیە ئەم دروشمە واتا دار و پڕناوەرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ زیندویی وسەردەمی بوونی هزری قاسملوو، بۆ فیداکاری ولە خۆ بردوویی ئەم ڕێبەرە بلیمەت و بەتوانایە. ووتە و هەنگاوەکانی تا ئێستاش چرای ڕوناکیدەری ڕێگای خەباتن. هەربۆیە دروشمی

"قاسملوو ، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، زۆر بەجێ و واتادارە کە لاوەکانمان دەیڵێنەوە. لە ڕاستیدا پەیمان نوێکردنەوەشە لە گەڵ ڕۆحی پاکی قاسملووی نەمر بۆ درێژە دانی ڕێبازەکەی کە ڕێبازی حیزبی دیموکراتە.

**سڵاو لە شەهیدان و بەتایبەتی شەهیدانی ئەم وەرزە لە خەبات.**

**سڵاو لە خەڵکی ئازا و ڕاپەڕیوی کوردستان**

**١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢**

## ڕازی مانەوەمان

ئەوەی کوردی تائێستا لەبەرامبەر دوژمناکانیدا بە قامەتی ڕاستەوە هێشتووەتەوە، بڕوا بوونی بەرزگاری نەتەوەکەمان و فیداکاری ڕۆڵەکانیەتی.

**لەم ڕێڕەوەدا بەساڵیانە خۆێنمان لێ دەڕوات، ڕێبەری هەمیشە زیندومان د. قاسملوو فەرموویەتی:**

**"گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات."**

نەتەوەکەمان لە پێناو ئازادیدا تا ئێستا نرخێکی زۆری داوە و هێشتاش بەو ئاواتەی نەگەیشتووە، ئەوەی لەو ڕێڕەوەدا زیاتر لە پێشوو بۆ گەیشتن بە ئازادی هیوادارم دەکات هەڵویستی ئازایانە و بوێرانەی بنەماڵەی شەهیدەکانە لەم قۆناغەی خەباتدا، هەرچەند ڕێژیم هەموو هەوڵێکی دا بەچەواشە کاری ئەستۆی ناپاک وجینایەتکارانەی لەو وەحشیگەرییەیان دامالێ و خەڵکی دیکەی پێ تاوانبار بکا، بەڵام بنەماڵەی شەهیدەنەمرەکان ئازایانە و بوێرانەهەروەک ڕابردوو نەچوونە ژێر باری هەڕەشەکانی ڕێژیم و، ڕایانگەیاندکە ڕێژیم قاتڵی شەهیدەکانی ئەوانە.

لەوش زیاتر ئەوەی جێگای شانازیم بوو، بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان زۆر بەورە و ئازایانە شانازییان بەو ڕێگا سەربەرزانەیەوە کرد کەڕۆڵەکانیان پێیدا ڕۆشتوون و، ڕایانگەیاند تاکۆتایی و تاسەر لە پشتی خۆپیشاندانەکانی دژی ڕێژیمدا دەبن.

بادوژمنی ڤین لەدڵ باشتر لە پێشوو تێ بگات کوردستان پارویەک نییە بەهیچ شۆڤینیست و کۆنەپەرەست و داخ لە دڵێکیتر قوت بدرێ، هەرەکەس بیهەوێ قوتی بدات دەخنکێ و پێی دەمرێ.

با دۆست و دوژمن بزانێ بۆ پاراستنی ئەم ئاو و خاکە تا ئێستابە سەدان هەزارمان لێ شەهید و ئەنفال و کیمیا باران کراوە، ئێمەو ئەم خاکە هەر ماوینەتەوە و تا دەستەبەرکردنی مافە ڕەوا و بەحەقەکانمان درێژە بەڕێبازی شەهیدان ئەو ڕێبازە سەربەرزانەیە کە سەردارەکانیشمان سەریان لە پێناویدا دانا دەدەین.

دڵنیام شۆڕە لاوەکانمان لە داهاتوودا هەروەک ڕابردوسێنگیان بۆ پاراستنی ئەم ئاو خاکەدەکەنە سپەر، دایکانمان بەردەوام دەبن لە پێگەیاندنی ڕۆڵەی ئازا و نیشتمانپەروەر، باوکەکانمان دەرسی ئازایەتی و بوێری بە ڕۆڵەکانیان دەدەن وئەمەشە ڕازی مانەوەی نەتەوەکەمان.

٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

## کورد لە دیاسپورا

**کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دیاسپورا بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەبن:**

١- ئەو پێشمەرگە کەم ئەندامانەن کە بەهۆی لە دەستدانی بەشێک لەجەستەیان لە لایەن حیزبەکانیانەوە نێردراونەتە دەرەوە.

٢- ئەوانەی ساڵانێک پێشمەرگە بوون جا بە هەر هۆیەکەوە ڕوویان لە هەندەران کردووە.

٣- ئەو لاوانە کە لە ناوخۆی وەلات بەهۆی سیاسیەوە مەترسی گیرانیان لە لایەن ڕێژیمەوە لەسەر بووە ونەیانویستووە ببنە پێشمەرگە و ڕویان لە دەرەوە کردووە.

٤- دەستەی چوارەم ئەو کەسانەن کە بەهۆی نەبوونی دەرەتانی کار و بێ ئاسۆیی ڕوویان لە دەرەوە کردووە.

وەک دەبینن ٣ دەستەلەوانەی ڕویان لەدەرەوە کردووە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانن کە هەرکام لەچوارچێوەی ئەرکێکداکە پێیان ئەسپێردراوە خەریکی تێکۆشانن کە ئەم بابەتەی من پەیوەندی بە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە.

زۆربەی هەرە زۆری ئەم هاوڕێیانەمان لە کومیتەکانی حیزب لە دەرەوە سازمان دراون و هەر وەک ڕابردوو دڵسۆزانە لە بۆنە حیزبیەکان و هەر ئەرکێکدا کە پێیان ئە سپیردراوە ئامادە ی ئەنجام دانی بوون. لەم ساڵانەی دواییشدا لەیاد ٣٠ ساڵەی ڕێبەرانی شەهید د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیدا لە هەموو وەڵاتەکانەوە چوونەتە بلژیک و برلین وبەم چەشنە یادی ڕێبەرانی شەهیدیان ڕێز لێگرتووە و پەیمانی وەفاداریيان بۆ درێژە دان بەڕێگاکەیان نوێ کردووەتەوە.

لە دەستپێکی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتەوە بەئامادەبوونیان بۆ گەڕانەوە بۆناوخۆی وەڵات، بەشدارییان شانبەشانی پێشمەرگەکان لە شاخەکانی کوردستان و بەیارمەتییەکانیانیشیان لە دابین کردنی کەرەسە وپێداویستییەکانی پێشمەرگەکاندا دەورێکی

گرینگیان گێڕاوە.

دەوری ئەندامانی حیزبەکەمان لە دەرەوەی وڵات، لەم قۆناغەی خەباتیشدا، لەدژی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بۆ گەیاندنی دەنگی نارەزایەتییەکان بەبیروڕای گشتی جیهان جێگای ڕێزلێنان و ئافەرین پێگوتنە، ئەوان بە بەشدارییە بەربڵاوەکانیان لە ڕێپێوانەکانی دەرەوەی وڵات سەنگ و وەزنی حیزبەکەمانیان بۆ دۆست و دوژمن زۆر بەباشی دەرخست.

وەک دەردەکەوێ بوونی ئەم هاوڕێیانەمان لە دەرەوەی وڵات بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵکەکەمان بەگوێی دونیای دەرەوە خاڵێکی پوزیتیڤ و کاریگەرە و لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی لایەنێک لە خەبات دەکەن کە بۆ کورد پێویستە و دەبێ زیاتر گرینگی پێ بدرێ.

بوونی هاوڕێیانمان لە دەرەوە بۆ ئەوەی دەنگی خەباتەکەمان و زۆڵملێکراوی نەتەوەکەمان زیاتر لە پێشو بگوێی خەڵکی دونیا بگەیەنین و دۆست و هاوڕ ێ بۆ پشتیوانی لە خەباتە ڕەواکەمان پەیدا بکەین گرینگ و جێگای بایخە.

پاش ئەم کورتە باسە دێمە سەر ئەو قسەنەشیاو و ناباوانە کە ڕۆژانە دەرحەق بە کوردانی دیاسپورا دەگوترێ. وەک:

لەشوێنی گەرم دانیشتون، قاوەخۆرەکان، چی وچی کە ئەو ناو وناتۆرانە بێگومان بریندارمان دەکات و پێی ناڕەحەت دەبن.

**هاوڕێیان!**

زیاتر لە ٩٥٪ لەو هاوڕێیانە بەردەوام لە خەمی خەبات بۆ بەرەوپێش چوونی دوزی نەتەوەکەمانن زۆر بێ جێ و زاڵمانەیە شێوەی ئاخاوتنمان ڕوو لەوان ناڕەفیقانە بێت. لە یادمان نەچێت زۆربەی هەرە زۆری ئەوان لەسەنگەری خەبات لە پێناوی ئازادیدا خوێنیان داوە و ئارەقەیان ڕشتووە و ئێستاش وەفاداری ڕێبازی شەهیدە نەمرکانمانن.

ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

## هاوڕێیانی بەڕێزم!

لەفەیسبووکدا دوو دیمەنم بە ئاڵای کۆنی ئێرانەوە دیتن کە یەکیان ئاڵاکە لەژێر پێ نرابوو و لە یەکی دیکەشیاندا ئاڵاکە بەدەستی ئافرەتێکەوە بوو کە جل و بەرگی کوردی لەبەردابوو و لە لایەن چەندکەسێکەوە لە لاپەڕەی فیسبووکی خۆیان دایاننابوون ، هاوڕێیانی حیزبیش کۆمێنتی جۆراوجۆریان لە سەر نووسیبوون لەم بارەوە دمهەوێ بۆچونی خۆمتان عەرزبکەم هیوادارم ئەو دۆستانە لێم دڵگران نەبن.

١- ئاڵای شیروخورشید نیشان ئاڵای بەشێک لە ئێرانییەکانە ، لە ڕابردوودا لە ژێر سێبەری ئەم ئاڵایەدا هەرچی کرابێ و هەرچی بۆبێ با بمێنێتەوە بۆ مێژوو و ئێمە لە باس کردنی کۆتاییمان نەکردووەو لە داهاتووشدا بێگومان کۆتایی ناکەین ،بەڵام ئەم ئاڵایەلەلایەن ئەو بەشە لەئێرانیەکانەوە ڕێز لێگیراوە و بێ ڕێزیکردن بەو ئاڵایە بێ ڕێزیکردنە بەو کەسانە کە ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ ئەوان و شان بەشانیان بەسەر دێوەزمەی کۆماری ئیسلامیدا سەرکەوین.

٢- تۆ کە بێ ڕێزی دەکەی بەو ئاڵایە دەبێ ئەوشت قەبووڵ بێت ئەوانیش بێ ڕێزی بە ئاڵاو سونبوولەکانی ئێمە بکەن.کە وابوو تۆ بەو حەرەکەتەت ڕێگای بێ ڕێزیکردن بەسونبولەکانمان خۆش دەکەی وئەمە نەک هیچ هونەرێکی،تێدا نییە بەڵکوو ڕاست لە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد و کوردستانە.

٣- ئەگەر سەربەخۆیی خوازەکان لێم دڵگران نەبن کە منیش دڵم لە گەڵیانە ئەو شێوە کارەهیچ یارمەتییەک بەو ئیدەیە ناکاو هیچ هونەرێکیشی تێدا نییە. ئەو ئاڵایە وەک هەموو ئاڵایەکی دیکەیە نە کەمتر نەزیاتر ، بۆ لە گەڵ ئاڵای خەڵکی دیکە کێشەمان نییە بێجگە ئەو ئاڵایە. خۆئاڵای تورکیە و عێراق و سوریەش هەیە کە ستەمیان لە کورد کردووە. ئەی بۆ ئەوحەساسیەتە زۆرەبەو ئاڵایانەوە نییە.

٤- مەسەلەی ئاڵای ئێران و تەنانەت ئاڵای کوردستانیش لە داهاتووی ئێراندا جێگای مشتوومڕ دەبێ. ئاڵای داهاتووی ئێران ئەگەر بیانهەوێ بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە دەبێ ڕەنگدانەوەی واقعیەتی فرەنەتەوەیی بێت. ئاڵای کوردستانیش ئەگەر ئیشەڵا بە مافەکانمان گەیشتین پارلمانی کوردستان دیاری دەکات چ ئاڵایەک بێت. ئایا ئەوەی کۆماری کوردستان دەبێت، ئایا ئەم ئاڵایە دەبێت کەپارلمانی هەرێمی کوردستانی باشور پەسەندی کردووە؟ یا خۆ ئاڵایەکی دیکە بە



سەرچاوە
Serchawe

تایبەتمەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە. کە وابوو با باسی ئاڵاش بێڵین بۆ ئەو کاتە و ئێستا ئەو ئاڵایە وەک ڕەمز کەڵکی لێ وەردەگرین هەر ئەم ئاڵایە بێت کە حیزبەکانمان بۆ نمادسازی کەڵکی لێ وەردەگرن و ئیتر کاتی خۆمان بەم جۆرە باسە ناپێویستانەوە نەکوژین.

٥- ئەوەی لە ئێستادا زۆر گرینگە و دەبێ کاری لەسەر بکەین یەکگرتووییە لە سەتحی کوردستان و ئێراندا، قۆناخەکە ئەوەمان لێدەخوازێ. ڕەنگە ئەو باسە بێتە گۆڕێ ئەی مافەکانمان چی بەسەردێت ؟ بێگومان ئولەویت بۆ ئێمە مافەکانمانن کە ئەویش هەر لە چوارچێوەی ئەو یەک گرتوویەدا دەستەبەر دەبێ. گرینگ ئەوەیە ئێمە لە مەیدانەکەدا بین و نەک خۆمان بسەلەمێنین بەڵکوو ببینە داینەمووی سەرکەوتنەکان هەروەک تائیستا وابووە.

٦- شانازی بە کورد بوونمانەوە بکەین و کەسمان لە خۆمان پێ بەتواناتر و لێهاتوتر نەبێ و ئەمەش دەبێ لەخۆ باییمان نەکات و لەڕەفتاری خۆ بەزلزانانە دوری بکەین، هەروەک ڕەفتاری خۆبەزلزانانەی خەڵکمان لاپەسەند نییە.

٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

.



سەرچاوە
Serchawe

## ئەوان خەریکی چین و ئێمەخەریکی چی؟

نوێنەری هەمیشەیی ڕێژیمی تێروریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان نامەیەکی بۆ سەرۆکی شورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان نووسیوە. لەو نامەیەدا وێڕای چەواشەکارێکی زۆر و پاساو هێنانەوە بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکانی خەڵک، وەک هەمیشە هەر جوڵە و نارەزایەتییەکی خەڵک لە دژی ڕێژیمە مرۆڤکوژەکەیان بە بەستراوە بە ئەمریکا و ئیسرائیل ناو دەبەن.

لە بەشێکی دیکەی نامەی سەفیری تێروریستاندا وێڕای بەتێروریست ناساندنی حیزبە سیاسییە خەباتگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باس لە هۆکاری سنوور بەزینی و هێرشە موشەکی و درونیەکانیان بۆ سەر کەمپی مەدەنی کوردەکانی ڕۆژهەڵات و قوتابخانەی منداڵان و کوشتنی ژن و منداڵی بەو بیانووە کە گۆیا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەخاکی باشورەوە چوونەتەوە ڕۆژهەڵات و چالاکی پێشمەرگانەیان بەڕێوە بردووە کە هەم خۆشیان و هەم هەریمی کوردستانیش دەزانن ئەم ئیدعایە چەندە بێ بنەما و دور لە ڕاستییە و، ئەم هێرشانە بۆ سەر ژن ومنداڵ و قوتابخانە بە نیشانەی هێز و توانا(اقتدار)ی ڕێژیمەکەیان لە قەڵەم داوە .ئەم تیروریستە، هەڕەشەی پاتەکردنەوەی هێرشەکان و خولقاندنی جینایەتی زیاتر بۆ سەر شوێنەکانی نیشتەجێبوونی ئەو ژن و منداڵانە دەکات، کە لە ئاکامی جینایەتکارییەکانی ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پەڕیوەی کوردستانی باشوور بوون.

لەهەلومەرجێکی ئاوادا کە ڕێژیم لە لایەک هەڕەشەی لەناو بردنمان لێدەکات لە لای دیکەوە ئەم ڕێژیمە لەوپەڕی لاوازی نێوخۆیی، نێونەتەوەیی ونەبوونی مەشرووعیەت لە نێو خەڵکدا، لە گەڵ دەیان قەیرانی دیکەبەرەو ڕویە کە چارەسەریان لە توانایدا نییە، و تەواوبەتی ئەو ڕێژیمە لە لێواری ڕوخاندایە و ڕێژیم بۆ هێشتنەوەی خۆی نامەیەکی لەم چەشنە پڕ لەدرۆ و چەواشەکارانەبۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دەنووسێ و پەنا بۆ هەموو پیلان وکردەوەیەکی نامرۆڤانە بۆ هێشتنەوەی ڕێژیمەکەی یا هەر نەبێ دراوێک بۆمانەوەی دەبات، کەچی ڕاست لەم هەلوومەرجەدا کە ئێمە پێویستمان تەنانەت بە یەک دەنگی زیاتر بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی هەیە لە سەر بابەتێک کە پێویست نییە کێشەی لە سەر بکەین دەکەوینە گیانی یەک و هیچ بۆ یەک ناهێڵینەوە.

لە ئێوە دەپرسم لە کاتێکدا ڕێژیم بەهەموو هێزیەوە کەوتوەتە گیانی تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان و هەمووو ڕۆژێک خوێنمان

لێ دەچۆڕێ. کوا ئەوە بەرپرسایەتییە لەم دوخەدا لە سەر دروشمی ژن، ژیان، ئـازادی کە داهێنەری هەرکەس بوبێت دەستی خۆش بێت بکەوینە کێشە لەگەڵ یەکتر،

**به بڕوای من ئەم دروشمە هەر مێژوویەکی هەبێ، ئەوە گرنگە کە:**

یەکەم دروشمێکی کوردییە.
دووهەم ئێستا بووەتە دروشمێکی جیهانی و ئێمە دەبێ بیکەینە خاڵی پۆزیتیڤ بۆ خەباتەکەمان.

**هاوڕێیان و هاونیشتمانیانی ئازیز!**

تکا و ڕەجایە با واز لەو هەموو کێبەرکێ ناتەندروستە بێنین و جارێک بـۆ هەمیشـە لە پێنـاو بەرژەوەنـدی نەتەوەکەمانـدا دەست لەناو دەست، هەموو هێز وتوانـا و وزەمـان بەرەوڕوی دوژمنـی جینایتکـار و قـین لە دڵـی کۆمـاری تێروریسـتی پەت و سێدارە بکەینەوە

١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## لوتکەی پەیامێک!
## لە سیهەمین ساڵیادی تیرۆری د.شەرەفکەندیدا

"لەم ڕێگایەدا کە ڕێگای سوری شەهیدانە یا سەردەکەوین یا بەشانازییەوە وەک شەهیدە ئازیزەکانمان سەردادەنێین"

کە د.قاسملوویان شەهید کرد، بەورەیەکی پۆڵاینەوە لە کۆڕی ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەکاندا کە بەبۆنەی تێرۆرکرانی د.قاسملوو و هاوڕێیانی پێکهاتبوو پەیامێکت پێشکەش کرد. لە پەیامە پڕ ناوەرۆک و جەسوورانەکەتدا، بەڵێنت بە ڕۆحی قاسملووی مەزن دا ئەو ڕێگا سەخت و دژوارە و ئەو بەرپرسایەتییە گەورەیە کە کەوتووەتە ئەستۆت بەهەموو کەند و کۆسپەکانیەوە ببڕی. لەو پەیامەتدا کە بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی ناوەندی دات، هاتبوو ڕۆحی پاکی د. قاسملوو دڵنیا دەکەیتەوە کە ڕێگاکەی درێژە بدەین و لەو خەباتەدا یا سەردەکەوین یا ئێمەش دچینە لای و لەباوەشی دەگرین.

هەر وەک ناوەکەت و کردەوەکانت، بەڵێنکەشت چەندە ڕاستگۆیانە بوو، بەداخەوە پیلانی دوژمن ڕێگای پێ نەدایت سەرکەوتنی گەل بەچاوی خۆت ببینی و تۆ کە سێ ساڵ پاش شەهید کرانی د.قاسملوو بە هۆی توانا و کار لێهاتوویتەوە نەتهێشتبوو بێ قاسملوویمان زۆر پێوە دیاربێ، دوژمن کە بەئامانجەکەی لەتێرۆر کردنی د. قاسملوو بۆ بێ هێز کردن و بەچۆکداهێنانی حیزبی دیموکرات نەگەیشتبوو، پیلانی تێرۆر کردنی دارشتی و بەداخەوە تێشیدا سەرکەوتوو بوو.

لە ڕێستورانی میکونووس لە برلینی ئاڵمان لەگەڵ هاوڕێکانت شەهیدان (فەتاح عەبدولی وهومایون ئەردەڵان ونوری دهکوردی ) تێرۆریان کردی و تەرمەکانتانیان لە پیرلاشێز هەر ئەو شوێنەی ڕێبەری مەزن د.قاسملوو و کاک عەبدوڵا قادری ئازەری لێ نێژرابوو ناشت و بەم چەشنە بەڵێنەکەت بەجێ گەیشت و شەهیدانی پیر لاشێز، یەک لەوان د.قاسملووت لە باوەش گرت.

کورتەی ئەوچەند ڕستە بەڵێنە کە لەو کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ ڕێبەری و کادر وپێشمەرگەکان بە قاسملووی نەمرت دا، نیشانەی ئیرادەی پۆڵاین و ورە و توانای شۆڕشگێڕانەت و لەهەمان کاتدا پەیامێک بۆ کۆماری ئیسلامی دوژمنی دڵڕەش و قین لە دڵ بوو، کەلەفەرهەنگی شۆڕشگێڕانەی حیزبی دیموکرات دا چەمانەوە و چۆکداداان محاڵە و ئەمە وانەیەکیشە بۆ ڕێبوارانی ڕێگای دیموکرات.

لەبەشێکی دیکەی پەیامەکەتدا ڕوو لە خەڵکی کوردستان بەم چەشنە دوای و داوای پشتیوانیت لێکردن:

"ئێمە هەرلەسەرەتاوە کە پێمان لەڕێگای دژوار و پڕ هەوراز ونشێوی خەبات ناوە بڕیارمان داوە کە هەتا ئاخر نەفەس و ئاخر دڵۆپی خوێن درێژەدەری ئەوڕێگایە بین. ئەو بڕیارەشمان دیارە دڵگەرم بەپشتیوای ئێوە داوە. ئێستاش بە هەموو هەست و وجودمانەوە ئەم بڕیارەتان لە گەڵ نوێ دەکەینەوە و دڵنیاین کەبەپشتیوانی ئێوە سەرئەنجام سەردەکەوین. چونکە دەزانین کە هێزی یەکپارچەی گەل لە بڕان نەهاتووە و قەت نابەزێ."

ئەم داواکاریەت لە خەڵک، نیشانەی بڕوا بوونت بەهێزی گەلەکەمان بوو. ئەو هێزەی کە چاوگەی دەسەڵات و ڕەوایی هەر پێکهاتەیەکی دیموکراتیک و گەلی یە، و هەروەها هێزێکی لە بڕان نەهاتووە کە سەرئەنجام سەرکەوتنی گەل بەسەر دوژمنانیدا دەستەبەر دەکات.

دوابەدوای تیروری د.قاسملوو و پەیامە پڕ ناوەرۆکەکەت لەو ساڵەدا،کوردستان بوو بەپارچەیەک ئاگر لە ژێر پێی دوژمندا. پشتگیری خەڵک لەخەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە ڕابردوو بەهێزتر، بەگوڕ وتینتر، زەربەی هێزی پێشمەرگە لە داگیر کەر زیاتر، میدانی خەبات بەر بڵاوتر و لاوانی دڵ پڕ لە ئەوینی کوردایەتی زیاتر لە پێشوو ڕویان لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی کرد . ئەوان بەدوژمنیان سەلماند حیزبی دیموکرات هەر بەهۆی ڕێبەری ئێوە نەمران و سیاسەتە دروستەکانیەوە بەجۆرێک ڕیشەی لەدڵی خەڵکەکەیدا داکوتاوە کەبەهیچ ڕەشەبایەک نالەرزێ و لەبن نایە.

لەوساڵە دا تەلەفاتی هێزەکانی ڕێژیم و هەروەها شەهیدەکانی هێزی پێشمەرگە لە جەدوەلێکدا کە وێنەکەی دەکەوێتە بەر چاو، نیشانمان دا ئەگەرچی گەورە ڕێبەرمان د.قاسملووی نەمر بەدەستی ڕێژیمی تێروریستی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کراوە، بەڵام زەربەی هێزی پێشمەرگە لە سپای زەبەلاح بەڵام بێ ورەی ڕێژیم هەروا بەردەوام و ژمارەی تەلەفاتی هێزەکانی ڕێژیم لەو ساڵە دا کە لە نامیلکەی شەڕ لە کوردستاندا بڵاو کراوەنەتەوە، بریتی بوو لە:

"

کوژراوی دوژمن٨١٢ کەس، بریندراری دوژمن٦٨٢کەس، ئەسیری دوژمن٤٧٢ کەس، پێگەی گیراو ١٥ پێگە، ئەسیری ئازاد کراوی دوژمن٤٧٢کەس ئەمە بێجگە لە دەیان عەمەلیاتی سەر هێزەکانی ڕێژیم بوو کە لەو جالاکیانەدا ژمارەی کوژراو و بریندراری ڕێژیم ڕوون نەبووەتەوە، لە بەرامبە ئەوتەلەفاتەی ڕێژیمدا ١٠٨ پێشمەرگە و ٩١ نەفەر خەڵکی بێ دیفاع لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە شەهید کراون".

## ڕێبەری بە وەج دوکتور شەرەفکەندی!

ئێستا کە ٣٠ ساڵ بەسەر تێرۆرکردنت بەدەست دیپلومات تیروریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە بالاترین ڕەدی دەسەلاتی ڕێژیمەوە بڕیاری لەسەر درابوو و نیشانەی ئەوپەڕی دڕندەیی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو تێدەپەڕێت. خەبات هەروەک ڕابردوو بەگوڕ وتینەوە درێژەی هەیە و بیری نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەلات زیاتر لە پێشوو گەشەی کردووە. دوژمن هەراسانتر لە ڕابردوو بەردەوام لە پیلانگێڕی دژی بزووتنەوەکەمانە، دوژمنێک کە بەهۆی قەیرانی جۆراوجۆرەوە کەوتوەتە پەلە قاژەی مەرگەوە و دەربازبوونی لەو قەیرانانە ئەگەر نەڵێم مەحاڵە بەدڵنیاییەوە زۆر دژوارە.

## ڕێبەری شەهید د. شەرەفکەندی!

دڵنیابە ئێمەش بەو بەڵێنە کە لەپاش تێرۆری د.قاسملوو بە شەهیدانی لە خوێن دا شەلاڵی گەلەکەمانت دا، وەفادار ماوینەتەوە و هیوادار بە داهاتوویەکی گەش، بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی شەهیدان کە ڕوخانی ڕێژیمی کۆنەپەرەست وسەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی و جێگیر کردنی ڕێژیمێکی دیموکراتیک و گەلی کە مافە نەتەوەیی و دیموکراتیکەکانی گەلەکەمان دەستەبەر بکا تێدەکۆشین.

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---


سەرچاوە
Serchawe

## تکایەکی هاوڕێیانە!

هاوڕێیان تکایە واز لە توند ڕەوی و وردە حیسابات بێنن، هاوڕێیەک وشەیەک بەسەر زاریدا هاتووە، هەستی خۆی دەربڕیوە ئێستا حەق یاناحەق، چ پێویست دەکا تاو بدەینە قەڵەمەکانمان و دژی یەک دەست بکەین بە نووسین.

تکا لەهەموو ئەوانەی لەو پەیوەندییەدا پۆستیان داناوە دەکەم پۆستەکانیان لابەن و واز لەو شەڕە دندۆکەیە بێنن.

عەرزی هاوڕێیانی خۆم بکەم تەنانەت حیزبیش کەرەسەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئازادی و ڕزگاری نەتەوەکەمان.

یەکگرتنەوەمان یەکێک لە کارە گەورە و جێگای شانازییەکانمانە کە ئەگەر زۆریشمان مایە بۆ دانابێت دیسان کاری چاکمان کردووە.

### شێوازی یەکگرتنەوەمان بۆیە جێگای شانازییە لە بەر ئەوەی:

١- ڕۆحی تلورانس و هاڕێیەتی بەتەواوی پێوە دیارە و بەدڵنیاییەوە هەموو لایەکمان و لەسەرەوەی هەمووشمانەوە گەلەکەمان براوە و سودمەند دەبن لەو یەکگرتنەوەیەدا.

٢- دۆڕاوی ئەو پرۆسەیە دوژمنان و نەیارانی گەلەکەمانن و لەسەرەوەی هەموویان کۆماری ئیسلامی ئێران.

بۆیە تکا لە هاوڕێیان دەکەم، فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە زیاتر بکەنە مەیدانێک بۆتەبلیغی سیاسەت وسەرکەوتنەکانمان نەک بۆ دژایەتی یەکتر.

٢٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## وتوووێژ سەبارەت بە یەکگرتنەوە

### ڕەحمان سەلیمی

**ڕەحمان سەلیمی**: یەکگرتنەوەی ڕێزەکانی حیزبی دێموکرات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**تەیموور مستەفایی**: پرۆسەی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان لەدوای کۆنگرەی ١٥ وە دەستی پێکرد و تاپێش کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەنگاوی زۆر باشی بڕی، لە ڕۆژەکانی نیزیک کۆنگرەی ١٦ دانووستانەکان ڕاوەستان، نامهەوێ لێکدانەوەی خۆم لە سەر ئەم ڕاوەستانە دەرببڕم کە بە بڕوای من دەتوانی هۆکاری جیاوازی هەبێ. لە ڕەوتی کارەکانی کۆنگرەی ١٦دا یەکگرتنەوە باسێکی گەرمی لەسەر کرا و، کۆنگرە ڕێبەرایەتی نوێی ڕاسپارد کە درێژە بەڕەوتی دانیشتنەکان بە مەبەستی یەکگرتنەوە بدرێت.

پاش کۆنگرە جارێکی دیکە وەفدەکانی وتوووێژ دانووستانەکانیان دەست پێکردەوە و ئەگەرچی چەندجارێک هەرجارە و بەهۆیەکەوە دابڕانی تێکەوت، بەڵام لەو جێگایەدا کەهەردوو لایەنمان خوازیاری سەرکەوتنی پرۆسەکە بووین بەربەستەکانمان تێپەڕاندن و بەخۆشیەوە پرۆسەکە بەئاکامی دڵخوازی هەردوولامان گەیشت.

لە گەڵ ڕێزمان بۆ دڵسۆزی حیزب و لایەنە کوردستانیەکان، کەسایەتیە ناسراوەکان، بەشێکی زۆر لەکادر وپێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و بەتێکڕای دڵسۆزانی نەتەوەکامان کە بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە بەردەوام گوشاریان لەسەرڕێبەری هەردوو لامان بووە بۆ یەکگرتنەوە هانیان داوین، جێگای شانازی و لێ فێربوونە ئەم یەکگرتنەوەیە بەبێ ناوبژیوانی هیچ کەس ولایەنێک بەڕێوەچووەو ئەوەی ئەو پرۆسەیە بە ئاکامی دڵخواز گەیاند هەست کرد بە بەرژەوەندی نەتەوەیی وتەنیا هەست بە بەرپرسایەتی کردنی ڕێبەری هەردوولای حیزبی دیموکرات بوو. دەتوانم بڵێم یەکگرتنەوە ڕووداوێکی گرینگی مێژووییە کەبەهۆی خۆمانەوە خولقاو و بێگومان لەداهاتوویی خەباتەکەماندا کاریگەری ئەرینی دادەنێت. کار ی بەردەوام و سەبر و حەوسەلەی وەفدەکانی دانووسانکار، سەرە ڕای ئەو هەموو هێرشەی کە دەکرایە سەریان جێگای ڕێز و پێزانینە کە سەرەڕای گوشاری زۆر لەسەریان توانیان ئەرکی مێژوویی خویان بە باشترین شێوە بە ئەنجام بگەیەنن. پڕ بەدڵ دەستخۆشی و ماندوونەبوونیان لێدەکەم.

**ڕەحمان سەلیمی**: زەروورەتی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە چیدا بوو؟

**تەیموور مستەفایی**: ئەگەرچی پاش لێکدابڕان هەر دوولامان لەئەرکە خەباتگێڕانەکانمان کە خەبات لە دژی نیزامی تاریک پەرەست و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی و لە پێناو مافەڕەواکانی گەلەکەمان غافڵ نەبووین، بەڵام بەو حاڵەش هێزی ئێمە دابەشی دوو ببوو و تەنانەت جارجاریش ئەو وزەیە کە دەبێ لەدژی دوژمن بەکار ببردرێ لە دژی یەکتر بەکارمان دەبرد .ئەمە لە کاتێکدابوو کە ڕێژیمی قەیراناوی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو لاوازتر بوونی هەرچی زیاتر دەڕۆیشت و پێویست بوو هەردوولامان هەموو هێز ووزەی خۆمان لەدژی دوژمنی ماف زەوتکەری نەتەوەکەمان بەکار بردبا کە یەکگرتنەوەمان هێز و وزەیەکی نوێ بە خەباتی ڕۆژهەڵات دەبەخشێ.

لە پەیوندی بەهاوپەیمانیەکانیشماندا لە گەڵ ئۆپوزیسیونی ئێران بەمەبەستی ڕوخانی ڕێژیم و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دیموکراتی ڕێکخراوەفارسیەکان لەو دوو بوونەمان کەڵکیان وردەگرت و مانۆڕیان لەنێوانماندا دەدا، بەڵام یەکگرتنەوەمان هاوسەنگیەکە دەگۆڕێ و بێ گومان لە بەرژەوەندی چەسپاندنی مافەکانماندا دەبێ لەم هاوبەندی وهاوپیەمانیانەدا.

شوێندانەری دەبێ لەسەر پەیوەندییەکانمان لە گەڵ ڕێکخراوو دەوڵەتانی جیهان و بەتایبەت دەوڵەتانی کاریگەر لە بریار سازی جیهانیدا و حیسابی زیاترمان لە سەر دەکەن. بەتایبەت لەم هەلومەرجەدا کەئێران لە ئینزوا و تەحریمێکی نێونەتەوەییدایە و وتووێژەکانی بەرجامیش ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو بونبەست دەڕوات و ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەتانی بریار ساز سیاسەتیان لە تەعامول لەگەڵ ئێران ،بەرەو سیاسەتی گۆڕان و ڕوخاندنی ڕێژیم بڕوات.

بێجگە لەوانەش ئیمە دوو لایەنی دیموکرات لەبیرو و بۆچووندا جیاوازیکی ئەوتۆی فیکریمان نەبوو، سونبولەکانمان، شەهیدەکانمان، مێژوومان یەک بوو، هیچ پاساوێک بۆ ئێمە نەبوو کە بە ناوی دوو حیزبەوە کاربکەین. لەداهاتووی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دوو حیزب بەیەک ناو کێشە سازبوو. بێجگە لەوەش خەڵکی ڕۆژهەڵات کەسەرچاوەی هێز و وزە و ڕەواییە بۆمان هەر لە ڕۆژی یەکەمی ئەم لێکدابڕانەدا ئێمەیان بەدوو حیزب قەبووڵ نەبوو و بەردەوام داوای یەکگرتنەوەیان لێدەکردین.

**ڕەحمان سەلیمی**: کاریگەری ئەو یەکگرتنەوەیە لەسەر خەڵکی کوردستان چۆن دەبێ کاتێک کە ئەوان ماوەی ساڵانێکی زۆر داواکاری سەرەکیی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پرسە بوو؟

**تەیموور مستەفایی**: ئێستا کەمن ئەم پرسیارانە وەڵام دەدەمەوە، ئەگەرچی بەخۆشییەوە پرۆسەی یەکگرتنەوە بە ئەنجام گەیشتووە و ڕێبەرایەتی دوو لایەن چەند کۆبوونەوەی هاوبەشمان پێک هێناوە و قۆناخەکانی تێکەڵبوونەوەش دەستپێکردووە، بەڵام هێشتا بەفەرمی یەکگرتنەوەکە ڕانەگەیەندراوە. خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە گێڕانی شیرینی و گرتنی کۆڕی ڕەشبەڵەک و ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بۆ ڕێبەری هەردوولا، دانانی دەیان شێعر و سرود، نووسینی دروشم لەسەر دەرو دیواری شارەکان و هەڵکردنی ئاڵای حیزب و ئاڵای کوردستان خۆشحاڵی خۆیان لەو یەکگرتنەوەیە ڕاگەیاندووە

ئەم یەکگرتنەوەیەخەڵک بەگشتی بەسەرکەوتنی خەباتەکەیان هیوادارتر و ئەنگیزەیان بۆ بەشداری لەو خەباتەدا بەهێزتر دەکات و هاتنیان بۆ ڕیزی خەبات گەرم و گوڕتر و زیاتر دەکات. ترسیان لە ڕێژیم زیاتر لەپێشوو دەشکێنێ.

**ڕەحمان سەلیمی**: ترسی ڕێژیمی ئێران لە یەکڕیزی حیزبی دێموکرات چییە و تا ئێستا چ کاردانەوەیەکی نیشان داوە؟

**تەیموور مستەفایی**: بێگومان ڕێژیم لەهەموو یەکگرتنێکی دژەبەرانی دەترسی جا ئەگەر ئەو دژەبەرە حیزبی دیموکرات بێ کە مێژوویەکی پرشنگداری لە خەبات لەدژی سەرەڕۆیی ئەم ڕێژیمە دا هەیە کە ئەوە ترسەکە دووچەندان دەکات.

ڕێژیم لەتەواوی ماوەی دانووستانی وەفدەکاندا لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دەیهەویست هەر بۆچوونێکی جیاوازی دوولایەن زەق بکاتەوە و درزبخاتە نێوەڕەوتی دانووستانەکانەوە. دەزگای سایبەری ڕێژیم لەم ساڵانەدا زۆر چالاکانە کەوتە کار وبە سازکردنی پەیجی جۆراوجۆر بەناوی جۆراوجۆر و جارجارەش پەیجەکانیان بەناوی کەسایەتیەکانی کوردستانەوە بە مەبەستی ئاژاوە نانەوە زۆر چالاک بوو، بێگومان ڕێژیم لە ئێستا و لەداهاتووشدا دەست لە پیلانگێڕی دژی بزوتنەوەی کورد و لە سەرەوەی هەموویان حیزبی دیموکرات هەڵناگری. کە ئەمە نیشانەی ترسی ئەو ڕێژیمە لە حیزب و لەو هێز و جەماوەرەیەکە لەپشتی حیزبی دیموکراتدایە.

**ڕەحمان سەلیمی**: یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر یەکڕیزی و تەبایی حیزبە و لایەنە سیاسیەکانی دیکە چ کاریگەرییەکی دەبێت؟

**تەیموور مستەفایی**: ئەم یەکگرتنەوەیە دەتوانی ئولگویەک بێت بۆ هێزەکانی گۆڕەپای خەباتی کوردایەتی، ئێمە بەم یەکگرتنەوەیە و خستنە سەری یەکی وزەکانمان بەشێوەیەکی شارستانیانە و بەبێ ناوبژیوان بەسەبر ولەسەرەخۆیی توانیمان یەکگرتنەوەی حیزبەکەمان بکەینە ئەمر واقیع و بەم چەشنەگوڕ وتینێکی نوێ بەخەبات بدەین و هەردوو لاشمان لەم

پرۆسەیە دا براوەبووین.

ئەو هێزانەش کە زەمینەی یەکگرتنەوەیان هەیە پێویستە لە پێشەوە کارلە سەر خاڵە هاوبەشەکانیان بکەن و پاشان بەربەستەکانی سەر ڕێگاشیان بەگیانی هاوڕێیانە برایانە چارەسەر بکەن. بۆ ئەوەی بەرێککەوتن بگەن. پێویستە هەرکامەیان لەئاستی هەندێک لەداحوازییەکانیاندا نەرمی بنوێنن. تاوێک درەنگ کردن بۆ یەکگرتنەوە زیانهێنەر و قەرەبوو نەکراوە بۆیە پێویستە پەلەی لێبکەن و بازێک بەسەر بەربەستەکاندا بدەن.

**ڕەحمان سەلیمی:** بەدەنەی حیزب و بەتایبەت ئەندامانی کۆنی حیزب لە پەیوەندی بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان چ ئەرکێکی لەسەر شانە؟

**تەیموور مستەفایی:** حیزب کە لە کۆمەڵی ئەندام و لایەنگر و پێک هاتووە و هەرکامەمان لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و خاوەنی فەرهەنگێکی جیاوازین، ئەوەی لە دەوری یەک کۆی کردوینەتەوە بەرژەوەندی نەتەوەکەمانە، بەوچەشنە کە لەکۆمەڵگایەکی فرە چەشن هاتووین هەر بەو پێیەش لێکدانەوەی جیاوازمان لەسەر ڕووداوو و پێشهاتەکاندا دەبێ، بۆیە پێویستە لۆژیک و قەناعەت پێ هێنان بکەینە بەردی بناغەی تەعامولمان لە گەڵ یەکتر و لە دەمارگرژی و بوغزاندنی یەکتر دور بکەوینەوە.

ڕۆحی لێبوردەییمان بەرفراوانتر بکەین، کەم و کورییەکانی ڕابردوومان تەنیا بۆ درس لێوەرگرتن بۆ داهاتوو لەبیری خۆماندا بهێڵینەوە، بۆ ئەوەی ئەوکارانە لەڕابردوودا کردوومانە و لێکترازانمانی لێکەوتووەتەوە دووپاتی نەکەینەوە و ئەوەش هانی داوین و بەرەو یەکگرتنی بردوین کە قەبوولکردنی یەکترە بەوجۆرەی کە هەین بەهێزتر بکەین.ئەرکی هەمووماننە ڕۆحی هاوڕێیەتی لە نێو حیزبەکەماندا بەهێز بکەین، خۆش ویستی ولێبوردەیی بکەینە بەردی بناغەی پەیوەندییەکانمان. ئەرکی کادر وپێشمەرگە دێرینەکان و بەتەعبیری ئێوە بەتەمەنەکانە کە بۆ ئەو یەکڕەنگی و هاوڕێیەتیە ڕێنوین و ڕێپیشاندەر بن.

**ڕەحمان سەلیمی:** دوای یەکگرتنەوە ئەرکی حیزب سەبارەت بە گەشەی زیاتری خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟

**تەیموور مستەفایی:** دەزانن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەماوەی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتدارەتییاندا بەهۆی سیاسەتەکانیانەوە وەڵاتی ئێرانیان لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆر ڕووبەڕووکردوووەتەوە، لەو قەیرانانە، قەیرانی بێکاری،

قەیرانی ئاو، قەیرانی ژینگە، قەیرانی بانکی ولە گەڵ ئەمانەش دا بەهۆی هەوڵدان بۆ پیتاندنی ئۆرانیوم بەمەبەست دروست کردنی چەکی ناوکی، ئێران لەگەڵ ئیننزوایەکی نێونەتەوەیی بەرەوڕوو بووەتەوە و کەوتووەتە بەر گەمارۆیەکی تاقەت پڕوکێن، ئەمەش شوێندانەری لەبەرەو هەژاری بردنی کۆمەڵگای ئێران داناوە. لە لای دیکەوە ئازادییە دیموکراتییەکان لەگەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامی نامۆیە و ڕێژیم هەر دەنگێکی ئازادی خوازانە و مافخوازانە سەرکوت دەکات. کۆی ئەم قەیران و ماف پێشێلکردنە خەڵکی ئێرانی بەزاڵە هێناوە بۆیە لەماوەی چەندساڵی ڕابردوودا خەڵک بەبێ ترس لە سەرکوت ڕژانە سەرشەقامەکان و دروشمی" مەرگ بۆ دیکتاتور "و" خامنەیی قاتلە ولایتش باتلە " یان سەردا و ئەمەش هەلوومەرجێکە کە ئۆپوزیسیونی ئێران دەبێ خۆی بۆ ئامادە و کاری تێدا بکات.

یەکگرتنەوەی حیزبەکامان لەم هەلوومەرجە دا کەهەرکات ئەگەری ئاڵوگۆڕی لێدەکرێ، ئەو ئەرکەمان دەخاتە سەرشان کە لە هەرکام لە شێوەکانی، خەباتی مەدەنی، خەباتی پێشمەرگانە،خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی، خەباتی تەشکیلاتی و ڕاگەیاندن و پەروەردەیی و..... هتد کەڵک وەربگرین و بەرنامەی چڕوپڕمان بۆی هەبێ.

دیارە ئولەویەت دان بە هەڵبژاردنی هەرکام لەشێوەکانی خەبات دەبێ گۆنجاو بێ لەگەڵ زەرفییەتەکانی حیزبەکەمان. بۆ بەڕێوە بردنی هەرکام لە شێوەکانی خەبات کە بێگومان لە گەڵ ئولەویت دان بە شێوەیەک لە خەبات دەبێ لە هەموو شێوەکانی دیکەی خەبات کەڵک وەربگرین. دەبێ پەروەردەو ڕاهێنانی حیزب بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی سەردەم بەرنامەی هەبێت و لەو بارانەوە چالاک بێت.

ژمارە ٨٢٩ی ڕۆژنامەی کوردستان

٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## یەکگرتنەوەمان پیرۆزبێ

پاش ١٦ ساڵ لە دابڕان، زۆر خۆشحاڵم بە یەکگرتنەوەی حیزبەکەمان، پیرۆزبایی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە دڵەوە هەوڵیان دا تا ئەم یەکگرتنەوەیە بە ئەنجام گەیشت.

سپاس بۆ هەیئەتەکانی یەکگرتنەوە،کە سەرەڕای تیر و توانجی ئەندامانی حیزب هەوڵێکی زۆریان دا و بەحەوسەلە ولەسەرە خۆ پرۆسەکەیان بردە پێش و بەسەرکەوتنیان گەیاند.

هیوادارم لەحیزبی یەکگرتوودا خاڵە لاوازەکانی پێکەوە کارکردنی ڕابردومان وەلاوە بنێین و، قۆناغێکی نوێ لە پێکەوە کارکردنی خەباتگێڕانە و بەرپرسانە، کەخزمەت بە ئامانجە لەمێژنەکانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکات دەست پێ بکەین.

بێگۆمان یەکگرتنەوە ڕۆحی شەهیدە نەمرەکانمان شاد و، وره و هێز دەدات بەزیندانییە سیاسیە خەباتگێڕ و خۆڕاگرەکان، کادر و پێشمەرگە و ئەندامە تێکۆشەرەکانی حیزبەکەمان و هەروەهاخەڵکی کوڵنەدەری کوردستان و خۆشحاڵیان دەکات. دوژمنانی گەلەکەشمان ناهومید و توڕە دەکات.

٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکراتدا دواقۆناغەکانی پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان تاوتوێ کران.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ١١ی گەلاوێژ ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێی دواقۆناغەکانی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کۆ بوونەوە.

لە برگەی یەکەمی دانیشتنەکەدا بەرپرسانی هەیئەتەکانی دانوستانکاری دوولایەنی دێموکرات دوارا پۆرتی خۆیان لەسەر پرۆسەی وتووێژەکان بۆ وەسەریەککەوتنەوە بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات پێشکێش بە کۆبوونەوەکە کرد. لەو را پۆرتەدا وێڕای ئاماژەی ورد بەو پێشڤەچوونە گرینگ و دەسکەوتە بەرچاوانەی لە ڕەوتی پرۆسەی یەکگرتنەوەدا وەدیهاتوون، وردەکارییەکانی دواقۆناغی پرۆسەکە بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتری ئەندامانی ڕێبەریی دوولایەنی دێموکرات تیشکیان خرایە سەر.

لە برگەی دووهەمی کۆبوونەوەکەشدا بەڕێزان مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس لە پشوودرێژیی هەیئەتەکانی دانوستانکار و هەروەها شێلگیریی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکرات لە بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی سەخت بەڵام هیوابەخشی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، دووڕەدیمەنی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی یەکگرتوو، و ئەرک و دەروەستییەکانی قۆناغی داهاتووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتیان دەستنیشان کرد.

کاک مستەفا هیجری لە قسەکانیدا تیشکی خستەسەر ئەو بابەتە کە بە هیممەت و ئەرکوەخۆگری هەمووانە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دەخەینەوە سەر یەک و قۆناغێکی نوێ و هیوابەخش لە بەهێزکردنی خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو دەستبەری مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەکەمان لە ئێراندا درێژە پێدەدەین.

بەڕێزیان وێڕای ئاماژە بە زیان و خەسارەکانی لێکدابرانی ڕیزەکانی حیزب و ئەو زەبرەی لە یەکگرتوویی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کەوت، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ بە وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و یەکخستنەوەی وزەی خەباتگێڕیمان هەم قەرەبووی ئەو قۆناغەی دابڕان بکەینەوە و هەم گوڕوتینێکی پتر بە جووڵانەوەی

مافخوازیی گەلەکەمان بدەین.

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە کە ئەوەی تا ئێستا هەیئەتەکانی دانوستانکار بە یارمەتیی فکریی ڕێبەریی دوولایەن بە مەبەستی بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان تا دواقۆناغی خۆی کردوویانە، ئەرکوەخۆگری و هەست بە بەرپرسایەتیی مێژوویی و خەباتگێڕی بووە؛ بەڵام ئەوەی لە داهاتووی خەباتی هاوبەشمان لە یەک ڕیزدا و بۆ گەیشتن بە ئامانجی جووڵانەوەکەمان لەسەرشانی هەمووان قورسایی دەکات، دەروەستییەکە کە دەبێ تا سەر پێی پابەند بین.

بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانیدا هاتە سەر ئەو بابەتە کە ڕاستە ئێمە دوولایەنی حیزبی دێموکرات بەهۆی دابڕانمان لەگەڵ یەکتری لەو ماوەیەدا بەجیا خەبات و تێکۆشانمان بووە، بەڵام سەربەرزین بەوەی شێلگیرانە دژی کۆماری ئیسلامی خەباتمان کردوە، خاوەنداریەتیمان لە پرسی کورد لە ئێران و مێژووی پڕشنگداری هاوبەشمان کردوە و، ئێستاش بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد و هەنگاوی کاریگەر لە سەرخستنی خەباتی نەتەوەکەمان ڕیزەکانمان یەک دەخەینەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا شێلگیری و ئیرادەی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکرات لە وەڵامدانەوە بەو زەروورەتە مێژووییە و گەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە دواقۆناغەکانی خۆی بەرز نرخێندرا. کۆبوونەوەی هاوبەشی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکرات پاش باس و تەتەڵەی دواقۆناغەکانی پرۆسەی یەکگرتنەوە و، هیوابەخشی بە ڕاگەیاندنی کۆتایی پرۆسەکە لە داهاتوویەکی نیزیکدا؛ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## د. قاسملوو و بنەڕەتی سەربەخۆیی سیاسیی بڕیاردان

سەربەخۆیی سیاسی واتای ئەو بڕیار و کردەوانە دەگەیەنێ کە حیزبێک یان دەوڵەتێک لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی حیزب و میللەتەکەیدا سەرەڕای هەستکردن بە کۆسپ و مەترسییەکانی سەر ڕێگا بەڕێوەیان دەبا.

لە سیاسەتی ئەمڕۆی دنیادا گرووپ و ڕەوت و دەوڵەتەکان هەوڵ دەدەن ئامانجە کورت و درێژمەوداکانیان لە ڕێگای جوراوجۆر و بەهۆی لایەنەکانی دیکەوە ببەنە پێش، بۆ ئەوەی خۆیان و ڕەوتەکەیان زیانمەند نەبن. لە چوارچێوەی وەها بیرکردنەوەیەکدا بۆ ئەوەی حیزب یا ڕەوتێک بتوانێ بڕیاری سەربەخۆ بدا، بێجگە لە تێپەڕاندنی ترس و کۆسپەکانی سەر ڕێگا پێویستە لە بواری سیاسی و جیهانبینییەوە توانای لێکدانەوەی ڕووداوو و پێشهاتەکانی زۆر لە سەرەوە بێت تا نەکەوێتە ژێر کارتێکەریی حیزب و جەریان و کەسایەتییەکانی دیکەوە. لە مێژووی حیزبی ئێمەشدا د. قاسملوو بە مێعماری سەربەخۆیی حیزب دەناسرێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییە کەسییانەی کە د.قاسملوو لە ئازایەتیی بڕیاردان و ناسینی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان لەلایەک، و خوێندنەوەی پیلانی دوژمنانی نەتەوەکەمان لەلایەکی دیکەوە هەیبووە.

پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان تەشکیلاتی حیزب هەڵوەشایەوە، بەڵام خۆشەویستیی خەڵک بۆ کۆمار و ویستی مافخوازیی خەڵکی کوردستان هەروا لە جێی خۆیدا مابوو و کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرم کە یەک لەوان عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، بە هاوکاریی حیزبی توودە دەستیان دایە ڕێکخستنی لاوانی کوردستان. لە ڕاستیدا ئەو ڕێکخستنانە دەبوونە بەشێک لە ڕێکخستنی حیزبی توودە لە کوردستاندا، بەڵام بەناوی حیزبی دێموکراتەوە، هەر ئەوەش بوو ئەندامی حیزب کاتێک دەچووە تاران پەیوەندیی بە ڕێکخراوی حیزبی تودەوە دەگرت و ئەرکی خۆی لە تاران وەک ئەندامی حیزبی تودە ڕادەپەڕاند. لەهەمان کاتیشدا ئەندامی حیزبی تودە کە دەهاتە کوردستان وەک ئەندامی حیزبی دێموکرات کاری بۆ دیاری دەکرا، د.قاسملوو بۆخۆیشی کادری حیزبی تودە بوو. ئەم ڕەوتە هەروا دەچووە پێش تا لە ئاکامدا لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی حیزبی لە ناوچەی کەوتەرانی مەهابادا کە ناوی کۆنفرانسی یەکەمیشی لەسەر دانرا، بە ئیبتکار و پێشنیاری شەهیدی د. قاسملوو، پۆلیسزەدە بوونی ئەوکاتی حیزبی تودە دەکرێتە بیانوو و بڕیار دەدەن لەو ڕێکەوتە بەدواوە کاری تەشکیلاتیی جیاواز لە چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی تودەدا بەڕێوە بەرن، کە ئەمەش بە بەردی بناغەی سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات دادەنرێ.

لە دوو قۆناغی مێژوویی دیکەشدا حیزب بەهۆی لاوازیی ئاستی سیاسی ڕێبەری و تێنەگەیشتن لە هەلومەرجی بابەتیی ئەوکات کەوتووەتە ژێر باندۆری حیزب و ڕەوتە سیاسییەکانی دیکەوە و لەم بارەوە زیانی زۆر بە یەکریزی و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خەباتی حیزب و گەلەکەمان کەوتوە. لە ساڵەکانی"١٣٤٢ -١٣٤٣"ی هەتاویدا ئەحمەد تەوفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) بەهۆی جیانەکردنەوەی نێوان دۆستایەتی و بەستراوەیی و بە بیانووی کوردایەتی بە ڕادەیەک خۆی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی خستە ژێر باندۆری شۆڕشی کوردستانی باشوورەوە کە جێگایەک بۆ خۆدەرخستن وەک حیزبی دێموکراتی بە تایبەتمەندی و خسڵەتی سەربەخۆی خۆیەوە نەهێشتەوە. بە جۆرێک کە نە باسێک لە دەرچوونی گۆڤاری حیزبی لە ئارادا ما و نە شتێک بە ناوی تەشکیلات و... هتد. بەم چەشنە حیزب لە ڕاستیدا کاری ببووە ڕاپەڕاندنی کاروباری شۆڕشی ئەیلول، ئەویش لە نزمترین ئاستی خۆیدا.

هەر لەو قۆناغەدا د. قاسملوو لە ساڵی ١٣٣٩تا١٣٤٩ی هەتاوی لە حیزب دور دەخرێتەوە و وەک خۆی نووسیویەتی لەو ساڵانەدا زۆر بە کەمی ئاگای لە وەزعی حیزبی دیموکرات دەبێ. ساڵی ١٣٤٩ کە د. قاسملوو دەگەڕێتەوە کوردستانی باشوور، بە هاوکاریی ژمارەیەک لە ڕێبەرانی ئەوکات ئەندامانی پرش‌وبڵاوی حیزب کۆ دەکەنەوە و بە نووسینی بەرنامەوپێڕەو و دانانی کلاسی کادر و گرتنی کۆنفرانسی سێهەم گیانێکی دیکە بەبەر حیزبدا دەکاتەوە. لە پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ پارتی و بارزانیشدا جۆرێک لە هاوسەنگی وەک پەیوەندیی دوو حیزب پێک دێنن و بەم چەشنە حیزب دەخرێتەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش کاتێک حیزب هەر چەند بەدرەنگەوە دەگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و خەڵک لە ریزەکانی خۆیدا ڕێکدەخاتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی باکگراوەندی مێژوویی و بوونی ڕێبەرییەکی تا ڕادەیەک بەئەزموون لە باری سیاسییەوە کە لە سەرەوەی ئەو ڕێبەرییە کەسایەتییەکی بێوێنەی وەک د. قاسملوو هەبوو، توانیی لە ماوەیەکی کورتدا بە سەدان هەزار کەس لە ئەندام و کادر و پێشمەرگە و لایەنگر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و ببێتە هێزێک کە دۆست و دوژمن حیسابی بۆ بکەن. ڕاست لەم کاتەدا و بە پیلانی هاوبەشی حیزبی توده و کۆماری ئیسلامی و بە هاندانی چەند کەسێک لە ڕێبەریی حیزب و بە هێنانەگۆڕێی ئەو تیورییە کە گوایە قۆناغ قۆناغی خەباتی دژی ئیمپریالیستییە و لەم قۆناغەدا پێویستە هەموو هێزەکان بەرەوڕووی ئیمپریالیزم ببنەوە و کۆماری ئیسلامی هێزێکی دژی ئیمپریالیستییە، دەبێ بچنە ئەو بەرەیەوە.

لە چوارچێوەی ئەم لێکدانەوەیەدا، حیزبی توودەی ئێران بەهۆی هیندێک دروشمی بێنێوەرۆکی خۆمەینی لە دژی ئەمریکا ئەو و ڕێژیمەکەیان بەدژی ئێمپریالیستی لە قەڵەم دەدا و داوایان دەکرد حیزب واز لە خەبات بێنێ و تەسلیمی کۆماری ئیسلامی

ببێت، کە ئەمە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانەوە ڕەت کرایەوە. بەداخەوە پیلانی کۆماری پەت و سێدارە و حیزبی توودە توانییان گرووپێک لە حیزبی دیموکرات -کە بە تاقمی ٧ کەسی ناسران- لەگەڵ ژمارەیەک کادر و پێشمەرگە لە حیزب کە دواتر ناوی" پەیڕەوانی کۆنگرەی چواریان" لەسەر خۆیان دانا داببڕن. ئەوان دوای خۆڕادەستکردنەوە بە ئێران بە بیانووی خەباتی دژی ئیمپریالیستی چی سیخوڕی و دوژمنکاری نەما کە دژی حیزبی دیموکرات نەیکەن. پاش چەند مانگ لە دابرانی تاقمی حەوت کەسی، کزی و هەڵەبوونی لێکدانەوەکانی حیزبی توودە و ئەو تاقمەش لەسەر نێوەرۆکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ هەمووان دەرکەوت و تیئوریسیەنەکانیان -ئیحسان تەبەری، نورەدیین کیانوری، عەلی گەلاوێژ و..." کەوتنە بەر تیغی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی و ناچار بە داننانی تەلەڤیزیۆنی بۆ حاشاکردن لە ڕابردوویان کران کە دواتر عەلی گەلاوێژ لە زینداندا ئێعدام کرا و تەبەری و کیانووریش لە شانۆی سیاسەت بە یەکجاری وەلانران.

مەبەست ئەوەیە لە هەردوو قۆناغدا ئەوەی بووە هۆی ئەم زەرەر و زیانانە کە وەبەر بزووتنەوەی کورد کەوت، کزی و لاوازییەک بوو لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەلومەرجی عەینی و زیهنیی ئەوکاتی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان، هەروەها نەناسینی نێوەرۆکی کۆنەپەرەستانەی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و لەلای دیکەوە ئەوەی بۆ تاقمی حەوت کەسی و حیزبی توودە گرینگ نەبوو، بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی بوو. ئەوان مەبەستیان ڕازیکردنی کۆماری ئیسلامی و دڵخۆشکردنی یەکیەتیی سۆڤییەت بوو کە ئەوکات کیسەی لەسەر دۆستایەتیی خۆیان و کۆماری ئیسلامی هەڵدرووبوو.

لە بەرامبەر ئەو دوو ڕەوتەدا کە بەکورتی باسمان کرد، حیزبی دێموکراتی ڕاستەقینەی هەڵقوڵاو لە ویست و ئیرادەی خەڵک هەبوو کە خوێندنەوەی دروستی بۆ ڕووداوەکان هەبوو و بنەڕەتی سیاسەتکردنەکەشی بۆ بەرژەوەندی گەل دەگەڕایەوە و، ڕێبەریی ئەم ڕەوتەش د. عەبدولڕەحمان قاسملوو دەیکرد.

لەمەڕ سەربەخۆیی بڕیاردان لە حیزبی دێموکرات و لە باوەڕەکانی د. قاسملوودا نموونە زۆرن کە ڕەنگبێ باسکردن لە هەموویان لەو دەرفەتەدا مەیسەر نەبێت، بەڵام پێوەندیی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق یەک لە لوتکەکانی خاوەنداریی حیزب لە بەها و پرەنسیپەکانیەتی. شێوەی دامەزراندن و بەردەوامیی پەیوەندییەکانی د. قاسملوو لەگەڵ حکوومەتی بەعس و درێژەی ئەو پەیوەندییە بۆ ماوەی چەند دەیە کە هاوکاتیش بوو لەگەڵ شەڕی عێراق لەدژی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی باشوور ئێستاش جێی سەرنج و بایەخی لێکۆڵەرانە. پاش ڕووخانی حکوومەتی بەعس و دەرکەوتنی بەڵگەکان زۆر لە دوژمنان و نەیارانی حیزبی دیموکرات پێیان وابوو دەست بەسەر سەدان بەڵگە لە پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حکومەتی بەعس دادەگرن و بە خەیاڵی خویان حیزبی پێ ڕیسوا

دەکەن، بەڵام لە تەواوی بەڵگەکاندا بە شایەتیدانی زۆر بەرپرسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لەو بارەیەوە دواون - د. مەحموود عوسمان و مەلا بەختیار بۆ نموونە- تەنانەت یەک بەڵگەش نەدیتراوە کە حیزبی ئێمە دێموکرات بڕیارێکی لەدژی بزووتنەوەی کوردی باشوور یا هیچ شوێنێکی دیکە دابێ، یان لەسەر حسێبی بەرژەوەندیی ئەوان کارێکی کردبێ؛ بەڵکوو هەر بەپێی قسەی ئەم بەرپێزانەی ناویان هات سەدان بەڵگە دەرکەوتوون کە نیشانەی هاوکاریی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی لێقەومانی تێکۆشەرانی باشووردان. ئەوە جێی شانازییە کە لە تەواوی ئەو سەردەمەدا کە حیزب پەیوەندیی لەگەڵ عێراق هەبووە، نەدیتراوە و نەبیستراوە یەک کوردی باشووری کوردستان لەلایەن کوردێکی ڕۆژهەڵاتەوە هێرشی کرابێتە سەر، بریندار یان شەهید کرابێ. هۆکاری ئەمەش بۆ ئایدیا و بایەخە فکرییەکانی د. قاسملوو دەگەڕێتەوە کە لەجێدا باوەڕی وابوو ئەو سیاسەتەی کە خۆمان - وەک حیزب - بڕیارمان لەسەر داوە، ئەگەر چەوت و هەڵەش بووبێ، مادام بۆچوونی خۆمان بووە، بە ئەرزشە. چونکی پێمان وایە هیچ کەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقعییاتی کۆمەڵی کوردستان شارەزا نییە. بۆیە هیچ کەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی لە جیاتی ئێمە نییە. جا ئەوە چ دەوڵەتێک بێت چ لایەنێکی تەنانەت دۆستمان.

ئەو باسە دەکرێ زۆر بەردرێژ بێت، بەڵام تەنیا نموویەکی دیی بۆ دێنینەوە. لە کاتێکدا ڕێبەریی حیزبی دێموکرات پێوەندیی زۆر باشی لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق دامەزراندوە، لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە هەوڵی تێرۆرکردنی مەرحووم مەلا مستەفا بارزانی، دەدرێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بە ئیمزای کۆمیتەی ناوەندی بە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەری ١٣٥٠ (١ - ١٠ - ١٩٧١) بەتوندی ئەو کردەوە تێرۆریستییە مەحکووم دەکا.

ناسراوترین وتەی د. قاسملوو لەبارەی سەربەخۆیی سیاسی بڕیاردان ئەوەیە کە: ئەگەر ڕۆژێک ناچار بین لە نێوان سەربەخۆیی سیاسی و دۆستایەتی یەکیان هەڵبژێرین ئەوە بەبێ گومان سەربەخۆیی سیاسیی هەڵدەبژێرین." نووسینەکەم بە وتەیەکی دوکتور قاسملوو کۆتایی پێ دێنم کە دەفەرموێ: "حیزبی دێموکرات، حیزبێکی سەربەخۆیە و سەربەخۆیی خۆی لە هەموو شتێکی دیکە بەلاوە گرینگرە. ئەوەی بە قازانجی خۆی و خەڵکی بزانێ جێبەجێی دەکات و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێ نەزەری خۆی بەسەردا بسەپێنێ. نابێ لە بیری بکەین کە سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان بۆ ئێمە سەرمایەیەکی گەورەیە".

٢٢ی جوولای ٢٠٢٢

## خەڵکی ئێران و دروشمی ڕەزا شا

ناڵێم ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران لایەنگری نیە، بەڵی لە سێبەری خوڵقاندنی ئەم هەلوومەرجە ناله بارە لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە، ڕێژیمێک کە بە ڕێپێوانی میلیۆنی لە ئێران بەشەپ وەدەرنراو بەهۆی نەبوونی ئاڵترناتیوێکی بەهێز و دیموکرات بۆ جێگرەوەی ڕێژیم ،دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی لە نێوان خراپ و خراپترەکەدا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیانەوە خەریکی هەوڵی گەڕاندنەوەی سەڵتەنەتن بۆ" ناخودئاگای" خەڵکی ئێران و، بەسەردانی چەند دروشمێک لە ڕێپێوانەکاندا، هێنانی ناوی ڕەزاشا دەکەنە هەوێنی ئەم هەوڵە نەزۆکەیان

لەپەیوەندی بە دانی دروشم لە ڕێپێوانەکاندا دەیان نموونەم هەیە کە وەک بیرەوەری باسی بکەم بەڵام لێرەدا سێ نموونەتان بۆ باس دەکەم بۆ ئەوەی بزانن دروشمدان لە ڕێپێوانەکاندا و گوتنەوەی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە چەندەحیسابی لە سەر دەکرێ، ئەگەر ڕێپێوانەکە لە لایەن جەریانێکی تایبەتەوە ڕێک نەخرابێ، کە دەزانین خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانەی ئابادان و بەختیاری و...هتد، لە لایەن هیچ هێز وکەسایەتی و ڕێکخراوێکەوە ڕێکنەخرابوون و خۆڕسک بوون.

پاییزی ساڵی ١٣٥٧ لە جەریانی ڕێپێوانەکانی خەڵکی شاری پاوە لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دروشمی" دیموکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان "درا، دڵنیاشم ڕێژەیەکی زۆر لە بەشدارانی ئەو ڕێپێوانە کەمترین زانیارییان لە سەر ئەو دروشمە نەبوو، بەڵام هەموو خەڵکەکە دروشمەکەیان پاتە دەکردەوە.

نموونەی دووهەم حەتمەن لە بیرتانە کاتێک عەبدوڵا ئۆجەلان ساڵی ١٣٧٨لە لایەن تور کیەوە ڕفێندرا، لەسەر بانگەوازی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بە نارەزایەتی لەو ڕفاندنە شارەکانی کوردستان بوونە مەیدانی کۆمەڵێک ڕێپێوان، لەو ڕێپێوانانە دا خەڵک لە باتی ئەوەی بڵێن بژی "ئاپۆ" دەیانگووت بژی"ئاکۆ" بەبێ ئەوە بزانن ئاپۆ کێیە هەر بۆیە ناوەکەشیان بەدروستی نەدەزانی تابزانن بۆ چی هاتون.

بۆ زاخاوی مێشکیش بووە نموونەی سێهەمیشتان بۆ باس بکەم، ئەویش ئەوەیە لە ساڵەکانی ١٣٥٤ - ١٣٥٥ کەسێک بەناوی" ئادا "کە زۆر تەواو نەبوو، خەڵکی بەخشی سێی کرماشان بوو لە مانگی موحەرەم کە دەستەکانی سینەزەنی بەناو شاردا دەگەڕان، دەکەوێتە ناو دەستەیەکی سینە زەنییەوە، لەم دەستانەدا هەر دەستەیەک سەردەستەیەکی هەبوو کەدروشمەکانیان

دەدا و باقی دەستەکەش دەیانگووتەوە، لەیەکێک لەوودەستانەدا سەر دەستە شوعاری "عباس سردار لشکر، عباس سقای حرم" دەدات و دەستەکە دەبێ بیڵێتەوە ڕاست لەم کاتەدا یەکێک لەسەفی پشتەوە پێ دەنێت بەکەوشی "ئادا"دا و "ئادا" کەوشەکەی لێ بەجێ دەمێنێ، هەربەوئاهەنگەی سینە زەنییەکە هاوار دەکا "ویسا کفشم مانده جا وەیسا" و ئیتر بەدوای ئەمەدا باقی سەفەکە ئەم دروشمەی" ئادا "پاتە دەکەنەوە، سەردەستەکە لەو پەڕێ توڕەییدا کە دەزانی کەتنی "ئادا "یە دێت و دەڵێ لەم دەستە بڕۆرەدەرەوە "فلان فلان شدە "و ئادا" وەدەردەنێت ، ئاداش لەدژکردەوەی ئەم دەرکردنەدا بە کابرا دەڵێ "برو رحمت عەمت شرکت نفت کەنیست این دستە نە اون دستە"

مەبەستم ئەوەیە بڵێم زۆر نیگەران مەبن و خۆتان سەخڵەت مەکەن بەم دروشمانەوە، لەبەرئەوەی دانی دروشمێک لە ڕێپێوانێکدا ناتوانی ڕادەی پێگەو هێزی جەریانێک دیاری بکا. ڕێژیمی پاشایەتییەک کە سەرچاوەی دیکتاتۆری و جیاوازیدانان و سەرکووت و زەبر وزەنگ بوو ولە کۆتاییەکانیدا تەنانەت تێکۆشانی حیزبە یان ئیرایستەکانیشی قەدەغەکرد و، حیزبی ڕەستاخیزی دانا و ڕایگەیاند کە هەرکەس نەبێتە ئەندامی ئەو حیزبە دەبێ ئێران بەجێ بێڵێ و. بڕوات، بۆیە بەم هۆیانەوەی سەرەوە بوو کە لەلایەن میلیۆنان لەخەڵکی ئێرانەوە وەدەرنرا. ئێستا بەهەرا و هوریای چەند کاناڵێکی تلویزیونی و چەند سیاسێکی سەرلێشیواو حەستەمەبگەڕێتەوە

٢٠ی جوونی ٢٠٢٢

# سنەی قارەمان ناوێکی پڕ بە پێست

کە چاو لە شەڕی ٢٦ ڕۆژی شاری سنە و بەرگری ڕۆڵەکانی ئەم شارە لە بەرامبەر هرۆژمی سپای جەهل ونەزانی کۆماری ئیسلامی دەکەم.کەچاو لە ئازایەتی و فیداکاری سەیدجەمیل حوسەینی و کاوە جەوانمەرد وەک پێشمەرگە و شەڕکردن تا دوا فیشەک لە دژی سپای جەهل و نەزانی و خۆ بەدەستەوە نەدانیان تاشەهید بون دەکەم، کەچاو لە هەڵویستی بوێرانەی زارا موحەمەدی مامۆستای فێرکردنی زمانی کوردی و گرتنە بەری ڕێگای زیندان بەورەیەکی پۆلاییینەوە دەکەم، کەچاو لە هەڵویستەکانی وریا غەفوری کاپیتانی تۆپی پێی یانەی ( ئیستقلال) لە چەند قۆناخی جیا جیادا لە بانگەوازی هاوکاری بۆ بلاٌلێدراوانی بومەلەرزەی شاری سەرپێڵ و بەرگری لە کۆڵبەران، کردنە بەری لیباسی هاوڕەنگ بە هاندانی وریا لە لایەن تیمی ئیستقلال کە لە سەری نووسرابوو "دختر ابی" وەک نمادی ئاگر لەخۆبەردانی کچێکبەناوی سەحەر ولە تازەترین هەڵویستیدا شەرمەزار کردنی برسی کردنی خەڵک لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەکەم و چەندین هەڵویستی ئازایانەی دیکەی ئەم ڕۆڵە نەبەزانە و بەهەزاران هەڵویستی ئازایانەی دیکەی لاوە خەباتگێڕەکانی شاری قارەمانی سنەوە دەکەم، ناتوانم نەڵێم، سنە تۆ بەوڕۆلاٌنەتەوە و بەو پەروەردەنەتەوەییەوە کە دایکانی نیشتمانپەروەری سنەیی بەڕۆڵەکانیان داداوە، ناوی شاری سنەی قارەمان ناز ناوێکە کە ڕۆڵە بەوەج و فیداکارکانت پڕ بە بالاٌی تۆ بڕیویانە وپیرۆزت بێ.

سنە!

**بێگومان ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە هەموو گۆشە وکەنارێکی جیهاندا و هەموو ئازادیخوازێکی ئێرانیش بەو ڕۆڵە بەوەج و ڕچەشکێنانەتەوە شانازی دەکەن و ئافەرینیان پێ دەڵێن.**

٢٠ی مای ٢٠٢٢

# بیرت ئەکەم

ڕۆژی ١٦ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٩٥ ی هەتاوی بەرامبەر بە (٦ی مای ساڵی ٢٠١٦ ی زایینی) هەواڵێکی دڵتەزێن دڵی ڕاچڵەکاندم، ئەویش هەواڵی کۆچی دوایی برا و هاوڕێم کاک سەید ڕەزا درودگەر بوو.

هاوڕێکەم ٦ ساڵ بە سەر کۆچتدا تێپەڕی، بەڵام ڕوو لە هەر گۆشە و کەنارێک دەکەم کۆمەڵێک بیرەوەری پێکەوە بوونمان دەمباتەوە بۆ ئەوسەردەمە. باسەسیاسیەکانمان و گەرمی و دڵسۆزیت بۆ پارێزگاری لە خەت و ڕێبازی حیزب کە هەمان ڕێبازی قاسملووی نەمرە،د.قاسملوو و د. شەرەفکەندی چەندەیان خۆش دەویستی و ڕێزیان لێ دەگرتی، تۆش چەندەت ئەوان خۆش دەویست.

لەدانیشتەنەکانی ئێواران کەتێکەڵ بوو لە گەڵ گاڵتەو گەپ و گوێگرتن لە گۆرانی هونەرمەندان و لە نێوهونەرمندەکانیش دا چەندە کەیفت بە گۆرانییەکانی عەباس کەمەندی دەهات.

دەرکەی ماڵەکەت بەڕووی هەموو هاوڕێیانت دا کراوە بوو، ماڵەکەتان مێوانی لێ نەدەبڕا و ئەوەی لە دەستت هاتبا بۆ یارمەتی هاڕێیانت دریغت نەدەکرد.

لەسەیرانەکانماندا کە بەساڵێک دوو سێ جار ڕێک دەکەوت چەندە ڕۆح سووک ودڵ ئاوەڵا بوویت، هەموو هەوڵێکت ئەدا بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا هەمووان خۆشیان لێ بگوزەرێت.

با لەم بیرەوەرییەدا تاوێکیش بگەڕێینەوە بۆ بیرەوەرییەکانمان لە شارە جوانەکەمان پاوە، ئەوکات بەپێی تەمەنمان هەرکاممان تێپێک لە لاوە جوانەکانی پاوە هاوڕێمان بوون، بە تیپی ئێمە و ئێوەوە لەو دەورانەدا هەرچەند زۆر دژوار بوو بەڵام کۆمەڵی سوننەتی نامۆمان شکاندن.

لە شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو تیپە لاوانە چ دەورێکی گرینگمان گێڕا لە تێکەڵ کردنی شارەکەمان بەوشۆڕشە، شۆڕشێک کە بەرهەمەکەی بەداخەوە کۆمەڵێک ئاخوندی کەلە ویشک و دەست وپەیوەندەکانیان چنییانەوە و بەشی خەڵکەکەمان بوو بەهەژاری و بەدبەختی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش وەزعیان بەرەو خراپتر بوونیش دەچێ.



سەرچاوە
Serchawe

لە دانیشتنەکانماندا دەتگووت لە ئەگەری سەرکەوتنی خەباتەکەماندا لە کۆیمەکاڵی جوان ئێوارەیەک پێکەوەدانیشین و چاوێک بە دەر و دۆڵی پشتە، کۆڵە، دەرەیزێ و خانەگا و باخەکانی مەر دا بخشێنین وهەر لە هەمان شوێن چاوێک لەدەرەنیشە، کەمەرەجنان، بازی مەکرۆڵی، قەڵادزێ و گەڕەکەکانی شار و دەشتی ویمیر و شاخی سەر بەرزی شاهۆ بکەین.چەندە نیشتمان خۆشەویست بووی کە تەمەنت لەپێناویدا دانا ،لەو دانیشتەنانەدا بەردەوام ئەم شێعرەت زەمزەمە دەکردەوە.

**کەلیان و کەلیان کۆڵە کۆیمەکاڵ**
**هەتا ڕۆی مردن تۆم های لە خەیاڵ**
**ئای کە چەندە بیرت دەکەم ، تۆم قەت لەبیرناچی.**

**٤ی مای ٢٠٢٢**

## وەرزش هۆی بەهێزی لەش و خۆراکی ڕۆح

لە دونیای ئەمڕۆداوەرزش بووەتە کەرەسەی سازکردنی پەیوەندی دۆستانە لە نێو یاریزانەکاندا و لەوڕێگایەشەوە پردی پەیوەندی نێوان تیمەکان و تەنانەت نەتەوەکانیش، هەر لە ڕێگای وەرزشەوە و لە کەمپە وەرزشیەکان هەرکام لەتیمەکان بەنمایشکردنی فولکلوری ناوچەیی خۆیان دەبنە هۆی ئاڵوگوڕی فەرهەنگی بۆ ناوچە جوراوجۆرەکانی دیکە.

لایەنێکی دیکەی وەرزش بێجگە لە پەروەردەی لەش دروست کردنی سەرگەرمیە بۆلاوەکانمان کە لە کاتی بێکاریدا بەشادی و بەهێزی دەیانهێڵێتەوە و بەرگری لە بەلارێداچوونیان دەکات.

ڕۆژی پێنج شەممەڕێکەوتی ١ی بانەمەڕی ساڵی ١٤٠١ ی هەتاوی لە لایەن دەزگای پەروەردەوە بانگهێشت کرابووم کە وەک یەکێک لە دابەشکارانی خەڵاتی تیمە براوەکانی والیباڵ بۆ دابەشکردنی خەڵاتەکان بەشداربم کەبە سپاسەوە بەشداریم کرد.

من کە ساڵانێک یاری والیباڵم کردووە زۆر دڵخۆش بووم بە تەماشاکردنی یاری کۆتایی کە لە نێوان تیمەکانی بۆ یەکەم دووهەمی دەورەی کێبەرکێکە بەڕێوە دەچوو کە سەرە ڕای ماندوو نەبوون لە یاریزانەکان و پیرۆزبایی بە تیمە براوەکان دەستخۆشێکی تایبەت لە تیمی داوەران دەکەم بۆ داوەرییەکەیان هەرچەند خاڵی لە کەم و کوڕی نەبوو، بەڵام زۆرم پێ دادوەرانە و بەڕێو جێ بوو و داوای سەرکەوتن و ساق وسڵامەتی بۆ هەموو لایەکیان دەکەم. هیوادارم دەزگای پەروەردە لە بەڕێوەبردنی ئەم کێبەرکێیانە بەردەوام بێت.

وەرزش لایەنی جۆراوجۆری هەیە کە مرۆڤ باسی لە سەر بکا بەڵام من لێرە بەکورتی ئاماژە بە ڕۆڵی سەرپەرەشتیار دەکەم چونکەلەیارییەکەدا سەرپەرستیاری تیمەکانم بەرچاو نەکەوت و ئەگەریش سەرپەرەستاریان هەبووبێ بەبڕوای من دەوری خۆیان نەگێڕا.

لە بەر ئەوەی دەوری سەرپەرەستیاری تیمم پێ گرینگە ئاماژەیەکی کورت بە چەند خاڵێکی ئەرکی سەرپەرستیاری تیمەکان دەکەم کە بریتین لە:

١- سەرپەرەستیار، دەبێ خاڵی لاواز و بەهێزی تیمەکەی خۆی و بەرامبەرەکەی بناسی بۆ هەر خاڵێکیان ڕێنوێنی تایبەت بە تیمەکەی بدات.

٢- هەرکام لە یاریزانەکان توانای تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆیەمۆرەکان دەبێ بەجۆرێ بچنێ کە کێ بۆ چ جێگایەک موناسیبە و دەبێ لە بەرامبەری کامە مۆرەی تیمی بەامبەری دابێت.

٣- لە ئەگەری شەڵەژانی تیمەکەیدا لە کاتی یاریکردندا کە زۆر جار ڕوو دەدات، ورەبە تیمەکەی بدات و بە ئاڵووگۆڕ لە مۆرەکاندا سازماندەهییەکە بگۆڕێ هەوڵ بدات ئیبتکار بە دەستەوە بگرن.

٤- دەبی یاریزانەکانی ڕێنوێنی بکات کە لەخۆ بایی نەبن و حیسابی تەواو بۆ تیمی بەرامبەریان بکەن ئەگەرچی زۆر لاوازیش بن.

٥- لە دۆڕاندا هەڵنەچن و لەسەرکەوتنیشدا لە خۆ بایی نەبن.

٦- گرینگترین خاڵ بەلای منەوە ئێخلاقی وەرزشییە کە دەبێ فێری تیمەکەی بکات ، ئەویش پاراستنی نەزمی کایەکە،

**ڕێزدانان بۆهاوڕییانی و بەرامبەرەکەشی و سازکردنی کەشێکی دۆستانە لە نێو یاریزانەکانی تیمەکەی و هەروەها تیمەکانی بەرامبەریدا.**

**سەرکەوتووبن**

**٢٨ی ئەپریلی ٢٠٢٢**

## شەڕێکی گەورە لە بێدەنگی ڕاگەیاندندا

ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لەدرێژەی شەڕی ڕیژیم دژ بە خەڵکی کوردستان بە بیانووی چوون بۆ مەرزەکان ولە ڕاستیدا بۆ داگیر کردنەوەی شاروناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە ڕیژێم دەوری دووهەمی شەڕی بە هێرش بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد.

پاش هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە دەوروبەری شاری پاوە وداگیر کردنەوەی شاری کامیاران شەڕ گەیشتە شاری قارەمانپەروەری سنە،لە پەیوەندی بە ڕوودانی دەوری دووهەمی ئەم شەڕانەوە حیزبی دیموکرات لەسەر ئەو بڕوایە بوو هەوڵ بدریٚ شەڕ نەکەوێتە ناو شارەکان چوون لەو حاڵەتە دا خەڵکی بێدیفاع زۆر دەکوژرێن و شارەکانیش ویران دەبن،بویە بە باشتری دەزانی شەڕەکان بکێشرێنە دەرەوەی شارەکان، بەڵام لە لایەک هێزە چەپەتوندڕەوەکان (کۆمەڵە، پەیکار، چریکەفیداییەکانی ئەقەلییەت) بەبەرز کردنەوەی دروشمی سنە دەکەینە ئیستالینگراد ولە لایەکی دیکەوە ڕێژیم بریاری گرتنەوەی شارەکانی بەلەشکەر کێشی بەربڵاو بۆ سەر کوردستان دابوو تا لە ئاکامدا شەڕ لە ڕۆژی ٢ی بانەمەڕ لە شاری سنە لەنێوان هێزی پێشمەرگە و خەڵکی شار لە لایەک و هێزە سەرکوتکەر و دژی گەلیەکانی کۆماری ئیسلامی بەچاو ساقی و هاوبەشی جاشەبەکرێگیراوەکان لە لایەکی دیکەوە دەستیپێکرد.دەبیٚ ئەوەش بڵێم ئامادەکاری بۆ شەڕەکە لەهەر دوولاوە سیٚ تا چوار ڕۆژ پێشتر دەستی پێکردبوو.

لەیەکەم بەرنگاربوونەوەدا تیپێکی ڕێژیم بە فەرماندەی سەرهەنگ ئەحمەد نوسرەتزادە تێداچوون ،ئەم سەرهەنگە پاش کوژرانی دەرجەی سەرتیپییان پێدا و ئەمە بریارێک بوو ڕێژیم سەبارەت بە کوژراوەکانی شەڕدابووی کە دوای کوژرانی هەر فەرمانەیەکیان لە شەڕدا دەرجەیەک دەچوونە سەرەوە ،کە ئەحمەد نوسرەتزادە و ژمارەیەکی دیکە لە فەرماندەکانیان لە سایەی سەری پێشمەرگەکانەوە دەرەجەیان چووە سەر وئەحمەد زادە دوای کوژرانی بوو بە سەرتیپ.

ئەم شەڕە لە ڕوانگەی هێزەچەپەتوندڕەوەکان و ڕێژیمەوە بە شەڕی ٢٤ ڕۆژە و لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتەوە بە شەڕی ٢٦ ڕۆژە ناسراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبی دیموکرات ویڕای موافق نەبوونی بۆ شەڕی ناوشاری بەوهۆیەوە کە دەبووە هۆی کوژرانی خەڵکێکی زۆر، بەڵام کە شەڕەکە ڕوویدا زۆرچالاکانە بەشداری شەڕەکەی کرد ٢٧ پێشمەرگەشمان لەو شەڕەدا شەهید و ژمارەیەکی زیاتریش برینداربوون و ٢ ڕۆژیش دوای کشانەوەی هەموو هێزەکانی دیکە لە شاردا کشاینەوە.

خومەینی ساڵی ١٣٥٩ وەک ساڵی ئەمنییەت ناودێر کردبوو و دەستی سپا و ئەرتەشی ئاوەڵا کردبوو بۆ خولقاندنی هەر جینایەتێک لەکوردستاندا و بەنی سەدری سەرۆک کۆماریش داوای لە ئەرتەش کردبوو پوتینەکانیان دەرنەهێنن تا کوردستان پاکسازی دەکەن.

لە چوارچێوەی ئەم فەرمانانەدا بوو کە ڕیژیم هێزێکی زۆری لە لە سەرانسەری ئێرانەوە بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان کۆ کردبووەوە و هێرشەکەیان هەر وەک لە پێشەوە باسم کرد لە ڕۆژی ٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بۆ ناو شاری سنە دەست پێکرد.ئەو هێزانەی ڕێژیم کە لەشەڕەکە دا بەشدار بوون لەم ناوچانەدا هێنا بوونیان:

تاران، کاشان، قوم، ورمێ، مەشهەد، مازندەران، کرمان و ئیسفەهان ئەمەش بێجگە لە هێزەکانی سوپای پاسداران و ئەرتەش لە شارەکانی کرماشان و سنە کەلە ژێر فەرماندهی موحەمەد بروجردی لەو شەڕە دا بەشداربوون.

هێزی هەوایی ئێران بەردەوام شاری بومباران دەکرد و لە پادگانی سنەشەوە بە ووتەی سەرهەنگ سەدری فەرماندەی پادگانی سنە لە هەر کاتژمێرێکدا ٤٠٠ گولەتۆپیان بە شارەوە ناوە. بەو حاڵەش بە سەدان نەفەرلە هێزەکانی ڕیژیم کوژران و بریندار بوون کە ڕێژیم دانی بە ٣٠٠ کوژاو و ٥٠٠ بریندار لەو شەڕەدا ناوە.لەم شەڕە دا نیزیکەی ٢٠٠٠کەس لە خەڵکی بێ دیفاع شەهید بون و سەدان خانوو ڕوخان.

ئەم سەرکوت و وێرانکارییە لەو پەڕی بێ ئاگایی ڕاگەیاندنی ئازاددا بەڕێوە چوو، ئەگەر باسێکیش لەو شەڕە لە ڕاگەیاندندا هاتبێتە گۆڕێ تەنیا لە ڕاگەیاندنە چەواشەکارو درۆزنانەکانی ئەو کاتی ڕێژیمدابەقازانجی خۆیان هاتووەتە گۆڕێ و ئیستاش بۆ بەلاڕیدا بردنی ئەو شەڕانە، ڕێژیم بە بەرنامە کەوتووەتە بڵاوکردنەوەی بیرەوەری فەرماندەرانی ئەو شەڕانە و ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی بۆ ڕووداوەکانی شەڕی کوردستان دامەزراندووە.

وەک دیارە ڕێکەوتی ئەو شەڕە ٣ مانگ پیش لەدامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بووە، بۆیە تەنانەت خەڵکی کوردستانیش لەهەواڵی بەڕێوە چوونی ئەو شەڕە قارەمانانەیە ئاگادارنەبوون تا چ بگات بەوەی کە دونیای لێ ئاگادار بکرێ.

بەرنگاری شەڕی ٢٦ ڕۆژەی شاری سنە لەوپەڕی ئازایەتی خەڵک و پێشمەگەدا بەڕێوەچوو، ئەگەربەرئاوردبەبەرەنگاری هێزەکانی ڕۆژئاوی کوردستان لە بەرامبەرهێرشی تورکیە بۆسەریان کە حەوتوویەکی کێشا کە چ دەنگدانەوەیەکی گەورەی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنابکرێ، بەڵام شەڕی سنە کە هم لەڕوی زەمانییەوە و هەم لە ڕووی شەهید و خەساری ماڵییەوە و

هەم لە ڕووی تەلەفاتی دوژمنەوە زۆرلە شەڕی ڕۆژئاوای کوردستان گەورەتر بوو کە چی کەمترین دەنگدانەوەی نێونەتەوەیی و تەنانەت نێوخۆیشی لێ کەوتەوە، ئەو کات بۆمان دەر دەکەوێ ڕاگەیاندن دەتوانی چ دەورێکی کاریگەربۆ پشتگریکردنی بیروڕای گشتی لەخەباتێکی ڕەوا بگێڕێ، بە داخەوە لەو ساتەوەختانەدا کە شەڕی بەرگری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئارادابوو نە بیروڕای گشتی جیهان وەک ئیستا کۆماری ئیسلامی ناسیبوو و نە ڕێکخراوە کوردییەکانیش خاوەن ڕاگەیاندنێکی بە هێز بوون تا جەریانی ئەم شەڕانە بۆ نێو کۆمەڵگا بگوێزنەوە و سۆزو پشتگری بیروڕای گشتی بەرەولای ئەم خەباتە ڕەوایە ڕابکێشن.

بێگومان بەرنگاری ٢٦ ڕۆژەی هێزی پێشمەرگە و خەڵک لە بەرامبەر هێزی تا ددان موسەلەحی ڕێژیم لە شاری سنەدا کە بە ووتەی موحەمەد بروجردی فەرماندەی ئەو شەڕە تەنیا موهیماتی ئەنبارەکانی پادگانی سنە تێرای دەساڵ شەڕی دەکرد، لە کاتێک دا هێزی پێشمەرگەبە کەمترین ئیمکاناتی نیزامی دەستی دابووە بەرگریکردن یەکێک لە لاپەڕە زێڕین و دروشاوەکانی بەرنگاری قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە وخەڵک لە میژووی پڕ لە سەروەری خەباتی گەلەکەماندایە، نارەوایە لەسەری نەنووسین و گۆشەکانی ئەم شەڕە هەم لەڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی سەربازییەوە بۆ نەسڵی لاوی کوردستان ڕوون نەکەینەوە.

جێگای داخە هیچکام لە حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ناوەندێکیان بۆ نووسین لە سەر ئەو ڕابردووە پرشنگدارە نییە،بۆیە لێرەدا ڕووی قسەونووسینەکەم دەکەمە ئەو کەسانە کەلەو شەڕانەدا بەرپرس یا بەشداربوون، داوایان لێدەکەم هەرکەس لە هەرگۆشەیەکی ئەو شەڕانەدا بەشدار بووە یا بە پاراستنی گۆشە نهێنییەکانی لە بابەتێکدا بیهێنێتە سەر کاغەز بۆ ئەوەی کۆ بکرێتەوە و وەک بەڵگەنامەیەک لە خەباتی قارەمانانەی ئەم گەلە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بکەوێتە بەردەستی نەسڵی داهاتوو

سڵاو دەنێرم بۆشدارانی ئەو داستانە پڕلەسەروەرییە.

ڕۆحی شەهیدە نەمرەکانی شەڕی ٢٦ ڕۆژەی شاری سنە شاد بێت.

١٧ی ئەپریلی ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## هێرشی موشەکی سپای پاسداران بۆ سەر ناوچەیەک لە هەولێر

سپای پاسداران هێرشە موشەکیەکەی بۆ سەر ناوچەیەک لە هەولێر پشت ڕاست کردەوە، و هۆکاری ئەو هێرشەشی گەڕاندەوە بۆتۆڵەی دوو لە فەرماندەکانیان کە گۆیا لە لایەن ئیسرائیلەوە کوژراون، ئەوشوێنە کە وەبەر موشەک کەوتوون بە بنکەی سیخوڕی ئیسرائیل ناوزەدی کردوون، لە کاتێکدا هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەم خەڵکی هەولێر دەزانن کە ئەو شوێنە خەڵکی مەدەنی تێدا دەژی و هیچ بنکەیەکی ئیسرائیلی لێ نییە.

سوپای پاسدارانی ئێران ئەگەر جورئەت و توانای تۆڵەکردنەوەی لە ئیسرائیل هەبا ئەوە هێزی لە لوبنان و سوریە هەیە و ئیسرائیلیش لە بوردی هەموو چەشنە موشەکێکی ئێراندایە و دەیتوانی لەو شوێنە تۆڵەی خۆی بکاتەوە کە وێی کەوتووە.
ڕاستیەکەی ئەوەیە ئێران نەدەتوانێ و نەدەوێری کە ڕوو بە ڕووی ئیسرائیل بێتەوە، کەوابوو ئامانجی لەم هێرشانە تۆڵەکردنەوە لە ئیسرائیل نییە بەڵکوو دژایەتی کردنی هەرێمی کوردستانە، هەر لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانی ئەم قەوارەیە"هەرێمی کوردستان" کاربەدەستانی ئێران نەیانشاردووەتەوە و بە ئیسرائیلی دووهەمیان ناو بردووە.

کارەساتەکە لەوەدایە کە هەرکام لە ورد و درشتی بەرپرسان و جاروباریش خەڵکی ئاسایی هەرێمی کوردستان هەر کە دەم دەکەنەوە ئێران بە دۆسی کورد ناو دەبەن ،بە بێ ئەوە ڕەچاوی باری ڕۆحی بە میلیونان خەڵکی زیان پێگەیشتووی کوردستانی ڕۆژهەلات و ئێرانیش بە دەست ئەم ڕێژیمە تاوانبارەتێروریستەوە بکەنەوە.
هەرچەند من ئیدانە کردنم پێ گاڵتە جارە لە لایەن هەر کەس و دەزگا و دەوڵەتێکەوە، بەڵام بەوحاڵەش ئەو هێرشە تێرۆریستیە بۆ سەر خەڵک و خاکی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی تێروۆریستی ئێرانەوە مەحکوم و ڕیسوا دەکەم. دڵنیام کۆماری پەت و سێدارە دوا هەناسەی ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی دەکێشێ ،ئەوەی دەڕوا حاکمانی جینایەتکار و ئەوەش دەمێنێتەوە خەڵکە.

**هیوادارم ئەم کردەوە تێروریستیە بتوانێ ئەوانەی لە خۆش خەیاڵی و خەوی پەیوەندی باشی ئێراندان بە ئاگا بێنێتەوە و با ئیتر بەس بێت سات و سەودای زیانمەند لە گەڵ ئەم ڕێژیمە تاوانبارە مرۆڤکوژە.**

١٣ی مارچی ٢٠٢٢

# ٨ی مارس و ژنی کورد

ڕۆژی ٨ی مارس وەبیرهێنەرەوەی جوڵانەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییە کە بەمەبەستی خەبات لە دژی جیاوازیدانانی ڕەگەزی ڕاگەیەندرا.

ئەگەر چی دەور و ڕۆڵی ژنانی کورد لە پرۆسەی ئیدارەی وەڵات بە بەرئاورد لە گەڵ ژنانی وەڵاتانی ڕۆژئاوایی زۆرلە پاشترە بەڵام بە بەرئاورد لە گەڵ ماف و ئەرکی ژنان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەند هەنگاو لە پێشترە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- ژنانی کورد لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا شان بە شانی پیاوان بەشدار بوون و دەورێکی کاریگەریان گێڕاوە.

٢- ژنی کورد لە ڕابردوودانەفشی ڕێبەر و بەڕێوەبەریان لە کۆمەڵگای کوردستاندا گێڕاوە، وەک قەدەم خەیر، عادلەخانی جاف، حەفسەخانی نەقیب و..... هتد

٣- لە ڕەوتی خەبات لە پێناوی ماف و ئازادییەکانی گەلەکەماندا ژنانی کوردستان بەشداری چالاکانەیان لە بوارە جوراوجۆرەکانی خەباتدا بووە، لەوانە لە ریزی پێشمەرگایەتیدا بە دەیان کچی ئازا و بەجەرگ شەهید بوون و دەیان و سەدانی دیکەش بەهۆی چالاکی سیاسی و مەدەنی لەزیندانەکانی ڕێژیمدا لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا دەرسی ئازایەتیان فێری کچانی نەسڵەکانی دوای خۆیان کردووە کە لەم یادەدا ڕێزیان لێدەگرم.

٤- ئەگەر ژنان و کچانی کورد بە نمونەی ئازایەتی و بوێری لە نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوییدا ناسراون، ئەمە لە لایەک بەرهەمی نرخدانێکی زۆری خۆیانە لەو پێناوەدا و لە لای دیکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کلتوور و فەرهەنگە پێشکەوتوو و دەوڵەمەندەی کە لە نێو گەلەکەماندا بوونی هەبووە و مەیدانی بەشداری ژنانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ڕەخساندووە.

٥- نامهەوێ تێکۆشانی ئێوە ژنەئازا و بوێرەکانمان بەکەم بگرم وناشمهەوێ بڵێم ئەوەی تا ئێستا پێی گەیشتوون کۆتایی ڕێگایە، بەڵکوو دەمهەوێ پێتان بڵێم ئێوە لە چاو ژنانی ئەم ناوچەیە زۆر لە پێشترن و ئێمەش هەرووەک ڕابردوو لە پێناو گەیشتن بە مافەکانتان پشتیوان و پاڵپشتتان دەبین و شانازی بە بوونتانەوەدەکەین. لە سەر ئەو بڕواییەن لە بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەماندا هەرچەندە بەشداری ئێوە چالاکانەتر و بەرفراوانتربێ شانسی سەرکەوتنی بزووتنەوەکەمان زێدەتردەبێ.

## کچان و ژنانی ئازا!

ئێوە باش دەزانن کۆماری ئیسلامی ئێران سەرچاوەی هەموو ستەم و نابەرابەرییەکە لە کۆمەڵگای کوردستان و ئێراندا، بە تایبەتتر بە نیسبەت ژنان و مافەکانیانەوە کۆنەپەرستانەترین یاسا و بێڕەحمانەترین ئەزیەت وئازار و چەوساندنەوەی لە ٤٢ ساڵی ڕابردوودا لە سەر بەڕێوە بردون، هەر بۆیە پێویستە بۆ نەهێشتنی ئەو ستەم و نابەرابەرییە زیاتر لە ڕابردوو و بەهەمووتوانایەکەوە بۆ ڕوخاندن و تێکەوە پێچانی ئەم ڕێژیمە دژی گەل و بە تایبەت دژە ژنە تێبکۆشین.

**٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنانتان لێ پیرۆز بێ. بەهیوای کۆمەڵگایەکی دوور لە ستەمکاری و هەڵاواردن لە داهاتوودا.**

**٤ی مارچی ٢٠٢٢**

# د.قاسملوو دژی زمانی زبر و بێ ڕێزی بوو

دەمێک بوو ڕخنەم لە شێوە ئەدەبیاتێک هەبوو کە حیزب لە پەیوەندی بە ڕێژیمەوە بەکاری دەبرد و پێم وابوو حیزب دەبێ زمانێکی برێ توند بۆ ناوهێنانی بەرپرسانی ڕێژیم بەکار بێنێ ، بۆ ئەو مەبەستە داوای چاوپێکەوتنی د.قاسملووم کرد بوو.

پاییزی ساڵی ١٣٦٥ ی هەتاوی بوو، بۆ ئەو مەبەستە بە خزمەتی گەیشتم، وەک هەمیشە دەم بەبزە و تێکەڵ لە گەڵ شۆخی لێی پرسیم بۆچی داوای چاو پێکەوتنی منت کردووە؟ فەرمووە، منیش دوای سپاس لەوکاتەی کە پێی داوم دەستم بە قسەکرد و عەرزم کرد کە شێوەی ئەدەبیاتی حیزب لە پەیوەندی بە ڕێژیم زۆر نەرمە و لە ئەدەبیاتی حیزبێکی شۆڕەشگێڕ ناچێ . پرسیاری لێکردم دەتەوێ وەک موجاهیدین جنێو بدەین؟ منیش عەرزم کرد نە وەک موجاهید ونە وەک ئێمەش، کە ئەم وڵامەی منی پێ باش نەبوو و بە وردی بۆی ڕوون کردمەوە کە ئێمە مادام داواکەمان ڕەوایە و خەباتەکەشمان ڕەوا، پێویست بە زمانی زبر ناکات. ووتی دیموکرات دەبێ نووسینەکان و تەنانەت ڕخنەکانیشی لۆژیکی بن و دوور لە بێ ڕێزی کە ئەمەیان حورمەتی حیزبی پێ دەچێتە سەر و نیشانەی ڕەوایی ووتەکانمان دەبن. فەرمووی ئەوکەسانە لە باتی ئیستدلال بۆ مەبەستەکانیان زمانی زبر و جنێو بەکار دەبن نیشانەی لاوازییانە، بۆیە دیموکرات لە خراپترین حاڵەتیشدا نابێ بکەوێتە بێ ڕێزیکردن بە بەرامبەرەکەی تەنانەت ئەگەر ڕێژیمی خۆمەینیش بێت.

پاش گێڕانەوەی ئەم بیرەوەرییە ڕوو دەکەمەهاوڕێیانی حیزبیم و تکایان لێدەکەم، لەو کاتەشدا کە بە هەڵویستی کەس یا جەریانێک ئەگەر چی ناڕەحەتیش بن زمانی زبر بەکار نەبەن. جنێودان و زمانی زبر دیفاع لە حیزب نییە، و شەهیدی نەمر د. قاسملووش تا لە ژیاندا بوو دژی بی ڕیزی کردن و زمانی زبر بوو.

هاوڕێیانی ئازیزم!

ئەرکمانە و دەتوانین بەرگری لە، سیاسەت، فیداکاری و شانازییەکانی حیزبەکەمان بکەین بەڵام بە هێنانەوەی بەڵگە و بە شێوەیەکی لۆژیکی بە بێ ئەوەی بێ ڕێزی بە کەس بکەین کە ئەمەیان هەم شوێندانەرترە وهەم بەسوودترە.

١٦ی فێبریوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## بەرەو پیری ۲ی ڕێبەندان سەرلوتکەی ڕۆژەکان

هەلو مەرجی شەڕی دووهەمی جیهانی و ڕووداوەکانی پاشی، لەوانە دامەزرانی کۆمەڵەی ژ ک، دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان زەمینە خۆشکەری دامەزرانی یەکەم کۆماری دیموکراتیکی کورد بوون کە لە ڕۆژی ۲ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی وبە بەشداری بەرچاوی خەڵک لە مەیدانی چوار چرای شاری مەهاباد لە لایەن پێشەوا قازی موحەممەدەوە ڕاگەیەندرا.

کۆماری کوردستان لە ماوەی ١١ مانگ لە تەمەنی گەلێک خزمەتی بەرچاوی بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان کرد. پەیامەکانی کۆمار تائیستاش ڕێ پیشاندەری ڕێگای خەباتە و شوێندانەریەکانیان لە سەر مرۆڤی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بەردەوامە.

بەڕەسمی کردنی زمانی کوردی،سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب، ئاڵای کوردستان و دیاریکردنی ناوی پێشمەرگە بۆ چەکداری خەباتگێڕی کورد کە سونبولەکانی دەورانی کۆمارن ،ئێستاش هەر وەک سونبوول ماونەتەوە و ڕۆژ نییە لە پێناوە خۆشەویستی وپاراستنی ئەو سونبولانەدا لاوە بەجەرگ و ئازاکانمان نەکەونە بەر ئەزیت و ئازاری دەزگا داپڵوسێنەرەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، کە زارا موحەممەدی تازەترینیانە و بێگومان کۆتاکەسیش نابێ وخەبات تا گەیشتن بە ئامانجی ڕزگاری و ئازادی گەلەکەمان هەروا و بگرە بەگوڕ و تینتریش بەردەوام دەبێ

سڵاو دەنێرم بۆ دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان و درێژە دەرانی ئەو ڕێگایە "شەهیدانی ڕێگای ئازادی، زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی، کادر وپێشمەرگەنەبەزەکان، خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کورد و کوردستان" و ئەم ڕۆژە پیرۆزەیان "۲ی ڕێبەندان" لێ پیرۆز بێ.

١١ی جانیوێری ٢٠٢٢

## شێعرێکی فارسی هەیە دەڵێ:
## تامرد سخن نگفته باشد عیب و هنرش نهفته باشد

لەم ڕۆژانەدا و بۆ خۆش خزمەتی بە ڕێژیمی کۆنەپەرەست و دڕندەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەکێبەرکێیەکی سەیرو سەمەرەدا لە نێوان ژمارەیەک لە بەرپرس وبەناو ڕوناکبیرێ باشوری کوردستان، بەتایبەتی لەشاری سلێمانی، کەوتونەتە پیاهەڵدان بەکۆمەڵێک تێروریستی مرۆڤ کوژ کە بێجگە لە مروڤ کوشتن هیچ هونەرێکی دیکەیان نییە و بۆیەکیان لە مرۆڤایەتی نەبردووە. ئەم تێروریستانە، ماکەی ڕۆژ ڕەشی و ویرانکارین لە وەڵاتی بەڵا لێدراوی ئێراندا.

کۆمەڵێک لەم بەرپرس و بەناو ڕوناکبیرانە لە ڕێوەسمی ڕێکخراو، بۆ ساڵیادی کوژرانی تیروریست قاسم سلێمانی، فرمێسکی بۆ هەڵدەڕێژن و لە پێدا هەڵدان کەوتوونەتە کێبەرکێ، یەک بەفەرماندەی لێهاتوو وئوستورەیی ناو دەبات ویەک پێشنیاری زۆر ناماقوڵ وجاهلانە بۆ ساڵڕۆژەکەی دەخاتە ڕوو و ئی دیکەش بە دۆست و فریاد ڕەسی کوردی ناو دەبات، بەڕاستی کە فاجعەیە.

لە وڵامی ئەو هەموو پێهەڵدانانەدا تەنیا ئاماژە بە هونەری شەڕ وفەرماندەهی قاسم سلێمانی لە شەڕی کەربەلای ٤ دا دەکەم کە بۆ بەچوکداهێنانی عێراق ڕێکخرا بوو و ئامانجیان لەو هێرشەدا داگیر کردنی شاری بەسرە بووە دەکەم.

لەو هێرشەدا قاسم سلێمانی فەرماندەری لەشکەری ٤١ی ساراڵە بووە، ئەو لەشکەرە کە قاسم سلێمانی فەرماندەی کردووە بێجگە خۆی وگوێی نەبێ کەسی بۆ دەرنەچووە و هەربەوبۆنەشەوە سزا دراوە. لەو شەڕەدا هەربە پێی ئاماری خودی ڕێژیم ٦٠٠٠ کەس کوژراون و ١١٠٠٠ بێ سەرو شوێن و ٢٦٠٠٠ کەسیش برینداربوون. سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراویش باس لە کوژراوانی ٦٥٠٠٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لەم شەڕەدا دەکات.

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم شەڕە خومەینی فەرمانی داوە ٢٥ میلیارد تمەنی ئەوکات بودجەتەرخان بکری بۆ هەزینەی شەڕەکە، کە ئاکامەکەبێجگە لەوە زۆر بەتوندی تێک شکان و هیچ ئامانجێکیان نەپێکا، ئەوئامارەش لە سەرەوە هاتووە تەلەفاتی مروڤی ئەو شەڕە بووە بە پێی ئاماری خودی ڕێژیم، دەی پێم بڵێن هونەری ئەم فەرماندە بێجگە لە شکان لە بەرەکانی شەڕدا نەبێ چ بووە؟

خۆ لە کوردستانیشدا بێجگە لەخەڵکی سڤیل کوشتن نەبێ لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەشدا هەروا زبوون و دەستەوەستان بوون.

لە پێدا هەڵگوتنێکی نایابی دیکەدا حاکم لەتیف شێخ مستەفا وەک کەشفێکی تازەی کردبێ، لە وەسفی خومەینیدادەڵێ:

کە خومەینی ڕایگەیاندووە کە ئەو هیچ سەروت و سامانێکی نییە و ئەگەر ڕۆژێک کوڕ ونەوەکانی دەوڵەمەند بوون ئەوە دەبێ لێپرسینەوەیان لێ بکرێ؟.!!!

ڕەستەیەکی جوانە کە دەڵێن بەر بێ خەبەران کەشکەک سەڵەوات.

بۆ ئاگاداری حاکمی بەڕێز:

کۆی بوودجەی تەرخان کراو بۆ پارێزگاکانی کوردەواری لە ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی بڕی ٦٩٤٨ ملیارد تمەن بووە. لە کاتێکداکۆی بوودجە ناوەندی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خومەینی ٧٥٧٩ میلیارد تمەنە.

دەبینن کە هەموو بودجەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناگاتە بودجەی ئەو ڕێکخراوانە کە بنەماڵەی خومەینی خاوەندارەتی دەکەن. ئەوەش با بمێنی کە داراییەکانی کوڕ ونەوەکانی خۆمەینی لە بانکەکانی سویس و ئاڵمان و...هتد، سەر لە دەیان میلیارد دۆلار دەدات.

کۆتا ڕەستەئەوەیە کە، ئەم پێهەڵگوتنانە دڵی سەداان هەزار بنەماڵەی شەهید، زیندانی و لێ قەوماو لەدەست ئەم ڕێژیمە جینایەتکارەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان برینداار کردووە و، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم بێ ڕێزیانەیان لە بیر ناچێ.

٧ی جانیوێری ٢٠٢٢

## ۲۰۲۲ بابەتی ساڵی ................ ۲۰۲۲

---

### نەمری بۆ کاک تاهیر خەلیلی

**هێزی پێشمەرگە نابەزن هەموو شۆڕەشگێڕن ئەمڕۆ**
**شەهید بونمان شانازییە دایکان بۆمان مەکەن ڕۆ ڕۆ**

**ئەمە پەیامی گەورە و بچوک و هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستانە،**

کۆمەڵێک هونەرمەندی ئازا و دەروەست لە سەردەشت کۆچی دوایی تاهیری خەلیلیان کردە دەرفەت و بە خوێندنەوەی "سرودی هێزی پێشمەرگە نابەزن "ئەم پەیامەیان بە گوێی یار ونەیاردا چڕی، ئەمە ئەگەر ئیرادەی گەلێک بۆ ئازادی نییە، ئەی چ ناوێکی دیکەی دەتوانین لێ بنێین کە، لەجەرگەی خاکی داگیر کراوماندا ، لە ژێر دەسەڵاتی ڕەش و داپڵۆسێنەری ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری پەت وسێدارەدا، کە کوردستانی کردوەتە پادگانێکی نیزامی و ڕۆژ نییە لە ناوخۆی وەڵاتدا خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی ڕاپێچی زیندانە ترسناکەکانی نەکات و بەرەو پەتی سێدارەیان نەبات.

**بەڵێ ئەمە ڕاست ئەو گووتەیە کە ڕێبەری شەهیدمان د.قاسملوو پاش فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد ڕایگەیاند و ووتی:**

"خەڵکی کوردستان هەموو پێشمەرگە و چەکدارن، ئەگەر کەس یا کەسانێک بیانهەوێ هێزی پێشمەرگە چەک بکەن، ئەوە دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان چەک بکەن کە ئەوەش محاڵە"

خوێندنەوە سرودی هێزی پێشمەرگە لەناو جەرگەی دوژمندا، نمایشی ئیرادەی نەتەوەیەکە کەعەوداڵی ڕزگاریی خۆیەتی و لە دژی داگیرکاری و چەوساندنەوەخەبات دەکات. ئەم گەلە نابەزێ هەروەک تا ئێستا لەبەرامبەر ئەو هەموو جینایەت و

سەرکوتەدا نەبەزیوە و دروشمی نەبەزین و بەرخودانی بەرز کردووەتەوە.

ئەرێ نوسەری تکستی هێزی پێشمەرگە نابەزن و ئاوازدانەر و چڕینی ئەم سروده لە لایەن کاک تاهێر خەلیلیش بەدەنگە بەرز و دوژمن تۆقێنەکەی، ئەم سرودەی کردوەتە میوانی دڵی هەموو کوردێکی ئازادیخواز و پێشمەرگە خۆشەویست، بۆیەهەم کاک تاهێر و هەم نووسەر و ئاوازدانەری ئەم سروده دوژمن تۆقێنە هەر بە زیندویی دەمێننەوە.

ئافەرین بۆ ئەو هونەرمەندە ئازایانە کە بە خوێندنەوەی ئەم سروده لە نێو خۆی وەڵات داستانێکی نوێیان لەئازایەتی ،ورە و نەبەزی خەڵکی خەباتگێڕ و ئازادیخوازی کوردستان نمایش کرد. بێگومان ئەم ئازایەتیە دەبێتە لاپەڕەیەکی دیکە لەمێژووی خەبات و بەرخودانی گەلەکەمان و دەچێتە مێژووی ئەم گەلە نەبەزەوە.

سڵاو لەو هونەرمەندە ئازایانە.

نەمری بۆ کاک تاهیر خەلیلی

٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# خەو خۆش

ژمارەیەک سیاسەتمداری ئەمریکایی هانی دەوڵەتی ئەمریکا دەدەن هەلوومەرجی شەڕی غەزە و ئیسرائیل بکاتە دەرفەت بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی فەلەستینی، تا ڕێگا بۆ ئاشتەوایی و دۆستایەتی لە نێوان ئێران و عەرەبەکان و بە تایبەتی لە گەڵ عەرەبستان خۆش بکات. ئەم هەنگاوانەش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاست لەشەڕ و کێشە دور دەکاتەوە و، هێور بوونەوەی ناوچەکەش لە بەرژەوەندی ئەمریکادایە.

لە پەیوەندی بەم بۆچوونەوە پێویستە عەرزی ئاغای خۆم بکەم:

١- کۆماری ئیسلامی شەڕ بە نێعمەتی ئیلاهی دەزانێ و، ئەگەر بیکوردێنین خەیری لە شەڕێدایە، کە وابوو تا کۆماری ئیسلامی مابێ مل بۆ ئاشتەوایی ڕاناکێشێ، چون بەردەوامی ڕێژیمی ئێران لە شەڕ و قەیراندایە. کە نمونەی ئەواشەڕانە، شەڕی کوردستان، شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عیراق، هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیل، هڕو گێف و هەڕەشە کردن لەئازەربایجان و وڵاتانی عەرەبی ناوچە ...هتد.

٢- لەوکاتەوە کۆماری ئیسلامی دامەزراوە ئامانجی ناردنە دەرەوەی شۆڕش و پێکهێنانی ئیمپراتورێکی ئیسلامی شیعی بووە . دەست هەڵگرتن لەم ئامانجە بۆ کۆماری ئیسلامی زۆرگران دەکەوێ.

٣- ئەم ڕێژیمە ساڵیانێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کە لە خاڵی دووهەمدا ئاماژەم پێداوە، دەستی داوەتە پێک هێنانی گروپە نیابەتیەکان و هەزینەیەکی زۆری کردووە و کارێکی زۆری لەو پەیوەندییەدا ئەنجام داوە تا توانیویەتی لەچەند وەڵات بەهەزینەیەکی یەکجار زۆر و بە قیمەتی برسی کردنی خەڵکی ئێران ئەم گروپانەی پێک بێنی وبیانکاتە عاملی گوشار لەسەر ئەمریکا و،ترساندنی وڵاتانی ناوچەکە و باج وەرگرتن لەو دەوڵەتانە. لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا ئێران بووەتە دەسەڵاتێکی ناوچەیی، بۆیە نا لوژیکی دێتە بەرچاو کە ڕێژیم مل بۆ کەم کردنەوەی هەیمەنەی خۆی بدات و مل بۆ ئاشتی ڕابکێشێ.

٤- وەک ڕوون و دیارە گەلانی ئێران بەهۆی نەبوونی ئازادی و پێداویستیەکانی ژیان دژی ڕێژیمن و چارەی ئەم ڕیژیمەیان ناوێت. خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی ژینا درزی نێوان خەڵک و ڕێژیمی بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەرخست. ڕێژیم بۆ کەم

کردنەوەی درزی نێوان خۆی و خەڵک و هەروەها چارە سەری ئەو قەیرانانە کە بەرۆکی گرتووە هیچ چارە سەرێکی نییە، هەر بۆیە، شەڕی فەلەستینیەکان لە گەڵ ئیسرائیل گەورەترین پاساوە بۆ ئەوەی ڕێژیمی ئێران بە بیانووی بەرگری لە فەلەستینیەکان درێژە بە سەرکوتی گەلانی ئێران کە خوازیاری ماف و ئازادیەکانی خۆیان و ژیانێکی سەردەمیانەن بدات.

بەو هۆکارانە کە ئاماژەم پێدان و زۆر هۆکاری دیکە، ئێران ناتوانێ ونایهەوی ئاشتی لە ناوچەکەدا هەبێ، بۆیە دەڵێم:

بۆچوونی ڕۆژئاوایەکان سەبارەت بە ملدانی کۆماری ئیسلامی بە سوڵح و ئاشتی خەو بینین و هیوایەک زیاتر نیەو، خەون بینین و هیوا خواستنیش قەدەغە نییە.

خەو خۆش.

٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

## بیرەوەرێکی جێگای لێ فێر بوون لە دوکتور شەرەفکەندی

٢ی ئوتی ساڵی ١٩٩٠ بەرامبەر بە١١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی لەشکەری عیراق کووەیتی داگیر کرد .هاوکات لە گەڵ ئەم داگیر کردنە د. شەرەفکەندی کە ئەوکات سکرتیری گشتی حیزبی دیموکرات بوو لە دەرەوەی وەڵات لە ئوروپا بوو، لەتەواوی ئەو ماوەیەدا بۆ جارێکیش لەڕاگەیەندنەکانی دەرەوە دەر نەکەوت. بۆ زۆرێک لە هاوڕێیان ئەو پرسیارەخولقابوو کە چۆنە د.سەعید لە هیچ میدیایەک دەر ناکەوێ.

پاش گەڕانەوەی د.شەرەفکەندی لە دەرەوە لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشێک لە هاوڕێیان ڕخنەیان لێگرت کە چۆنە لەو ماوەیەدا هەوڵی نەداوە لە میدیا بیانیەکان دەر بکەوێ.

پاش تەواو بوونی ڕخنەکان د. شەرەفکەندی ووتی، بۆ ئێوە پێتان وایە دەرکەوتن هەمیشە لایەنی ئەرێنی هەیە و بۆ خۆشی وڵامی دایەوە جاری وایە بێدەنگی و خۆ دەرنەخستن باشترین هەڵویست و سیاسەتە و لە درێژەدا گووتی لەم ماوەیەدا کە لەشکەری عیراق هێرشی بۆ کووەیت کرد و کووەیتی داگیر کرد ڕۆژەڤی میدیاکارەکان لە دەرەوەی وەڵات پرسیار کردن بوو لەو بارەوە، کە ئەگەر ڕویان لە من کردبا و پرسیاریان لەوبارەوە لێکردبام یا دەبا ئیدانەم کردبا کە لە نەزەری ئێمەوە داگیر کاری مەحکومە، کە ئێمە پەیوەندیمان لە گەڵ حکومەتی بەعسدا هەبوو و لە سەرمان بە گران دەکەوت .وەکوو دیکەش ئەگەر ئیدانەمان نەکردبا هەم دژی سیاسەتی خۆمان بوو وهەم لە بیروڕای گشتی جیهانیشدا لەسەرمان بە گران دەکەوت.

**د.سەعید لەدرێژەی وتەکانی ڕایگەیاند لەو ماوەیەدا زۆر لە میدیاکان هەوڵیان داوە وتووێژی لە گەڵ بکەن بەڵام بەڕێزیان لەبەر ئەومەوزوعە خۆی لێ لاداون.**

**لە کۆتایی وتەکانیدا فەرمووی ،پێم وابوو لەو بارەوە تەشویقم دەکەن و گوتی:**

**دەربڕینی بیرو ڕا هەمیشە لە بەرژەوەندیدا نییە، زۆر جار بێدەنگی کردن لە بابەتێک باشترین سیاسەت و دروستترین بڕیارە و بەم چەشنەیە سیاسەت کردن.**

**٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣**

## کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
## زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە لەساڵڕۆژی شەهید کرانی ژینادا ئازایانە و بەئیرادەیەکی بەهێزەوە هاتنەوە مەیدان و، وڵامی ئەرێنیان بە بانگەوازی حیزبەسیاسی و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی خۆیان سەبارەت بە داخستنی دوکان و بازارەکانیان لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان دایەوە.

ئەم وڵامدانەویە لە کاتێکدا بوو، کە حەوتوویەک زیاترە ڕێژیم هێزەسەرکوتکەرەکانی لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە دێنێتە کوردستان و بە هەڕەشەی گرتن و سەرکووت کردن دیهەوێ خەڵک بترسێنی بۆ ئەوەی مانگرتنەکە بەڕێوە نەچێ، بەڵام سەرە ڕای ئەوەش مانگرتن لە سەرانسەری کوردستانداسەرکەوتووانە بەڕێوە چوو.

٤٤ ساڵە کۆماری ئیسلامی دوژمنکارانە هەموو شێوەکانی سەرکووتی لە سەر خەڵکی کوردستان تاقی کردووەتەوە و نەیتوانیوە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بەچۆکدا بێنێ، ئێستا ئیتر دەبێ ڕێژیم لەو ڕاستیە گەیشتبێ کە کوردستان قۆناغی ترس و تۆقاندنی تێپەڕاندووە و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە تا گەیشتن بە مافەکانیان لە خەبات بەردەوام دەبن.

بژین ڕۆڵەنەبەزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

بەرخودانتان باش

سەرکەوتنتان پیرۆز

سەربەرزین بەخۆڕاگری ونەبەزیتان

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## چەند دیمەنێکی لێوانلێو لە جوانی لە شۆڕشی ژینادا

- ساڵێک پێش ئێستا بوو کە ژینا کچە کوردێکی ئازا، لە تاران بەهۆی پۆلیسی گەشتی ڕەوشتەوە "کە باشترە بڵێین "گەشتی بێ ڕەوشتی" یەوە، بە بیانووی بێ حیجابی کەوتە بەرلێدان و ئەشکەنجەی ئەم هێزەوە و بەو هۆیەوە گیانی لە دەستدا و شەهید بوو.

شەهید بوونی ژینا سەرەتا لەکوردستان و پاشان لە سەرانسەری ئێراندا دژکردەوەی خەڵکی لێکەوتەوە وخەڵکی لە دژی ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی ڕژاندە سەر شەقامەکان و دونیای هەژاند و کۆشکی زۆرداری ئاخوندەکانی هێنایە لەرزینەوە. ئەم شەهید بوونە مەزڵومانەیە بوو بە چەخماخەی شۆڕشێک لەژێر ناوی شۆڕشی ژینادا.

- بنەماڵەی ژینا بنەماڵەیەکی نەترس و ماف ویست، بەرپرس و ئازا، سەرە ڕای هەڕەشەکانی ڕێژیم بۆ ئەوەی جەنازەکەی بێدەنگ و بەنهێنی بنێژن داوای ڕێژیمیان ڕەد کردەوە و لە مەراسمێکی شایستە و بەشکۆدا تەرمی ژینایان لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان لە گۆڕستانی ئایچی بە بەشداری هەزاران کەس و لەژێر دروشم و سرودی شۆڕشگێڕانەدا ناشت.

ناشتنی تەرمی ژینا لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان هاوکات بوو لە گەڵ ساڵڕۆژی تیرۆری میکونووس کە وبیرهێنەرەوەی جینایەتێکی سامناکی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە جەرگەی ئورووپادا بوو، کە لەودا د.سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات، فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، همایون ئەردەڵان هاوشاری ژینا و خەڵکی شاری کۆڵنەدەری سەقز، نوری دیهکوردی کەسایەتی ئێرانی ودۆستی لە مێژینەی حیزبی دیموکرات کەوتنە بەرپەلاماری تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و تیرۆر کران. ئەم تیرۆرە و هەروەها کوشتنی ژینا نیشان دەدا کە کۆماری ئیسلامی بۆ خولقاندنی جینایەت لە هیچ شتێک ناپرینگێتەوە و هیچ سنوورێکیش ناناسێ.

- شۆڕشی ژینا شۆڕشێک لەژێر دروشمی"ژن ژیان، ئازادی" دروشمێک لە هەناوی کوردستانەوە، دروشمێکی پێشکەوتنخوازانە، لە باوەڕ و لە فەرهەنگی میللەتەکەمانەوە. ئەم دروشمە بێجگە لەوە دونیا گیر بوو، وهەموو ئازادیخوازانی جیهانیشی بە خۆیەوە جۆشدا. هەموو مروڤە ماف ویستەکانیش مافی خۆیان لەم دروشمە پڕ نێوەرۆک و جوانەدا دەدیتەوە.

بەرز کردنەوەی ئەم دروشمە لە هەناوی کوردستانەوە بوارێکی قوڵتری بە شۆڕشی پێشکەوتنخوازانەی کوردستان بەخشی و کۆمەڵگای جیهانی زیاتر لە پێشوو لە حەقانیەتی شۆڕشی کوردستان و جینایەتکار بوونی سیستمی کۆماری ئیسلامی تێگەیاند و هێنایە سەر خەت.

- بنەماڵە شەهیدانی شۆڕشی ژینا، هێزێک لە ئیرادە و کۆڵنەدان، ئازایەتی و فیداکاری، ئەوان بە وتارە ئاورین و نەتەوەیی و پڕ لە شۆڕشەکانیان زیاترو زیاتر وەیان بەخەباتگێڕانی سەرشەقام دەبەخشی.

- دروشمی لاوان لە شەقامەکانی کوردستاندا "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" ڕێبازێک لە دوێنێ و بۆ ئێستا وداهاتوو. دوو پات کردنەوەی پەیامێک و بەڵێنێک بوو بە شەهیدە نەمرەکان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان کە تا گەیشتن بە ئازادی کە ئامانجی شەهیدان بوو درێژەدەری ڕێگایان کە ڕێگای قاسملووی نەمرە دەبن.

- حیجابی ئیسلامی کە کۆڵەکەی بیرو باوەڕی کۆماری ئیسلامیە سەرەتا لە لایەن ژنانی کورد و پاشتر ژنانی سەرانسەری ئێرانەوە ڕەد کرایەوە.ئەوان بە فڕێدانی لچکە و بڕینی قژەکانیان، ئیدئولوژی دواکەوتووانە و دژی ژنی نیزامی ویلایەتی فەقی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان ڕەد کردەوە. ئەم حەرەکەتە بوێرانەیە لە لایەن ژنانی جیهانیشەوە لە پارلمانەکان، کۆڕ و کۆمەڵەکان پشتیوانی لێکرا. ئەم پشتیوانیە جیهانیە تا ئەو جێگایە چووە پێشەوە کەژنانی ئیتالیا بەنیشانەی پشتیوان لە ژنانی ئێران وئیعتراز بە کۆماری ئیسلامی موی سەری خۆیان بڕی و لە پاکەتێکدا، ناردیان بۆ سەفارەتخانەی کۆماری ئیسلامی لەو وەڵاتەدا و بەم چەشنە بێزاری خۆیان لە کۆماری ئیسلامی نیشاندا.

- بەرنگاری قارەمانانەی خەڵک بە دارو بەرد لە بەرانبەر هێزە تا ددان موسەلەحەکانی ڕێژیم کە بە چەکی ئاورین بێ ڕەحمانە هێرشان دەکردە سەر خەڵک، لایەنێکی دیکەی جێگای شانازی شۆڕشی ژینا بوو، کەلەوبارەوە شاهیدی نواندنی دەیان داستان لە ئازایەتی لە بەرنگار بوونەوەی خەڵک بوین.

کۆماری ئیسلامی کە لە ناوخۆ کەوتبووە بەر تورەیی خەڵک، بە مەبەستی ترساندن وتوقاندن خەباتگێڕانی ئازادی شەلم کوێرم کەس نابوێرم دەستی دایە بومباران و درونباران کردنی کەمپەکانی کوردانی ڕۆژهەڵات وقوتابخانەی منداڵان و نەخۆشخانەی ئەو کەمپانە، کە ژمارەیەک کوژراوی لە ژن و منداڵ وپێشمەرگە لێکەوتەوە، کە لایەنێکی دیکەی ئەم پیلانگێڕی و جینایەتانە بوو.

لە دژکردەوەی دروون باران و موشەک بارانی کەمپەکان، ڕۆڵە ئازا و نەبەزەکانمان لە نێو خۆی وەلات دەستیان دایە مانگرتن و بەهاتنە سەر شەقام و ئیدانەکردنی ئەو کردەوە قێزەونە پشتیوانی خویان لە ڕۆڵەکانیان ڕاگەیاند. ئەمەش نیشانەی پێگەی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا بوو، کە لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی و نەیارانی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئینکاریان دەکرد، بەڵام لەم شۆڕشەدا ناچار بوون دان(ئیعتراف) بە شوێندانەری حیزبەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتدا بنێن و ڕابگەیەنن کە حیزبەکان لەو خەباتەدا شوێندانەرن.

- کۆی ئەم ڕووداوانە، ڕەدکردنەوەی هەرچەشنە سات و سەودایەک لە ژێر هەرناو و بەهەرناوەرۆکێکەوە لە گەڵ کۆماری پەت و سێدارەدابوو.لە باری فیکریشەوە داکوتانی کۆتا بزمار لە تابووتی ڕێژیمی گەندەڵ، دژی گەلی، دژی ئینسانی و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێران بوو.

سڵاو لەشەهیدە نەمرەکانی ئەم شۆڕشە بەشکۆیە.

سڵاو لەبنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان.

سڵاو لە زیندانیە خۆڕاگر و ئازاکانمان.

سەرکەوتن بۆ کوردستان

١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ۳۰ی گەلاوێژیش هاتە ناو ڕۆژە مێژووییەکانی حیزبەوە

**ئەم ڕۆژەلە مێژووی پڕ لە سەروەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕۆژێکی گرینگ وپڕ بایخە چون:**

١- پاش ١٦ ساڵ لێکدابڕان حیزبەکەمان یەکی گرتەوە و،براکان کە تا ڕۆژی پێش ٣٠ گەلاوێژ لە دوو سەنگەرداو هەرکام بە جیا خەباتیان دەکرد، سەنگەرەکانیان کردەوە بەیەک و بەم یەکگرتنە کادر و پێشمەرگە، ئەندامانی حیزب،بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و هەموو دۆستانی حیزب و ئۆگرانی ئازادی و دادپەروەری خۆشحاڵ و دوژمنانی داماوو و نائومید کرد.

٢- ئەم یەکگرتنە هێزی خەبات لە دژی دیکتاتۆری وکۆنەپەرەستی چەند قات دەکات. ورە و وزە بەلاوە شۆڕشگێڕەکانمان دەدات تا زیاتر و بەربلاوتر لە جاران بێنە ڕیزی خەباتەوە.

٣- گومان لەوەدا نییە پاش ئەم یەکگرتنەوەیە دوژمن پیلانەکانی لە دژمان بەرفراوانتر و جوراو جۆرتر دەکات، بۆیە دەبی بۆ بەرپەرچ دانەوەی پیلانەکانی دوژمن وریا و لەسەر خەت بین.

٤- دەبێ ئەم یەکگرتنەوەیە کە ئاکامی ئیرادە و هەوڵدانی چەندساڵەمانە وهەر وەها خواستی تێکڕای خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی بوو وەک گلێنەی چاو بپارێزین.

یەکڕیزی و تێکۆشان مایەی سەرکەوتنمانە

٢٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٣

## بیرەوەرییەک

وتووێژێکی کاک جەلیل لەسەرشاعیری نابینا کاک مەلا غەفوور دەباغی کە لە لاپەڕەی فەیسبووکی کاک برایم قەزاق دانرابوو بردمیەوە بۆ ٤٣ ساڵ پێش و داوای فایلی وتووێژەکەی کاک جەلیلم لە کاک برایم کرد کە بەسپاسەوە بۆی ناردم و منیش لەگەڵ دانانی وتووێژەکە ئەم بیرەوەریەی خوارەوە لێ زیاد دەکەم.

ساڵی ٥٩ بوو نازانم بۆ چ کارێک ڕێگام لە دەفتەری سیاسی لە دۆڵی دیموکرات لە ناوچەی گەورکی ڕەبەت کەوتبوو، لەم دۆڵەدا لەبەر پارێزراوی لە هێرشی هەوایی ڕێژیم، ماڵەکان لە ژێر زەوی ساز کرابوون وتا نەڕۆشتبایتە ناو ژورەکان لە دەرەوە و بەتایبەت کە مەودات هەبا قەت هەستت بە بوونی ماڵێک لەوناوە نەدەکرد، ئەمە بێجگە لە چەندین مقەڕە لە بەرزاییەکان بوو و بە دۆشکەی دژی تەیارەوە پارێزگاری لەم دۆڵە دەکرا. دۆڵەکە بۆ خۆی لە نێو دارستانێکیشدا بوو.

دیوی کاری کۆمیسیۆنەکان هەمان شوێنی خەوتنی پرسونیلی ئۆرگانەکان بوو، زۆربەی شوێنەکان بە هۆی لە ژێری عەرز بوونیاندا شێدار بون.

لەم دۆڵە دا ساڵۆنێکی گشتی بۆ نانخواردنی هەمووان و بەتایبەتی میوانەکان هەبوو، ساڵۆنەکە شوێنی حەوانەوەی ئەو میوانانەش بوو کە لە شوێنی دور ونیزیکەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کاری حیزبی ڕێیان لەم دۆڵە کە ناوەندی دەفتەری سیاسی بوو دەکەوت.

ئەم ساڵۆنە لە زستاندا و بن دارە گوێزێکی گەورە کە سکۆیەکی لە بندا سازکرابوو و بە چیخ دەورەی گیرا بوو لە هاویندا شوێنی کۆبوونەوە و سیمینارکان و شەوی شێعرەکانی دەفتەری سیاسی بوون.

یەکێک لەو شەوانە کە قەتم لە بیر ناچێتەوە شەوی شێعرێک بوو کە بۆ کاک مەلاغەفوور دەباغی دانرابوو، مەلا غەفوور شاعیرێکی نابینا وناسراو بوو.

ئەو شەوە کە هەواڵی شەوی شێعرەکەی ملاغەفوور بڵاو ببووە، کاتی بەڕێوە چوونی شەوی شێعرەکە ساڵونی گشتی لە کادر و پێشمەرگە جمەی دەهات.

داوا لە مەلا غەفوور کرا شێعری ناحەز و جوان کە شێعرێکی یەکجار جوان و ئەدەبی بوو بخوێنێتەوە و ئەویش دەستی پێکرد، لە کۆتایی شێعرەکەدا کاک جەلیل گادانی دەنگی دا، ووتی: مەلا غەفور ناوی هاوکاری لە گەڵ شۆڕشەکەی دێموکراتت لە بیر چوو ،کە دەست بەجێ مەلا غەفوور مەسرعی یەکەمی ئەو شێعرەی بۆ خوێندەوە و، وتی، با کاک جەلیل عەرزم کردی..... و پێکەنینی بەشدارانی بەدواداهات.

هەر ئەوشەوە لە میوانخانەی حیزب کە شوێنی نان خواردنی هەمووان و شوێی کۆبوونەوەکان و هەر وەهاشوێنی خەوتنی میوانانیش بوو، خەوتبووین. مەلا غەفوور لە گەڵ ئەوەی برادەرەکانی لەوانە کاک جەلیل و چەند کەسێکی دیکەش زۆریان داوا لێکرد بچێتەلای ئەوان بخەوێ، بەڵام قەبووڵی نەکرد و هەرلەوێ خەوت، ئەوشەوە لە سەر بانی میوانخانەوە بە کلاو ڕۆچنەدا مارێک کەوتە خوارەوە و کەوتە سەر جێگاکەی مەلا غەفوور، کە هاواری کرد مار، مار و هەموو لە خەو هەڵساینەوە وپاش کەمێک شڵەژان مارەکەمان دۆزییەوە کوشتمان.

**ڕۆحی کاک جەلیل و کاک مەلا غەفوور شادبێت. ئەو شێعرەی ئەو شەوە خوێندیەوە شێعری ناحەز و جوان یەکێک لە شێعرە هەرە جوانەکان و شاکارێکی ئەدەبیە کە ئەمەی خوارەوە تەواوی شێعرەکەیە کە ئەوشەوە خوێندییەوە.**

تا بژیم تێت دەبڕم، خاوەنی جوانی و دەسەڵات
چاوی ئاوات و هیوام، ئەی گوڵی سەرتۆپی وڵات
دادەمرکێ کوڵی دڵ تاوێکی ڕێتخەم چ دەبێ
بە سەری نوکی زمانم لە بنی پەنجەیی پات
ڕۆژی هەڵکەوتە دەسا با گوڵەکەم تێت ڕاکەم
لە ترۆمبیلی فیداکاری بەرەو کۆڕی خەبات
لێت دەبەم جارێ بە بێدەنگی نەچی بیکەیە قاو
نێوی هاوکاری لەگەڵ شۆڕشەکەی دێموکرات
یاری شیرین دە وەرە تا زووە تا لێت نەچووە
تەمەنی جوانی بژین پێکەوە تاکەی بە تەمات
گیانەکەم خۆ تۆ هەزار جار پترت داوە بە من
قەولی بێ کردەوە هەر وشکە تریتم بە هیوات
کەنگێ بۆم دادەکەنی، خۆمی بە سەر داکێشم
کەوشەکەت ماچ کەم و سەر دانێمە بەر پێت کز و مات
لیت نەچێ ڕەنگە لە بەر تەنگی ئەشێ بۆت تەڕ کەم

دەستە نەرم و شلەکەت بازنە ئازاری نەدات
توند و تیژی بەسە بۆم تیل کە دەبا لێی ڕادەم
بە سمێڵ گسکی دەم ئەو تۆزە لە سەر شانی کەوات
تۆ لە سەر ئەو ڕقە بی تێک دەچەقێنین لە پڕا
من لە پێت دڕکی مژۆڵ تۆ لە دڵم تیری نیگات
هەر نەبێ تاقە یەکێکم دەیە با خۆم نەکوژم
لەم هەموو دەسرە کە پێی دەسڕی دەم و لێوی نەبات
بێڵە خاوی کەمەوە ڕەق بووە سندوقی سەرت
باری لێوم بە تکەی ئارەقەکەی سەر گۆنات
پاش و پیش هەر یەکە بۆ من کە مەبەستم چوونە
زەردەلیمۆ چووە ناو دەستمەوە یا پرچی سیات
هەر لە لای تۆیە ئەوەی من دەمەوێ تێی کێشم
خۆڵی بەر پێتە لە چاوم کرێ ڕووناکی دەکات
حەز دەکەی جارێ بژیم بۆم وەرە پێش با تێی نێم
دەم لە نێوانی مەم و سینە، وەخۆم ئاوی حەیات
نایەڵم بێشێ، وەرە پێشێ، دەبا بۆت تێخەم
ئەم دوو ئەنگوستیلە ئاڵتونە لە قامکت بە خەڵات
دەوەرە گیان و قەوەت، تاوێ ئەوەم بگرە بە وەت
نەبزی دەستم بە سەری پەنجە، نەخۆشم کە لە لات
من کە خۆم ناوەتە پێناوت ئەتۆش بۆم فش کە
قۆڵی ڕاستت بخەمە باسکم و دەرچین لە وڵات
با بکەم تۆبە لە سەر دەست و ئیتر دایهێڵم
ڕیشی بۆزم ببمە سالکی سەر کۆشک و سەرات
تا کوتم کوانێ؟ بلێ هانێ، دڵم مەشکێنە
حافزم موستەحەقم، چاو لە دەسی تۆم هەموو کات
جوانی تۆی دا لە محەک ناحەزی من بۆم دەرکەوت
ئەوی جوانان هەیانە، بە تەنیا هەیە لات
گوڵەکەم بۆیە نەشەت سازە دەڵێن چاکت دا
ئیمتحانی شەشی ناوەندی، بژی مامۆستات
خۆت کەمێ شل کە سەرت داخە دەبا پێتەوە نێم
دوو زەروو، کوڵمی گەش و چاڵی چەنەت زیبکە نەکات.

مەلا غەفوور دەباغی برا گەورەی هاوڕێی بەڕێز کاک کەماڵ دەباغ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی یموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کەماڵ دەباغی ساڵی ١٣٦٠ بەرپرسی ناوەندی ئاژوان و کۆمیتەی کرماشان بوو، بۆ مەئموریەتێکی تەشکیلاتی چووە شاری کرماشان و لەو شارەدا بەداخەوە دەستگیر کرا. دوای ساڵیانێکی زۆر لە زیندان و لە ژێر سەختترین ئەشکەنجەکاندا بەو پەڕی بڕوا و ئیمانەوە خۆڕاگرانە پارێزگاری لە حیزب و ئامانجەکانی کرد و کەمترین نهێنی نەدرکاند. ئەو کە چووە زیندان کێشی ٨٠ کیلۆ بوو بەڵام کاتێ بردیانە پای پەتی سێدارە بە هۆی ئەشکەنجەکانەوە کێشی هاتبووە ٤٥ کیلۆ، کاک کەماڵ قارەمانی خۆڕاگری و نەبەزین بوو.

**ڕۆحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار.**

**١١ی ئاگۆستی ٢٠٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

## لە پەراوێزی دژ کردەوەکان بە پەیامێک

بەڕێز کاک مستەفا هیجری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوە بەری حیزب بە بۆنەی ڕێوڕەسمەکانی موحەڕەمەوە ڕوو لە باوەڕدارانی شیعە، و بەتایبەت باوەڕدارانی کوردی شیعە، پەیامێکی بڵاو کردوتەوە کە ئەم پەیامە لە تۆڕەکۆمەلایەتیەکان دەنگدانەوەی زۆری هەبوو و مشتوو مڕێکی زۆریشی لێکەوتەوە،

ژمارەیەک ڕخنەیان لە پەیامەکە بوو و پێیان وابوو ئەوە دژی بنەماکانی نەتەوەیە، بەشێک بەدژی سکولاربوونی حیزبی دیموکراتیان لە قەڵەم داوە ،ئەم بۆ چوونە ڕەخنەیانە جێگای ڕێزن و دەکرێ ئەمە ببێتە باسێک بۆ ئاکامگیرێکی باش لەو بارەوە،بەڵام، لەو نیوە دا کەسانێکیش هەبوون وەک ئەوەی ماسیان لە قوڕدا گیر کەوتبێ ،کەوتنە شایی لۆغان و ئەو پەیامەیان هاوتا کرد لە گەڵ ڕاگەیەندراوێکی" ک،ج ،ک " کە پێشتر بڵاو کرابووە و بزوتنەوەی کوردیان بەو ڕێبازەوە بەستبووە لە قەڵەمدا.

**لەو بارەوە ئاماژەدان بە چەند خاڵێک بە گرینگ دەزانم:**

١- ئەو دوو پەیامە لە نووسین و ئامانجدا دوو پەیامی بەتەواوی جیاواز و لە هیچ هێڵێکیاندا یەک ناگرنەوە.

٢- ئێمە لە ڕابردوودا بۆ مراسمی، یارسانەکان، ئیزیدیەکان، سوننەکان و.... هتد پەیامەمان بڵاو کردووەتەوە ، ئەو پەیامانە نە بە دژایەتی لەگەڵ سکولاریزم لێک دراوەتەوە ونە بە لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی و هیچ کەس و لایەنێک پێی حەساس نەبوون.

٣- موحەڕەمیش مراسمێکی مەزهەبێ شیعەکانە ولە نێو پەیرەوانی ئەو مەزهەبەدا ڕێز لێگیراوە، نیوەی زیاتری دانیشتوانی کوردستان شیعە مەزهەبن، ئەو جۆرە پەیامانە ڕێزدانانە بۆ ئەوبەشە لە خەڵکەکەمان.

٤- ئەو پەیامە تەنیا نەزەری کاک مستەفا هیجری نییە بەڵکوو ئەم بابەتە لەچەندین کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتی حیزبدا باسی لێوە کراوە، دە ساڵ پێش من خۆم یەکێک لەو کەسانەبووم کە داکۆکیم لەوە کردووە، مادام بۆ بۆنەی ئایینەکانی

دیکە پەیام دەدەین پێویستە لە بۆنەکانی شیعە مەزهەبەکانیشدا هەمان کار بکەین.

٥- کۆماری ئیسلامی لە هاتنە سەرکاری تا ئێستا لە ناوچە شیعەنشینەکانی کوردستان"کرماشان و ئیلام و.."تائێستاش، لەو ناوچانە لە چەکی مەزهەب لەدژی بزوتنەوەی کوردستان کەڵک وەر گرتووە و دەگرێ و، وای تەبلیغ کردووە کە حیزبەکانی کوردستان یا دژی مەزهەبن و یا تەنیا حیزبی سوننەکانن، کە بەداخەوە ئەم تەبلیغەی ڕێژیم و ئەم بۆشاییە کە ئێمە لەو پەیوەندییەدا سازمان کردووە زۆرترین شوێندانەری نەرێنی دژی بزوتنەوەی کوردستان لەو ناوچانەلێکەوتووەتەوە.

٦- ئەگەر ئێمە ئەو ناوچانەی کوردستانمان بۆ مەبەستە، دەبێ بەتەواوی تێکەڵ بەو کۆمەڵگایە بین و ڕێز بۆ ئاداب و کلتوور و.... دابنێین و مەیدانی خەباتیش بە ڕووی تێکۆشەرانی ئەو ناوچانەدا بکەینەوە. تەنیا بەدروشمی کرماشان دڵی کوردستانە یا ئیلام هێزی نەتەوەیە کەم وکوڕییەکان و کێشەکانی ئەم ناوچانە لە قازانجی بزووتنەوەی کورد چارەسەر نابێ.

وەک دەڵێن"دووسەد ووتە کردەوەیەک ناهێنێ"

٢٩ی جوولای ٢٠٢٣

## کۆچی دوایی کادرێکی دێرین

قاسم سوڵتانی کادری دێرین، زەحمەتکێش و دڵسۆزی حیزب، پاش ٤٣ ساڵ خەبات، دوێنی لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و بوو بەهۆی خەم و پەژارەی هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانناسی.

لە درێژەی ساڵانی خەباتدا کەس نییە ڕێی لە دەفتەری سیاسی حیزب لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کەوتبێ و قاسمی نەدیتبێ یا باسیکیان پێکەوە نەکردبێ .

ئاشنایەتی من و کاک قاسم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٦٠ لە دۆڵی دیموکرات، خاڵ ئاباد ..، بیرەوەری زۆرم لەگەڵی هەیە، بەڵام کۆتا چاوپێککەوتنمان پێش لە یەکگرتنەوە بوو، ئێوارەیەک هاتە سەردانم و باسی لە وەزعی خۆی بۆ کردم،ئەو زۆر بە پەرۆشی یەکگرتنەوە بوو و داوای لێکردم هەموو هەوڵێک بدەین تا ڕیزەکانی حیزب یەکبگرنەوە و ئەوەی بە یەکێک لە ئاواتە گەورەکانی دەزانی. بەختەوەرانە لە سایەی پەرۆشی دڵسۆزانی گەلەکەمان حیزبەکەمان یەکیگرتەوە و ئاواتەکەی کاک قاسم و هەموو دڵسۆزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان هاتە دی.

ڕۆحت شاد و یادت هەرمان

٢٨ی جوولای ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دیموکرات و ڕۆژە سەختەکان

### کە وەردی مێژووی حیزبی دیموکرات دەدەمەوە.

ئەم حیزبە لە مێژووی خۆیدا لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکاندا بەورەتر لە ڕۆژە ئاساییەکان دەرکەوتووە ،بۆیە زۆرکەس بڕوایان پێیەتی ودەڵێن حیزبی دیموکرات لە ڕێگای پڕ لەهەڵەت و دژوارەکانداجوانە.

ئەم حیزبە لە هەلوومەرجی شەڕی دووهەمی جیهانی پێک دێ، ٦ مانگ پاش پێکهاتنی، یەکەمین کۆماری دیموکراتیکی کوردستانی دادەمەزرێنی ، ئەو کۆمارەلە ماوەی ١١ مانگەی ژیانیدازۆر کار وکردەوەی بەنرخ ئەنجام دەدات . پاشان بە گەلەکۆمەیەکی نێو دەوڵەتی و بەهۆی سوپای داگیرکەری حەمەڕەزاشاوە دەڕوخێ.

پاش ڕوخانی کۆمار،دوژمنانی گەلەکەمان پروپاگەندەی کۆتایی کۆمارو خەبات بۆ مافی کورد بۆناهومید کردنی گەلەکەمان بڵاو دەکەنەوە و جێژنی سەرکەوتن دەگرن.

پاش یەک ساڵ لە ڕوخانی کۆمار تێکۆشان لە پێناو ئامانجەکانی کۆمار لە لایەن کۆمەڵێک لە لاوە بەهەست و شۆڕەشگێڕەکانەوە دەست پێدەکاتەوە.

لە ساڵەکانی ١٣٣٨ و ١٣٤٣ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب لە لایەن ساواکی شاوە دەستگیر و لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیم دەپەسێورێن ، ئەوان لە ژێر دژوارترین ئەشکەنجەکاندا پارێزگاری لە کورد و مافەکانی دەکەن و، چۆک بۆ ستەمگەر و داگیرکەری وەڵاتەکەمان دانادەن ودەسەلمێنن کە ڕۆڵەکانی کورد ئامادەن لە پێناو ئامانجەکانیاندا گیان بدەن.

پاش ئەم بگرە و بەردەیە و هەست کردنی ڕێژیم بە سەرکەوتن بەسەر خەباتگێڕانی دیموکراتدا، شۆڕشی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ لە هەستیارترین کاتدا دەستی پێدەکات و بۆ ماوەی ١٨ مانگ گۆمی مەندی دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتی دەشڵەقێنێ. ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی شۆڕشی ٤٦ - ٤٧ نیشان دەدەن کە ڕێژیمی شا، ئەو هێزە لەشکان نەهاتووە نیەکە خۆی وا دەنوێنێ و بۆ ترساندنی خەڵک دروشمی ساواک پەسەندی"دیوار موش دارد موش گوش دارد" یان بەناو خەڵکدا بڵاو کردبووە، مەبەست لەم دروشمە ئەوە بوو کە گۆیا دام ودەزگای شا و ساواکەکەی ئاگایان لە هەموو جمووجوڵێکی خەڵک هەیە ودیانهەویست

بەم دروشمە خەڵک بترسێنن.

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ژمارەیەک بەرژەوەندیخواز لە بەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بەها بەو هەڕ و گیڤانە دەدەن و دەترسن، بەڵام، بە دڵنیاییەوە خەباتگێڕە ڕاستەقینەکان لەو هەڕوگیڤانە ناپرینگێنەوە و ڕێگای خەبات لەپێناو ئازادی دەبڕن.

مێژوو نیشانی دا کە ڕێژیمی شا بۆکەڵەیەک زیاتر نەبووە، هەربۆیە بە ڕاپەڕینی خەڵک لە دژی ستەم و بێدادی ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەر وداپڵۆسێنەرە خۆی پێ ڕانەگیراو و بە خەیرایی کۆتایی بە تۆماری پڕ لە سەرشۆڕی و شوورەییهات و (اعلیحضرت همایون شاهنشاه آریامهر)!! لە دورە وەڵاتی لە وڵاتی میسر ولەو پەڕی داماویدا مرد و داستانی سلسلەکەیان پێچڕایەوە و فڕێ درایە زبێڵدانی مێژووەوە، بەڵام، گەلەکەمان و حیزبە تێکۆشەرەکەمان سەرەڕای ئەو هەموو گوشار و هەڕەشەیە کە کرابووە سەریان، ڕۆژە سەختەکانیان تێپەڕاند و بە سەر بەرزی مانەوە.

پاش روخانی ڕێژیمی پاشایەتی حیزبی دیموکرات بەردەوام بوو لە ڕێگای خەبات بۆ ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان و ئەوە ٤٤ ساڵە لە بەرامبەر هەموو پیلانە نامرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامیدا وەک کێوە سەربەرزەکانی کوردستان ڕاوەستاوە.

خومەینی هاوکات لە گەڵ دەرکردنی فەرمانی جیهاد دژی گەلەکەمان و مەئموور کردنی خەڵخاڵی جینایەتکار بۆئێعدامی لاوە خەباتکارەکانمان، فەرمانی بە هێزە چەکدارەکانیش کرد هێرش بکەنە سەر کوردستان و دەست ئاوەڵای کردن بۆ خولقاندنی هەر جینایەتێک و قەلا چۆ کردنی خەڵکی کوردستان، دوای ئەم فەرمانەبوو هێرشی هیزە نیزامیەکانی ڕێژیم وتەنانەت شوێنکەوتووانی خومەینی لە هەموو ناوچەکانی ئێران بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد. ئەم هێزانە لە هێرشەکانیان بۆ سەر خەڵکی بیدیفاعی شار وگوندەکانی کوردستان ، کەوتنە قڕ کردنی خەڵکەکەمان و دەستیان لەهیچ جینایەتێک نەپاراست و پیر و لاو، منداڵی سەر بێشکە و..... هتد یان دایە بەر دستڕێژی چەکەکانیان و دیان گوندیان قەلاچۆ کرد.

ڕێبەرانمانیان لە سەر مێزی بەناو وتووێژ تێرۆر کرد ودەیانەویست بە لەسەردانمان لاشەکانیشمان بخەن و پاشتر تێرۆری سەدان تێکۆشەری دیکە و... پیلانی دیکەش.

مەبەست لەم هەموو وەحشیگەرییە چاوترسێن کردنی خەڵکەکەمان بوو تا لە مەیدانی خەبات وەدەریان بنێن، بەڵام ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان لەو ٤٤ ساڵەدا نیشانیان داوە کە ترس لە کوردستان مانا نابەخشێ و ڕۆڵە بە وەجەکانمان لە

پێناو گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد و سەربەرزانەدا ئامادەی هەموو فیدا کاری و نرخدانێکن.

ڕێژیم، بێجگە لەو سەرکووت و زەبر وزەنگ و تێرۆر و داپڵۆسینە و، پڕکردنی زیندانەکانی لە خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی و بەڕێوە بردنی وحشیانەترین ئەشکەنجەکان لەسەریان، لە هەموو ئەو ساڵانە دا هەوڵیدا کە خەڵکی کوردستان لە حیزبە خەباتگێڕەکانیان جیا بکاتەوە و لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و بیرو ڕای گشتی جیهانیشدا، وای دەنواند کە ئەوحیزبانە بە قەولی خۆی تاقمێکی بچوکی یاخی، لە یاسا دەرچوون و هیچ جێگە و پێگەیەکیان لە نێو خەڵکی کوردستاندا نییە.

دوای ئەو هەموو ساڵانە و دوای گێڕانی ئەو هەموو پیلانانە شۆڕشی "ژینا "لە ژێر روشمی جوان و پڕ ناوەرۆکی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و بە ئێعترافی سەرانی ڕێژیم حیزبە سیاسیەکان لە ڕێبەری کردنی ئەم شۆڕشەدا دەورێکی گرینگیان گێڕا، بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کەحیزبی دیموکرات خاوەن مێژوویەکی پڕ لە شانازی و وبەو پێیە حیزبێکی جەماوەرییە بە دڵنیاییەوە پشکی شێری لەو شوێندانەرییە وەبەر دەکەوێ.

شۆڕشی ژینا ودروشمەجەماوەرییەکانی خۆپیشاندانەکان لەوانە "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" و سەدان دروشمی شۆڕشگێڕانەی دیکە هەموو پڕوپاگەندەکانی ڕێژیمی کە گۆیا حیزبی دیموکرات و باقی هێزە خەباتکارەکانی کوردستان گروپێکی بچووکن، کردە بڵقی سەر ئاو وبە بیرو ڕای ئێرانیەکان و هەروەها جیهانیانی نیشاندرا کە خەباتگێڕانی کورد لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا خاوەن چ پێگە و هێزێکن، هەر بۆیە ڕێژیم لەو پەڕی داماویدا شەلم کویرم کەس نابوێرم کەوتە موشک و درون بارانی کەمپەکان، کەجێگای ژیانی ژن ومنداڵ و قوتابخانە و نەخوشخانەی ئەو خەڵکە سڤیلەبوون و ژمارەیەک ژن ومنداڵیش لەو بۆمبارانانەدا شەهید بوون.

ئێستاش وەک تازەترین پیلان وتیری تەرکش بەهەڕەشە و گوڕەشە بۆ سەرهەرێمی کوردستان کۆمەڵێک داوای ناڕەوا و نا ماقوڵی هێناوەتە گۆڕ و ئەوەی بەخۆی پێی نەکراوە و ناکرێ، دیهەوێ بەخەڵکی دیکە لە سەر خەباتگێڕانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوەی ببات.چەندە لەم هەوڵانەیدا سەرکەوتوو دەبێ" اڵلهو اعلم."

ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەرە ڕۆکان قەت لە مێژوو دەرسیان وەر نەگرتووە ودەرس وەر ناگرن، دەنا مێژوو سەلماندوویەتی ئەوانەی دەڕۆن شاو سوڵتان و دەسەڵاتدارە ملهوڕەکانن و ئەوانەش دەمێننەوە خەڵکن.

**کۆتا وتەم:**

**ڕەنگە شکڵ و شێوازی خەبات لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە گۆڕانی بە سەردابێت، بەڵام،تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک جەمعێک یا تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریش لە ژیاندا نەمێنن خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلەکەمان چرکەساتێکیش ڕاناوەستی، لەبەر ئەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بە ئیرادە و خۆ ڕاگرن و لە ئاکامی ئەو ئیرادە و خۆڕاگرییەدا نەتەوەکەمان ڕۆژێک بەمافەکانی دەگات.**

**بە ورە بن و هیواتان بە حیزبەتێکۆشەرکەی دیموکرات و خەباتگێڕە ئازا و نەبەزەکانی هەبێت. وەک گوتراوە چ زۆرە بۆ خەبات، ڕێگا، جوانترین ڕەستەش ئەوەیە کە حیزبی دیموکرات لە ڕۆژە سەختەکاندا جوانە.**

**٢٦ی جوولای ٢٠٢٣**

---

## بیرەوریەک

وتووویژێکی کاک عومەر بەقایی ئیسکۆرت و جێی موتمانەی د.قاسملووم دیت، لەو وتووویژەدا سادە و ڕەوان ئاماژەی بە میهرەبانی، دەست ئاوڵایی ،وسەمیمی بوونی د.قاسملوو لە گەڵ پێشمەرگە ئیسکۆرتەکانیدا کرد و بە هاوڕێی ناوی برد .ئەم وتووویژە زۆر نوکتەی جوان و جێگای لێ فێر بوونی تێدابوو.

لە بەشێک لەو وتوویژەدا کاک عومەرئاماژەی بە بەشدارییان لە جێژنی ئومانیتە دەکا کە ئەو جێژنە ساڵانەلە نێوەراستی سێپتامبر دا دەگیرێ، لە پارکێکی دەرەوەی پاریس لە ناو جەنگەڵ دا مەیدانێکی گەورەیە داری تێدا نییە و چوار دەوری دارستانە.

حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە هەموو ساڵێ ئەو جێژنە بەرێوە دەبات کە چەند میلیۆن یۆرۆ بۆ ئەو چادرانە کرێ وەر دەگرێ، لە رۆژی شەمە و یەک شەمە ٢ ڕۆژ جێژنە، بە موسیقا و فرۆشتنی کەل و پەلی دەست کردی وڵاتانی جیاواز. و هەر وەها بڵاو کراوەی حیزبەکان کۆتایی دێت. بەشدارانی ئەو جێژنە بەزۆری لە حیزبە چەپەکانن هەرکام ژوری خۆیان دەبێت و بە پێشکەش کردنی باسی سیاسی، خواردنی ناوچەیی ، جل وبەرگ و نووسراوەی جۆراوجۆر، کلتور وتواناکانی خۆیان نمایش دەکەن.

کاک عومەر بەقایی لە ژوری حیزبی دیموکراتدا خواردنی کوردی ساز کردووە. لە کۆتایی ئەرکەکەیدا د.قاسملوو وێڕای سپاس لە زەحمەتەکانی، پێی دەڵێ تۆ ٢٣ ڕۆژت ماوە بگەڕێیتەوە، پوڵی کرینی دیاری بۆ منداڵەکانی و هەروەها دیاری بۆ پێشمەرگەکانی هاوڕێی پێ دەدات، هاوکات کاک ئیبرایم قەزاق کە کادری چاپەمەنی دەفتەری پاریس بووە لە گەڵ کاک عومەر دەخات بۆ ئەوەی بە پاریسدا بیگێڕێ.

ئەم وتووویژەی هاوڕێی ئازیزم کاک عومەر بەقایی وەبیر کارێکی هاوچەشنی د.قاسملوو لە گەڵ خۆمی خستمەوە.کە منیش بۆ ئەمەگداری بەو ڕێبەرە مەزنە و سلماندنی قسەکانی کاک عومەر بەقایی بۆتانی باس دەکەم.

ساڵی ١٣٦٧بەرپرسی مەڵبەندی شومال بووم، پاش گەڕانەوەمان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات بۆ بنکە زستانیەکانمان لە باشوری

کوردستان، بۆ دیدارێک چوومە خزمەتی د.قاسملوو، پاش چاک وچۆنی باس وخواست لە سەرتێکۆشانمان و قەدرزانی لە کارەکانمان، پێی وتم "حەز ئەکەم بۆ حەسانەوەیەک سەری بەغدا بدەیت" منیش عەرزم کرد،وەڵا پێم خۆشە،بۆیە هەر لەوێ بەرپرسی سکرتاریای ڕاسپارد تا لەکاتێکی گونجاودا ڕەوانەی بەغدام بکەن.

لە شانسی من سەفەرەکەم هاوکات بوو لە گەڵ سەفەرێکی د.قاسملوو بۆ ئوروپا، کەلەو سەفەرانەشدا چەند ڕۆژێک لە بەغدا دەمایەوە و پاش چاو پێکەوتنی لە گەڵ بەرپرسانی عێراقی لە بەغدا دەچوو بۆ دەرەوە.

ئەم سەفەرەم هاوکات بوو لە گەڵ سەفەری کاک مستەفا هێجری ئەندامی دەفتەری سیاسی بۆ بەغدا کە هەر لە بنکەی دەفتەری سیاسییەوە پێکەوە بەرێکەوتین.

کە گەیشینە بەغدا نازانم چۆن بوو لە گەڵ کاک دوکتور قاسملوو چاومان بەیەک کەوت،پاش چاک وچۆنی، کاک ئەحمەد حەداد کە ئەوکات ڕابتی دفتەری سیاسی و بەغدا بوو و لاندکرۆزێرێکی لە ئێختیاردا بوو، بانگ کرد و پێی ووت لەم چەند ڕۆژەدا کە کاک تەیموور لێرەیە تۆ لەگەڵ ئەو بە و بیگێرە، با شوێنە مێژوویەکانی بەغدا و دەور وبەرببینێ.

منیش عەرزم کرد کاک دوکتۆر پێویست ناکات من خۆم کاری خۆم دەکەم. کاک ئەحمەد دەبێ لەگەڵ جەنابتاندا بێت. لە وڵامدا فەرمووی بۆ من ماشین زۆرە وبا لەگەڵ تۆدابێت ، تۆ هاتووی برێک بحەسێیتەوە، با بەم شارەدا بگەڕێیت و شوێنە مێژویەکانی ئەو شارە ببینی، ڕەنگە جارێکی دیکە هەلێکی وات بۆ هەڵنەکەوێ. بەکورتی پێداگری من لەو پەیوەندیەدا فایدەی نەبوو وبڕیاری کۆتایی هەر لە دەست جەنابیاندا بوو.

لەگەڵ کاک ئەحمەد حەداد هاوڕێیەتی نێزیکمان پێکەوە هەبوو، لە دەورەی کادری سیاسیدا لە ساڵی ١٣٥٩ یەکترمان ناسیبوو، لە ماوەی یەک ڕۆژدا بردمی بۆ" ئەیوانی مەداین و نەسبی شەهید" و چەند جێگایەکی مێژوویی دیکە لە بەغدا، بۆڕۆژی دوایی هەرچیان کرد قەبووڵم نەکرد کە کاک ئەحمەد بەمنەوە سەرقاڵ بێت. بۆیە شەهیدی نەمر کاک عەباس وەیسی کە پیاوێکی بەشەخسیەت، عەرەبی زان، هاووڵاتی و دۆست بوین و وەک کادری پەیوەندییەکان لە بەغدا کاری دەکرد، مەئموور کرا کە لەو چەند ڕۆژەدا لەوێ دەبم لە گەڵمدا بێت. ئەڵبەتە د.قاسملوو ڕای سپاردبوو کە هەموو خەرجێکیشم لەسەر حیزب دەبێ.

جارێکیش لەگەڵ هاوڕێی بەڕێزم کۆچکردوو کاک عومەرحەمیدی بۆ بەخەیر هێنانەوەی د.قاسملوو کەلە سەفەر گەڕابووە،

لەلایەن مەڵبەندی شومال و کومیتەی شنۆوە سەردانی د.قاسملوومان لە بۆڵێ کرد. لە کاتی خواحافیزیماندا، جووتێک دەستکێشی زۆر جوانی بە سەوقات بۆ من هێنابوو و جوتێک گۆێرەویش بۆ کاک عومەر و پێی داین.

**دەمەوێ بڵێم د.قاسملوو تەنیا لەسیاسەت و خەباتگێڕیدا جیاواز نەبوو، ئەو لە وەفا وقەدرزانی و ڕێزگرتن لە هاوڕێکانیدا بێ وێنە بوو.**

**ڕۆحی شاد و ڕێگای تا گەیشتن بە ئازادی و مافەنەتەوەییەکانی گەلەکەمان بەردەوام بێت.**

**٢٦ی جوولای ٢٠٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

## یادێک لە شەهیدێکی قارەمان

شەهید خەلیل محەممەدی ناسراو بە خەلیلە سوور لە ساڵی ١٣٣٨ لە بنەماڵەیەکی هەژار لە گوندی سیاسەرانی سنە لە دایک بووە و لە ئێوارەی ٦ - ٤ - ١٣٧٥ی هەتاوی لە نێزیک گوندی کەرجۆ لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان دەکەونە بۆسەی دوژمن و بەداخەوە لەو کەمینەدا شەهید دەبێ.

ئاشنایی من و شەهید خەلیل دەگەڕێتەوە بۆ پاش کۆنگرەی شەشەم لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کە بەرپرسایەتی کومیتەی شارستانی دیواندەرم پێ ئەسپێردرابوو، ئەویش پێشمەرگەی هێزی شەریفزادە بوو. لەجەولە هاوبەشەکانی کومیتە شارستانەکانی سنە ودیواندەرە کەهێزەکانیشمان لە گەڵ بوو، ناوی خەلیلە سوورم زۆر وەبەر گوێ دەکەوت وشەهیدشاروخ موراردی زۆری باس لە ئازایەتی و ڕێک و پێکی خەلیلی بۆ دەکردم، داوای دەکرد داوا لە کومیتەی سنە بکەین خەلیلمان بۆ نەقڵ بکەن.

دوای ئەم داواکارییەی شاروخ پێم خۆش بوو لە نزیکەوەچاوم بە خەلیل بکەوێ، بۆیەداوام لە شەهید شاروخ کە ئەوکات یەکێک لە فەرماندە لکەکانی هێزی دیواندەرە بوو و خەڵکی سنە کرد ،شەهید خەلیل بێنێ بۆ لام، تاقسەی لەگەڵ بکەم. پێم وایە لە جەولەیەکی هاوبەشی ئێمە و کۆمیتەشارستانی سنە بوو لە ناڵە شکێنەی دیواندەرە ،لەماڵێکدا دانیشتبووین، شەهیدشاروخ کوڕێکی سوورکارەی کورتەباڵای لەگەڵ بوو، هاتن بۆلام، بەو تەوسیفاتە کە پێشتر لە خەلیلیان کرد بوو بەلای خۆمەوە گووتم ئەمە دەبێ خەلیل بێت، دوای دانیشتن و چاک و چۆنی شەهید شاروخ شەهید خەلیلی پێناساندم و ئەمە یەکەم یەکتر ناسینمان لەگەڵ شەهید خەلیل بوو.

ساڵانی دوایی بەهۆی دۆستایەتی شاروخ و خەلیل لە لایەک و من و شاروخ لەلایەکی دیکەوە خەلیل زۆرتر سەردانی دەکردین و باشتر خەلیلم ناسی تا لە ئاکامدا لەسەر داوای ئێمە ساڵی ١٣٦٥ نەقڵی مەڵبەندی ٢ کرا و لە نێزیکەوە بووین بە هاوڕێ.

ئەو پێشمەرگەیەکی ئارام، ڕۆح سووک ، قارەمان و کەم وێنە بوو، هەرچی لە وەسفی ئەم ڕۆڵە خەباتگێڕەدا بووترێ هێشتا نووسین و وشە هەر کەم دێنێ.ئەوەندە بەسە بڵێم بۆ هەر مەئموریەتێک دیاریت کردبا ئەگەرسور سور زانیبای لەو

مەئمـووریتەدا نـاگەڕێتەوە نـای نەبـوو، بە بزەیەکـی جـوان و ورەیەکـی پـۆڵاینەوە بەرەو مەئمـووریتەکە ملـی پێـوە دەنـا و دەڕۆیشت.

چەند جارێک بریندار ببوو بەڵام هێشتا برینەکانی سارێژ نەبوبوونەوە بۆجارێکی دیکە دەگەڕایەوە سەنگەر و شان بەشانی هاوڕێکانی درێژەی بە چالاکیەکان دەدا. هیچکاتی نەم دیت برینێکی بەتەواوی سارێژ بێت دەگەڕایەوە سەنگەر و لە شەڕ و پەلامار و هەڵمەتێکی دیکەدا برینێکی دیکەی هەڵدەگرت. شەهید خەلیل لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا، ١٣ جار بریندار ببوو.

خەلیل کێوێک بوو لەورە و بـڕوا، بـوونی ئەو لە هەرسەنگەرێکدا توانـابەخش بـوو بۆ هاوڕێکـانی، چەنـدجارێک ولە چەنـد بەرنگاری و مەئمووریتێکدا خەلیلم لە گەڵ بووە ئەوەندە لێی دڵنیا بوم کە خۆمم لێ دەکردەوە.

بەهۆی ئەو ئازایەتی و بڕوا و ئیمـانەیەوە بـوو کە پلەکـانی پێشمەرگایەتی لە سەرپەلی یەوە تـا فەرمانـدە هێزی پێوان، لەوکـاتەدا کە ئـازا و مـودیر و بەتوانـا بـوو لە نێـو ڕیـزی پێشـمەرگە و کادرەکانیشـدا زۆر خۆشەویسـت بـوو و ڕێزیـان لێدەگرت.مخابن خەلیل شەشی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٥ ولە مەئمووریەتێکی حیزبیدا شەهید بوو.

**ڕۆحی شاد و یادی هەر لەدڵماندایە.**

**٢٧ی جوونی ٢٠٢٣**

## ئەم پەروەردە سەقەتە و لێکدانەوە؟

چەند دەیەیە لە سیاسەتدام، لەو ماوەیەدا شاهیدی لێکدانەوەی جۆرا لە دەستەبەندی کۆمەڵگا بە چەپ و ڕاست، ئیسلاح خواز و ئوسوولگەرا بووم، لە کاتێکدا ئەم دەستە بەندییانە تەنیا زاهیری مەسەلەکانن و باسی ڕۆشەنبیرانەی ناو کۆمەڵگا، ژمارەیەک لە تێئوریسینەکان زۆرتر لەوەی چاو لە ڕاستیەکانی کۆمەڵگا بکەن و خوێندنەوەی لە سەر بکەن، هەوڵیان داوە دور لە بینینی ڕاستیەکان ئەوەی دڵ و بەرژەوەندی تاکەکەسی و گروپییان دیهەوێ بیکەنە بناغەی لێکدانەوەکانیان و گرێی بدەن بە کێشەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە، لە کاتێکدا ڕاستییەکان شتێکی دیکەن.

کەچاو لە مێژووی ئێران دەکەی هەر دەوڵەتمەدارێک هاتبێتە سەر کار، لە ژێر هەرناو و نیشانێکدا، چەپ بووبێ یا ڕاست، سەڵتەنەت تەڵەب بووبێ یا ئیسلامی، ڕا و بووچۆنەکانیان لە سەر کورد و کێشەکەی هەریەک بووە.دروشمی یەک وەڵات، یەک ئاڵا یەک زمان و ئینکاری نەتەوەکانی پێکهێنەری وەڵاتی فرەنەتەوەی ئێران بناغەی بۆچوونی هەموویان بووە.

جیاوازی نێوان دەوڵەتەکان لە ئێراندا تەنیا لە سەر شێوەی سەرکوت کردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان بووە، کە داوای مافی نەتەوەیی خۆیان کردووە. ئەمیان بە ناوی پاراستنی تاج وتەخت و فەڕی کەیانی و ئەویتریشیان بە ناوی پارێزگاری لە ئیسلامی ناب، هەوڵی قڕکردن، ئاسمیلەکردن، دووبەرەکایەتی سازکردن لەنێوان ڕیزەکانمان بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانیان و...... هتد، داوە وڕەحمیان پێ نەکردووین.

کارەساتەکە لەوەدایە لە نێو نەتەوەی باڵا دەست "فارسەکان" بە دەگمەن و بەژمارەی قامکەکانی دەست نەفەر پەیدا نابن کە لەو پەیوەندییەدا هاو بووچوون و پشتیوانی دەسەڵات نەبن تا مرۆڤ دڵی پێ خۆش بکا و بڵێ دەنگێکی جیاواز لەو بارەوە هەیە، شوینیزم لە نێو تاکەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا، تا ئەوڕادە ڕۆچووە کە لە گەڵ خوێنیاندا تێکەڵاو بووە و تەنانەت بوونیان لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاواشدا نەیتوانیوە کەمترین شوێندانەری لەو پەیوەندییەدا لە سەریان هەبێ.

بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم پاوانخوازی و جینایەتانە کە ئاکامی پەروەردەیەکی سەقەتە، با دەست لە لێکدانەوەی نازانستی و دور لە واقیعی کۆمەڵگای کوردستان وئێران و،دابەش کردنی بە چەپ و ڕاست و چی وچی هەڵبگرین و، بە

کورتی مەوجەکەمان بگۆڕین.

تەنیا بە یەکگرتوویی ڕیزەکانمانە، دەتوانین بەرامبەر بە ئەم هەموو ستەمکاری وجینایەتانە دەرحەق بە نەتەوەکەمان لە لایەن شوینیزمی مەزنیخوازی ئێرانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرێوە دەچێ ڕاوەستین و بەرپەرچی بدەینەوە. ئەرکە لەسەر هەموومان، هەوڵەکانمان، نووسینەکانمان لەچوارچێوەی یەک گوتاری و یەکیەتی ڕیزەکانی گەلەکەماندا بێت کە ئەمەیان دەستەبەری سەرکەوتنمان بەسەر دوژمنەکانماندا دەکات.

بژی کورد

بژی کوردستان

١٠ی جوونی ٢٠٢٣

## حیزبی دیموکرات، کوردستانی یا ئێرانی؟

زۆرجار و لە زۆر کاتدا ئەو پرسیارە بەرەو ڕووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کراوەتەوە کە بۆچی حیزبی دیموکرات تێکۆشانەکەی پەرە پێ نادات و هەوڵ نادات ببێتە حیزبێکی سەرانسەری لە ئێراندا؟

**لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا پێویستە بڵێم:**

١- فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە دامەزرانیدا ناوەکەی" حیزبی دیموکراتی کوردستان" بووە .ئامانجی هەوڵدان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی ، دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بووە. کە لە نێو ئەو چمکانەشدا ڕزگاری نەتەوەیی بنەماییترینیانە و، خۆشەویستی و نفوزی ئەم حیزبەش هەر بۆ ئەم ئامانجانە و بە تایبەتی هەوڵدان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی دەگەڕێتەوە.

٢- حیزبی دیموکرات لەدامەزرانیەوە تا ئێستا، لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەییدا تێکۆشاوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لە هەموو جوغرافیای کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بە شێوەی پێویست نەمانتوانیووە تێکۆشانی خۆمان پەرە پێبدەین. بۆیە ئەگەر وزە و ئیمکانات و جەوهەرێک لەم حیزبەدا بوونی هەبێ دەبێ لە پێشدا بۆ پەرەدان بەتێکۆشان لە هەموو جوغرافیای کوردستانی ڕۆژهەڵاتیدا بکات.

**بۆ ئێمە تێکۆشان لە کرماشان و ئیلام و سنە و ورمێ لە ئولەویت دایە نەک شار و باژێرێکی دیکەی ئێران.**

٣- نیزیک ٥ دیەیە کومونیستەکانی کوردستان خەریکی ئێرانچیەتین و ئەوەی نابێ و ڕەوانییە لە هێز و وزەی خەڵکی کوردستانیان لەو پێناوەدا بە فیڕۆ داوە و بە قەولی یەکێک لەو سیاسەتمدارە کۆمونیستانە کە بەلای خۆمەوە وبە حزوری چەند کەسێکی دیکە باسی کردووە نەیانتوانی لە کامیاران بەرەو خوار پەل باوێن.

٤- لە بنەڕەتدا حیزبایەتی بە تایبەتی لە نێو فارسەکان و بەگشتی لە نێو باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا ڕیشەدارنییە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی جێکەوتووی تاک پەرەستی لەنێویاندا.

٥- باکەس بەو هیوا نەبێ حیزبی دیموکرات ببێتە حیزبێکی ئێرانی چون نە ڕەسالەتەکەی ئەوە دەخوازێ و، نە دەتوانێ لە سەتحی ئێراندا کاریگەری هەبێت. چەندە بەناو حیزبە ئێرانیەکان لە کوردستاندا ڕیشەیان هەیە حیزبی دیموکراتیش لە نێو باقی نەتەوەکانی ئێراندا، هەر ئەوەندەی و بگرە کەمتریش شوێندانەر دەبێت.

٦- حیزبی دیموکرات لە کوردستان لە دایک بووە ، گەشەی کردووە، لە پێناو ڕزگاری ئەم نیشتمانەدا بەهایەکی زۆر گرانی داوە تا بووەتە ئەم دارە گەورە ڕیشەدارە.بۆیە نەگونجاوە و نە لەبەرژەوەندی ڕزگاری نەتەوەکەمانە خۆی بکات بەحیزبێکی سەرانسەری، تا بیر لە وەها بیرۆکەیەک بکرێتەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕزگاری نەتەوەی کاڵای پڕ بەباڵای یەکترن، تا نەتەوەکەمان لەستەم و داگیرکاری ڕزگار نەبێت حیزبی دیموکرات هەروا پێشەنگی خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەیی دەمێنێتەوە.**

مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات.
کوردە لە سایەی حیزبی دیموکرات.
حیزبی دێموکڕات تۆ دەدا نەجات .
پیادەی ئەو شاهی دوژمن دەکا مات.
بژی دیموکرات بژی دیموکرات

٧ی جوونی ٢٠٢٣

## بڕیارەکانی دادگای بەرزی فیدراڵی لە عێراق!

تا ئێستا دادگای باڵای فیدراڵ لە عێراقدا چەند بڕیارێکی لە سەر هەرێمی کوردستان دەرکردوون، گۆمان لەوەدا نییە لە کۆتاییدا ئەم دادگا زۆرینە شیعەیە، بڕیارەکانی لە بەرژەوەندی ئەم پێکهاتەیەدا دەبێت.

**لە پەیوەندی بە کۆتا بڕیاریان لە سەرنایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پارلمانی کوردستان سەرنجتان بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕا دەکێشم؛**

١- ڕاستەدرێژ کردنەوەی تەمەنی پارلمانی کوردستان لە ئاکامی جیاوازی بیر وڕا لە سەر میکانیزمەکانی هەڵبژاردن زۆر بوو و لە ڕوی ناچارییەوە و بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەک درا ،کە لە نەبوونی پارلماندا دەهاتە گۆڕێ، بەڵام بەو حاڵەش بڕیاری درێژ کردنەوەی تەمەنی پارلمان بڕیارێکی گونجاو و باش نەبوو.

٢- سکاڵا کەر لە دادگای فیدراڵی سەبارەت بەو بڕیارە، د.یوسف موحەمەد بوو کە چەند حیزب و بەرپرسێکی لە ڕێکخراوەکانی دیکەشی لە پشت بوو.

٣- سەرەڕای درێژکردنەوەی تەمەنی پارلمانی کوردستان بەهۆی بەردەوامی کێشەلە نێوان لایەنەکانی کوردستان بە داخەوە وا وێ دەچوو بەو حاڵەش نەتوانن بگەنە بڕیارێکی هاوبەش و ڕۆژلە دوای ڕۆژ لایەنە سیاسیەکان لێک دور دەکەوتنەوە.

بە بوونی ئەم کێشانەوە بڕیارەکەی دادگای بەرزی فیدراڵی عێراق بڕیارێکی چاوەڕوانکراو بوو و، لە ڕاستیدا لە دەرکردنی ئەم بڕیارەدا دادگا هیچ تاوانێکی نەکردووە.

درێژەی ئەم کێشانە لە نێوان لایەنەکانی هەریمی کوردستان، بە داخەوە ئەم ئەزموونە کە تروسکایەکی ڕووناکی بەڕوی مەسەلەی کوردلە هەموو بەشەکانیدایە خەریکە بەرەو ئاقارێکی ناڕوون دەبات.

هەرچەند زۆرم پێ ناخۆشە کە لایەنەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی ناکۆکیەکانیانەوە گرنگترین دامەزراوی کوردستانیان

برده ژێر پرسیار بەڵام وەک دەڵێن لە نیوەی زەرەریشدا بگەڕێنەوەدێر نابێ.

بڕیاری دادگا ئەگەر لایەنی خراپی دەخالەتی ئەم دادگایە لە گرنگترین دامەزراوەی کوردستاندا بوو، بەڵام ئەو باشیشی هەبوو کە کۆتایی بە چەند کێشەیەکی نێوان لایەنەکان لە پەیوەندی بە میکانیزمەکانی هەڵبژاردنەوە هێنا.

هیوادارم هەموو لایەنەکانی هەرێمی کوردستان ئاوڕێک لەو سیاسەتانەیان بدەنەوە و، بە گیانێکی بەرپرسانە و بەهاوکاری و پێکەوە کارکردن لەوە زیاتر کێشەکان قوڵ نەکەنەوە.تەنیا ڕێگای بەرەوپێش چوونی کوردستان پێکەوە کارکردن و گەڕانەوەیە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی.

**داوا و تێبینی:**

**تکایە ئەگەر کۆمێنتتان نووسی دور بێت لە بێ ڕێزی، چون ئەگەر بێ ڕێزی تێدابێ بە دڵنیاییەوە دەیسڕمەوە.**

**٣١ی مای ٢٠٢٣**

## حەوزەی گشتی و حەوزەی تایبەت

دەمێکە دمهەوی بە کۆمەڵێک لە بەشدارانی فەیسبووک بڵێم، هاوڕێینە، هەرکەس لە ژیانیدا نەوعێک ڕەفتار و هەڵسوو کەوتی هەیە کە لە فەرهەنگ و تێگەیشتنی ئەو کەسەوە سەر چاوە دەگرێ. هیچ کاتێک دوونەفەر وەک یەک نابن تەنانەت لە بنەماڵەیەکیشدا، تا چ بگات بە کۆمەڵگایەک، چون سەلیقەکان جیاوازن، تێگەیشتنەکان جیاوازن، خولیا و ئاوات و ئامانجەکانمان جیاوازن. هەرکەسەو ڕەنگێکی پێ جوانە، دەنگێکی پێ خۆشە، خواردنێکی پێ خۆشە، ڕێزی خۆی بۆ کەسێک یا بەرامبەرەکەی بە جۆرێک دەر دەبڕێ، حەز بەنەوعێک لە پۆشش دەکات و.... هتد.

دەتوانم بڵێم بەڕادەی مرۆڤەکان حەز و ویست و خولیا بونیان هەیە و هەموو ئەم حەز و خولیایانە دەڕواتە حەوزەی تایبەتەوە کە پەیوەندی بە کەسەکان خۆیانەوە هەیە و، چوونە ئەم بوارەوە دژی مافی مرۆڤە و بزانە تۆ کە لە حەوزەی تایبەتی کەسێکدا دەخالەت دەکەی، دەخالەتەکەت بێ جێ و دەڕواتە خانەی دژایەتی کردن لە مافەکانی مرۆڤەوە.

ژمارەیەک لە هاوڕێیانی بەشدار لە فەیسبووک لە هەموو بوارێکداخۆیان پێ فیلسۆفە و ئەگەر، ڕەفتار و کردەوەی کەسێکیان بە دڵ نەبوو دەکەونەهێرش و تانە بۆ سەری و دیانەوێ ئەو کەسەش وەک ئەوان بیر بکاتەوە، کەئەمە نەک لۆژیکی نییە بەڵکوو دەست درێژییە بۆ ئازادی تاکە کەسی.

ئەوەی ئێمەدەتوانین دەخالەتی تێدا بکەین و ماف و ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە، ئەو بوارانەن کە دەکەونە حەوزەی گشتییەوە.

بابەتەکانی حەوزەی گشتی کە پەیوەندیدارە بەهەمووانەوە ، وەک سیاسەت، ژینگەپارێزی، گەندەڵی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و...هتد، ئەو بوارانە نەک نابێ لێیان بێدەنگ بین، بەڵکووپێویستە و دەبێ شەن وکەوی بکەین و بەنیسبەتیانەوە هەستیار بین، چون ئەو بوارانە لە سەر ژیان و داهاتووی هەموو کۆمەڵگا ،کە ئێمەش هەرکام تاکێکین لەو کۆمەڵگایە شوێندانەر دەبێت.

بەشداریکردن لە حەوزەی گشتیدا، نیشانەی ئەو پەڕی بەرپرسیاریتی وهەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگاکان بۆ چارەسەری کێشەکانی نێو کۆمەڵگا و گەیشتن بە هەلوومەرجی باشتر و لەبارتر بۆ هەمووان.



سەرچاوە Serchawe

**لە کۆتاییدا دەڵێم:**

**"بەڵی" بۆ بەشداری لە حەوزەی گشتیدا و" نا"یەکی گەورە بۆ دەخالەت لە بواری تایبەتی مرۆڤەکاندا.**

**٢٨ی مای ٢٠٢٣**

---

## بەزەییم بەو گوڵانەدا دێتەوە!

گوڵ ڕوەکێکی گەلێک جوانە، بۆن و بەرامەکەی تەسکین دەرە و لە بۆنە جوانەکاندا بۆ ڕێز لێنان لە سەرکەوتنێکی گەورە،جا داهێنانێک ، بردنەوە لە یارییەکی وەرزشی ، یائاشنا بوونی دووخۆشەویست و پێک گەیشتنیان کەڵکی لێ وەر دەگیردرێ.

"اسدالله اسدی" ئەو تێروریستەی کە ساڵێک پێش بەهۆی پیلانگێڕی بۆ تەقاندنەوەی کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران لە لایەن پۆلیسی بلژیکەوە گیرا و، لەلایەن دادگایەکی ئەو وەڵاتەوە بە ٢٠ ساڵ زیندان حوکم درا، لە ساتو و سەودایەکی ئابڕووبەرانەی حکومەتی بلژیک لە گەڵ ئێران ئازاد کرا و لە ئێران بە دەستە گوڵێکەوە کە لە ملیان ئاڵاند بوو پێشوازی لێکرا.

ئەمە یەکەم جار نییە لە لایەن وەڵاتێکی یەکیەتی ئوروپاوە تێروریستان پاش ئەنجامدانی کردەوە تیروریستییەکانیان لە وڵاتانی ئوروپاییدا ئازاد دەکرین.

لە تێرۆری "ویەن"بەڕۆژی ڕوناک تێرۆیستەکانیان ئیسکۆرت و ڕەوانەی تاران کردنەوە، کازم دارابی تێروریست کە هێشتا حوکمەکەی تەواونەبوو ڕەوانەی ئێران کرایەوە و ئەویش بە دەستە گوڵێکەوە پێشوازی لێکرا، بۆ دەیانی دیکەش هەربەم چەشنە بووە.

ئوروپایەکان لەپێناو بەرژەوەندی وڵاتەکانیاندا ئامادەن سەخیفانەترین ڕەفتار ئەنجام بدەن. ئەوەی بۆ ئەوان گرینگ نییە مافی مرۆڤ و ئوسوول و پرنسیپە نێو نەتەوەییەکانن کە بە زۆری بۆ خۆیان و لەپێناو بەرژەوەندی خویاندا دایانناون.

ماوەتەوە ئەوە بڵێم، پێم گوناحە ئەو گوڵانە لە گەردنی ئەو تیروریستانە دەکرێن. بەڕاستی زوڵمە گوڵ بەو جوانی و بۆنەو بەرامە خۆشەوە بکرێتە گەردنی تێروریستێکی دڵ ڕەشی ناخ بۆگەنیو ، بەزەییم بەو گوڵانەدا دێتەوە.

٢٦ی مای ٢٠٢٣

## یادەوەری وەرزێک لە خەبات

لە کۆبوونەوەی بەهارەی کۆمیتەی ناوەندی لە ساڵی ١٣٩٤ دابڕیاری ناردنەوەی تیم بۆ ناوخۆی وەڵات درا، بڕیار بوو ئەو تیمانە لە گرووپی ٣ تا ٧ کەسی کە بە تیمی بچووک ناسراون و مەجالی کۆکردنەوەی پێخۆریان لە گوندەکاندا زۆرتر و هەڵسوڕانی تیمی بچووکیش لە تیمی گەورە باشتربوو، بەڕێ بکرێنەوە.

**ئامانج لە نارنەوەی ئەو تیمانە:**

١- پەیوەندی کردن لە نێزیکەوە بە خەڵکی ناوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە.
٢- ناسینێکی نوێی جوغرافیای کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو ،بەتایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی تازە ڕویان لە پێشمەرگایەتی کردبوو.
٣- بەر پەرچ دانەوەی پڕوپاگەندەی ڕیژیم و نەیارانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کە ڕایاندەگەیاند حێزبەکان و هێزی پێشمەرگە کۆتاییان پێ هاتووە.
٤- لەناردنەوەی تیمەکانی پێشمەرگە بۆ ناوخۆی وەڵات، تەرکیبیک لە پێشمەرگەی دێرین و تازە بێت، بۆ ئەوەی پێشمەرگە دێرینەکان ئەزموونەکانیان فێری پێشمەرگە تازەکان بکەن.
٥- بەو تیمانە ڕاگەیەندرابوو زۆرتر لەوە ئەرکیان شەڕکردن بێت، ئەرکیان حزور لەنێو خەڵکدا دەبێت و تەنیا ئەو کاتانە دەست بۆ چەک دەبەن کە هێرش بکرێتە سەریان کە ئەو کات دەبێ زۆر ئازایانە بەرگری لە خۆیان بکەن.

هەرتیمێکمان بۆ ناوخۆی وەڵات دەناردەوە ، ئەم ئەرکانەمان بەوردی بۆ ڕوون دەکردنەوە و پێداویستیەکانی سەفەرەکەیان هەرچەند بەکەمیش بۆ ئامادە دەکردن.

لە ناردنەوەی تیمەکان بۆ ناوخۆ، ئەندامانی حیزب لە ناوخۆ بە دانی زانیاری بۆ ڕێگای ڕۆیشتنی تیمەکان و تداروکیان لە کاتی چوونەوەدا ئەرکێکی گرنگیان کەوتە سەرشان کە بە باشی بە جێیان گەیاند.

یەکەم تیمی نێردراو لەنیزیکی کێلەشین لە ڕۆژی ٣ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ کەوتنە بەر هێرشی گریلاکانی pkk و

بەداخەوە قادر کەریمی کادری بەوەجی حیزبەکەمان شەهید و ٣ پێشمەرگەمان برینداربوون.

گریلاکانی pkk دەیانگووت کە ئەوناوچەیە ناوچەی میدیایە و pkk لێی بەرپرسیارە، هەرکەس بیهەوێ لەم ناوچەیەدا رەد بێت دەبێ ئیجازە لەوان وەر بگرێ، ئێمە وەک حیزب ئەم داواکاریەمان پێ ناڕەوا و جێگای قەبووڵکردن نەبوو.

بە دەستپێکردن و سپاندنی شەڕ لە لایەن گریلاکانی pkk بە سەر پێشمەرگەکانی حیزبدا بە داخەوە هەروەک لە دێڕەکانی پێشتردا هێنام قادر کەریمی کادری بەوج شەهید و ٣ پێشمەرگەمان بریندار بوون.

سیاسەتی حیزب دوریکردن لە شەڕ بوو ،بۆیە پەیوەندیمان بە هەموو دۆستانی pkk وە گرت تا بەڵکوو ئەو شەڕە پەرە نەستێنێ و پێشی پێ بگیرێ، ئەو کات نامەیەکیشمان بۆ کۆنسەی سەرۆکایەتی pkk نارد کە لە بەشێک لەو نامەیەداهاتووە:

"ئێمە هەر لەڕۆژی یەکەمی ئەم وەزعەوە لەچەند کاناڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە داوای دیدار و چاوپێکەوتن و چارەسەی مەسەلەکەمان کردوە، کەبەداخەوە یا وەڵامێک نەبووە یا ئەگەر بەدەگمەن وەڵامێکیش بووبێ"نا" بووە، ئەویش بە ئولتیماتۆم و هەڕەشە کە ئەوە دورە لە پەیوەندی سیاسی نێوانمان."

هەرچەند هەبوون کەسانێک سازی شەڕیان لێدەدا و کۆماری ئیسلامیش خەریکی گەورەکردنەوەی شەڕەکەبوو و چرکە ژمێری بۆ دەکرد، بەڵام دەفتەری سیاسی بە درایەت و وشیارییەوە شەڕەکەی کونترۆڵ کرد و نەیهێشت شەڕپەرە بستێنێ، تاله ئاکامی نێوبژیوانی دۆستانی ئێمە و pkk دا و پاش هەوڵێکی زۆر کۆتایی بە شەڕەکە هات.

پاش شەهید بوونی شەهید قادریش، ناردنەوەی تیمەکانمان درێژەدا و، لەو ساڵەدا دەیان تیمان گەڕانەوە بۆ ناوچە ،کە بەخۆشییەوە هەموو تیمەکان بە سڵامەتی گەڕانەوە بۆ بنکەکانمان لە شاخەکان.

حزوری ئەو ساڵەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە گەڵ پێشوازی گەرمی خەڵکی کوردستان بەرەو ڕوو بویەوە و جارێکی دیکە شوێندانەری ئەم حیزبەی بە دۆست و دوژمن نیشاندرا ،ئەم گەڕانەوەیە کە ساڵی دواتر ناوی" ڕاسان" ی رۆژهەڵاتی لەسەر دانرا و هیوا و هۆمێدێکی زۆری گەڕاندەوە نێو خەڵک و گوڕ و تینێکی تازەی بەخەبات دا، لە هەمان کاتدا ترسێکی زۆری خستە دڵی هێزە بەکرێگیراو و بێ ورەکانی ڕێژیمەوە.

ئێستاش کە ٨ ساڵ لەو وەرزە تێدپەڕێ خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی هەروا بەردەوامە و بە هەموو تەپ و تۆزێکی ڕێژیمەوە ئەم خەباتە لە شکڵی جۆراوجۆردا تا گەیشتن بە ئامانجەکانمان درێژەی دەبێت.

**ڕۆحی شەهید قادر شاد**

**سڵاوله پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل**

**سڵاو لە خەڵکی کوردستان پشتیوانانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان.**

**٢٤ی مای ٢٠٢٣**

---

## درۆ نامەیەکی دیکەی ڕێژیم!

فیلمی غەریب فیلمێک کە لەم ڕۆژانەدا کەوتووەتە سەر فەیسبووک و وەک هەموو فیلمەکانی ڕێژیم پڕیەتی لە درۆ، چەواشەکردنی مێژوویی، قارەمانسازی بۆپاسدارە جێنایەتکارەکانیان کە لە فیلمی ئەم جارەدا قورعە بەناوی قارەمانە ئەفسانەیی و درۆینەکەیان موحەمەد بروجردی کە هەر لە کوردستان دا کوژراو و بە سزای جینایەتەکانی گەیشت دەر چووە.

لایەنی بەرامبەر لەم فیلمانەدا ڕێبەران و پێشمەرگە ئازا و فیداکارەکانی کوردستانن کە، کەسایەتیان دەشێوێندرێ و ئەوەی خۆیان لە شەڕەکاندا لە دژی خەڵک و شۆڕشگێڕانی گەل ئەنجامیان داوە دەیخەنە ئەستۆی ڕۆڵە نەبەزەکانی گەل پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان.

بە خۆشیەوە خەڵکی کوردستان بە گشتی و تاڕادەیەکیش خەڵکی ئێران لە درۆکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتوون و پێویست بە ڕوونکردنەوەی زیاتر و، بەرپەرچ دانەوەی وشە بەوشە و بابەت بەبابەتی ئەم فیلمانە نییە، تەنیا وەک زانیاری خۆم لە سەر ئەوشەڕە، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بابەتێکم لەسەری ئەوشەڕە هەرچەندکورت و کرچ و کاڵ نووسیوە بەڵام دیسان هێندێک زانیاری تێدایە و لە خوارەوەی ئەم سەرەتایە لە ژێر ناوی "شەڕێکی گەورە لە بێدەنگی ڕاگەیاندندا" دەخرێتە بەر چاوتان، هیوادارم هەرچەند کەمیش سوودی لێ وەر بگرن.

٢٣ی مای ٢٠٢٣

## شەڕێکی گەورە لە بێدەنگی ڕاگەیاندندا

ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لەدرێژەی شەڕی ریژیم دژ بە خەڵکی کوردستان بە بیانووی چوون بۆ مەرزەکان ولە ڕاستیدا بۆ داگیر کردنەوەی شاروناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە ڕیژێم دەوری دووهەمی شەڕی بە هێرش بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد.

پاش هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە دەوروبەری شاری پاوە وداگیر کردنەوەی شاری کامیاران شەڕ گەیشتە شاری قارەمانپەروەری سنە،لە پەیوەندی بە ڕووداوی دەوری دووهەمی ئەم شەڕانەوە حیزبی دیموکرات لەسەر ئەو بڕوایە بوو هەوڵ بدرێ شەڕ نەکەوێتە ناو شارەکان چوون لەو حاڵەتە دا خەڵکی بێدیفاع زۆر دەکوژرێن و شارەکانیش ویران دەبن،بۆیە بە باشتری دەزانی شەڕەکان بکێشرێنە دەرەوەی شارەکان، بەڵام لە لایەک هێزە چەپە توندڕەوەکان(کۆمەڵە، پەیکار، چریکەفیداییەکانی ئەقەلییەت) بەبەرز کردنەوەی دروشمی سنە دەکەینە ئیستالینگراد ولە لایەکی دیکەوە ڕێژیم بڕیاری گرتنەوەی شارەکانی بەلەشکەر کێشی بەربڵاو بۆ سەر کوردستان دابوو تا لە ئاکامدا شەڕ لە ڕۆژی ٢ی بانەمەڕ لە شاری سنە لەنێوان هێزی پێشمەرگە و خەڵکی شار لە لایەک و هێزە سەرکوتکەر و دژی گەلیەکانی کۆماری ئیسلامی بەچاو ساقی و هاوبەشی جاشەبەکرێگیراوەکان لە لایەکی دیکەوە دەستییێکرد.دەبێ ئەوەش بڵێم ئامادەکاری بۆ شەڕەکە لەهەر دوولاوە سێ تا چوار ڕۆژ پێشتر دەستی پێکردبوو.

لەیەکەم بەرنگاربوونەوەدا تیپێکی ڕێژیم بە فەرماندەی سەرهەنگ ئیرج نوسرەتزاد تێداچوون، ئەم سەرهەنگە پاش کوژرانی دەرجەی سەرتیپییان پێدا و ئەمە بڕیارێک بوو ڕێژیم سەبارەت بە کوژراوەکانی شەڕدابووی کە دوای کوژرانی هەر فەرمانەیەکیان لە شەڕدا دەرجەیەک دەچوونە سەرەوە، کە ئەحمەد نوسرەتزادە و ژمارەیەکی دیکە لە فەرماندەکانیان لە سایەی سەری پێشمەرگەکانەوە دەرەجەیان چووە سەر وئەحمەد زادە دوای کوژرانی بوو بە سەرتیپ.

ئەم شەڕە لە ڕوانگەی هێزەچەپەتوندڕەوەکان و ڕێژیمەوە بە شەڕی ٢٤ ڕۆژە و لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتەوە بە شەڕی ٢٦ ڕۆژە ناسراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبی دیموکرات ویرای موافق نەبوونی بۆ شەڕی ناوشاری بەوهۆیەوە کە دەبووە هۆی کوژرانی خەڵکێکی زۆر، بەڵام کە شەڕەکە ڕویدا زۆرچالاکانە بەشداری شەڕەکەی کرد ٢٧ پێشمەرگەشمان لەو شەڕەدا شەهید و ژمارەیەکی زیاتریش برینداربوون و ٢ ڕۆژیش دوای کشانەوەی هەموو هێزەکانی دیکە لە شاردا کشاینەوە.

خومەینی ساڵی ١٣٥٩ وەک ساڵی ئەمنییەت ناودێر کردبوو و دەستی سپا و ئەرتەشی ئاوەڵا کردبوو بۆ خولقاندنی هەر جینایەتێک لەکوردستاندا و بەنی سەدری سەرۆک کۆماریش داوای لە ئەرتەش کردبوو پوتینەکانیان دەرنەهێنن تا کوردستان پاکسازی دەکەن.

لە چوارچێوەی ئەم فەرمانانەدا بوو کە ڕیژیم هێزێکی زۆری لە لە سەرانسەری ئێرانەوە بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان کۆ کردبووەوە و هێرشەکەیان هەر وەک لە پێشەوە باسم کرد لە ڕۆژی ٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بۆ ناو شاری سنە دەست پێکرد.ئەو هێزانەی ڕژێم کە لەشەڕەکە دا بەشدار بوون لەم ناوچانەدا هێنا بوونیان:

تاران، کاشان، قوم، ورمێ، مەشهەد، مازندەران، کرمان و ئیسفەهان ئەمەش بێجگەلەهێزەکانی سوپای پاسداران و ئەرتەش لە شارەکانی کرماشان و سنە کەلە ژێر فەرماندهی موحەمەد بروجردی لەو شەڕەدا بەشداربوون.

هێزی هەوایی ئێران بەردەوام شاری بومباران دەکرد و لە پادگانی سنەشەوە بە ووتەی سەرهەنگ سەدری فەرماندەی پادگانی سنە لە هەر کاتژمێرێکدا ٤٠٠ گولەتۆپیان بە شارەوە ناوە.بەو حاڵەش بە سەدان نەفەرلە هێزەکانی ڕیژیم کوژران و بریندار بوون کە ڕێژیم دانی بە ٣٠٠ کوژاو و ٥٠٠ بریندار لەو شەڕەدا ناوە.لەم شەڕە دا نیزیکەی ٢٠٠٠کەس لە خەڵکی بێ دیفاع شەهید بون و سەدان خانوو ڕوخان.

ئەم سەرکوت و وێرانکارییە لەو پەڕی بێ ئاگایی ڕاگەیاندنی ئازاددا بەڕێوە چوو، ئەگەر باسێکیش لەو شەڕە لە ڕاگەیاندندا هاتبێتە گۆڕێ تەنیا لە ڕاگەیاندنە چەواشەکارو درۆزنانەکانی ئەو کاتی ڕێژیمدابەقازانجی خۆیان هاتووەتە گۆڕێ و ئیستاش بۆ بەلاڕیدا بردنی ئەو شەڕانە، ڕێژیم بە بەرنامە کەوتووەتە بڵاوکردنەوەی بیرەوەری فەرماندەرانی ئەو شەڕانە و ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی بۆ ڕووداوەکانی شەڕی کوردستان دامەزراندووە.

وەک دیارە ڕێکەوتی ئەو شەڕە ٣ مانگ پیش لەدامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بووە، بۆیە تەنانەت خەڵکی کوردستانیش لەهەواڵی بەڕێوە چوونی ئەو شەڕە قارەمانانەیە ئاگادارنەبوون تا چ بگات بەوەی کە دونیای لێ ئاگادار بکرێ.

بەرنگاری شەڕی ٢٦ ڕۆژەی شاری سنە لەوپەڕی ئازایەتی خەڵک و پێشمەگەدا بەڕێوەچوو، ئەگەربەرئاوردبەبەرەنگاری هێزەکانی ڕۆژئاوی کوردستان لە بەرامبەرهێرشی تورکیە بۆسەریان کە حەوتوویەکی کێشا کە چ دەنگدانەوەیەکی گەورەی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنابکرێ، بەڵام شەڕی سنە کە هم لەڕوی زەمانییەوە و هەم لە ڕووی شەهید و خەساری ماڵییەوە و

هەم لە ڕووی تەلەفاتی دوژمنەوە زۆرلە شەڕی ڕۆژئاوای کوردستان گەورەتر بوو کە چی کەمترین دەنگدانەوەی نێونەتەوەیی و تەنانەت نێوخۆیشی لێ کەوتەوە، ئەو کات بۆمان دەر دەکەوێ ڕاگەیاندن دەتوانی چ دەورێکی کاریگەربۆ پشتگریکردنی بیروڕای گشتی لەخەباتێکی ڕەوا بگێڕێ، بە داخەوە لەو ساتەوەختانەدا کە شەڕی بەرگری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئارادابوو نە بیروڕای گشتی جیهان وەک ئیستا کۆماری ئیسلامی ناسیبوو و نە ڕێکخراوە کوردییەکانیش خاوەن ڕاگەیاندنێکی بە هێز بوون تا جەریانی ئەم شەڕانە بۆ نێو کۆمەڵگا بگوێزنەوە و سۆزو پشتگری بیروڕای گشتی بەرەولای ئەم خەباتە ڕەوایە ڕابکێشن؛

بێگومان بەرنگاری ٢٦ ڕۆژەی هێزی پێشمەرگە و خەڵک لە بەرامبەر هێزی تا ددان موسەلەحی ڕێژیم لە شاری سنەدا کە بە ووتەی موحەمەد بروجردی فەرماندەی ئەو شەڕە تەنیا موهیماتی ئەنبارەکانی پادگانی سنە تێرای دەساڵ شەڕی دەکرد، لە کاتێک دا هێزی پێشمەرگەبە کەمترین ئیمکاناتی نیزامی دەستی دابووە بەرگریکردن یەکێک لە لاپەڕە زێڕین و دروشاوەکانی بەرنگاری قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە وخەڵک لە مێژووی پڕ لە سەروەری خەباتی گەلەکەماندایە ، نارەوایە لەسەری نەنووسین و گۆشەکانی ئەم شەڕە هەم لەڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی سەربازییەوە بۆ نەسڵی لاوی کوردستان ڕوون نەکەینەوە.

جێگای داخە هیچکام لە حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ناوەندێکیان بۆ نووسین لە سەر ئەو ڕابردووە پرشنگدارە نییە،بۆیە لێرەدا ڕووی قسەونووسینەکەم دەکەمە ئەو کەسانە کەلەو شەڕانەدا بەرپرس یا بەشداربوون، داوایان لێدەکەم هەرکەس لە هەرگۆشەیەکی ئەو شەڕانەدا بەشدار بووە یا بە پاراستنی گۆشە نهێنییەکانی لە بابەتێکدا بیهێنێتە سەر کاغەز بۆ ئەوەی کۆ بکرێتەوە و وەک بەڵگەنامەیەک لە خەباتی قارەمانانەی ئەم گەلە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بکەوێتە بەردەستی نەسڵی داهاتوو.

سڵاو دەنێرم بۆشدارانی ئەو داستانەپڕ لەسەروەرییە.

ڕۆحی شەهیدە نەمرەکانی شەڕی ٢٦ڕۆژەی شاری سنەشاد بێت.

٢٣ی مای ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ئەگەر خەبات لە کوردستاندا نەبا

لە ساڵی (١٣٦١(١٩٨٢ حیجاب لەئێران بە یاسا، زۆرەملی کرا و، پاش ماوەیەکی کورت توانیان کۆمەڵگا بەرەو حیجابی زۆرەملی ببەن، هەرچەند ژمارەیەک لە ژنان لە دژی ئەم بڕیارە وەستانەوە بەڵام تا شەهید کرانی ژینا ئەمینی ،حیجاب کە کۆڵەکەی ئەسڵی بیرو باوەڕی کۆمار ئیسلامیە بە بێ دوو دڵی و پرسیار پێرەو دەکرا و بەڕێوە دەچوو.

پاش شەهید کرانی ژینا بە دەستی پولیسی بێ ڕەوشتی بەو بیانووە کە ژینا حیجابی نەپاراستووە، بزوتنەوەی ژن ژیان ئازادی لە کوردستانەوە سەری هەڵدا، پشتیوانی خەڵک لەو بزوتنەوەیە تائەو ڕادەیەشوێندانەر بوو، هەرچەند کاتی ڕێژیمی ناچار بە پاشەکشە کردوکار گەیشتە جێگایەک هەموو خەڵکی ئێران باسیان لە ڕوخانی کۆماری ئیسلامی دەکرد.

لە گەرمەی ئەم باسەدا بوو کە مەنشووری جورج تاون پاش ئێش و ئازارێکی زۆری پێکهێنەرانی لە دایک بوو. هەر ئەوکات نووسیم ئەم مەنشوورە بە مردوویی لە دایک بووە و چاوەڕوانی دەفن کردنی بن، کە زۆر زووتر لە پێشبینیەکەی بندە، مەنشوور بەو دەردەوە چوو کە باسم کردبوو.

ئاکامە زیانبارەکانی ئەم مەنشوورە تێکدانی یەکریزی تێکۆشەرانی ناوخۆ و دڵساردی خەڵکی لێکەوتەوە. ڕێژیم لەم هەلە کەڵکی وەرگرت و بەسەرکوتی توندتر توانی تاڕادەیەک پێش بە بەرەو پێشچوون زیاتری ڕەوتی شۆڕشی ژینا بگرێ.

زۆرکەس لەسەر ئەو ڕایەن کە مۆرەکانی ڕێژیم لەپشتی سازکردنی ئەم دووبەرەکایەتیەدا بوون، ئەم دووبەرەکایەتیە، ورەیەکی وەبەر ڕێژیم هێنایەوە وبەهۆی ئەم دووبەرەکایەتیەوە، دەسەڵاتدارانی ڕێژیم پێداگریان لە سەر درێژەدان بە پوششی زۆرەملی کرد و لەوەش زیاتر، لە ڕۆژانی ڕابردوودا، بڕیاریان داوە پیاوانیش بۆیان نییە بە کراسی قوڵ کورتەوە بێنە دەرەوە و بەم چەشنەخەریکن پۆشینی پیاوانیش بە ئیسلامی بکەن.

خۆمەینی و پەیرەوانی لەپێش ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەڵێنی ئازادی، دادپەروەری و دیموکراسی یان بە خەڵک دەدا، بەڵام پاش دامەزرانی کۆماری ئیسلامی هەنگاوەکانیان نەک بەرەو ئازادی و دادپەروەری نەبوو، بەڵکوو ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر وڵاتیان بەرەو تەحەجور و کۆمەڵگاکەیان بەرەو ئاقاری کوریای باکور دەبرد، ئێستاش ئەگەر بۆیان بکرێ هەموو هەوڵیان

هەر لەو چوارچێوەدایە.

ئەگەر تا ئێستا ڕێژیم نەیتوانیوە بەو ئامانجەی بگات، هۆیەکەی بۆ بەرنگاری خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر کۆنەپەرەستی و ملهوڕی و سەرکووتی ڕێژیمدا دەگەڕێتەوە، کە نەیهێشتووە ڕێژیم بەوئاسانییەبەو ئاوات و ئامانجەی بگات ،کوردستان لەم پەیوەندییەدا تێچوویەکی زۆری داوە.

٤٤ ساڵە کوردستان لە سەفی پێشەوەی خەبات لە دژی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامیدایە، هەر ئەمەشە نەفەسێکی لە بەشەکانی دیکەی وەڵاتدا هێشتووەتەوە، ئەڵبەت نەک بەهێزی و ڕێکخراوو بوونی کوردستان، خەبات لە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بەشەکانی وەڵاتدا بەردەوامە.

بۆیە مافی خۆمانە شانازی بە کوردستانەوە بکەین چوون ئەگەر کوردستان نەبا ئێستا دەمێک بوو ئێران کورەی باکورێکی دیکە بوو.

**بژی کوردستان سەنگەری ئازادی و بەرخۆدان**

**ژن، ژیان ، ئازادی**

**١٥ی مای ٢٠٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## چۆن لەبیرم دەچن

چەندەش گەورە بی لە لای دایک و باوکت هەر بچوکی و تا دوا هەناسە ئاگایان لێتە و دەتپارێزن. کەوابێ چۆن دایک و باوک لە بیر دەچنەوە.

ئەم لاواندنەوە بەسۆزەم ئەوکاتە لە سەر فەیسبووکەکەم دانا کە ساڵێک بوو باوکم کۆچی دوایی کردبوو و دایکیشم نەخۆش بوو و پاش چەند ڕۆژ کۆچی دوایی کرد.

لە دوا ساتەکانی ژیانیدا کە دایکم نەخۆش بوو ویستم قسەی لە گەڵدا بکەم، ئامادە نەبوو قسەم لە گەڵدا بکات و بە خۆشکەکانمی وتبوو بڵێن وەزعی باشە دوایا قسەت لە گەڵدا دەکات.

بە تازەیی خۆشکەکانم بۆیان گێڕامەوە وتبووی بۆیە قسەم لە گەڵ نەکردووە، بۆ ئەوەی من بەنەخۆشی نەبینی و خەم بخوات.

ئەمڕۆ چاوم بە فەیسبووکەکەمدا گێڕا ئەم گۆرانیە بە سۆزەم کەوتەوە بەرچاو، جارێکی دیکە لەیادی دایک و باوکم و دایک و باوکی هەموو ئەو تێکۆشەرانە دورن لە دایک وبابیان و بەتایبەت ئەوانەی لە کاتی کۆچی دوایی دایک و بابیاندا لە تەنیشتیاندا نەبوون، دایدەنێمەوە.

**هیوادارم هەلوومەرجێک بێتە پێشەوە ئەو دوریانە کۆتاییان پێ بێت.**

**چۆن لەبیر دەچن.**

**یادتان هەرمان.**

**سڵاو لە شکۆ و گەورەیتان.**

**١١ی مای ٢٠٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## لە ئاکامدا خەڵک ڕێگە دروستەکە هەڵدەبژێرێ

لە ماوەی ئەو ٤٤ ساڵەی لە خەباتدام، کەسێکی تاڕادەیەک چالاک بووم، هەمیشە هەوڵم داوە نەزەری خۆم بێ پێچ وپەنا بە کۆمەڵگا بگەیەنم. زۆر کەس هەیە ئەم شێوە لە بیرکردنەوە پەسەند ناکا و پێیان وایە بۆ دەربڕینی نەزەرێک پێویستە دەربڕینەکە جۆرێک بێت کە کەسی بەرەدنگ نەڕێشێنێ، ئەمە وایکردووە کاتێک باسێکی ڕۆژ دێتەئاراوە، نەزەرەکەیان جۆرێک ڕادەگەیەنن کە زیاتر لەوەی لە نەزەر دەربڕینێکی ڕاشکاو بچێ، حاڵەتی مەتەڵۆک و بیست سوئالی بەخۆیەوە دەگرێ.

خوێنەر بۆ ئەوەی بزانی نووسەری ئەوجۆرە بابەتانە مەبەستیان چییە، دەبێ بکەوێتە لێکدانەوە و زۆر جاریش پاش بیر کردنەوەیەکی زۆر هێشتا تێ ناگات کە ئەو کەسانە چ دەڵێن.

ئەم جۆرە دەربڕینانە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە یا شەرم دەکەن لە بۆچوونەکانیان و لەکاردانەوەی دەترسن، یا نەزەرەکەیان بە کەسێک بەر دەخوات و بە قەولی خۆیان نایانهەوێ دوژمن تراشی بکەن.

کە سانێک دەناسم فرچکیان بە جۆرە سیاسەتێکی باو لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانەوە گرتووە، لەو قۆناغانەدا بۆ ئەوەی بنوێنن کە بەڕۆژن کەتوونەتە شوێن فەزای زاڵ لە کۆمەڵگادا بۆ وێنە:

سەردەمانێک کە بۆچوونی چەپ لە کۆمەڵگادا باو بوو دەکەوتنە ناو ئەم فەزایە و تەنانەت خۆیان بەداهێنەر و پێشڕەوی سیاسەتی ئەم قۆناغە لە قەڵەم دەدا و، تۆمەتی جۆراوجۆریان لە دواکەوتوویی، تێ نەگەیشتن لە سیاسەت و..... هتد لە خەڵکی دیکەدەدا، کە چەپ شکەستی هێنا و ڕەوتی چاکسازی بوو بە باوی ڕۆژ، ئەم کەسانە ئەم جار ئەم ڕێگایەیان گرتە بەر و دروشمی چاکسازییان گوێی عالەم و ئادەمی کەڕ دەکرد.

ئێستاش کە هەوڵدان بۆ چاکسازی شکەستی هێناوە و ئیسلاح تەڵەبان شکەستی خۆیانیان لەو بارەوە ڕاگەیاندووە، ئەم جەریانە وەک نەبایان دیتبێ و نەبۆران کەوتوونەتە مەیدانێکی دیکەوە و خەریکن لە مەیدانێکی دیکە ئەسپیان تاو دەدەن و خۆیان بە داهێنەر و... چی وچی ئەم مەیدانە دەزانن.



سەرچاوە
Serchawe

سەرنج ڕاکێش ئەوەیە پاش شکەست هێنان لە هەر قۆناغێک لەو قۆناغانەدا، زەرەیەکیش حیسابیان بۆ حافیزەی مێژوویی خەڵک نەکردووە و پێیان وایە خەڵک هەر وا بە هاسانی ئەو ڕابردووەیان لە بیر کردووە.

ئەم کۆمەڵە کەسانە تا ئێستاشی لە گەڵ بێ لە پەیوەندی بە ئاکامی سیاسەتە زیانهێنەرەکانیان لەو قۆناغانەداکە زیانێکی زۆر بە کۆمەڵگا گەیاندووە، هیچ بەرپرسایەتێکیان هەڵنەگرتووە و نەک لە بەرپرسایەتی هەڵهاتوون بگرە هەمیشە خۆیان هەق بەدەست و خەڵکیان بە نەزان و دواکەوتوو وەسف کردووە.

**بەڕێزان:**

با بەس بێ چەواشەکاری و ڕاکردن لەبەرپرسایەتی، بابەس بێ خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن، بابەس بێ هەراو هوریا سازکردن بەمەبەستی بە فریو بردنی بیروڕای گشتی

دڵنیام وگومانم لەوەدا نییە، خەڵکی هوشیاری کوردستان و ئێران چاک و خراپ لێک دەکەنەوە و لە ئاکامدا ڕێگە دروستەکە هەڵدەبژێرن.

لە کۆتاییدا با ئەوەش بڵێم من لە نووسیندا لە سەر هەر بابەت و کەسایەتێک دژی بێ ڕێزیکردنم و بێ ڕێزیکردن بەهەر هۆکارێک ڕەد دەکەمەوە.

**هیوادارم نووسینەکانمان لە چوارچێوەی ئیستدلال و لۆژیک دەرنەچێ، بە پاراستنی کەسایەتی بەردەنگەکانمانە کە ڕخنەکانمان شوێندانەرتردەبن.**

**٢٩ی ئەپریلی ٢٠٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## سەرمان بێ کڵاو دەمێنێتەوە؟!

ئەم سەردێڕەم بە دەیان جار لەچەندتاکێکی کۆمەڵگای کوردستان بیستووەتەوە، کە نیشانەی نیگەرانیانە لە هەلوومەرجی ئێستای ئێران و ئارایشی هێزەکان لە گۆڕەپانی ململانێکاندا، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیونەوە.

لە لایەک دەسەڵات کەوتووەتە قەیرانگەلێکی قووڵەوە کە چارەسەری ئەو قەیرانانە ئەگەر نەڵێین محاڵە بەڕەحەتی دەتوانین بڵێین بەم عەقڵیەتەی ڕێژیمەوە چارەسەر کردنیان زۆر دژوارە.

ڕێژیم لەباتی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان هەر ڕۆژە و قەیرانێکی دیکە دەخولقێنێ کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ متمانەی خەڵک بەڕێژیم کەمتر دەبێتەوە و درزی نێوان دەسەڵات و خەڵک قووڵتر و بەرینتر دەبێتەوە، و لە ڕاستیدا ئاسۆیەک بۆ مانەوەی ئەم دەسەڵاتە بەدی ناکرێت.

لە لای دیکەوە ئۆپۆزیسیونێکی پرژ و بڵاو و بێ بەرنامە، بەتایبەت ئۆپوزیسیونی دەرەوەی وەڵات هیچ خوێندنەوەیەکی دروستیان لە ڕاستیەکانی کۆمەڵگای ئێرانی فرە نەتەوە نییە. بەشێک لەم ئۆپۆزیسیونە لە گەڵ ئەوەی زیاتر لە چل ساڵە لە وڵاتانی دێموکراتیک دەژین بەڵام هێچ لەو کۆمەڵگایە فێرنەبوون و هەرقەوانە کۆنەکەیان لێدەدەنەوە"یەک وەڵات، یەک نەتەوە، یەک زمان ویەک ئاڵاو... هتد" ولەڕاستیدا ئەم بەشەی بەناو ئۆپۆزیسیون لە ڕابردوو چەقیون و هەر دەڵێی ئەم چل وچوارساڵە لە فریزر دانراون.

بێجگەلەوەش سەلتەنەت تەڵەب بەو هۆیەوە کە دەزانن لە نێو کۆمەڵگای فرەنەتەوە و فرە چەشنی ئێراندا نفوزێکی ئەوتۆیان نییە، دەیانەوێ بەهیمەتی سوپای تێرۆریستی پاسداران دەسەڵات بە دەستەوە بگرن کە ئەمە نیشانەی ئەو پەڕی داماوییانە.

لەم هەلوو مەرجەدا بەشێک لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان

نیگەرانن لەوەی کە ئەگەر پەلە نەکەین و نەچینە بەرەیکەوە سەرمان بێ کڵاو بمێنێتەوە؟!

وڵامی من بۆ ئەم نیگەرانییە ئەوەیە، کە کڵاو لەسەر کردن بەهەموو نرخێک باش نییە، بێ کڵاو مانەوەم لەوە پێ باشترە کڵاوی کۆمەڵێک جەریانی فاشیستی لەسەر بکەی بە نرخی چاوپۆشی کردن لە ماف و ئازادییەکانی گەلەکەمان وپێشێلکردنی پرنسیپەکانمان.

**به بڕوای من لەم هەلوومەرجەدا زیاتر لەوە وەشوێن کڵاوی بابردوو بکەوین و بەوە دڵخۆش کەین کە لە بەرەیەکداین، پێویستە، خۆمان دووکاری ئەساسی کە وڵامدەر و شوێندانەر دەبێ لەم هەلوومەرجەدا بکەین:**

١- کار بۆ بەرین کردنەوەی هاوپەیمانی هێزەسیاسیەکانی کوردستان، ئەو هێزانەی کە بڕوایان بە مافی نەتەوەیی گەلانی ئێران و دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵ دیموکرات هەیە بکەین.

٢- ڕێکخراوەکانی کوردستان لەگەڵ هێزی و لایەنەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و جەریاناتی دیموکراسیخواز و چەپ و لیبراڵ بۆ پێکهێنانی هاوبەندیکی بەهێز، بە بەرنامەیەکی ڕوون و گشتگیر کە بتوانی زۆرترین حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی لە سەرانسەری ئێراندا لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە کار بکەین.

**٢٦ی ئەپریلی ٢٠٢٣**

## ڕێژیم لە پیلانگێڕی دژی خەڵک ڕاناوەستێ!

پاش چەند مانگ لە خەباتی خەڵک لە ژێر دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی "ڕێژیم بۆ پاشەکشە کردن بەخەڵک سەرەڕای سەرکوتی زیاتر، پەنای بۆخولقاندنی جینایەتی نوێی دیکە بردووە.ئەم پیلانانە بەڕادەیەک دژە مرۆڤین کە تەنیا لە ڕێژیمێکی دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامی دەوەشێنەوە، کە پەنایان بۆ ببات.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دەوڵەتەکانیش تەنیا بە ئیدانە کردنێکی زۆر لاواز، دژکردەوەیان بەرامبەر ئەم دەست درێژی وتاوانانە دەربڕیوە.

باندەکانی ڕێژیم لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا لە سەرانسەری ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، دەستیان داوەتە سەماوی کردنی قوتابیانی کچ لە قوتابخانەکاندا و زۆرتریش ئەو قوتابخانانەیان بە ئامانج گرتووە کە لە خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی ژینادا فەعال بوون.

**ئامانجی باندە جینایەتکارەکانی ڕێژیم دەتوانی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:**

الف؛ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک و بەتایبەتی کچانی ئازادیخواز.
ب؛ بەهۆی ئەوترسەوە کچان ناچاربکەن دەست لە خوێندن هەڵبگرن و بگەڕێنەوە ماڵەکانیان.

لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە خولقێنەرانی ئەم جینایەتە باندە مافیاییەکانی ڕێژیمن لە بەر ئەوەی لە سەردەرکی هەموو قوتابخانەکاندا دوربینی چاوەدێری نەسب کراوە.بێجگە لەوەش ڕێژیم خاوەن دەستگایەکی سیخوڕی بەر بڵاوە کە بە قسەی خۆیان ئاگاداری فڕینی باڵندەکانیش هەن، ئەم جینایەتە ئەگەر کاری خودی ڕێژیم نییە، ئەی چۆنەبە بوونی دوربین لە سەر دەرکی قوتابخانەکان و ئەم دەزگا سیخوڕییە بەر بڵاوە تائێستا ئەو باندانە دەستگیر نەکراون و سەماوی کردنی قوتابیان هەروا درێژەی هەیە؟

مەجلیسی ڕێژیمی ئاخوندیش لە نمایشێکی کۆمیک و چەواشەکارانەدا دوومانگ پێش وەفدێکی بۆ لێکۆڵینەوە لەو جینایەتە

پێک هێنا کە تائێستاش هیچ دەنگێکیان لێ دەرنەهاتووە.

**ڕێژیم لە باتی بەدودا چوون و ڕاگەیاندنی خولقێنەرانی ئەم جینایەتە سامناکە، وەک هەمیشە پەنای بۆ چەواشە کاری بردووە و دیهەوێ دەستی چەوری خۆی بەسەر خەڵکدا بساوێ و تەبلیغ دەکا کە:**

١- سەماوی کردن کاری مامۆستای قوتابخانەکان بووە وبەم ئیتهامە لە مامۆستایان دیهەوی بە بیروڕای گشتی بڵێ کە ئەوە کاری ماموستا تێکۆشەرەکانی قوتابخانەکانە و لە ژێر ئەم دەمامکەدا ژمارەیەک مامۆستای دڵسۆز بەو تاونە سزا بدات.

٢- ژمارەیەک قوتابی سەر بە ڕێژیمی هێناون وفێری کردوون کە بڵێن شتی وا نییە و ئەوە دژەبەرانی ڕێژیمن ئەم جینایەتە گەورە دەکەنەوە.

پیلانێکی دیکەی ڕێژیم بۆ کپ کردنی دەنگی خەڵک لەم ڕۆژانە هاتووەتە ئاراوە و مۆرە ورد و دروشتەکانی ڕێژیم تا دەگات بەڕێبەری نیزام و سەرانی سێ دەسەڵاتی بەناو"دادوەری، مەجلیس، دەوڵەت"بۆی لەسەرخەتن و مەجلسەکارتۆنیەکەیانیان ڕاسپاردووە یاسای بۆ دەربکا، نافەرمانی ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی وەڵاتن بۆ لابردنی پۆششی بەزۆری(حجاب اجباری)یە،

**کەلەو بەناو یاسایەدا بۆ ئەو ژنانەی مل کەچی فەرمانی ڕێژیم نابن ئەم سزایانەیان دیاری کردووە:**

١- سزادان بەبژاردنی ٥٠٠٠٠٠ تا سێ میلیارد تمەن.
٢- لێ ئەستاندنەوەی پاسپۆرت و ئیجازەی لێخوڕینی ماشین.
٣- داخستنی ئینترنیت لە سەر ئەو کەسانە و...... هتد.

لەپەیوەندی بەم بڕیارانەوە، تەنانەت دوربینی چاوەدێرشیان لە سەر شەقامەکان بۆ ئەو ژنانە کە حیجاب ڕیعایەت ناکەن داناوە. ژنانی ئازادیخوازیش ڕایانگەیاندووە سەرەڕای دیاریکردنی ئەو سزایانە ئەوان لەخەباتی یەکسانیخوازانەیان دا بەردەوام دەبن.

سەرە ڕای ئەو پیلانە نوێیانە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵە خەباتگێڕەکانمان لە زینندان و ڕێژیم حوکمی زاڵمانە و ناڕەوای لە

سێدارەدان و زیندانی درێژ ماوەیان بەسەردا دەسەپێنێ و بەڕێوەی دەبات. گرتن و دەست بەسەر کردنەکانیش بە بیانووی جۆراوجۆر و بێ بنەما هەروا درێژەیان هەیە.

## وتەی کۆتایی

کۆمەڵگای ئێران لە هەردوو بواری سماوی کردنی کچان لە قوتابخانەکان و باڵا پۆشی زۆرەملی و حوکمە ناڕەواکانی دەزگای بەناو دادوەری ڕێژیم لە سەر دەست بەسەرکراوندا، دژ کردەوەکانیان بەشێوەی شاربەشار و مەورید بەمەورید بەردەوامە کە ئەمە جێگای ئافەرین پێگوتنە، بەڵام ئەم شێوە نارەزایەتیانە ئەگەرچی شوێندانەری خۆیان هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو شوێندانەریە قوڵەی نابێ کە بتوانێ پاشەکشە بەڕێژیم لە درێژەدانی سیاسەتەکانیدا بکات.

ڕوونە بۆ نارەزایەتێکی گشتگیر و سەرانسەری کە زەمینەی لە نێو خەڵکدا هەیە، پێویستی بە هاوئاهەنگی و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک و شێوەی نارەزایەتیکاندا هەیە، کە بەداخەوە پێکهێنانی ئەو هەماهەنگییە لەم ماوەی دواییدا نابینم، و ئەگەرلە بوارێکدا هەبوبێ زۆر لاواز بووە.

**ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان، کۆمەڵگای مەدەنی و ئۆپۆزیسیونی ڕێژیم لە ناوخۆ و دەرەوەی وەڵات ئەم هاوئاهەنگییە پێک بێنن کە بەبڕوای من وڵام وەر دەگرێتەوە و ڕێژیم لەم هۆسار پچڕاویەدا دەگێرێتەوە وهۆسار دەکات.**

**١٨ی ئەپریلی ٢٠٢٣**

---

## چەند تایبەتمەندییەکی فاشیستەکان

فاشیستەکان، بەموقەدەس کردنی ڕێبەر وبوونی دەورو بەریەکی لاواز و گوێ لە مست بناغەی سیستمەکەیان دادەمەزرێنن.

فاشیستەکان نژادی خۆیان پاکتر و لەسەرەوەتری هەموو نژادەکان دەبینن و پێیان وایە هەموان دەبێ لە خزمەتی نەژادی ئەواندابن، بۆ قەبولاندنی ئەم باوەڕە بەکۆمەڵگا پەنا بۆ هەموو کار و کردەوەیەکی ناڕەوا و ترساندن تۆقاندن و پڕوپاگەندەی درۆزنانە دەبەن.

فاشیستەکان پێیان وایە بەدەسەلات و هێز دەتوانن هەموو کێشەکان چارەسەر بکەن، هەربۆیە زۆرتر گرینگی بەهێزی سەربازی دەدەن. لە لای ئەوان یاسا تەنیا ئەوکاتە ڕێزی هەیە، کەبەرژەوەندیان بپارێزێ.

ئەوان هەرچەشنە دیموکراسییەک کە ئەنجامەکەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی یان لیبرالیزم بێت و دەنگدەران بتوانن بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن ڕەد دەکەنەوە.

فاشیستەکان دژی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین و بڕوایان بەهەڵبژاردن و دەنگی خەڵک نییە. وهەرکەس و لایەنێک ئۆتوریتەی ئەوان قەبووڵ نەکات بەهەموو هێزیانەوە هەوڵی تێکشکاندنی دەدەن.

لەئەگەری بێ توانایییان هەموو کەم وکوڕیەکان دەخەنە ئەستۆی کەسانی دیکە و بەداتاشینی شکۆیەکی درۆینە بۆ سەرکردەکەیان و نیشتمانە خەیاڵییەکەیان ،وادەنوێنن کە ئەوان بەتوانان و هەڵە ناکەن.

لە کاتی هەڵە و کەم وکوڕیەکانیان، بەسازکردنی دوژمنێکی نێوخۆیی و دەرەکی و هەوڵی تۆڵە کردنەوە لەو دوژمنە داتاشراوە دەدەن و وا دەنوێنن کە هۆی شکەستەکانیان ئەو دوژمنە خەیاڵیانەن نەک ڕێبەر و سیستمە فاشیستیەکەیان

۱۲ی ئەپریلی ۲۰۲۳

# مێژوویێکی پڕ لە شانازی

پاش قەتعنامەی ٥٩٨ کە ئاگر بەس لە نێوان عێراق و ئێراندا ڕاگەیەندرابوو، دەنگۆی ڕاگۆستنی ئێمە لە لایەن عێراقەوە زۆر گەرم بوو. ڕێبەری حیزب بە بەشداری نەمر د.قاسملوو سەبارەت بەو هەلو مەرجە و ئەگەرەکانی بەردەم کۆ بویەوە، لە ئاکامی کۆبوونەوەکەدا بڕیاری بەردەوام بوون لە خەباتمان لە هەر هەلوومەرجێکدا پەسەندکرد. بەداخەوە لە ٢٢ پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٨(١٩٨٩) د.قاسملووتیرۆر کرا.

لە بەهاری ساڵی ١٣٦٩(١٩٩٠) کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەسکرتێری د.شەرەفکەندی بەڕێوە چوو کە دەتوانم بڵێم ئەم کۆبوونەوەیە درێژەی کۆبوونەوەی ساڵی پێشوو بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر وەزعی ناوچە و بڕیار دان بۆ چۆنیەتی درێژە دان بە خەبات کەوتینە گفتوگۆوە، ئەو کات من ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەڵبەندی شومالی کوردستان بوم.

کاک سەید ئەحمەد حووسەینی کە ئەندامی ڕێبەری و بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوو، نەزەری ١٨ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری لەو کۆبوونەوەیە یادداشت کردووە و لە فەسبووکی خۆی بڵاوی کردووەتەوە، کەمن تەنیا نەزەری خۆمم لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێزیان هەڵگرتووە

ئەمەی لە خوارەوە دێت نەزەرەی من بووە سەبارەت بەو هەلوومەرجە کە پێم باش بوو، ئێوە هاوڕێیانی ئازیزیشی لێ ئاگادار بکەمەوە تا بزانن کە ڕوانینمان لەو پەیوەندییەدا چۆن بووە و چ بڕیارێکی گرینگمان داوە.

"بڕیارەکانی پێشتر درابوون، عەمەلی نەکراون، ئێستە خەریکین وەردیان دەدەینەوە، ئێمە دەمانتوانی تیم بەجێ بێڵین، بەڵام نەمانکردوە، سوڵحی ئێران و عێراق شتێکی قەتعی نیە، عێراق لە حاڵی ڕوخاندایە، وەزعی خەلیج شتێکی تازەی بۆ گەلی کورد بە گشتی بە دی هێنا، ئەمریکا و ئینگلیس پێیان خۆشە شەڕەکە بکەن، چین مومتەنعە، شورەوی و فەڕانسە زۆر موخالف نین، بە بڕوای من شەڕەکە دەست پێدەکات، هەرج و مەرج پێش دێت، نیرۆکانی عێراق لە سنوور دەکشێنەوە، ئێمە دەبێ کەڵکی خۆمانی لێوەرگرین، خۆ مات کردن باشە، چ چەک بکرێین، چ لە شوێنێک دابنرێین، هەر ئاش بەتاڵە، هەوڵ بدەین شوێنێک بدۆزینەوە، بۆ ڕادیۆکەمان ئەگەر لە شوێنێک ئیمکانمان هەیە، موبارەزەی چەکداری خۆمان بکەین، ئاموزش لە خوارێ و لە سەرێ لازمە"



سەرچاوە
Serchawe

وێڕای دەستخۆشی لە کاک سەید ئەحمەد هیوادارم بیرەوەرییەکانی لە چاپ بدات ، بۆ ئەوەی نەسڵی ئێستا ئاگاداری ئەو مێژووە بن.

١٠ی ئەپریلی ٢٠٢٣

---

## ئاڵا پەڕۆ نییە!

ماوەیەکە لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان جا بەهەر هۆکارێکەوە لە لایەن چەند کەسێکەوە باس لەوە دەکرێ کە ئاڵا پەڕۆیەک زیاتر نییە و بۆیە جێگای گرینگی پێدان نییە.ئەمە لە دوو حاڵ بەدەر نییە یا نەبوونی شارەزاییە لە فەلسەفەی ئاڵا، یا ئاوەزمەندانەیە و نییەتێکی خراپ لە پشتی ئەو بۆچوونەدا خەوتووە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە ئاماژەیەکی کورت بە نەقشی ئاڵا لە ژیانی نەتەوەکاندا دەکەم.

هەروەک زمان بەشێکە لە ناسنامەی هەرنەتەوەیەک و لە ڕاستیدا کۆڵەکەی سەرەکی شوناسی نەتەوەیە،ئاڵای هەروەڵاتێکیش سونبول وجیاکەرەوەی ئەو وەڵاتەیە لە وڵاتانی دیکە لە کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و نوێنەری هەرکام لەوەڵاتانە بە ئاڵاکەیانەوە دەناسێندرێنەوە.

ئاڵای هەرنەتەوەیەک تایبەتمەندیەکانی ئەو نەتەوەیە لە بوارەکانی، مێژوو، پێکهاتە، فەلسەفە و بیر و باوەڕی خەڵکی هەر وەڵاتێک نیشان دەدات.

**بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتری خوێنەران لە بارەی فەلسەفەی و مانای ئاڵاکانەوە چەند نمونەیەک لە ئاڵای وڵاتان باس دەکەم**

**١- ئاڵای ئەمریکا:**

ئاڵای ئەمریکالە ١٣ نەوار و ٥٠ ئەستێرە پێک هاتووە، نەوارەکان باسە لە سەرەتای پێکهاتنی وڵاتی ئەمریکا کە لە یەکگرتنی ١٣ ولایەت پێک هاتووە، ٥٠ ئەستێرەکەش نیشانەی ٥٠ ئەیالەتە لە حاڵی ئێستادا پێکهێنەری ئەم وڵاتەن.

**٢- ئاڵای فەرانسە:**

ئاڵای فرانسە سێ ڕەنگی ئاوی و سوور و سپی پێکهاتووەکە لەپرۆسەیەکی مێژووییدا بوونەتە هیمایەک لە ئازادی،



سەرچاوە Serchawe

یەکسانی، برایەتی "ئیدە ئالەکانی شۆڕشی فرەرانسە."

### ٣- ئالای ئازەربایجان:

ئالای ئازەربایجان لە سێ ڕەنگی، ئاوی ،سور، شین پێکهاتووە.ڕەنگی ئاوی هیمای تورکەکانە، ڕەنگی سوور نیشانەی پێشکەوتنە، ڕەنگی شین(سەوز) نیشانەی ئیسلامی بونە، ٨ پەڕ بونی ئالاکەباس لە ٨ شاخەی تورکەکان دەکات.

### ٤- ئالای ئێران:

ئالای ئێران لە درێژەی دەسەڵاتدارەتی پاشاکانی ئێران تا دەگاتە کۆماری ئیسلامی لە سێ ڕەنگی، سەوز و سپی و سور پێکهاتووە، لە ماوەی دەسەڵاتدارەتی پاشاکانی ئێراندا لە سەر زەمینەی سپی ئالاکە شێر و خۆرێک دانراوە. لە دەورانی هەر بنەماڵەیەکی پاشایەتیدا شێرەکە یا تاجێکی بەسەرەوە دانراوە یا تاجی لە سەرنەبووە، کلکی شێرەکەش درێژ و کورت کراوەتەوە. هێمای شێر لە ئالای ئێراندا لە ڕاستیدا هێمایەکی زاگرۆسی تۆرۆسییە و لە میتانی بگرە تا ماد هێمای شێر بە ئالاکانیانەوە هەبووە یا لایان پیرۆز بووە. بەپێی خوێندنەوەیەکی دیکە لەسەر ڕەنگەکانی ئەم ئالایە، دەگوترێ، ڕەنگی سەوز هێمای ئیسلامی سوننەی خوراسان، رەنگی سپی هێمای خەوارج و ڕەنگی سوور هێمای شیعەگەری و بە تەعبیرێکی تر هێمای خورەمدینییەکان و لە قۆناغەکانی دواتردا قزلباشەکانی سەفەوی بووە.

ڕیشەی ئەم ئالایە بە پێی لێکۆڵینەوەی (مجتبی مینویی) کە لە لایەن ڕەزاشاوە مامور کراوە کە لە ڕیشەی ئالاکە بکۆڵێتەوە، بە پیی ڕاپۆرتی مینویی ئالای سێ ڕەنگی شێر و خۆرنیشان دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی تورکەکان وهیچ پەیوەندییەکی بە فارسەکانەوە نییە.

لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیشدا ئەم ئالا سێ ڕەنگە ماوەتەوە، بەو جیاوازییەوە کە شێر و خۆرەکەهەڵگیراوە و لە باتی شێر و خۆرەکە واژەی "اڵلەاکبر" لە ناوەڕاستی ئالاکەدایە و هەروەها ٢٢ "اللەاکبر"لە پەراوێزی ڕەنگی سوور و سپی یەکەی دەبیندرێ. ئێستا ئەم ئالایە ئالای کۆماری ئیسلامیە و لەناوەندە نێو نەتەوەیەکاندا ڕەسمیەتی هەیە.

نامهەوێ لەوە زیاتر نمونە لە ئالای وەڵاتان باس بکەم دەنا بە ڕادەی نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی وتەنانەت زیاتریش ئالا بوونی هەبووە و هەرکام لە ئالاکان وەک لە سەرەتادا باسم کرد و لە ناوەرۆکی باسی ئالاکانیشدا دەر دەکەوێ فەلسەفە و

مێژووی خۆیان هەیە و بۆ خەڵکی خۆیان پیرۆزی تایبەتیان هەیە، تەنانەت لە زۆربەی وەڵاتەکان بۆ بێ ڕێزیکردن بە ئاڵا سزا دیاریکراوە.

**بەڵام ئێمەی کورد:**

بەداخەوە بەهۆی دابەشبوونی نەتەوەکەمان بەسەر چوارووڵات و زیاتریشدا و سیاسەتی بەرژەوەندی وەڵاتان، تائێستاش لە گەڵ بێ ئێمە خاوەن دەوڵەتێکی سەر بەخۆ نەبووین و نین.

**لە دوو قوناغی مێژووییدا کورد بووەتە خاوەن دەسەڵاتی خۆجێی و ئاڵای خۆی دیاری کردووە.**

**قۆناغی یەکەم:** دامەزرانی کۆماری کوردستانە، ئەم کۆمارە ئەگەرچی لە هەلوومەرجی شەڕی دووهەمی جیهانیدا پێک هات و هێزی پارێزگاری لە کۆمار، سرودی نەتەوەیی و ئاڵای تایبەت بە خۆی هەبوو، بەڵام هیچ مەشروعیەتێکی نێو نەتەوەیی پێ نەبەخشرا و، بە داخەوە پاش ١١ مانگ بەهۆی پیلانی نێو دەوڵەتی ڕوخا.

**قۆناغی دووهەم:** پاش ڕوخانی حکومەتی بەعس و هاتنە سەر کاری ڕێژیمێکی نوێ لە عێراقدا، کورد توانی لە چوارچێوەی وەڵاتی عێراقدا هەرێمی تایبەت بەخۆی دامەزرێنێ، ئەم هەرێمە هەم لە یاسای بنەڕەتی وەڵاتدا بە ڕەسمی ناسرا و هەم لە ڕادەی هەریمایەتی و جیهانیشدا مەشروعیەتی پێدرا و بە خۆشیەوە تا ئێستاش بەر دەوامە و ئاڵای خۆی هەیە.

**کۆتا ووتەم:**

دەر دەکەوێ ئاڵا نەک پەڕۆ نییە بەڵکوو گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لە هەلوو مەرجی ئێستادا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک مۆتەکە هەموو ژیانی خەڵکی تەنیوەتەوە و ژیان و گوزەرانی بۆ هیچکەس لەئێراندا نەهێشتووەتەوە ، بۆ ڕوخانی ئەو ڕێژیمە پێویست بەهەمگرایی نێوان پێکهاتە و حیزب و کەسایەتیەکان هەیە، باش نییە مەسەلەی ئاڵا بکەینە گرفتێکی گەورە و بێ ڕێزی بە ئاڵای هیچ لایەک بکەین هەروەک پێمان ناخۆشە خەڵکی دیکەش بێ ڕێزی بە ئاڵای ئێمەبکەن.



سەرچاوە
Serchawe

بڕوای تەواوم بەم حەقیقەتە هەیە کە ئالاکانی ئێران لە هیچ دەورانێکیدا ڕەنگدانەوەی ویست، پێکهاتە و مێژووی ئەم وەڵاتە نەبوون و، دەبێ ئاڵای دوا ڕۆژی ئێران ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای فرەنەتەویی ئێران بێت و ئەمەش بە تەوافوق دەکرێ، نەک بە دەنگی زۆرینە و کەمینە، لە گەڵ ئەوەی هەر کام لەهەریمە نەتەوەییەکان دەبێ ئاڵای تایبەت بەخۆی هەبێ.

لەو بارەوە پێم باشە ئاماژە بەم ڕاستیەش بدەم کە ئاڵای دەورانی پەهلەویەکان کە نمادی سەرکوت و داپڵۆسین بووە لە مێژە لە لایەن گەلانی ئێرانەوە ڕەدکراوەتەوە. و هەروەها ئاڵای کۆماری ئیسلامیش نمادی سەرکوتە، بێجگە لەوەش ئەو دوو ئاڵایە ڕەنگدانەوەی واقیعی ئێران نین وپێم خۆش نییە لێکدانەوەی هەڵە لەسەر ئەسڵی بابەتەکە کە وەک شتێکی گشتی نووسیومە بکرێ.

٢٨ی مارچی ٢٠٢٣

## گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات

"د.قاسملوو"

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی لە سێدارە دانی پێشەوای کورد" قازی محمد"، ئەگەر چی بۆ ڕێز گرتن و یاد کردنەوە لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان بە ڕۆژی شەهیدان دیاریکراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆژێکە بۆ نوێکردنەوەی بەڵێن لە گەڵ شەهیدان و بنەماڵە بەڕێزەکانیان کە ڕێگای و ڕێبازی شەهیدان تا گەیشتن بە ئامانجی بەرزی ڕزگاری و ئازادی گەل درێژە دەدەین.

ئەم ساڵ لە کاتێکدا بەرەو ڕۆژی یاد کردنەوە لە ڕۆژی شەهیدان دەچین کە لە درێژەی خەبات لە پێناو ئازادی لە شۆڕشی ژینادا، کە لە ژێر دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی" دا دەستی پێکرد، ٥٠٠ کەس شەهید بوون کە زیاتر لە ١٥٠کەس لەشەهیدەکان لە ڕۆڵە ئازا و نەبەزەکانی کوردستانن.

پەیامی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە ،پێداگری درێژە دانی خەبات بوو لە پێناو بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانماندا. دروشمەکانیان "مرگ بر ستمگر چه شاه باشد چه رهبر" و "نا بۆ دیکتاتوری" بوو.

باوک و دایک و منداڵی شەهیدەکانیش لە سەر گۆڕی شەهیدان کە زۆر بە ورە و بەهێزدەرکەوتن، داوای یەکگرتوویی ڕیزەکانی گەلەکەمان و قورس قایم ڕاوەستان لە پێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانمانیان لێکردین.

دەبائێمەش لە ئاست ئەو بەرپرسایەتیەدابین و، لە دانووستان لە گەڵ لایەنەکانی دیکە جوغرافیای ئێران بە پێداگری لەسەر مافە ڕەواکانی گەلەکەمان کە لە بەرنامە زۆربەی حیزبەکانی کوردستاندا"مافی دیاریکردنی چارەنووس" ئاماژەی پێدراوە و لەچەند هاوپەیمانیەکی نێوانمان لە سەری شکڵی ئەو مافە "فیدرالیزم" ڕێککەوتووین و هەر وەها بەپاراستنی یەکڕیزیمان، وڵامی ئەرێنی بەو داواکارییەی بنەماڵەی شەهیدانی گەلەکەمان بدەینەوە.

**ئەمەش کەمترین وەفایە بەرامبەر بە شەهیدە نەمرەکان و بنەماڵە بەڕێزەکانیان.**

**سڵاو لە شەهیدانی کورد و کوردستان**

**بروخێ ڕێژیمی کۆنە پەرەستی کۆماری ئیسلامی**

٢٧ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## نەورۆزی ژینا مەیدانێکی دیکەی خەبات!

دیمەنێکی نەورۆزی ئەمساڵ چوونی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە ڕۆژی نەورۆزدا هاوڕێ لە گەڵ خەڵکی دیکەی شارەکەیان بۆ سەرگڵکۆی شەهیدان بوو، کە بە خوێندنەوەی سرودی شۆڕشگێڕانە و دانی وتاری بە پێز، دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی" پەیمانی ئەمەگ و وەفاداری خۆیان بە ڕێبازی شەهیدان تا گەیشتن بە ڕزگاری و ئازادی نوێ کردەوە.

دیمەنی دیکەی ئەم نەورۆزە، کردنەوەی ئاگر،لەبەرکردنی لیباسی ئاڵا و واڵا کوردی وبەستنی کۆڕی گۆڤەند و هەڵپەڕکێ بوو کە تێکەڵ بە دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر و بژی ئازادی، "ژن، ژیان، ئازادی" و هەروەها دروشمی بەناوبانگ و پڕ نێوەرۆکی " قاسملوو" ڕێگات درێژەی هەیە ببوو.

بائەمە وانەیەکی دیکە بێت بۆ دوژمنان و نەیارانمان کە کوردستان نەترساوە و هەروا لەسەرپێیە . ئەم دوو دیمەنەش نیشانەی ئێرادەی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستانە لە پێناو درێژە دان بە خەبات لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیەتی.

نە سانسۆرکردنی تلویزیونە بەکرێگیراوە فارسیەکان کە ڕوماڵی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی کوردستانیان نەکرد، و نە ئینکارکردنی مافەکانی کورد بێجگە لەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ماهیەتیان دەردەخا و سوک و ڕیسوایان دەکات هیچ قازانجێکی بۆیان نابێت.

**بژی کورد، ئاوەدان کوردستان**

**٢١ی مارچی ٢٠٢٣**

## یادێک لە کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهید

کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژی ١٦ - ٣- ١٩٨٨ کە بەو هۆیەوە ٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی بێ تاوانی ئەوشارەبە هۆی فڕۆکەکانی حکۆمەتی بەعسەوە شەهید کران تاوانێکە قەت لەبیر ناکرێ.

ئەم کیمیا بارانە، هاوکات بوو لەگەڵ هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەڵەبجە کەبە هاوبەشی هێزە کوردییەکانی باشور بەڕێوە چوو، وەزعێکی تایبەت بۆ بنەماڵەی پێشمەرگەکانی هێزکانی حیزب و خەڵکی ناوچەی نەوسود، کەتا ئەوکات ئەم ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی حیزبدا بوو پێش هات. لەو شەڕەدا نیزیکەی دوو هەزار کەس لە ژن و منداڵ وپیر و پەک کەوتە لە لایەن سوپای پاسدارانەوە دەستگیر کران و گوازرانەوە بۆ شاری پاوە.

لەم شەڕە دا ڕێژیم لە بەرەی هێزەکانی حیزبدا کە لە دەرەتفێ نیشتەجێ بون چەند جارێک تێک شکا و زیاتر لە سەد کەس لەهێزەکانیان کوژران.

شەهید بوونی بە کۆمەڵی پێشمەرگەکانی هێزی شوانی کۆمەڵە لەو شەڕەدا خەمێکی گەورە وگرانە کە لە بیر ناچێتەوە.

وەک ئاماژەشی پێدرا لەو شەڕە دا ژمارەیەکی بەچاو لە کەم ئەندام و پیر و ژن و منداڵی حیزبی لە پشتی جبهەی شەڕەکە گیریان خواردبوو کە دواتر لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە گیران و زیندان کران، چەند کەسێک لەوانەش لە زینداندا حوکمی لە سێدارە دانیان بە سەردا سەپاندن و شەهید بوون. ڕۆحیان شاد و یادیان لە دڵماندایە .

بە خۆشیەوە لەساڵی ١٩٩١ بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵکەوە حکومەتی بەعس لە کوردستان ودەرنرا ودواترحکۆمەتی کوردستان دامەزرا.

٣٥ ساڵ لەکیمیا بارانی هەڵەبجە تێدەپەڕێ، لە تەواوی ئەو ساڵانەدا هەڵەبجە کە دەبا کرابا بەشارێکی نمونەیی، بە داخەوە زۆرر بەکەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە. تا ئێستاش منداڵە ون بووەکانی ئەم کارەساتە ناوە بەناوە دەر دەکەون ،بەرکەوتەکانی چەکی کیمیایش هەروابە چارەسەر نەکراوی ڕۆژگارێکی سەخت تێدەپەڕێنن.

چەند ساڵێکە هەڵەبجە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەک پارێزگا دیاری کراوە، بەڵام هەنگاوی بە پارێزگا کردنی بۆ هەڵنەگیراوە ،تائێستاش حکومەتی عێراق بە پارێزگا بوونی هەڵەبجەی پەسەند نەکردووە.

جێگای سەر سوڕمانە هیندێک جارلە زاری تەنانەت هەڵەبجەیەکانەوە دەبیستم، کە هەڵەبجە بنەماکانی بەپارێزگا بوونی نییە، ئەوەش دەگێڕنەوە بۆ ڕادەی حەشیمەت و ڕۆبەری جوغرافیایی ئەم شارە، بەڕاستی بەلامەوە ئیستدلالێکی سەیرە! لەو بەڕێزانە دەپرسم داخوا واتیکان کە تەنیا هەزار کەسی حەشیمەت هەیە و ئێستا وەک وەڵاتێک لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەندامە، یا سان مارینۆ کە ٣٣٣٣٤ نەفەری حەشیمەت هەیە یا لێختن ئیشتاین کە حەشیمەتی ٣٥٥٤٧ کەسە و وڵاتی سەربەخۆن حەشیمەتیان لە هەڵەبجە زیاترە ؟

واتیکان لەبەرپیرۆزییەکەی کراوەتە وەڵات، ئەی بۆ هەڵەبجە بە هۆی ئەو کارەساتەوە کە بەسەریاندا هێنا نابێ ببێتە ڕەمز وگرینگی تایبەتی پێ بدرێ.

هەڵەبجە دەبێ بکرێتە پارێزگایەکی نموونەیی، بۆ ئەوەی هەم نیشانێک بێ لە دڕندەیی دوژمنەکانمان، هەمیش نیشانێک لە هەڵسانەوە و نەبەزینی میلەتەکەمان بۆ بنیاد نانەوە و ئاوەدان کردنەوەی نیشتمانەکەمان، سەرە ڕای هەموو دڕندەیەکانی دوژمنانمان.

لە ساڵڕۆژی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی هەر گیز نەمری شەهیدەکان و نفرەت دەکەم لەو کۆمەڵکوژی و جینایەتە سامناکانە، دڵنیام لە گەڵ ئەو هەموو کارەساتە کە بەسەر ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا هاتووە گەلی ئێمەتا گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری، لێبڕاوانە ڕێگای خەبات دەبڕێ و درێژە بە ڕێبازی ڕزگاری گەل تاسەرکەوتن دەدات.

١٦ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## چەند سەرنجێک!

لەهەر کۆمەڵگایەکی ئازاد دا، کەسەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، حیزبەکان، چوارچێوەیەکی تێکۆشان بۆ خۆیان دیاری دەکەن و لەو چوارچێوەیەدا، ئەرکێکیان دەکەوێتە سەرشان، لە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی ئەرکەکان مافێک بۆ هەر کام لەبەش و کەسەکان دیاری دەکرێ.

دیاریکردنی سنووری کار و دەسەڵاتی کەسەکان لە هەر ئۆرگانیزاسیونێک دا بە پێی ئامانجەکان و پەیرەوی نێو خۆی ئەو ڕێکخراوەیە لە حیزب و ڕێکخراوێکەوە بۆ حێزب و ڕێکخراوێکی دیکەدا جیاوازە.

بۆ ئەوەی باسی هیچ ڕێکخراوێکی دیکە نەکەم سەرنج دەخەمە سەر حیزبی دیموکرات.

ئەم حیزبە لە ڕۆژی دامەزرانییەوە ئامانجی خۆی ڕزگاری نەتەوەیی و دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دیاری کردووە، کە دورە دیمەنی تێکۆشانی بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبێ، و ئەندامەکانی بۆ هێنانە دی ئەم باوەڕ بار هێناوە.

حیزبەکانی دیکەش هەرکام بۆ خۆیان ئامانجێکیان دیاریکردووە و زۆر ئاساییە ئەوانیش لە ئاراستەی ئەو ئامانجانە کە بۆ خۆیان دیاریانکردووە بڕیار بدەن.

مافی هیچ حیزب و ڕێکخراوێک نییە بۆ حیزبێکی دیکە ڕێو شوێن دیاری بکات.بەڵام بەسەرنجدان بەو ڕاستییە حیزبەکان بەرهەمی جۆراو جۆری بیرکردنەوە لە کۆمەڵگای خۆیانن و هەر حێزبێک خۆی وا تاریف دەکات کە خەباتەکەی لە پێناو بەختەوەری و ئازادی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە، مادام ئامانج تێکۆشانە بۆ بەختەوەری کۆمەڵگا و کار کردنی حیزبەکانیش لە سەر ئەو ژینگەیەشە، زۆر ئاساییە کە کردەوەکانیان شوێندانەری لە سەر ژیانی خەڵک و کۆمەڵگا هەیە، بۆیە دەبێ ئەو مافەش بە خەڵک بدرێت لەسەر ئەو کارو کردەوانە کە ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیانیان دەبێت لە بەرامبەر هەر سیاسەت و هاوپەیمانییەک بە چاک یا خراپ، دژکردەوەیان هەبێ و خەتەرەکان دەست نیشان بکەن و ڕێگا دروستەکەش نیشان بدەن.

گوتمان کە ئامانجی حیزبی دیموکرات ڕزگاری نەتەویی، دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیە، ئەگەر هات ئەم حیزبە لە

چوارچێوەی پرنسیپەکانیدا نەجووڵایەوە، ئەرکی ئەندامانی حیزبە کە پێش بەهەرسیاسەتێکی هەڵە کە لە چوارچێوەی پرنسیپە دیاریکراوەکاندانەبێ بگرن. لەوش زیاتر ئەرکی تاکەکانی ئەندامانی کۆمەڵگای کوردستانیشە لەو بارەوە لەسەر هەست بن و ڕخنە و پێشنیارەکانیان بۆ هەر سیاسەتێک کە بە پەسەندی نازانن دەر ببڕن.ئەم لە سەرهەست بوونەی کۆمەڵگا نەک نابێت بە دەستێوەردانی بزانین ،بەڵکوو نیشانەی وریایی و بەرپرسیاریەتی ئەندامانی کۆمەڵگایە و دەبێ ڕێز لەو هەست و بیر و هۆشە بگیردرێ، کە ئێمە وەک حیزبی دیموکرات شانازی بە وەها خەڵک و کۆمەڵگایەکەوە دەکەین.

با ئەوەش بڵێم ڕخنە گرتن دەبێ ئامانجی بنیادنەری هەبێت، نەک ڕۆخێنەر، تا بتوانێ ئامانجی خۆی بپێکێ. ژمارەیەک لە بەشدارانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هێندێ جار، ڕخنەکانیان لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە ئاراستەیەکی دروستدا ناڕوات و، تێکەڵە لە گەڵ ڕق و قین و بێ حورمەتی کردن بەم و بەو،بۆیە ناکەوێتە خزمەتی چاکسازیەوە و ئامانجی دروست ناپێکێ. بۆ ئەوەی ڕخنەکانمان شوێندانەریان هەبێ، دەبێ تێکەڵ بێ لەگەڵ ئیستدلال و بەزبانێکی شیاو دەری ببڕین.

**تا ئێرە باسم لەچوار چێوەیەکی گشتی کرد، بەڵام چوار چێوەیەکی تایبەتیش هەیە کە پەیوەندی بە کەسەکان، ڕێکخراوەکان و....هتد، هەیە.**

لەم چوارچێوە تایبەتە دا سنور داربوونێک دێتە ئاراوە کە بۆ وێنە ئێمەی حیزبی دیموکرات مافی ئەوەمان نییە بۆ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە دیاری بکەین کە چۆن سیاسەت بکەن، لە گەڵ کێ دۆسایەتی بکەن و هاوپەیمانی لە گەڵ چ جریانێک پێک بێنن. هەر لایەنێک مافی خۆیە چۆن سیاسەت دەکات وتاکتیک و ستراتژی خۆی چۆن دیاری بکا، هەروەک ئێمەش لە حیزبی دیموکرات هەمان مافمان دەبێت.

شتێک کەدەمێنێتەوە ئەوەیە مادام حیزبێک بڕیارێک لە چوارچێوەی بەرژەوەندی حیزبی و بە بێ گوێدانە ڕای گشتی دەباتە پێش، ڕەوانییە کە بەناوی گەلەوە قسە بکات و باشترە کە بەناوی حیزبەکەی خۆیەوە لێدوان بدات.

کۆتا قسەم ئەوەیە با بەڕۆحێکی نیشتمانپەروەرانە و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەمان پێکەوە بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات لە پێناوی ڕزگاری گەلەکەماندا هاوکار و یەکگرتوو بین. تەنیا بە هاوکاری یەکتر و بە قەبووڵ کردنی جیاوازییەکانمان دەتوانین بەرپەرچی پیلانی دوژمنان بدەینەوە و گەل بە ئامانجی ڕزگاری و دیموکراسی بگەیەنین

١٢ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ٨ی مارس و ژنی کورد

## "ژن، ژیان ، ئازادی"

ڕۆژی ٨ی مارس وەبیرهێنەرەوەی جوڵانەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییە کە بەمەبەستی خەبات لە دژی جیاوازیدانانی ڕەگەزی ڕاگەیەندرا.

ئەگەر چی دەور و ڕۆڵی ژنانی کورد لە پرۆسەی ئیدارەی وەڵات بە بەراورد لە گەڵ ژنانی وەڵاتانی ڕۆژئاوایی زۆرلە پاشترە بەڵام بە بەراورد لە گەڵ ماف و ئەرکی ژنان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەند هەنگاو لە پێشترە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- ژنانی کورد لە ڕابردوودا لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا شان بە شانی پیاوان بەشدار بوون و دەورێکی کاریگەریان گێڕاوە.

٢- ژنی کورد لە ڕابردوودانەفشی ڕێبەر و بەڕێوەبەریان لە کۆمەڵگای کوردستاندا گێڕاوە، وەک قەدەم خەیر ،عادلەخانی جاف ، حەفسەخانی نەقیب و ......هتد.

٣- لە ڕەوتی خەبات لە پێناوی ماف و ئازادییەکانی گەلەکەماندا ژنانی کوردستان بەشداری چالاکانەیان لە بوارە جوراوجۆرەکانی خەباتدا بووە ،لەوانە لە ریزی پێشمەرگایەتیدا " شەهیدان سوهەیلا قادری ونەسرین حەداد" ئەندامانی بەڕێوە بەری حیزب و دەیان کچی ئازا و بەجەرگی دیکە شەهید بوون و دەیان و سەدانی دیکەش بەهۆی چالاکی سیاسی و مەدەنی لەزیندانەکانی ڕێژیمدا لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا دەرسی ئازایەتیان فێری کچانی نەسڵەکانی دوای خۆیان کردووە کە لەم یادەدا ڕێزیان لێدەگرم.

٤- ئەگەر ژنان و کچانی کورد بە نمونەی ئازایەتی و بوێری لە نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوییدا ناسراون، ئەمە لە لایەک بەرهەمی نرخدانێکی زۆری خۆیانە لەو پێناوەدا و لە لای دیکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کلتوور و فەرهەنگە پێشکەوتوو و دەوڵەمەندەی کە لە نێو گەلەکەماندا بوونی هەبووە و مەیدانی بەشداری ژنانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ڕەخساندووە.

لە نەسڵی نوێی ژنانیش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کەسانی وەک زارا موحەممەدی، موژگان، و دەیان و سەدانی دیکە لەو ژنە ئازایانە دەتوانین ناو بێنین . لەڕەوتی شۆڕشی ژیناشدا کچان و ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ژێر دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی" دا، هاتنە شەقام وئازایەتی و شوێندانەری خۆیان لە ڕۆژەکانی ئەو شۆڕشە نیشان دا کە ژمارەیەکیان شەهید و ژمارەیەکیش ڕاپێچی زیندان کران کە بەخۆڕاگریەکی بێ وێنە لە بەرامبەر شکەنجە دژی ئینسانیەکانی مرۆڤ کوژانی ڕیژیم بەقامەتی ڕاستەوە ڕاوەستان و نیشانیان دا چەندە نەبەز و تێکۆشەرن.

وێڕای ڕێزگرتن لە خەباتی کۆڵنەدەرانی ژنان لەپێناوی ئازادی و یەکسانیدا، بەتایبەتی سڵاو دەنێرم بۆگیانی کچ وژنەشەهیدەکان و بە تێکڕای شەهیدانی شۆڕشی ژینا و بە ژنە لە بەندەکانیش دەڵێم خۆڕاگری ئێوە لە بەندیخانەکاندا مایەی شانازیمانە و، لەوە دڵنیاین ئازایەتی و بوێریتان دەبێتە ڕێپیشاندەری ژنان و لاوانی دیکەی وەڵات و ،لە بە ئاکام گیاندنی خەباتەکەمان دا شوێندانەر دەبێ.

هیوادارم بەری ڕەنج و ئازارەکانتان ئازادی نەتەوەکەمان و بەتایبەتیتر ژنانی ئازا و بوێری کوردستانەکەمانی لێ بکەوێتەوە.

٥- نامهەوێ تێکۆشانی ئێوە ژنەئازا و بوێرەکانمان بەکەم بگرم و، ناشمهەوێ بڵێم ئەوەی تا ئێستا پێی گەیشتوون کۆتایی ڕێگایە، بەڵکوو دەمهەوێ پێتان بڵێم ئێوە لە چاو ژنانی ئەم ناوچەیە زۆر لە پێشترن و ئێمەش هەروەک ڕابردوو لە پێناو گەیشتن بە مافەکانتان پشتیوان و پاڵپشتتان دەبین و شانازی بە بوونتانەوەدەکەین. لە سەر ئەو بڕواییەن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەماندا هەرچەندە بەشداری ئێوە چالاکانەتر و بەرفراوانتربێ شانسی سەرکەوتنی بزووتنەوەکەمان زێدەتردەبێ.

٦- تازەترین پیلانی ڕێژیم هێرشی شیمیایی تاقمە تێروریستیەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قوتابخانەکانی کچان لە سەرانسەری وەڵات بوو، ئەمە هەرلەو کاتەدا کەکردەوەیەکی جینایەتکارانە و نامرۆڤانەیە، نیشانەی ئەو پەڕی ناهومیدی ڕێژیم و ترسیان لە خەباتی کچە ئازاکانمان لە قوتابخانەکاندایە، کە لە درێژەی شۆڕشی ژینا لە پێناوی دروشمی " ژن، ژیان، ئازادی" دا ڕژانە سەرشەقامەکان و دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆریان سەردا. بێ گومان بەڕێوە بەرانی ئەم پیلانە نامرۆڤانەیە کە بە مەبەستی تۆڵە کردنەوە لە کچە خەباتگێڕەکانمان دەستیان داوەتە وەها جینایەتێک دەبێ محکوم و ڕیسوا بکرێن.

## کچان و ژنانی ئازا!

ئێوە باش دەزانن کۆماری ئیسلامی ئێران سەرچاوەی هەموو ستەم و نابەرابەرییەکە لە کۆمەڵگای کوردستان و ئێراندا، بە تایبەتتر بە نیسبەت ژنان و مافەکانیانەوە کۆنەپەرستانەترین یاسا و بێرەحمانەترین ئەزیەت وئازار و چەوساندنەوەیان لە ساڵانی ڕابردوودا لە سەر بەرێوە بردون، هەر بۆیە پێویستە بۆ نەهێشتنی ئەو ستەم و نابەرابەرییە زیاتر لە ڕابردوو و بەهەمووتوانایەکەوە بۆ ڕوخاندن و تێکەوە پێچانی ئەم ڕێژیمە دژی گەل و بە تایبەت دژە ژنە تێبکۆشین.

**٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنانتان لێ پیرۆز بێ . بەهیوای کۆمەڵگایەکی دوور لە ستەمکاری و هەڵاواردن لە داهاتوودا.**

**٧ی مارچی ٢٠٢٣**

## پاراستنی تەواویتی ئەرزی؟

ئەم سەردێڕە واتایەکە ڕۆژانە لە لایەن زۆر کەسەوە بەهەر دوولایەنی ئەرێنی و نەرێنی پاتە دەبێتەوە بە بێ ئەوە سەرنجێکی مانایی پێ بدرێت.

باس کردن لەسەر پاراستنی تەواویتی ئەرزی لەمافی نێونەتەوەییدا پێش لەهەموو شتێک پەیوەندی بەبەشەکانی نێو خۆی وەڵاتێکەوە نییە، بەڵکوو ئەم چمکە پەیوەندی بە پاراستنی وەڵاتێک لەهێرشی دەرەکی وڵاتێکی دیکەدا هاتووە.

پەیوەندی دانی ئەم چمکە بە کێشە نێوخۆییەکانی وەڵاتێکەوە کە زۆرتر لەپەیوەندی بە نەپاراستنی مافی پێکهاتەکانی وەڵاتێکەوە دێتە ئاراوە، نەک لە جێی خۆیدا نییە بەڵکوو چەواشە کارییەکە بۆ سەرکوت وهەڵاواردن و، جێگای قەبوولکردن نییە.

لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو لە ئێراندا، کار لەسەر تواندنەوە ویەکدەست کردنی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەم جوغرافیایە دەکرێت. دروشم وهەوڵی شوینیزمی فارس لەم ولاتەدا"یەک زمان، یەک نەتەوە، یەک ئاڵا و....هتد" بووە و هەیە .لە کاتێکدا ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و ،نەتەوەکانی پێکهێنەری بەتایبەت نەتەوەی کورد، لەو ماوەیەدا لە دژی ئاسمیلە کردن ولە پێناو ودیهێنانی مافەڕەواکانی گەلەکەمان خەباتی کردوە و تائێستاش لەم خەباتە دا بەردەوامە.

لە پرۆسەی شۆڕشی ژینا کە لەکوردستانەوە لەژێر دروشمی" ژن ، ژیان، ئازادی "سەری هەڵدا و ڕێژیمی تالێواری ڕوخان برد، لەنەکاو جەریانێکی دەرکراوی بیر فاشیست بە پشت بەستن بەو میدیانەکە لەمێژە لە ژێرناوی میدیای ئازاد خۆیان حەشاری دابوو، کەوتنەکار و ئەم بەناو میدیا ئازادانە قۆڵیان لە گەورە کردنەوەی ئەم جەریانە"شا پەرەست" ە کان هەڵماڵی و ئەگەر سەرکەوتنێکیان لە ڕابردوو داهەبووبێ بە سەدقات گەورەیان کردەوە و شکەست و ناکامی و جینایەت ودزییەکانیان دەشاردەوە، بۆ ئەوەی ڕەوایی بدەن بەم جەریانە فاشیستیە دەرکراوە و سەرلەنویی زیندویان بکەنەوە.

ئەم میدیا چەواشەکارە بەهێنانی کەسایەتیەکانی ئەم جەریانە بۆ وتوویژ ومەیدان پێدانیان ،دەستیانکرد بە خەت و نیشان و کەڵوەکێشان لە دژی هەموو ئازادیخوازان و حیزبە تێکۆشەرەکانیان، ئەوان پێیان وابوو خەڵک جینایەت و

خیانەتەکانیانی لەبیر کردووە، غافڵ لەوەی لەئێرانی ئەمڕۆدا نەسڵێک لە مەیداندایە شارەزا بەڕابردوو، تێگەیشتوو لە وەزعی دونیا و ڕۆژ و، ڕێگا بە چەواشەکاری، ستەم و دیکتاتۆری نادەن و میدیاچەواشەکارەکانیش ناتوانن بەلاڕێیاندا بەرن. هەربۆیە کاتێک خەڵکی ناوخۆ و بەتایبەت لاوەکان لە نییەتی شاپەرەستان گەیشتن، بە دروشمی جوان و پڕناوەرۆک و واتاداری"مرگ بر ستمگر چەشاه باشد چەرهبر" وڵامێکی پڕ بەپێستیان دانەوە و لە جێگای خویان دا دایاننانەوە.

پاش ئەم سەرەتایە مەبەستمە بێمە سەر ئەسڵی بابەتەکە، کە داخوازی هێزە فارس زمانەکان کە بە هەڵە ناوی ئۆپوزیسیونی سەرانسەری ئێرانیان لێنراوە، کە لەهەر پلاتفوم و مەنشورێکیاندا مەرجی تەواویەتی ئەرزی بۆ بەشداری هێزەخەباتگێڕەکانی نەتەوە مافخوازەکانی ئێرانی دا دەنێن. ئەم داواکارییە هەرلەوکاتەدانارەوا ونادیموکراتیک و نادروستە، لە هەمان کاتیشدا جێگای گاڵتە پێکردنە،بۆ؟ لەبەر ئەوە کێ ئەو سەلاحیەتەی بەو هێزانە داوە کەخۆیان بەخاوەنی ئێران بزانن و نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئەم وەڵاتە کە لە کۆدا لە نەتەوەی باڵا دەست زیاترن بە میوان بزانن؟

ئەم چمکە لە باری دیکەشەوە نارەوایە و ئەویش ئەوەیە ئەگەر سبەینێ یەکێک لەو نەتەوانە بە هەر هۆکارێک بڕیاری سەربەخویی دا، داخوا نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ پاراستنی تەواویەتی ئەرزی وەڵات دەبێ شەڕی ئەو نەتەوەیە بکەن؟ لەوڵامی ئەم پرسیارەدا، پێم وانییە هیچکام لەهێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئامادە بن بکەونە وەها شەڕێکەوە، چون وەها شەڕێک لە گەڵ بنەما فیکرییەکانیان کە مافی دیاریکردنی چارەنووسە بۆ گەلان ولەم پەیوەندییەدابەمافی هەموو گەلێکی دەزانن کە هەر کاتێک بۆی گۆنجاو بێت لەم مافە کەڵک وەر بگرێ.

**لە چوارچێوەی ئەم باسە دا، ئەگەر ڕۆژێک لە گەڵ ئۆپوزیسیونێکی وا کە توانای ڕۆخاندنی ڕێژیمی هەبێ و لە سەر یەکپارچەیی وەڵات پێداگر بێ بکەوینە دیالۆگ دەبێ:**

١- ئەم بەڵێنە بە کەس نەدرێت و بە داخوازییەکی بێ بنەمای بزانین لە بەر ئەوەی ئێمە خوازیاری فیدرالیزمین و ئەمەش مانای جیابوونەوە ناگەیەنێت.

٢- لەئەگەری پێداگری لە سەر پاراستنی یەکپارچەیی ئێران لە هەر لایەک، دەبێ ئەم مەرجە بە مەرجی دابینکردن وپاراستن و گرنتی کردنی مافەکانمان ببەستینەوە.

**ئاکام:**

**١- پاراستنی یەکپارچەیی هەروڵاتێک بە پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک مسوگەر دەبێ، نەک بە سەرکوت و زەبر و زەنگ و ئینکار کردن.**

**٢- لە وڵاتێکدا خەڵک بەمافەکانی بگات و ئەمنیەت و ئاسایش بۆ هاووڵاتیان وەک یەک دابین بکرێت، کەرامەتی مرۆڤەکان پارێزراو بێت، جەزابیت لە پاڵ پێوەنان زۆرتر دەبێت وبەمەش یەکپارچەیی وڵات دەستەبەر دەبێ.**

**٥ی مارچی ٢٠٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

## ڕۆژێکی تایبەت لە مێژوودا!

ماوەیەکی کەم لە ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتی گوزەرا بوو، لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی پاش ٣٢ ساڵ لە نهێنی بوونی حیزبی دیموکرات، شاری مەهاباد ڕووداوێکی گرینگی دیکەی لەخۆ گرت، ئەویش ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە لایەن ڕێبەری مەزن د.قاسملوو لە مێتینگێکی گەورە،بە بەشداری دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستانەوە بوو.

لەو مێتینگەدا کە دەیان ڕۆژنامەوانی ناوخۆیی و بیانی بەشداربوون، خەتە گشتییەکانی سیاسەتی حیزب لە لایەن د.قاسملوو سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕاگەیەندرا.پەیامێکی جوان و ورد وهەڵسەنگێندراو، کە بوو بە چرای ڕوناکیدەری ڕێگای خەبات لە ساڵانی داهاتوودا.

دوو کۆمەڵە لاو لە شاری پاوە لەو مێتینگەدا بەشدار بوین کە ئێستاش وەک یەکێک لە ڕۆژە هەرە گرینگەکانی ژیانم چاو لەو ڕۆژە و بەشداریمان لەو مێتینگە بەشکۆیەدا دەکەم.

لەو ڕۆژەدا مەهاباد کەش و هەوایەکی تایبەتی هەبوو، ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزب خۆشحاڵ لەوەی کە حیزب تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێدەکاتەوە و هیوادار بەوەی کورد لە سێبەری تێکۆشانی ئەم حیزبەدا بە مافەکانی دەگات.

### پێکهێنانی ئەم مێتینگە چەند لایەنێکی گرینگی هەبوو:

١- پاش ٣٢ ساڵ لە تێکۆشانی نهێنی ئەم مێتینگە و کۆبوونەوەی ئەو هەموو خەڵکە ، سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ حیزبی دیموکرات و نیشانەی ڕیشەداربونی حیزب لە نێو خەڵکەکەیدابوو.

٢- هەموو تێچووی ئەو مێتینگە بە میوانداری لە میوانەکانیشەوە لە لایەن خەڵکی نیشتمانپەروەری مەهابادەوە دابین کرابوو، و ئەمەش نیشانەی پێگە و خۆشەویستی حیزب لە نێو ئەم شارە مێژووییەدا بوو.

٣- خەڵک لەوپەڕی خۆشحاڵیدا بوون، لە بەر ئەوەی لە لایەک ڕێژیمی حەمەڕەزاشا ڕوخابوو و سێبەری ڕەش و تۆقێنەری

ژاندارم و ساواکی شایان بەسەرەوە نەمابوو، لە لای دیکەوە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان گەڕابووە کوردستان و هەرلەو جێگایە کە ئەم کۆمارە دامەزرا و هەر لەوێش بەداخەوە ڕوخا ، بۆ جارێکی دیکە بانگی کوردایەتی سەردایەوە و ڕایگەیاند.

"ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنی دانەی تۆپی زەمان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان"

زۆر بەجێیە لێرەدا یادی چەند کەسایەتێک بکەمەوە کە لەو کاتەدا پێیان ئاشابووین و ئێستا لە ژیاندا نەماون. ڕۆحیان شاد و یادیان بۆ هەمیشە لە دڵمدایە.

کاک جەلیل گادانی لە کۆشکی لاوانی مەهاباد"کاخ جوانان" بەڕوبەکی خۆشەوە پێشوازی لێکردین. میهرەبانیەکانی قەت لە بیرناکەم.

وەک میوان وەبەر ماڵی کاک عومەرقازی کەوتبووین و میواندارێکی زۆر چاکیان لێکردین، کاک عومەر وەک پیاوێکی بە ویقار و تێکۆشەر هاتە بەرچاوم.

د.قاسملووی نەمر کە لە ماڵی کاک عومەر سەردانی کردین و بە بزە جوان وقسە شیرینەکانیەوە سەرنجی ڕاکێشاین

٢٨ی فێبریوێری ٢٠٢٣

## بابەتی ئاڵا

دەمێکە دەمەوێ لە سەر بابەتی ئاڵا چەند دێڕێک بنووسم، بەڵام هەرجارە و بە هۆیەک خۆم لێ نەدا، تاڵەم ڕۆژانەدا لە لایەن هاوڕێیەکەوە نامەیەکم بۆ هات و داوای کردبوو بۆ ڕاکێشانی نەزەری ئێرانییەکان ونزیک کەوتنەو لێیان و .... پێویستەلە ڕێپێوانەکاندا وێڕای ئاڵای کوردستان ئاڵای ئێرانیش هەڵبگرین .هەرچەند موافقی بۆچوونەکەی نیم بەڵام لە وڵامدا بەم چەند دێڕەی خوارەوەوڵامەکەم بۆ نووسیوەتەوە کە دەیخەمە بەر نەزەری ئێوەش و لە نەزەری خۆم ئاگادارتان دەکەمەوە.

ئەمەش وڵامەکەمە بەو هاوڕێیە:

هاوڕێی بەڕێزم سڵاو!

لەوەڵامی نامەکەتدا من لە جەنابت دەپرسم، ئێوە دەفەرموون ئاڵای چ لایەکیان هەڵبدەین؟، ئاڵای کۆماری ئیسلامی کەئێستا لە نەزەری بین المللی یەوە ئەوئاڵایە ڕەسمی یە، یا سەڵتەنەت تەڵەبەکان، یا موجاهیدین و یا کامەی تریان کە لانی کەم ١٢ نەوع ئاڵای شیرو خورشیدنیشانیان هەیە. پاشان خۆ ئەو ئاڵایانە هیچ نمادێکی ئێمەی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێرانیان پێوە نییە.

ئەگەر قەراربێ ئێمە ئاڵایەکی سەرانسەری وەڵات هەڵدەین دەبێ ئەو ئاڵایە بێت کە لە پارلمانێکی ڕاستەقینەی هەڵبژێراوی خەڵکدا پەسەند کرابێ و نوێنەرانی ئێمەش لەو پارلمانەدا ئەو ئاڵایەیان پەسەند کردبێ.کە وابێ ئەم ئاڵایانە نەڕەنگی ئێمەی پێوە دیارە و نە یەک نەوع ئاڵاشە و خود"فارسەکانش"لە سەری کۆک نین.

ئاڵای خۆشمان کە پەسەند کراوی پارلمانی کوردستانی باشوورە، لە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبدا بڕیارمان لەسەر داوە، دەتوانین تا پێک هاتنی پارلمانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو ئاڵایە وەک سونبوولی نەتەوەیی کەڵک وەربگرین.

ئەگەر خەباتەکەشمان بە ئاکام گەیشت و ئێمە بوین بە خاوەنی پارلمانی خۆمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، ئەوکات دەبێ

تەکلیفی ئاڵای کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش ڕوون بکەینەوە. جا هەرئەم ئاڵایەبێت یا ئاڵایەکی دیکە، کەمن پێم وایە مادام دروشمی فیدراڵیمان هەڵگرتووە، ئاڵای کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبێ جیاوازبێ و هەڵگری تایبەتمەندییەکانی ڕۆژهەڵات بێت.

۲۵ی فێبریوێری ۲۰۲۳

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو شارە جوانە و ئەو ناوە؟!
## موشکی کڕوزی دوور مەودای پاوە!

ڕێژیم موشەکێکی دور مەودای کرۆزی نوێی لە ڕۆژی ٥ی ڕەشەمەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی تاقی کردووەتەوە کەناوی" پاوە"ی لێناوە. بێگومان ڕێژیم لە خۆشەویستی پاوە و خەڵکەکەی ئەم ناوەی هەڵنەبژاردووە. دانانی ناوی موشەکێک بەناوی ئەم شارە جوانەوە زوڵمێکی ئاشکرایە لە خەڵکی ئەم شارە وەک جێگای پەسەندی پاوەییەکان نییە، بەڵکوو ئەمە بێ ڕێزییەکە بەم شارە و خەڵکەکەی کە مەحکومی دەکەین.

**دانانی ناوی پاوە لە سەر ئەم موشەکە چەند پەیامێک دەگەیەنێ کە بریتین لە:**

١- داسەپاندنی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستاندا لە پاوەوە بوو و ئەمەش بۆ ڕێژیم هەر وەک خومەینی دەڵێ "شەڕنیعمەتی ئیلاهیە" نیعمەتی ئیلاهی بوو. و دەیانەوێ ئەو بیرەوەریانە زیندوو بکەنەوە و وەبیری خەڵکی بێننەوە.

٢- یەکەمین تیمی پاسدارە دەورە دیتووەکانی لوبنانیان کە زۆرتر سەر بە ڕێکخراوی ئەمەل بوون لەم شەڕەدا کوژران کە ڕێژیم بەم چەشنە دیهەوێ یادیان لێ بکاتەوە.

٣- لەهەمووی گرینگتر ئەو پەیامە دەگەیەنێ کە ڕیژیم لە درێژەدان بەسیاسەتی سەرکووت لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بەردەوام دەبێ و، وڵامی هەر داخوازییەکی کورد و نەتەوەکانی دیکە بەو کارانە و بەو جۆرە موشەکانە دەداتەوە.

هەر وەک ڕێژیم لەدرێژەدان بە سەرکوتەکانی بەردەوام دەبێ، بەدڵنیاییەوە کوردستان و باقی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش لەخەبات لە پێناوی ئازادی و مافە نەتەوەییەکاندا بەگوڕو تینێکی زیاتر لە پێشوو و تا گەیشتن بە ئامانجەکان لە خەبات کردن بەر دەوام دەبن.

هەروەک موشەکەکانی" شەهابی ٤، شەهابی ٥، شەهابی ٦، شەهابی ٣، فەجری ٣، عاشورا و قدری ١١٠. موشک بالستیکە

کورت ماوەکانی: شەهابی ١، شەهابی ٢ و فاتحی ١١٠ "ئێمە و گەلانی ئێرانی نەترساندووە بێ گۆمان موشەکی کرۆزی دوور مەودای" پاوە"ش خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی چاوترسێن ناکات.

ڕێژیمێک پێگەی کۆمەڵایەتی لە نێو خەڵک دانەبێ پەنا دەبات بۆ خۆ بەهێز کردن لە بواری سەربازییەوە، ئەم بودجەیە کە سەرفی بواری نیزامی دەکرێ نیوئەوەندەی خەرجی ئاوەدانی و ژیانی خەڵک کرابا خەڵکی ئێران نەدەگەیشتنە ئەم ڕادەلە هەژاری و ئەوهەموو قەیرانە داوێنی وەڵاتینەدەگرتەوە.

ڕێژیم و بەکرێگیراوەکانی دڵنیا دەکەینەوە کە خۆ پڕ چەک کردن و مانۆڕی نیزامی دادیان نادات و، ڕوخانیان نیزیک بووەتەوە و نەفەسەکانی کۆتاییان دەکێشن و مانگەکانی کۆتایی دەسەڵاتدارەتییان تێدەپەڕێنن.

با لە کۆتاییشدا ئەوە زیادکەم کە موشەکەکانی کۆماری ئیسلامی خەنجەری ڕۆژی تەنگانەن، دەنا ئەوە دەیان جارە ئیسرائیل لە ناوچە جۆراوجۆرەکان و لە قوڵایی خاکی ئێران گورزی تێ سراواند وسپای پاسداران وهێزەکانی ڕێژیم وڵامێکمان بەم هێرشانە نەدایەوە. بۆیە ناحەقم مەگرن کە دەڵێم موشەکە جۆراوجۆرەکانی ئێران کەناویان لە سەرەوە هاتوون بە ڕاستی خەنجەری ڕۆژی تەنگانەن.

٢٥ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

## زۆر بەکورتی! حیزبی دیموکرات و پرسی نەتەوە ستەم لێکراوەکان لە ئێراندا!

حیزبی دیموکرات هەر لە دامەزرانییەوە حیزبێکی پلۆراڵ و بە تلۆرانس بووە. لە کۆماری کوردستاندا ڕێزی لە ئایینە جیاوازەکان گرتووە و کەرامەت و مافەکانیانی پاراستووە.

لەو دەورەیەدا و لە نێوان دوو حکوومەت "کۆماری کوردستان و حکوومەتی میلی ئازەربایجان"دا پەیمانی دۆستایەتی ئیمزا کراوە تا کێشەکانی نێوانیان لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانییەتەدا و بە دیالۆگ چارەسەر بکەن.

پاش ڕۆخانی ڕێژیمی پاشایەتی، شێوەیەک لە ئازادی لە سەرانسەری وڵات هاتە ئاراوە کە زۆری نەخایاند و بە دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، هەروەک دەورانی پاشایەتی، جارێکی دیکە سەرکوتی دەنگی ئازاد و هێرش بۆ سەر ئازادییەکان و مافی خەڵک دەستی پێکردەوە .لەم قۆناغەشدا کوردستان بوو بە پەناگای هەموو ئەو ڕێکخراو و کەسایەتیانە کە لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانەوە دەکەوتنە بەر هێرشی ڕێژیم و دەهاتنە کوردستان و لە کوردستان ڕێزیان لێ دەگیرا. هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە نازناوی "سەنگەری ئازادی ئێران"یان لە سەر کوردستان دانا.

دوای فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان و سێ مانگ بەرگری ئازایانەی هێزی پێشمەرگە و لە کۆتاییدا شکان و شپرزەبوونی هێزەکانی ڕێژیم، خومەینی بە ناچار پەیامی ئاشتیی ڕاگەیاند و هەیئەتی دانووستان لە هەر دوو لاوە (ڕێژیم و کورد) پێک هات.

پێداگری هەیئەتی کورد لە سەر مافەکانی کوردستان بەردەوام بوو، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانی کورد بۆ ئاشتی بە هۆی نەبوونی بڕوای ڕێژیم بە ئاشتی شکەستی هێنا.

پاش شکەستی هەوڵەکانی ئاشتی، حیزبی دێموکرات بۆ بەرین کردنەوەی مەیدانی خەبات لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی، دەستی دایە هاوکاریکردنی ژمارەیەک لە ئەندامانی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە لایەک، و لە لای دیکەش "جبهەی متحد چپ" کە زۆرترین ئەندامەکانی خەڵکی ناوچەکانی گیلان و مازندەران بوون. کە بە داخەوە لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو.

ساڵانی دواتریش هەر هەمان هەوڵ بۆ ڕێکخراوێکی تایبەت بە بەلووچەکان درا کە بەداخەوە ئەو هەوڵەش سەرکەوتوو نەبوو.

بۆیە لەم چەن دێڕەدا باسی ئەم هەوڵانەی حیزبی دێموکرات دەکەم تا ئەوە بڵێم کە نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران، هەمیشە لە لایەن حیزبی ئێمەوە گرنگیان پێ دراوە و وەک هاوپەیمانی ئیستراتژیک چاویان لێکراوە وهەموو هەوڵێکمان بۆ بەهێز کردنیان داوە.

لەم هەلوومەرجەشدا کە ئێران لە بەردەم ئاڵوگۆڕ دایە، هاوکاری و هاوپەیمانی نەتەوە ستەملێکراوەکان بۆتە زەرورەتێکی حاشا هەڵنەگر و بە تایبەت کە دەبینین ڕێکخراو و کەسایەتیەکانی نەتەوەی باڵا دەست، تا ئێستاش سەهۆڵبەندانی "یەک نەتەوە و یەک زمان" بەری نەداون، بۆیە ناوەندی هاوکاری و باقی هێزەکانی دیکەی کوردستان دەبێ گرینگی بە یەکگرتوویی هەرچی زیاتر، و هاوپەیمانی لەگەڵ باقی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران بدەن و بۆ بەهێز کردنی ئەم هاوپەیمانییە بە جیدی تێبکۆشن.

گرینگیدانی حیزبی دێموکرات بە هێزی نەتەوەکان و شوێندانەرییان لە ئاڵوگۆڕکانی داهاتوو لە ئێراندا، ڕاستی و دروستی و دوربینی لە سیاسەتی حیزبی دیموکرات دا دەردەخات.

گرێنگی ئەم هاوپەیمانییە دەبێ لە دواین وتەکانی د.قاسملوو لە گەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە وییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش کە چەند چرکە ساتێک پێش لە شەهیدبوونی، دەر دەکەوێ، کە باس لە گرینگی مافی گەلانی ئێران دەکات وبەم چەشنە دەڵێ:

"دەبێ ئەو ئازایەتییە هەبێ کە بە پێی ئوسوول و قانوون وەک یەک مەسەلەی نێوخۆییەکانی ئێران بۆ هەمووان، بۆ عەرەبەکان، بەلووچەکان، تورکمەنەکان و کوردەکان چارەسەر بکرێن. ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانین ئەو گیر و گرفتانە چارەسەر بکەین لە داهاتوودا دەبنە کارەسات بۆ وڵاتەکەمان". دەبینن کە د.قاسملوو لەم وتووێژە و لە هەموو وتووێژەکانیدا تەنیا لە مافی کوردەکان نەدواوە، بەڵکوو باسی لە مافی تێکڕای نەتەوەکانی ئێران کردووە.

**دوا ڕەستە لەم بارەوە:**

**لە کۆنەوە تائێستاش مەرجی هابەشیمان لە هەر هاوپەیمانیەکدا دانان بە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و پاراستنی مافەکانمان بووە و بێگومان لەمە بەدواش هەر وا دەبێ.**

**٢٣ی فێبریوێری ٢٠٢٣**

## ڕەمز و ڕازی مانەوەی حیزبی دیموکرات

حیزبی دیموکرات پێی ناوەتە ٧٨ مین ساڵی تەمەنی، لەو ساڵانەدا زۆر هەوراز ونشێوی بینیوە، زۆر پیلانی لەدژدا بەڕێوە چووە، سەرکەوتنی گەورەی وەک کۆماری کوردستان و ، دەیان سەرکەوتنی دیکەی لە مەیدانی خەبات لەدژی داگیرکەردا بەدەست هێناوە. نە سەرکەوتنەکان لە خۆ باییان کردووە و نە پیلانەکانیش چۆکیان پێداداوە.

سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکان ، و شەهید بوونی ڕێبەران و بەهەزاران کادر و پێشمەرگە ،هەروا پێشەنگ و سوارچاکی مەیدانی خەبات ماوەتەوە و لە ڕۆژەڤدایە.

**ڕاز وڕەمز ئەم مانەوەیە بۆ سێ خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە:**

١- سیاسەتی واقعبینانە و دروستی ئەم حیزبە، بە داڕشتنی ستراتژێکی دروست بۆ بەرەو پێش بردنی دوزی نەتەوەکەمان .سیاسەتێکی نەتەوەیی دیموکراتیک بە سنوور دانانێکی دروست و ڕوون لە نێوان دۆست و دوژمندا.

ناوەرۆکی ئەم سیاسەتە بە دورلە دەمارگرژی و توندڕەوی داڕێژراوە و پێوەر بۆ دۆستایەتی لە گەڵ هەرجەریانێک بەرژەوەندی نەتەوەیی بووە.

لەدیاریکردن و پراکتیزەکردنی ئەم سیاسەتەدا بەرژەوەندی گەل لەسەرەوەی بەرژەوەندی تاکە، هەرچەند تاک لەم حیزبەدا شوێن و پێگەی پارێزراوە و شوێندانەریشی حاشای لێناکرێ، بەڵام، ئەوەی بڕیاری کۆتایی دەدات و دەبێتە سیاسەتی حیزب بڕیارە بەکۆمەڵەکەیە کە ڕێبەری حیزب دەیدات و ڕێبەران پراکتیزەی ئەو سیاسەتە دەکەن.

٢- فیداکاری کادر و پێشمەرگە لەپێناو نەتەوەدا کە مێژومان، شەهیدەکانمان، خەباتی بێ پسانەوە و لێبڕاوانەمان شاهیدی ئەم فیدا کاری و بەرخودان و لە خۆ بردویەن.

٣- پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە سەرچاوەی هێز و وزە و توانامانن .لەتەواوی ئەو ساڵانەدا کە خەبات لە

پێناوی ڕزگاری و دیموکراسی گەلەکەمان لە ئارادابووە، خەڵکەکەمان سەرچاوەی هێز و توانا و وزەمان بوون.

بانگەوازەکانی ناوەندی هاوکاری لە شۆڕشی ژینا لە ژێر دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی" و وڵامدانەوەبەربڵاوەکانیان بەو بانگەوازانە بەهێزترین بەڵگەن بۆ ئەو پشتگرییە.

**بێگومان ئێمەش لە داڕشتنی سیاسەتەکانماندا ئیلهاممان لە خەڵکەکەمان وەرگرتووە وپشتیشمان تەنیا بە پشتیوانی ئەوان گەرم بووە.**

**وەک ئاماژەی پێدرا هۆکاری مانەوەی حیزبی دیموکرات ئەو سێ خاڵانەن کە لە دێڕەکانی پێشدا هێناومن.**

**٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣**

## ڕێگا دروستەکە کامەیە؟

هەراو هوریاییێکی زۆر لە لایەن لایەنگرانی سەڵتەنەتەوە سەبارەت بە ئاڵترناتیوی شاپەرەستەکان بە جنێوو و سووکایەتی بەهەر کەسێک کە ئەم خێڵە قەبووڵ نەکات یا ڕەخنە لە ڕابردووی پڕ لە جینایەت و گەندەڵی دەورانی پەهلەوی بگرێ لە ئارادایە و دیانەوێ بەزۆر وبە چەواشەکاری ڕەوتی مێژوو بگەڕێننەوە بۆ دواوە.

ڕەزا پەهلەوی لە ئاخاوتنەکانیدا باس لە "فروپاشی کنترل شدە"ی ڕێژیم نەک ڕوخاندن، ئەویش بەهاوکاری سوپای تیروریستی پاسداران و باقی هێزە ئینتزامیەکانی ڕێژیم دەکات .لە یەک کلیمەدا تەنیا خوازیاری گۆڕینی عەمامە بە تاجە و دیهەوی قەرزی خۆی لەئاخوندەکان وەربگرێتەوە. باوکی تاجەکەی چۆن تەحویلی عەمامە بەسەرێک دا ، خامنەییش لوتف بکات بۆخۆی لە دەسەڵات بکێشێتەوە و دەسەڵات تەحویلی تاجداری نوێ بدا

بێجگە لە خێڵی پەهلەی، لەم ڕۆژانەشدا میرحوسینی موسەوی پاش ساڵیانێک "حەسری خانگی "کە هێشتنەەی موسەوی تا ئێستا جا بە هاوئاهەنگی خودی موسەوی بێت یا بەرنامەی ڕێژیم، کە دور نییە بەرنامەی خودی ڕێژیم بێ و پێش بینی هەلوومەرجێکی لەم چەشنەیان بۆ دواڕۆژ کردبێ و بۆ ڕزگاری سیستمەکەیان پێشیان بە سووتانی ئەم مۆرەیە بۆدەربازکردنی ڕێژیم لە حاڵەتی بوحرانیدا گرتبێ.

**هەرچی بێ موسەویش بەمەنشورێکی سێ مادەییەوە پێی ناوەتە گۆڕەپانەکەوە و ژمارەیەکی بەرچاویش لە ئیسلاح تەڵەبان پشتگری خۆیان لە مەنشوورەکەی ڕاگەیاندووە. کە ئەم خاڵانەن:**

١- بەڕێوە بردنی گشتپرسێکی ئازاد و سڵامەت لە بارەی پێویستی گۆڕین یا دانانی یاسایەکی بنە ڕەتی نوێ.

٢- لە ئەگەری وڵامی ئەرێنی خەڵکدا، پێک هێنانی ئەنجومەنێک"مجلس" پێک هاتوو لە نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەل لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد و عادلانەوە.

٣- گشتپرسی لەبارەی ناوەرۆکی پەسەندکراوی ئەو ئەنجومەنەوە بە مەبەستی دامەزراندنی نیزامێک لە چوارچێوەی سەروەری

یاسادا.

وەک دەبینن ئەمە هەرهەمان ئەو خاڵانەن کە ساڵانێکە ڕیفورمخوازانی حکومەتی بانگەشەی بۆ دکەن، بەڵام ڕەنگ و ڕویەکی ئەمڕۆییان پێداوە . گۆڕینی ئەم زمانەش بۆ ئەو ڕاستیە دەگەڕێتەوە کە ڕیفورمخوازانی حکومەتی 44 ساڵە شەریکی ئەو دەسەڵاتەن و لە هەموو خراپە و ماڵ وێرانیەکانی ئەو خەڵکە لە ئێراندا پشکی شێریان وەبەر دەکە وێ . هەربەوهۆیەش بوو کە لە نا ڕەزایەتیەکانی ساڵی ۱۳۹۸ دا خەڵک دروشمی "اصلاح طلب اصولگرا دیگە تمومە ماجرا" یان سەردا.

لەم مەنشورە ۳ مادەییەی موسەویدا، لام تاکام ئاماژە بە ڕوخانی ڕێژیم ناکات و تەنانەت لە خاڵی یەکەمی ئەم مەنشورە کە خاڵی بنەڕەتییە، لە بەشی یەکەمی ئەم خاڵەدا باس لە گۆڕان لەم یاسایە دەکات. لە بەشی دووهەمی خاڵەکەدایە دەپرژێتەوە سەر "تدوین قانون اساسی" واتە دانانی یاسایەکی نوێ.

دووخاڵەکەی دیکەی ئەم مەنشوورە سێ خاڵییە وابەستەن بەخاڵی یەکەمەوە دەکرێ بڵێین مەنشوورەکە هەرخاڵە یەکەمەکەیە، واتە گوزینەی لە پێشیان هەمان ئیسلاحاتە. بەو ناسیارییە کە ئێمە لەو جەریانەمان هەیە بێگومان لە ڕیفراندومێکی کونترۆڵ کراودا دەتوانن بەشی یەکەمی ئەم خاڵە کە چاکسازییە لە یاسای بنەڕەتی ئێستای ئێراندا بکەنە خاڵی سەرەکی و کار لەسەر ئەوە بکەن.

**ئەم مەنشوورە ی جەنابی موسەوی نوکتەیەکی جوانی کوردیم وەبیر دەخاتەوە کە دەڵێ:**

**"سمۆرەت دەوێ ئەوە سمۆرە، کەروێشکت دەوێ ئەوە سمۆرە"**

لەم هەلوو مەرجە دا کە بەهەموو پێوەرەکان ڕێژیم لە لێواری ڕوخان نیزیک بووەتەوە و خەڵک بۆ ڕوخانی ئەم ڕێژیمە ڕۆژ ژمێری دەکەن،ئەوە هەڵویستی دوونمونە لەمودعیانی جێگرەوەی ڕێژیمە کە لە سەرەوە بە کورتی ئاماژەم پێداون، ئەوانە نە جێگای بڕوان و نە ڕابردوویەکی جوانیان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدارەتی لە ئێراندا هەبووە. بۆیە و، بۆ ئەوەی هەرچی لەو ٤٤ ساڵەدا ڕێساومانە لێمان نەبێتەوە بە خوری دەبێ لە فیکری چارەسەێکی دیکەدابین.

لەچوارچێوەی ئەم بار و دوخەدا ڕێگای دروست ئەوەیە کە باقی ئۆپوزیسیونی ئێرانی، پێکهاتوو لە ڕێکخراو و کەسایەتیەکانی نەتەوەکانی ئێران، ڕێکخراوە و کەسایەتیە خەباتگێڕەکان " چەپ و دیموکراسی خوازی" سەرانسەری کە

بێگومان پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی ناوخۆی وەڵاتیان لە گەڵە، لەو بێدەنگیە کوشەندەیە بێنەدەر و بەبێ فەوتاندنی کات هەرکام بە پێشکەشکردنی پلاتفورمی خۆیان و باسکردن لەسەر هەموو پلاتفورمەکان لە دەوری بەرنامەیەکی هاوبەش کۆ ببنەوە.

کۆکردنەوە ئەم هێزە لە دەوری یەک هەم گورو تینێک دەدات بە خەباتی ناوخۆ وهەم پێش بە مەیدانداری کۆمەڵێک جەریان کە ئەزموونی خۆیان لە حوکمڕانی کە لە ڕابردوودا بێجگە لە دیکتاتوری و ڕۆژ ڕەشی هیچی دیکەیان بەرهەم نەهێناوە دەگرێ ،هەم ڕەوتی ڕوخانی ڕێژیم خێراتر دەکات.

١٣ی فێبریوێری ٢٠٢٣

## دەر کرانێک لە بەندیخانە!

مرۆڤە ئازاکان لەمردن ناترسن وبۆ هیچ ملهوڕێک چۆک دانادەن. ئەوان بە بڕوا و ئیرادەیەکی پتەو و بەهێزەوە بۆ بەدیهێنانی خولیا و ئاواتەکانیان تێدەکۆشن.

زارا محمدی خەباتکار و تێکۆشەر، کە بەهۆی فێرکاری زمانی کوردییەوە، ڕێژیم بە ناڕەوا بۆ ترساندنی ٥ ساڵ زیندانی بە سەرداسەپاندبوو، بەپێچەوانەی ئامانجی ڕیژیم ئەم حوکمە ناڕەوایە نەیترساند و لەکاتی ڕۆیشتنی بۆ زیندان بە ورەیکی بەرزەوەڕێگای زیندانی بە خوێندنی شێعری"بیری ئازادی" گرتە بەر وخواحافیزی لە بنەماڵەکەی و هاوڕێیانی کرد .چەندە جێی شانازی بوو ئافرەتێکی کورد ئەوەندە بەهێز و بەورە دەرکەوت.

دوێنێش دوای یەک ساڵ زیندان ،بەم ووتە جوانانە کە لە خوارەوە دێن و نیشانەی ورەی بەرز و بەهێزی ئەم خانمە ئازیزەن، گەڕایەوە بۆ نێو کۆڕی بنەماڵە و هاوڕێیانی، هەرچەند مێردەکەی وچەند هاوڕێیەکی لە ئەنجومەنی نۆژین تا ئێستاش هەر وا لە زیندانی ڕێژیمدا ماونەتەوە.

**زارا موحەمەدی لە کاتی دەرکرانی لە زینداندا دەڵێ:**

**"تا چرای ئێمە نەسووتێ ئێوە هەرگیز ڕووناکایی نابینن بە چاوی خۆتان**
**کوردستانیانی خۆڕاگر بەرخودانتان باش**

بە ئاگاداریی ئێوەی هێژا دەگەیێنم کە بە بێ ئاگاداری خۆم و بنەماڵەم و هاوڕێیان و ئەندامانی ئەنجومەنی نۆژین و پارێزەری بەڕێزم، لە درەنگانی ئەمڕۆ هەینی کاتژمێر ٧ی ئێوارە بە بێ هیچ داواکارییێک بە تایبەت داواکاری لێبوردن بە شێوازێکی بەپەلە و لە ماوەی ٥ خولەکدا لە بەندیخانە دەرکرام

من پێشتر هەم خۆم بە بەندیخانەم ڕاگەیاندبوو هەم لە ڕێگای پارێزەکەمەوە بە دەسگای دادوەری ڕامگەیاندبوو کە بەهیچ شێوازێک داخوازی لێبوردن پێشکەش ناکەم و ئەم داخوازییەم قەبووڵ نییە چۆنکە باوەڕم بە راستی ڕێگاکەم هەیە.

هەرچۆنێک کە دەسبەسەر کردنم و داسەپاندنی سزا بەدەستی خۆم نەبوو هاتنەدەرەوەشم بەدەستی خۆم نەبوو.

من باوەڕم بە ڕێگا و بیرەکانم هەیە و تا کۆتایی ژیانم درێژەدەری بیر و ڕێگا و ئامانجەکەمم".

کۆتا وشەکانی دیسان خوێندنەوەی شێعری "بیری ئازادی" بوو بە نیشانەی پێداگری لە سەر بڕواکانی.

١١ی فێبریوێری ٢٠٢٣

## نوێنەر و نوێنەرایەتی

ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان هەیە و، ساڵانێکە لە پێناو بەدەست هێنانی ئەو مافەدا خەبات دەکەین و خوێن دەدەین.

دوژمنە دڵڕەقەکانمان لەوڵامی هەموو داواکاریەکی ڕەوای ئێمەدا بێجگە زوانی هەڕەشە وتۆقاندن ولامێکیان بەم داوا ڕەوایە نەداوەتەوە، بۆیە خەبات لەو پێناوە دا بەردەوام بووە و دەبێ و، کورد تا گەیشتن بەمافە ڕەواکانی لە خەبات ناوەستێ.

لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا لە نێو ڕۆڵەکانی گەلدا بیر و ڕای جۆراوجۆر، لە یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان، کونفدراڵی، فیدرالیزم و.... هتد بوونی هەیە.

لەو نێوەدا، بەبڕوای من بۆچوونی حیزبەکان گەڵاڵە کراو و واقعبینانەترە. هەربۆیەشە حیزبی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگای کوردستاندا پێک هاتون.

گرینگی بوونی ئەحزاب لەوەدایە بەڕاوێژ و ئاوەزی گشتی لە چوارچێوەی ویست و داخوازییەکانی گەلدا سیاسەتێک کە گونجاو بێت لە گەڵ هێز و توانای مادی و مرۆڤی و هەروەها ئەو ژێئوپلوتیکەی کە کوردی تێدا هەڵکەوتووە دادەڕێژن.

لایەنەکانی ئەو سیاسەتە لە کۆنگرەیەکی حیزبیدا دەکەوێتە بەر شەن وکەوی کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامان، هەرسیاسەتێک لە کۆنگرە داپەسەند دەکرێ دەبێتە بەرنامە و سیاسەتی ڕەسمی ئەو حیزب و سازمانە ،ئەندامەکانیش جاهەرپلە و پاییەکیان هەبێ پێویستە و دەبێ لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا ڕوولە ڕای گشتی لێدوان بدەن.

ئەگەر بێجگە ئەمە بێت و هەرکەس بەپێی ویست و بەرژەوەندی و تێگەیشتنی خۆی لێدوان بدات، نابێتە نەزەری حیزب و گەل و دەرواتە چوارچێوەی نەزەراتی کەسیەوە. نەزەری کەسیش بێگومان نەک ناتوانی نوێنەرایەتی کۆمەڵگا بکا بەڵکوو تەنانەت هەر بەپێی ئەو پەیرەوە کە لە کۆنگرەکاندا بڕیاری لەسەر دەدرێ کە: "ئەندامی حیزب دەبێ پەیرەوی لەوسیاسەتە بکا کە لەکۆنگرە پەسەندی کردووە وهەر ئەو سیاسەتەش بباتە نێو کۆمەڵانی خەڵک" کەسەکان کە لە

دەرەوەی سیاسەتی حیزب و ویستی کۆمەڵگا لێدوان دەدەن، بۆیان نییە و زۆر نادروستە کە بەناوی گەل وتەنانەت بە نوێنەرایەتی حیزبەکەشیانەوە خۆیان بناسێنن و لێدوان بدەن.

۱۰ی فێبریوێری ۲۰۲۳

---



سەرچاوە
Serchawe

## دەستپێک و کۆتاییەک!

شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندان لە ئاکامی کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک لە ویست و داخوازییە بەدی نەهاتووەکانی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆری پاشایەتی ڕویدا. ئامانج لە هەڵگیرساندنی ئەم شۆڕشە گەیشتنی خەڵک بەمافە نەتەوەیی، دیموکراتی و کۆمەڵایەتەکانیان بوو.

ئەم شۆڕشە بزاوتێکی لەناکاو و کتوپڕ نەبوو، بەستێنی پێکهاتنی دەگەڕایەوە بۆ هەلوومەرجی ئەوکات کە خەڵک لەژێرچەکمەی دیکتاتۆری هێزە داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا دەیناڵاند و ستەمی نەتەوایەتی، هەژاری وجیاوازی چینایەتی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لە پەرە گرتندا بوو.

لە یەکەم چەخماخەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران تا دەستپێکی ڕێپێوانەکان لە شاری پاوە سێ مانگ تێپەڕی بوو، ئێمە لاوانی ئەوکات تێکەڵ نەبونی خەڵکی پاوە مان بە شۆڕش بەکەم و کوڕێکی گەورە دەزانی و بەردەوام لە ڕاوێژدا بوین، چ بکەین خەڵکی شارەکەمان تێکەڵ بە ڕێپێوانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی بکەین.پێشنیاری جۆراوجۆر و ڕێکاری جۆراوجۆرمان تاوتوێ دەکرد تا بڕیارمان دا لە بەیانیەکی هاویندا کە ڕۆژەکەیم بە ڕوونی لەبیردا نییە، لە دەرکی کتێبخانەی شار لە مەیدانی مەولەوی کۆ بینەوە و لەوێوە دەست پێبکەین.

کاتژمێر لە ١٠ی بەیانی نێزیک کەوتبووە و نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ کەسێک کۆببوینەوە و دەستمان پێکرد، هێزکانی ڕێژیم سەدێکیان لە بەرامبەرماندا دروست کرد، خەڵکی شاریش لە پیادەڕەوەکاندا چاوە ڕوانی درێژە و ئاکامی ئەو حەرەکەتە جەسوورانەیەی ئێمە بوون، نە هێزی ڕیژیم دەکشاوە و نەئێمەش، تا فەرماندەی شارەوانی پاوە کە ئەوکات سەروانێکی خەڵکی کرماشان و پیاوێکی زۆر بەڕێز بوو گەیشتە لامان و داوای لێکردین هەرلەوێ کۆتایی بە ڕێپێوانەکە بێنین، کە قەبووڵمان نەکرد و ڕامانگەیاند بەهەرقیمەتێک بووە درێژەی دەدەین، لە ئاکامدا ناو براو ڕەزایەتی دا و فەرمانی بە هێزەکانی دا بکشێنەوە ، بەڵام داوای لێکردین دروشمی توند نەدەین. ئێمەش بەڵێنمان پێدا دروشمی توند نەدەین، بۆ ئێمە گرینگ شکاندنی ئەو تابۆیە و تێکەڵکردنی خەڵک بوو بە شۆڕشەوە.

بە لاچوونی هێزەکە بەدروشمی" بی طرفها بی شرفند"درێژەمان بە ڕێپێوانەکەدا، لەم کاتەدا خەڵکێکی زۆر تێکەڵ بە



سەرچاوە
Serchawe

ڕێپێوانەکە بون و زۆربەی دوکاندارەکانیش دوکانەکانیان داخست، تادەوردانەوەی ئەو شەقامە و گەڕانەوەمان بۆ مەیدانی مەولەوی کە لەوێدا قەتعنامەیەکمان لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە ڕاگەیاند بوینە نزیکەی دووهەزارکەسێک.
نامەوێ ئاوڕ لە درێژەی ئەو خەباتە لەم شارە بدەمەوە کە زۆر قۆناغی شانازی خولقێنی تێپەڕاند.پاش چەند و چەندین ڕێپێوان لە دژی ڕێژیم، هەڵهاتنی شا ،گەڕانەوەی خومەینی وپێکهێنانی دەوڵەتی کاتی زۆر دەکێشێ لە سەری بنووسم، ئەوەی لەم نووسینەدا مەبەستی منە، چۆنیەتی دەستپێک و کۆتا ساتەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕش لە "٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧" بوو.

لە بیرمە لە باخەکانی" دەری زێ" دەهاتمەوە بۆ ناو شار ،کە هاوڕێیەکم لە دەری دوکانێک بانگی کردم، هاواری دەکرد، مزگێنیم بدەرێ سەرکەوتین، کە چووم بۆ لای، ڕادیۆ تاران سرودی "بهاران خجسته باد"ی کرامت الله دانشیانی دانابوو، چ کاتێکی خۆش بوو. بەنووسین وەسفی ئەو کاتانە ناکرێ، هەر دەبێ تێیدا بی تا هەستی پێبکەی، بە تێپەڕینی کاتیش ئەو جۆرە هەستانە پاتە نابنەوە.
خۆشحاڵ لەوەی کە بەسەری دێوەزمەی دیکتاتۆریدا سەرکەوتووین، خۆشحاڵ لەوەی کە دەورانێکی نوێ لە ئازادی وگەیشتن بەمافەکانمان تاقی دەکەینەوە و...هتد.

بەداخەوە ئاکامی شۆڕش بەو شێوەیە ئێمە دەمانەویست و ئاواتمان بۆ دەخواست نەچووە پێشێ، جەماعەتی ئاخوندی کەلەویشک و نامرۆڤ و قاتڵ دەستیان بەسەر شوڕشدا گرت و وڵاتیان بەرەو وێرانی و دیکتاتۆری و سەرە ڕۆییەکی بە دەقات خراپتر لەسەرەڕۆیی ڕێژیمی پێشوو برد.

پاش ٤٤ ساڵ ئەزموون کردنی دیکتاتۆرێکی ڕەشتر لەڕابردوو، گەلانی ئێران لە ماوەی ڕابردوودا شۆڕشی ژینایان لە کوردستانەوە، لەژێر دروشمی"ژن، ژیان ،ئازادی" دەستپێکرد. ئەو خەباتە بۆ ڕوخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەرچەند بەرزی و نزمی تێدەکەوێت، بەڵام گومانم لەوەدا نییە کە دەڕوات بۆ خۆلقاندنی ٢٢ی ڕێبەندانێکی دیکە، جا لەهەر ڕۆژێکی دیکەدا.

**هیوادارم بە ڕوخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو هەستە خۆشە جارێکی دیکە بۆ هەموو ئازادیخوازێکی ئێرانی بخولقێ.**

**بەهیوای ئەو ڕۆژە.**

**١٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣**

## با دونیا لە دەلاقەی تەنگ وتاریکی خۆمانەوە نەبینین!

لەم ڕۆژانەدا وبەزۆری لە زمانی ژمارەیەک لە ئیسلامیەکان و" عوام الناس "ەوە دەبیسین کە عەرزهەژین یا کارەساتی سروشتی لە هەرشوێنێک ڕوو بدات بەوهۆیەوەیە کە خەڵک لەو ناوچەیە لەدژی ئەمری ئیلاهی جووڵاونەتەوە، بۆیە کارەسات ڕووی تێکردووە؟.!!

چ بەڵگە هێنانەوەیەکی نالوژیکی و ساویلکانە، تۆ بڵێی ئەم خەڵکەی کە لەم ڕۆژانەدا لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستان، کەوتنە ناوەندی عەرزهەژینەکەوە ،چ بێ ئەمرێکی خودایان کردبێ کە وا دار ونەداریان تێداچوو؟.

ئەو خەڵکەی کەوتنەناوەندی عەرز هەژێنەکەوە بێجگە لەوەی هەژار بوون و خانووەکانیان بەکوالیتی زۆر خراپ ساز کرابوون و زۆربەشیان ژن ومنداڵ بوون دەبێ چ بێ ئەمرییەکی خودایان کردبێ کە وا کەتوونەتە بەر غەزەبی خودا؟! ئەم خەڵکە هەژارە نەک بێ ئەمری خودایان نەکردووە، بگرە لە هەموو زۆردارەکان زیاتر ئەمری خودایان بەجێ هێناوە.

ئەوخەڵکە لەبەرهەژارییان، تەنیا توانای کڕینی ئەو خانووە هەرزان و بێ کوالیتیانەیان بووە. ئەو خانووەبێ کوالیتیانەش لە ژێر دەسەڵاتێکی ئیسلامی گەندەڵکار سازکرابوون و هۆکاری ڕوخانەکەشیان هەر ئەوە بووە، نەک بەجێ نەهێنانی ئەمری خودا.

بەسیەتی جەهل و خورافات، مادام ناتوانین یارمەتی ئەوخەڵکە لێقەوماوە بدەین و خەمێک لە باری خەمەکانیان کەم بکەینەوە، با خوێ لە برینەکانیان نەکەین. بڕێک ویجدانمان هەبێ، هەمووشتێک لە دەلاقەی تەنگ و تاریکی ئیدئۆلۆژی خۆمانەوە نەبینین.

بە پێی هەواڵێک کە چەند ڕۆژ پێش لە ڕوودانی ئەو بومەلەرزەیە بڵاو کرایەوە، زانایەکی هولەندی ئەوبوارە لە لاپەڕی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە ئەگەری ڕوودانی عەرزهەژێن لەوناوچەیە دا خەڵکی ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورکیە بەپێی باوەڕنەبوونیان بەو ئاگادارکردنەوەیە، هیچ ئیحتیاتێکیان بۆ وەها ئەگەرێک لەبەرچاو نەگرتووە.

ئەمڕۆ کە تکنۆلۆژی زۆر کاری ئاسان و ڕێگا چارەسەری بۆ زۆرگیرو گرفت دیتووەتەوە کە بەچاوی خۆمان شوێندانەری زانست لە هەموو بوارەکاندا دەبینین، پەسەند نییە لەم دەورانەدا بەڵگە هێنانەوەکانمان بگەڕێنینەوە بۆ سەدان ساڵ پێش ئێستاو چاو لە ڕاستیەکان بنوقێنین.

۹ی فێبریوێری ۲۰۲۳



سەرچاوە
Serchawe

## سیاسەتی سەد و سفر

سیاسەت، هۆنینەوەی شیعر و دارشتنی دێڕەکانی پەخشانێک نییە، کە لەگەڵ خیاڵت دا تێکەڵاو بێت و چۆنت پێ خۆش بوو بەیت و ڕستەکانی بۆ دارێژی و چێژی لێ ببەیت.

سیاسەت هونەری کەڵک وەرگرتنە لە مۆمکینات، ئەویش ئەو مۆمکیناتەی کە پەیوەندی هەیە بە جۆغرافیا، هێز و توانا، هەل و مەرج و زۆر بابەتی دیکەوە کە تەنانەت زۆر جار کەسانی زۆر بەتواناش دەخەنە هەڵوومەرجێکەوە کە کەڵک وەرگرتن لەو مۆمکیناتەیان بۆ نامۆمکین دەبێ.

لە سیاسەتدا، کاتی وا هەیە شتێک بەدڵت نییە، بەڵام بژاردەی زۆر کەمت لە بەردەستدایە و تەنانەت زۆر جاریش بژاردەی دیکەت لە بەردەمدا نییە، بۆیە دەبێ لەو مەیدانە دژوارەدا بە پاراستنی ئوسوول و پرنسیپەکانمان یاری بکەین. کەواتە پێویستە ئێمەش لۆژیکی چاو لە سیاسەت کردن بکەین تا بتوانین بەرەی خۆمان لەو گێژاوەی سیاسەت دا ڕاکێشین.

لە سیاسەتدا نە دوژمنایەتی تا سەر هەیە و نە دوسایەتی تاسەر، بەڵکوو ئەوەی هەیە بەرژەوەندییە و ئێمەش ناتوانین دوور لەم قاعیدەیە سیاسەت بکەین.

پاش ئەم سەرەتایە دێمە سەر دوو نموونە لەو مژارانە کە لەم ڕۆژانەدا لە ئارادان و ئێمەش دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانمان لە گەڵیاندا بجوڵێینەوە. لێرەدا و بەم چەند دێرە دەمهەوێ نەزەراتی خۆمیان بە کورتی لە سەر دەر ببڕم:

ماوەیەکە شاپەرەستەکان دەستیان داوەتە سناریوی بەیعەت وەرگرتن بۆ کوڕی شای دەرکراوی ئێران ڕەزا پەهلەوی. لایەنگرانیان بە چەواشەکاری دیانهەوی ئاوێکی پاک بەسەر ئەو هەموو زوڵم و جینایەتەدا بکەن کە لە دەورانی پەهلەویدا بەسەر خەڵکیاندا هێناوە و ئێستاش بە ڕزگاریدەری خەڵکی ئێران بە لاوانی ئەم نەسڵە نوێیە بناسێنن. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش لە چەواشە و تەحریف کردنی مێژووەڕا بگرە تا دەگاتە جنێو و سوکایەتیکردن بە جیابیران، چرکە ساتێک ڕانەوەستاون. بۆیە پێویستە ئێمەش لەو پەیوەنییەدا زۆر لۆژیکی و بە بەڵگە وڵامیان بدەینەوە کە بەڵگە بۆ سەلماندنی



سەرچاوە Serchawe

بۆچوونەکانمان یەکجار زۆرن.

لە سەرەتای چەواشەکارییەکانیاندا هەوڵیاندا بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک خەڵک بە ناوی بەیعەت دان بە ڕەزا پەهلەوی کە گۆیا بۆ دانووستان لە گەڵ وڵاتانی دەرەوە پێویستی پێیەتی. بەڵام لە ناوەرۆکدا شەرعیەتدان بوو بە پاشایەتی کەسێک کە لەو ٤٤ ساڵەدا بێجگە لە "کاباره" ڕۆیشتن و خۆشگوزەرانی، جارێک باسێکی لە ئەو هەموو بەدبەختی و کوێرەوەریانەی خەڵکی ئێران نەبووە کە لە چ هەلوومەرجێک دا لە ژێر چەپۆک و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا ژیانیان تێپەڕ کردووە.

دواجار بە هەموو زۆرلێدان و گز وگەمەڵێک کە کردیان، دەرکەوت کە نێزیکەی ٤٠٠ هەزار دەنگیان لە وڵاتێکی ٨٥ میلیونی بۆ کۆ نەکراوتەوە، کە ناکاتە تەنانەت نیو لە سەدی حەشیمەتی ئێران. لەم تەرفەندیاندا شکەستێکی ئابڕوو بەرانەیان خوارد و سەریان لە بەردی ڕەق کەوت.

شاپەرەستەکان بۆ داپۆشینی شکەستی وەکالەت لە ڕێگای بەیعەت دەرکانەوە، دەستیان داوەتە نەزەرسەنجییەکی درۆینە و هەر ڕۆژەو ئامارێکی دوور لە راستی ڕادەگەیەنن. بەڵام ئێستا ئیتر هەموو کەس بەم گز و درۆ و شانتاژانەیان دەزانن و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕیسوا دەبن.

**ئەو نموونانەم لە کردەوە شاپەرەستەکان بۆیە هێنایەوە کە وەبیر هێندێک کەس بێنمەوە کە، دەغدەغەی یەکگرتوویی "بە هەموو نرخێک"یان هەیە و بڵێم کە؛**

١- ڕەزا پەهلەوی مەنشووری خۆی لە سێ خاڵدا ڕاگەیاندووە، کە هەر سێ خاڵەکەی جێگای تێڕامان و هاوکات هەڕەشەیە لە نەتەوە ستەملێکراوەکان کە کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە و هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە تا ئێستا، لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی خەباتی کردووە و دەریایەک خوێنی لەبەر چووە. بۆیە منشوورەکەی هەر جێگەی پەسندی خۆی و مریدەکانی دەبێ. چوونکە ئەم منشووره تەنانەت لە دژی پێوەرەکانی مافی مرۆڤیشە.

٢- خاڵێکی دیکەی جێگەی سرنج ئەوەیە کە، ڕەزا پەهلەوی و سەڵتەنەت تەڵەبەکان زۆر باش دەزانن کە لە نێوخۆی وڵاتدا هیچ پێگەیەکی خەڵکییان نییە، بۆیە دەستەوداوێنی هێزە جینایەتکارەکانی سوپای پاسداران بوون و لە بری ڕۆخاندنی ڕێژیم، باس لە تێپەڕین لە ڕێژیم دەکەن.

لە چەند دیمانەیەکی میدیاییدا ڕەزا پەهلەوی پێداگری زۆری کرد لە سەر هێشتنەوەی هێزە سەرکووتکەرەکانی ڕێژیم لە دەسەڵاتدا. ئێستا شاپەرەستەکان و ئۆگرانی یەکگرتوویی "بە هەموو نرخێک"، پێم نالێن ئەمە چ دەسکەوتێکی بۆ دیموکراسی و مافی گەلان تێدایە؟

٣- بەم حاڵەش دەبیسم کەسانێک ڕخنە دەگرن لە ڕوونکردنەوە و تێبینیی کەسانی دڵسۆز لە نەتەوەکانی ئێران و داوا دەکەن با لە پێناو ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیدا و تا ڕوخاندنی ئەم ڕێژیمە، لە بەرامبەر ئەو هەموو چەواشەکاری و جەعلی مێژووەدا بێدەنگ بین. ئەم بۆچوونە لە جێدا نییە و شتی وا هەم نەگونجە و لە هەمان کاتیشدا ناسیاسیە.

٤- ئێمە جارێک چێوی "وحدت کلمە"مان خواردووە، بۆیە نابێ بۆ جارێکی دیکەش کڵاوی درووشمی ڕیاکارانەی "همە باهم" و لەوەش خراپتر "همە بامن"ی فارسەکان بچێتە سەرمان.

مەسەلەی دووهەم کە پێم گرینگە ئاماژەیەکی پێ بدەم، ئەم هەڵویستە نوێیەی "میر حسەین مووسەوی" یە کە ڕایگەیاندووە و دەڵێ؛ "یاسایەکی نوێ بۆ ئێرانی داهاتوو بنووسرێ و باسی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دەکات."

میرحسەین مووسەوی بە ئێعتراز بە دزرانی دەنگەکانی لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوییەوە تا ئێستا لە "حەسری خانەگی"دایە. ناوبراو ئەگەر داوای لێبوردنی لە خامنەیی کردبا، ڕەنگە هە زۆر زوو ئەو حەسرەیان لەسەر لابردبا. هاوکات ئەوەش دەزانین کە مووسەوی خۆی بۆ سەرۆک کۆماری ڕێژیم پاڵاوتبوو. واتە بڕوای بە سیستم بووە و تەنانەت بۆ ماوەیەکیش سەرۆک وەزیرانی ئەو ڕێژیمە بووە و لەو جینایەتانەی ڕیژیم لە بەسەر خەڵکی هێناون، بەشدار بووە.

ئێستا کە ئەم هەڵویستەی ڕاگەیاندووە، ژمارەیەک لە هاوڕێیان هێرش دەکەنە سەری و بێڕێزی پێ دەکەن. من ئەم شێوە هەڵسووکەوتەم پێ باش و سیاسی نییە.

**بۆ؟**

**بەم هۆیانەی خوارەوە؛**

١- ئەم هەڵوێستە لە لایەن کەسێکی وەک مووسەوییەوە کۆتا بزمارە لە تابووتی ئیسلاحات کە سەردەمانێک بەشێکی زۆر لە

خەڵک هیوایان پێ بەستبوو. بەڵام ئێمە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، قەت ئەوەمان قەبووڵ نەکرد و ڕامانگەیاند کە لەو ڕێژیمەدا چاکسازی مەحاڵە. ئەم هەڵوێستەی مووسەوی درووستی و حەقانییەتی سیاسەتی چوار دەیەی ئێمە لە بەرامبەر ڕژیم دەر دەخات، بۆیە دەبێ پێشوازی لەو هەڵوێستەی مووسەوی بکەین.

٢- ئەم هەڵوێستە بەشێک لە خەڵک لە ڕێژیم دادەبڕێ و دەبێتە هۆی لاوازی زیاتری ڕێژیم و هاوکات بەهێزبوونی شۆڕشی ژینا. با ئەوەش باس بکەم کە لە ڕاگەیەندراوەکەی میرحسەین مووسەویدا، ئاماژە بە دروشمی پێشکەوتووانە و بەناوەرۆکی "ژن ، ژیان، ئازادی" دراوە ئەوەش نیشانەی هەست کردن بە گۆڕانێکی زۆری دۆخی نێوخۆی ئێرانە کە ئێمە دەبێ کەڵکی لێ وەربگرین.

**ئاکام گیری:**

با ئێمە لە سیاسەتی سەد و سفر، واتە یا هەموو شتێک یا هیچ شتێک دور بکەوینەوە. لە گۆڕەپانی سیاسەتکردندا لە بەرامبەر ڕووداوەکان بە پێی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان هەڵوێستی لۆژیکی و خێرامان هەبێ. لەو شوێنانەی کە هەڵوێستێک لە دژی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان دێتە ئاراوە، بەخێرایی و لۆژیکی بەرپەرچی بدەینەوە. لەو جێگایەشدا هەڵوێستێک لە بەرژەوەندی و لە ڕاستای بەرەوپێشچوون و بە ئاکام گەیشتنی خەباتەکەمانە، پێشوازی لێ بکەین.

٥ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

## ڕوخانی ڕیژیم دێر و زووی هەیە بەڵام سوخت و سوزی نییە!

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، هەبوون کەسانێک کە زۆر بە پەلەبوون لە ڕوخانی ڕیژیم و پێیان وابوو دوای چەند حەوتوو ڕیژیم دەڕوخێ و کۆتایی پێ دێت.

هەر ئەو جۆرە کەسانە ئێستا کە ڕیژیم لەو وادەیەدا ئەوان پێیان خۆش بوو بڕوخێ، نەڕوخاوە، خۆیان ڕوخاون و پێیان وایە ڕیژیم لە ڕوخان نەجاتی بووە.

بەش بە حاڵی خۆم و بەپێی ئەزموون و خوێندنەوەم لە هەلوومەرجەکە، چ ئەوکات و چ ئێستاش، هەرچەند زانیومە ڕیژیم هەموو پێوەرەکانی ڕوخانی تێدایە و هەمیشە بە دیوارێکی ڕووخاو کە پێویستی بە پاڵ پێوەنانێکە شوبهاندووە، بەڵام بەو حاڵەش پێم وانەبووە ڕیژیم بە زوویی دەڕوخێت.
لەم ڕۆژانەشدا جەریانی "وکالەت" بە کوڕی شای درکراوی بیزراو و دیکتاتۆر، هەرا و هووریایەکی ناوەتەوە کە دە هیندەی دیکە ژمارەیەک لە خەڵکی نا هومێد کردوە و بەردەوام خەریکن تۆی ناهومێدی لە نێو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە کە ئەم شێوە تەبلیغە ئاو دڕێژێتە ئاسیاوی کۆماری ئیسلامییەوە.

لێرەدا بەم بەڕێزانە دەڵێم شۆڕەش هەڵکشان و داکشانی هەیە کە ئەمە تەبیعەتی خەباتە کە نابێ تێیدا ماندوو بین و بترسێین. مرۆڤی خەباتگێڕ، ماندووونەناس و بەهیوایە و لە دژوارترین هەلوومەرجەکاندا بە دوای ڕێگای نوێ و چارەسەری نوێ دەگەڕێ، بەو پێیەش دەڵێم، بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات چ زۆرە ڕێگا، بەڵام بەو مەرجە ماندوو نەبین و کۆڵ نەدەین.

**دوو مەسەلەی دیکە کە پەیوەندی بە یەکگرتوویی خەڵک و ڕوخانی ڕژیمەوە هەیەو پێویستە ئاماژەیان پێ بدەم:**

١- زۆر کەس لە یەکگرتوویی خراپ تێگەیشتوون و پێیان وایە یەکگرتوویی یانی سڕینەوەی جیاوازیەکان و هەلپەرستانە هەوڵ دەدەن لە ژێر درووشمی یەکگرتووییدا جیاوازییەکانی کۆمەڵگای فرە نەتەوەی ئێران بسڕنەوە، و وەک ڕابردوو بە لێدانی سازی "یەک وەڵات، یەک ئاڵا، یەک نەتەوە" لە سبەی سەرکەوتن بەسەر وڵاتدا، هەمان سیستمی دەرکراو و

ڕاونراوی دیکتاتۆری بەسەر ئێراندا بسەپێنن و درێژە بە چەوساندنەوە و ستەمی نەتەوایەتی لە وڵاتی فرە نەتەوەیی ئێراندا بدەن.

**ئێمە بۆ یەکگرتوویی پویستمان بە ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی لەگەڵ باقی هێزە دیموکرات و ئازادیخوازەکان لە ئێراندا هەیە کە ئەم مەرجانە لەو ڕێککەوتنەدا تەزمین کرابن:**

الف: قەبووڵکردنی فرەنەتەوەیی لە ئێراندا کە ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

ب: دابین بوونی مافە نەتەوەییەکانمان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیک و فیدڕاڵدا.

ج: باوڕمەندبوون بە دیموکراسیی تەوافوقی.

د: پاراستنی مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا.

نابێ لەوەش بترسێین کە جەریانێک دەیهەوێ بە شانتاژ و جەوسازی خەڵک بگەڕێنێتەوە بۆ دوواوە و پێمان وابێ، دەبێ بە هەموو قیمەتێک باس لە سەر یەکگرتوویی لە گەڵ هەموو ڕەوت و جەریانێک بکەین. نابێ ئەزموونی "وحدت کلمە"ی خومەینی لە بیر بکەین کە چ ئاکامێکی تراژیدیکی تا ئێستاش بۆ گەلانی ئێران و بەتایبەتی گەلی کورد بەدواوە بووە.

"همە باهم" ی ئێستاش گەرەنتی مافی هیچکەس ناکات بۆیە هەر چەند دەبێ بە جیدی کار لە سەر بەرەیەکی بەهێز لە نێوان کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدڕاڵ و هێزە دیموکراسیخوازەکاندا بکەین، زۆر بە پەلەش نەبین لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەک، کە ئامادە نابێ مافەکانمان لە ئێرانی داهاتوودا گرنتی بکرێن.

لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا سەرنج تەنیا لە سەر ڕوخانی ڕیژیم بوو، هەر بۆیە ئەم بەڵایە لێکەوتەوە کە 44 ساڵە بە دەستییەوە گیرودەین.

٢- تا ئێستا چەند فایلێکی کارناسانی ڕیژیمی کۆماری ئیسلامیم گوێ داوەتێ، هەر بە پێی وتەی ئەو کارناسانە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو قەیرانانە کە باسی لێوە دەکەن و بە پێی هەموو پێوەرێکی دیکە، ڕێژیم لە لێواری ڕوخاندایە و لە ڕوخانی ئەو ڕێژیمە دڵنیام. واتە دێر و زووی هەیە، بەڵام فارس گوتەنی سوخت و سوزی نییە.

٢٥ی جانێوێری ٢٠٢٣

## چەند ڕا و سەرنجێکم ڕووله هاوڕێیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**هاوڕێیانی ئازیز!**

دەزگای سایبەریی ڕیژیم وشۆوینیستە تەواویەت خوازەکان دەستیان داوەتە دەستی یەک و خەریکی بنکۆڵکردنی شۆڕشی ژینان، بە پێشنیاری نەشیاو و ڕێکخستنی جارو جەنجاڵێکی تەبلیغی خەریکی دڵسارد کردنەوەی خەڵک و دووبەرەکایەتی ساز کردنن لە نێو خەڵکدا، کە بەتەواوی لەخزمەتی دەوام و قەوامی ڕێژیمدایە بۆیە داواتان لێدەکەم.

١- ئەوەندەی پێمان دەکرێ لە دوژمن تراشی ناڕاست دور بکەوینەوە.ڕاستە لە ڕەوتی مێژووی سەدساڵەی دەسەڵاتداریەتیی لە ئێراندا فارسەکان دەسەڵاتی زاڵ بەسەر وەڵاتدا بوون وئەو ستەمەی لە کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران کراوە، ئەوان بەشی شێریان وەبەر دەکەوێ. بەڵام لە هەمان حاڵیشدا لە نێو نەتەوەی فارسدا هەرچەندەش کەم بەڵام کەسانێک هەن داواکانی ئێمەیان پێ ڕەوایە و ئێستا لە بەرامبەر ڕەوتیی شۆوینیست و تەواویەت خوازی ئێرانی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاون کەلە تلویزیونەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتێەکاندا بەچاو دەیبینین. بۆیە داوام لە هاوڕێیانە لە نوسین و گوتارکانتاندا ڕووی هێرشتان لە تەواویەت خوازانی شۆوینیستی ئێرانی بێت نانەتەوەیەکی تایبەت.ئەوەی ئێمە دژینیی و تا دوا هەناسەش دژایەتی دەکەین شۆوینیزم و تەواویەتخوازییەلە ئێران و ڕێگای گەڕانەوەی لە جلێکی دیکە جا بەهەرناوێکەوەبێت پێ نادەین .

**باپەیرەوی لەو ئەسڵە کە هەزار دۆست کەم و دوژمنێک زۆرە بکەین.**

٢- تکا و ڕجام لە بەرپرسانی حیزبەکوردستانیێەکانە لە کاتی وتووێژ لە تلویزیونە فارسیەکاندا:

الف: هاوسەنگیی لەگەڵ لایەنە بەرامبەرەکەیان بپارێزن ،بۆ ڕێبەرێکی پلە یەکی حیزبی نییە لەگەڵ کەسێکی گۆمناو و نەناسراو بکەوێتە مناقشەوە.

ب: لەکاتی وتووێژەکاندا پێویستە بە خەوشدارنەکردنی بەرامبەرەکەیان زۆر بە قورس و قایمی لە مافەنەتەوەیەکانمان

پارێزگاری بکەن و ئەوهەموو سوێندخواردنەش بۆ پاراستنی تەواویەتیی ئەرزی پێویست ناکات.

٣- گیلەکەکـان و لوڕەکـان لەهاوکێشـەکاندا بەرامـبەربە مەکەزنشـینان و هـاوڕێ لە گەڵ نەتەوەکـانی پێکهێـنەری ئێـران بخوێنینەوە .ئەوان زیاتر لە بەرەی نەتەوەکاندان تا بەرەی شۆوینیست و تەواویەتخوازەکاندا.

٤- زۆر جار دەبینم هاوڕێیانی حیزبی بۆ داخی دڵ ڕشتن پۆستێک دادەنێن کە تەنیا جنێودانێک یا دروشمێک زیاتر نییە ،بـا لە باتی ئەو جۆرە پۆستانە کۆمەڵێک نووسراو، وتووێژ و دیکۆمینتار و... هتد بەهێز لە تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکـان بـۆ دیفـاع لەمافەکانمان و ڕەدکردنەوەی ئیدعا درۆزنانە و دوژمنکارانەکانی فاشیستەکان بڵاو دەکرێتەوە بڵاو بکەینەوە. بڵاو کـردنەوەی ئەوپۆستانە یارمەتی دەکا بە ڕۆشەنگەری زیاتر بۆ یار ونەیارەکانمان. کە ئەمەیان زۆر شوێندانەر و بەکەڵک دەبێ.

٢٣ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## لە یادی ٢ی ڕێبەنداندا

٧٧ ساڵ پێش کۆماری کوردستان لەڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ی زایینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا .دامەزرانی کۆمار ئاواتی لە مێژینەی گەلەکەمان بوو.

لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لە کۆبوونەوەیەکی بەرین لە شاری مەهاباد کە نوێنەری هەموو ناوچەکانی کوردستان بەشداربوون، پێشەوا قازی موحەمەد بەسەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێردرا. لەم کۆبوونەوەیەدا پێشەوا بەرنامەی کار وتێکۆشانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند کە لە بنەڕەتدا،هەر ئەو بەرنامەیە بوو کە حیزبی دیموکرات داینابوو.

کۆماری کوردستان ١١ مانگ ژیا و لەو ماوەیەدا گەلێک دەسکەوتی گرینگی هەبوون، کە هەرە گرینگی ئەودەستکەوتانە ئەوە بووکە بۆیەکەمجار گەلی کورد توانی چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێت.

بەداخەوە دوای ١١ مانگ کۆمار بە گەلەکۆمەیەکی نێو دەوڵەتی ڕوخا، بەڵام هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمار لە تەواوی ئەوساڵانەی پاش ڕوخانی کۆمار تا ئێستا هەروادرێژەی هەبووە و هەیە، و لەو پێناوەدا بە هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەری ئەم گەلە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی گیانیان بەخت کردووە و شەهید بوون . بەدەیان هەزار کەسیش لە ڕۆڵە خەباتگێڕەکانمان لەژێر توندترین ئەشکەنجە و ئازارەکانی دوو ڕێژیمی ستەمگەر و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی سەڵتەنەتی پەهلەوی گەلێک ئازاریان پێ گەیشت، بەڵام نەچەمین و دەرسی ئازایەتییان فێری نەوەی نوێ کرد.

**سڵاو دەنێرم بۆ گیانی هەرگیز نەمری شەهیدەکان.**

ناتوانم باس لەو خەباتە سەربەرزانەیە بکەم بەڵام ئاماژەیەک بە دوایین قۆناغی ئەم خەباتە کە زیاتر لە چوار مانگە لەژێر دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی" لە ئارادایە وخەباتێکە لەو پەڕی ئازایەتی و بوێریدا، کە لاوەکانمان بە دەستی بەتاڵ لە بەرامبەر هێزی داپڵۆسێنەر و پڕ لە چەکی ڕێژیمی داگیرکەر و ماکەی هەژاری و چارە ڕەشی خەڵکەکەماندا نەدەم.

دیتمان ئەم ڕێژیمەکە فیگوری ئەبەرهێزی ناچەکەی دەگرت، لە بەرامبەر ئەو هێزە خەباتگێڕ و ئازادیخوازە دا چەندە داماو و بێ وره بوو لە بەرامبەردا لاوەکانمان چەندە شۆڕشگێڕ و بەوره و ئازابون.

سڵاو دەنێرم بۆ ڕۆحی شەهیدە نەمرەکانی ئەم قوناغە لەخەبات و هیوای چاک بوونەوەی بریندارەکان و ئازادی بۆ زیندانیانی سیاسی دەخوازم.

بەتایبەتی مەبەستمە و زۆریش پێیەوە سەربەرزم کە سڵاو بنێرم بۆ بنەماڵەی شەهیدە نەمرکانی ئەم قۆناغە لە خەبات کە بە لێدوانە ئازایانەو و پڕ ناوەرۆک و نەتەوەییەکانیان بوونەتە خاڵی بەهێز و مایەی شانازی و سەربەرزی بۆ نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوان بەوتە جوانەکانیان شۆڕشیکیان لە ناو شۆڕشدا بەرپاکرد و ئەو وانە لە بیر نەکراوەی قاسملووی نەمریان چەندە جوان بەرجەستە و بە ئەنجام گەیاند کە دەیفەرموو:

"ئێمە لە ڕۆژی شەهید بوونی شەهیدانماندا ناگرین و شین ناگێڕین، تەنیاکارێک کەدەبێ بیکەین ئەیە بەڵێن بدەین درێژە بە ڕێبازی پڕ سەروەرییان بدەین"

بەڵێنە و سەد جار بەڵێن تاگەیشتن بەئامانجەکانی کۆماری کوردستان کە ڕزگاری گەلەکەمانە لە داگیرکاری و چەوسانەوە و تا گەیشتنی نەتەوەکەمان بەکەنارێکی ئارام کە لەودا ڕێز لە کەرامەتی نەتەوەکەمان و تاکەکانی بگیردرێ و گەلەکەمان بەدیموکراسی و ئازادی بگات درێژە دەری ئەو ڕێگا و ڕێبازە بین.

**پیرۆزبێ یادی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان.**

**بژی کورد**

**بژی کوردستان.**

**١٨ی جانێوێری ٢٠٢٣**



سەرچاوە Serchawe

## ژن. ژیان. ئازادی

دروشمێک کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و دونیای لە جینایەتەکانی ڕێژیمی جینایەتکار ودڕندەی کۆماری ئیسلامی ئێران تێگەیاند و بوو بە هەوێنی ڕاپەڕینێکی بەشکۆ کە،دەوڵەتان، ان جی ئۆکان و کۆمەڵگای جیهانی هێنایە سەر خەت و شوێندانەرێکی بەربڵاو و ڕاستەو خۆی لە سەر بیر و زەینی دونیا هەبوو. ئەم دروشمە هەڵقوڵاو لە فەرهەنگ و کولتوری نەتەوەکەمان بوو.

شونیزمی ئێرانی دەیانهەوێ وا بنوێنن کە سەرچاوەی ئەو دروشمە دەگەڕێتەوە بۆ هزر و بیری ئەوان و کۆمەڵێکیان خەریکی درۆ ساز کردنی مێژوویین. هەر وەک بە درۆ مێژوویەکانیان تائێستا پێکهاتەو مێژووی وڵاتیان چەواشە کردووە، بە تازەییش دەستیان داوەتە دزینی دروشمی "ژن ژیان ئازادی."

ئەمیر تاهیری کە لە سەر دەمی دەسەڵاتدارەتی حەمەدەزا شادا سەر دەبیری ڕۆژنامەی کەیهان بووە لە دیمانەیەکدا بنەمای ئەم دروشمە "ژن، ژیان، ئازادی" دەگەڕێنیتەوە بۆ ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی کەئەمە هەم درۆیەکی مێژووییە و هەم دزییەکی ئاشکرا. بۆڕەد کردنەوەی ئەم ئیدعایە، وتووێژێکی حەمەڕەزاشا لە گەڵ ڕۆژنامەوانێکی ئەمریکایی کەلە دەورانی دەسەڵاتدارەتییدا کە چەند ساڵێک لە دوای ئەو ڕێکەوتە کە ئەمیر تاهیری ئیدعای دەکات ئەنجامی داوە و شەهبانووش لە تەنیشتی دانیشتووە دەخەمە بەرچاوتان، ناو براولەلایەن ڕۆژنامەوانێکی ئەمریکاییەوە ڕووبەڕوی پرسیارێک لە سەر بڕوای بەماف و توانای ژنان لەوانە خێزانی خۆی دەکرێتەوە کە لە وڵامدانەوەدا، دەبینن چۆن دەمی تەتەڵە دەکا و تواناکانی ژنان ڕەد دەکاتەوە. ڕۆژنامە وانەکە ڕوو لە شابانوو، دەپرسێ تۆ چ دەڵێی؟ شابانووش داماو و سەرسام لە وڵامدا دەڵێ چ دەتوانم بڵێم!؟

کورتە فیلمێک لەم وتووێژە دەخەمە بەر چاوتان کە لەم کورتە فیلمەدا دەر دەکەوێت پاشاکەیان بڕوای بە ماف وتواناکانی ژنان نییە تا بگات بە چینی خوارەوەی کۆمەڵگاکەیان. لەم پەیوەندییەدا، پێویست بە گوتنە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە کۆماری کوردستاندا بۆ ژنان ڕێکخراوی تایبەت بەخویان پێکهاتووە و ژنی کورد لە پرۆسە بەڕێوە بردنی کۆماری کوردستاندا بەشداربوون.بۆ ئاگاداری خوێنەران ١٧ساڵ دوای ئەو ڕێکەوت واتە لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی مافی دەنگدان بەژنی ئێرانی ڕەوا بینرا و تا ئەو ڕێکەوتە ژنان مافی دەنگدانیان لە ئێراندا نەبووە.

لە ساڵانی دوای ڕوخانی کۆماری کوردستانیشدا و تا ئێستا ژنی کورد لە پرۆسەی خەباتی ئازایخوازانەی نەتەوەکەماندا بەشداربوون و لەو پەیوەندییەدا تێچوویکی زۆریان داوە، کە دواییینەکانیان، ژینا و نیکا و فریشتە و... سەدانی دیکە شەهید ولە زیندانەکانی هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و بەتایبەتی ڕێژیمی درندەی کۆماری ئیسلامیدا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

لە بەختی ڕەشی سەلتەنەت خوازەکان بەهۆی بوونی سوسیالمیدیاوە لەم سەردەمەدا ئەم دزی کردنەیان هەروا بە ئاسانی بۆناچێتە سەر و دزەکان و چەواشەکارانی مێژوو بە بەڵگەی مێژوویی لەقاو دەدرێن، کە ئەم کورتە فیلمەی وتووێژی شا تەنیا یەکێک لەو بەڵگانەیە، بۆیە دەڵێم، لەکۆتاییدا تەنیا ڕوو ڕەشی بۆ چەواشەکارانی مێژوو و دزەکان دەمێنێتەوە. ویدئۆکەی ئەمیر تاهیریشم داناوە.

**ئەم نووسینەم بە شێعرێکی شاعیری گەورەی گەلەکەمان "مامۆستا هێمن "کە لە مێژ ساڵە لەبارەی ژنەوە هۆنیویەتییەوە کە ناوەرۆکی ئەم شێعرە هەر ئەم دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" یە کۆتایی دێنم.**

**با هەزار زێو گادەرو لاوێنی ڕوونیشمان هەبێ**

**تاکو "ژن" "ئازاد" نەبێ، سەرچاوەکەی "ژین" لیخنە**

١٠ی جانێوێری ٢٠٢٣

---

## توتالیتاریزم و ترسیان لە ڕێکخراوەکان!

**بۆ ئاگاداری خوێنەرانی ئازیز!**

**ئەم وتارە ڕای تاکە کەسی خۆمە و هیچ پەیوەندییەکی بە نەزەر و بیر و بۆچوونی حیزبەوە نییە.**

لە وەتێ چاوم بەحیزبی دیموکرات هەڵهات و بووم بە ئەندامی ئەم حیزبە دروشمی"ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە"

دیارترین و بنەماییترین دروشمی حیزب بوو. ڕەنگە ئەوکات و تا ئێستاش گەلێک لە هاوڕێیان سەرنجیان نەدابێتە کاریگەریەکانی ئەم دروشمە،کە، تەواویەت خوازانی بیرتەسکی ئیرانی زۆر لە مێژە بە بونیەوە دەتلێنەوە و هەموو هەوڵێک دەدەن ڕێکخراو و ڕێکخستن کە بەردی بناغەی هەڵتەکاندنی توتالیتاریزمە ئێرانییەکەیانە کەم بایخ و بەمەترسیدار پیشان کۆمەڵگا بدەن، هەر بۆیە لە هەموو وتوویژەکانیاندا لە باتی باس لە سەر ئالترناتیویکی گشت گیر کە حیزبەکان و کەسایەتیەکان لە خۆ بگرێت، هەموو هەوڵیان کەم ڕەنگ کردنەوەی بەشداری حیزبەکان و بایخدان بە پێک هێنانی ئیتلاف لەنێوان کەسایەتیەکاندا دەکەن. پێک هێنانی ئیئتلافێک لە چەند کەسایەتێکی تازە هەڵقوڵیوی مەیدانی سیاسەت کە باکراوەندێکی ئەو تۆی کاری سیاسیان لە ڕابردوودا نەبووە، لەم ڕوانینەوە سەرچاوە دەگرێ.

**ترسی تەواویەت خوازان لە گرینگی وکاریگەریەکانی ڕێکخراو بوون دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:**

١- لە پرۆسەی خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەمان لە بەرنگارییەکانی هێزی پێشمەرگە و کۆمەلانی خەڵک لە دژی داگیرکاری ڕێژیمە داپلۆسێنەرەکانی ئێران و لە سەر پێ هێشتنەوەی خەبات و بەرگریکردن لە پرژ و بلاوی هێزی گەلەکەمان. بەهۆی ڕێکخراو بوونمانەوە بووە و ئەوەی کەتا ئێستا توانیومانە پارێزگاری لەناسنامەمان بکەین و گەلەکەمان و لە ژینۆساید بپارێزین هەر ئەو ڕێکخراوە بوونەمان بووە.

٢- کاریگەری دیکەی ڕێکخراو بوون کەڵک وەرگرتنە لە ئاوەزی گشتی و بڕیاردانی بەکۆمەڵ کە بنەمای دیموکراسی و دەسەلاتی گەلە و، دژایەتی هەیە لەگەڵ بڕیاری بەتاک و دەرکردنی فەرمان بەسەر گەلدا، ئەمەش دژی بنەما فیکرییەکانی تەواویەت خوازانە.

٣- تەنیا بە ڕێکخراو بوونمانە دەتوانین لە داهاتوو داپارێزگاری لە دیموکراسی و مافی نەتەوایەتیمان لە بەرامبەر هەر پاوانخوازیەک دا بکەین بۆیە دەبێ گرینگی زیاتر بەم بوارە بدەین.

## ئاکام گیری:

١- حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی وئێرانیەکان دەبێ لەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە تێبگەن کە دەنگی پێی فاشیزم ئەو دەنگە ئاشنایە لە بن گوێماندا دەزرنگێتەوە .هیچ دور نییە بە سازانی ئیئتلافێک لەتەواویەت خوازان لە گەڵ بەشێک لە دەسەڵاتی ئێستای ئێران جارێکی دیکە ڕێژیمێکی تەواویەت خوازی دیکە لەجێگەی ئەم ڕێژیمە جینایەتکارە دابنێن. بۆیە پێویستە و دەبێ بەخەیرایی و بەبێ کات بە فێرۆ دان تەواوی ئەو ڕێکخراوانە بڕوایان بە چەند نەتەوەیی بوونی ئێران و مافی ئەو گەلانە و دیموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە لە دەوری یەک کۆببنەوە و خۆیان وەک ئاڵترناتیوێکی دیموکراتی بە دونیا بناسێنن. لەم بارەوە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ پێویستە دەست پێشخەری بکات.
لە چوارچێوەی ئەم یەکگرتوویەدا پێویستە ڕێکخراوە کوردییەکانیش بە کۆبوونەوەی زیاتر لە دەوری ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران یا لەژێر هەر ناوێکی دیکەدا کۆببنەوە و ڕیزی خۆیان یەکگرتووتر و بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو خویان ئامادە بکەن.
٢- سازمانی موجاهیدینی گەلی ئێران لە ڕابردوودا لە چوارچێوەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران گەڵاڵەیەکی پەسەند کراویان لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیە و بە پێی وتەکانی ئەم دوایانەی بەرپرسانی ئەم سازمانە ئەوان ئامادەن ئەو گەڵاڵەیە تەعمیم بدەن بە سەر گەلانی دیکەی ئێراند. لەم ساڵانەی دوایشدا موجاهدین پلاتفۆرمێکیان لە ١٠ خاڵدا بڵاو کردووەتەوە کە باس لە ڕێژێمێکی دێموکراتیک و سکولاریزم دەکەن. ئەمانە هەموویان جێگای بایخ و سەرنجن بۆیە دەکرێ قسە لەسەر ئیئتلاف لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەش یەکێک لە ئەگەرە کراوەکان بێ.

**بە بڕوای من کورد دەبێ زیاتر لەوەی بکەوێتە ژێرکاریگەری پڕوپاگەندەی ئەم و ئەو ڕێکخراو یا کەسایەتی، گرینگە بەرژەوەندی نەتەوەکەمان لە بەرچاو بگرێ و ئەو بەرژەوەندییە لە کوێ بوو ئێمەش لەوێ گرێی بدەینەوە.**

**٢ی جانێوێری ٢٠٢٣**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ تەیموور مستەفایی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، لێدوان و نووسراوەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe